# بێدەوڵەتـی وەك هـۆكاری داهێنـان لای سـێ شـاعیری كـورد (جگەرخوێن، هێمن، پەشـێو)

ڕێباز حەسن ڕەحمان

لەبڵاوكراوەكانی دەستەی ئینسكلۆپیدیای پارتی دیموكراتی كوردستان

٢٠٢٦

**ناوی کتێب:**

بێدەوڵەتی وەك هۆکاری داهێنان لای سێ شاعیری کورد

(جگەرخوێن، هێمن، پەشێو)

**نووسینی:** ڕێباز حەسن ڕەحمان

**دیزاینی بەرگ:** دیار سەعید شێخۆ پیرانی

**دیزاینی ناوەڕۆک:** هێما ئەحمەد شێخۆ

**سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی

**ساڵ و شوێنی چاپ:** هەولێر-٢٠٢٦

**چاپخانە:** ڕۆژهەڵات

**تیراژ:** ١٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٢٩١) ساڵی ٢٠٢٦ پێدراوە.**

# پێڕستی بابەتەکان


| ژمارەی لاپەڕە | ناونیشانی بابەت |
|---|---|
| ٧ | لەبارەی ئەم کتێبەوە |
| ٩ | پوختە |
| ١١ | پێشەکی |
| | بەشی یەکەم: دەوڵەت و لێکەوتەکانی بێدەوڵەتی پەیوەست بە داهێنانەوە |
| ١٥ | ١/١) دەوڵەت لەڕووی زارەوەسازییەوە |
| ٢٠ | ١-١/١) چەمکی دەوڵەت |
| ٢٦ | ٢-١/١) پێناسەی دەوڵەت |
| ٣٢ | ٣-١/١) بنەماکانی دەوڵەت |
| ٤١ | ٤-١/١) ڕۆڵ و گرنگیی دەوڵەت لەسەر تاك و کۆمەڵگە |
| ٤٧ | ٢/١) چەمکی بێدەوڵەتی |
| ٥١ | ١-٢/١) پێناسەی بێدەوڵەتی |
| ٥٦ | ٢-٢/١) پەیوەندی بێدەوڵەتی بە ناسنامەوە |
| ٦٢ | ٣-٢/١) پەیوەندی بێدەوڵەتی بە پەنابەرێتی |
| ٦٧ | ٤-٢/١) لێکەوتەکانی بێدەوڵەتی لەسەر تاك و کۆمەڵگە |
| ٧٣ | ٣/١) چەمك و پێناسەی داهێنان |
| ٨١ | ١-٣/١) داهێنان لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە |

| | |
|---|---|
| ١-٣/١-١) ڕوانگەی سیگمۆند فرۆید بۆ داهێنان | ٨٤ |
| ١-٣/١-٢) ڕوانگەی کارل گوستاف یۆنگ بۆ داهێنان | ٩٠ |
| ١-٣/١-٣) ڕوانگەی ئەلفرێد ئەدلەر بۆ داهێنان | ٩٣ |
| **بەشی دووەم: پەیوەندی بێدەوڵەتی بە پرسەکانی ناسنامە، پەنابەرێتی و خاك** | |
| ١/٢) نەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی وەك هۆکاری داهێنانی شیعر لای شاعیرانی کورد | ٩٩ |
| ١-١/٢) نەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی وەك هۆکاری داهێنانی شیعر لای جگەرخوێن | ١٠٠ |
| ٢-١/٢) نەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی وەك هۆکاری داهێنانی شیعر لای هێمن | ١٠٥ |
| ٣-١/٢) نەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی وەك هۆکاری داهێنانی شیعر لای پەشێو | ١١١ |
| ٢/٢) پەنابەرێتی وەك هۆکاری داهێنانی شیعر لای شاعیرانی کورد | ١٢١ |
| ١-٢/٢) پەنابەرێتی وەك هۆکاری داهێنانی شیعر لای جگەرخوێن | ١٢٢ |
| ٢-٢/٢) پەنابەرێتی وەك هۆکاری داهێنانی شیعر لای هێمن | ١٢٧ |
| ٣-٢/٢) پەنابەرێتی وەك هۆکاری داهێنانی شیعر لای پەشێو | ١٣٤ |
| ٣/٢) بنەمای خاك وەك هۆکاری داهێنانی شیعر لای شاعیرانی کورد | ١٤٢ |
| ١-٣/٢) بنەمای خاك وەك هۆکاری داهێنانی شیعر لای جگەرخوێن | ١٤٣ |

| | |
|---|---|
| ٢-٣/٢) بنەمای خاك وەك هۆكاری داهێنانی شیعر لای هێمن | ١٥٠ |
| ٣-٣/٢) بنەمای خاك وەك هۆكاری داهێنانی شیعر لای پەشێو | ١٥٦ |
| **بەشی سێیەم: كاریگەری پرسە دەروونییەكان لەسەر داهێنانی شیعر لای شاعیران** | |
| ١/٣) گرێی خۆبەكەمزانی وەك هۆكاری داهێنانی شیعر لای شاعیرانی كورد | ١٦٥ |
| ١-١/٣) گرێی خۆبەكەمزانی وەك هۆكاری داهێنانی شیعری لای جگەر خوێن | ١٦٦ |
| ٢-١/٣) گرێی خۆبەكەمزانی وەك هۆكاری داهێنانی شیعر لای هێمن | ١٧٢ |
| ٣-١/٣) گرێی خۆبەكەمزانی وەك هۆكاری داهێنانی شیعر لای پەشێو | ١٧٩ |
| ٢/٣) كاردانەوەی ژێردەستەیی وەك هۆكاری داهێنانی شیعر لای شاعیرانی كورد | ١٨٧ |
| ١-٢/٣) كاردانەوەی ژێر دەستەیی وەك هۆكاری داهێنانی شیعر لای جگەرخوێن | ١٨٨ |
| ٢-٢/٣) كاردانەوەی ژێردەستەیی وەك هۆكاری داهێنانی شیعر لای هێمن | ١٩٤ |
| ٣-٢/٣) كاردانەوەی ژێردەستەیی وەك هۆكاری داهێنانی شیعر لای پەشێو | ١٩٩ |
| ٣/٣) كاردانەوەی دەروونی وەك هۆكاری داهێنانی شیعری بەرگری لای شاعیرانی كورد | ٢٠٦ |

| | |
|---|---|
| ٣/٣-١)كاردانـەوەی دەروونـی وەك هـۆكاری داهێنانـی شـیعری بەرگـری لای جگـەر خوێـن | ٢٠٧ |
| ٣/٣-٢)كاردانـەوەی دەروونـی وەك هـۆكاری داهێنانـی شـیعری بەرگـری لای هێمـن | ٢١٣ |
| ٣/٣-٣)كاردانـەوەی دەروونـی وەك هـۆكاری داهێنانـی شـیعری بەرگـری لای پەشـێو | ٢١٩ |
| **ئەنجام** | ٢٢٧ |
| **سەرچاوەكان** | ٢٣١ |
| **پوختەی توێژینەوە بە زمانی عەرەبی** | ٢٤١ |
| **پوختەی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی** | ٢٤٣ |

# لەبارەی ئەم کتێبەوە

**پێشکەشە بە هەموو ئەوانەی ئاشقی ئازادی و سەربەخۆیین**

کوردەواری دەڵێت "گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێت" من لە (بابم) ەوە فێری خۆشەویستی نیشتمان بووم، تا سەر بەلاشەمەوەمابێت ڕۆحم فیدای نیشتمان و گیانبازێکی ئەو ڕێگایەم. بەندە وەك پارچەیەك لە نیشتمانێکی زوڵملێکراو، لە سۆنگەی هەستکردن بەو ئازارەی نەتەوەکەم بەهۆی بێدەوڵەتییەوە چەشتوویەتی، لەژێر چەتری میکانیزمێکی زانستیدا چەند دەقێکی شیعری شاعیران "جگەرخوێن، هێمن، پەشێو" دەکەم بە سەنگی مەحەك بۆ نیشاندانی ترۆپکی ئەو ئازارەی لە بێدەوڵەتی کەوتوونەتەوە. هەر لەوساتەی خۆم ناسیووە و زانیومە ناسنامەکەم چییە، شەڕی واقیع و خەیاڵی سەربەخۆیی لە مەیدانی بیرکردنەوەم لەجەنگدابوون، هەمیشە بەدوای دەرچەیەکدا دەگەڕام بۆئەوەی بگەیەنێت بە کەنارێك لەوێوە پڕ بە گەروو هاوار بکەم، تاوەکو دەنگم سنوورەکان ببەزێنێ و گوێی هەموو ئەوانە کاس بکات کە بە بیستنی وشەی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی سەریان سڕدەبێت. دواجار دەرفەتی ئەوەم بۆ ڕەخسا لە دووتوێی ئەم پەرتوکەدا شیعر بکەم بە بەهانە و بتوانم خۆم بنووسمەوە، لەنێوانی وشە بە وشە و دێر بەدێردا بتوێمەوە و گوزارشت لەو ئێش و ئازارە بکەم، چونکە بێدەوڵەتی گێژەلوکەی تەمێکی ڕەشی چڵکنە

باڵـی کێشـاوە بەسـەر مێـژووی نەتەوەکـەم، تاریکییەکـە ڕۆچووەتـە نێـو شـاخ و دۆڵ و شـار و دەمـاری تـاك بەتاکـی نیشـتمانەکەم، کۆڵێکـە لـە خـەم و دەردەسـەری دەستاودەسـت نەوەکانـی ئـەم نیشـتمانە بەناچـاری دەبـێ بێنـە ژێربـاری.

لـە شـەوێکی درێـژ ماوینەتـەوە و بـە هیـوای هەڵاتنـی خـۆر، لاوەکانمـان پیـر دەبـن و بـە ئەزموونـی ژیانێکـی تـاڵ نـەوەی دواتـر پێدەگەیەنـن کـە چـۆن شـەڕی تاریکـی بکـەن، لـە هیـچ شـەپۆلێک نەترسـن، دڵـی دووژمـن بـە خەنجـەری پـڕ لـە ئومێـد شـەق و پـەق کـەن. لـە ڕۆمانێکـی درێـژ ئەچێـت کۆتاییەکـەی نادیـارە، بـەڵام وەکـو پەشـێو دەڵێـت "دڵنیـام جیهانـی سـبەی گوشـاد و ڕوونـە" بەهیـوام توێژەرانـی دوای مـن لەدەلاقـەی دیکـەوە ئـاوەڕ لـەم پرسـە بدەنـەوە، دەنگـی نەتەوەکـەم بەدنیـا بگەیەنـن، چونکـە ئێسـتا لەسـەردەمێك دەژیـن، قەڵـەم باشتریـن چەکـە، دەتوانیـن شـەڕی نەیارەکانـی پێبکەیـن و پەیژەیەکـە لەڕێیـەوە بـە ئامانجەکانمـان دەگەیـن، دەخـوازم تـەواوی ئـەو کاریگـەری و کەلێنانـەی بێدەوڵەتـی دروسـتی کـردووە تیشـکی ڕووناکـی بخرێتەسـەر و ڕۆشـن بکرێتـەوە.

بێگومـان هیـچ کارێکـی زانسـتی بـێ هەڵـەو پەڵـە نابێـت، گرنگـە مـرۆڤ واقیعانـە بیـر بکاتـەوە و ڕاسـتگۆیانە بنووسـێت، خۆشویسـتنی نیشـتمان ئەرکـە و پارێزگاریکردنـی باوەڕبوونـە بـەم خۆشەویسـتییە. چەنـدە جوانـە کـە دەبینیـن پێشـمەرگەیەك لـە سـەنگەری نیشـتماندا ڕوو لـە دووژمـن بەگیانـی خـۆی بەرگـری دەکات، منیـش دەڵێـم ژان بیگرێـت ئـەو نووسـەرەی نوکـی قەڵەمەکـەی نابێتـە ڕم، سـنگی دووژمنـی پـێ شـەق کات.

## پوختە

بێدەوڵەتی نەهامەتییەکە؛ کورد و چەند نەتەوەیەکی بە ژمارە کەم لەسەر ئەم زەمینە بە دەستییەوە دەناڵێنن. لای زۆرینەی تاکەکانی نەتەوەکان، ئەم نەهامەتییە دەبێتە مایەی ڕەشبینی و بێ ئومێدی و دەردەسەری، بەڵام هەندێکیان دێن نەهامەتی و دەردەسەری دەگۆڕن بۆ داهێنان و بەرهەمهێنانی جوانی. "جگەرخوێن، هێمن، پەشێو"، ئەو شاعیرانەن خەم و نەهامەتییەکانی نەتەوەکەیان کردووە بە هۆکار و کەرەستەی داهێنان. دۆخی بێدەوڵەتبوون لای ئەم شاعیرانە بووەتە هۆی ئەوەی شیعر وەك یەکێك لە گرنگترین ئامرازەکانی دەربڕین و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەوڵەکانی سڕینەوە و قەدەغەکردن بەکاربێت. هەرسێ شاعیر ئەزموونی تاراوگە و پەنابەریان چێشتووە، نموونەیەکی پڕ بە پێستن بۆ لێکدانەوەی چۆنیەتی گۆڕینی بێدەوڵەتی و دووری لە نیشتمان، بۆ سەرچاوەی ئیلهام و بەرهەمهێنانی شیعر. هاوکات خۆشویستن و پیرۆزیی خاك لای هەرسێ شاعیر پاڵنەرێکی دیکە بووە بۆ داهێنانی شیعر. بەهەمان شێوە پرس و گرێ دەروونییەکانی وەك گرێی خۆبەکەمزانی، کاردانەوە دژی ژێردەستەیی، داهێنانی شیعری بەرگری، بۆشایی و دۆخێکی ئاڵۆزیان لەدەروونی شاعیراندا دروست کردووە، ئەم هەستانە لە ئەنجامی سەپاندنی

سیاسەتەکانی چەوساندنەوە و ڕەوانەبینی مافی نەتەوەیی دروست دەبێت، وادەکات شیعر ببێتە قەڵغانێك بۆ بەرگریکردن و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیەکی بێدەوڵەت.

**کلیلی وشەکان:** بێدەوڵەتی، نەبوونی ناسنامە، پەنابەرێتی، خاك، هەستی ژێردەستەیی، بۆشایی دەروونی، داهێنانی شیعر.

## پێشەکی

شـیعر وەك ژانرێکـی گرنگـی ئەدەبـی، جیـا لـە ئەرکـی هونـەری و سـتاتیکی، هـاوکات ڕۆڵێکـی گرنگـی هەبـووە لـە گوزارشـتکردن لـە ژیانـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی مرۆڤـدا. لـە ڕێـی شـیعرەوە نـەوەی نـوێ دەتوانێـت دەسـتی بـە میراتێکـی دەوڵەمەنـدی فیکـری و هونەریـی بـگات، ئـەم ژانـرە ئەدەبییـە کاریگەرییەکـی زۆری هەبـووە لـە پاراسـتنی کەلتـووری نەتەوەیـی و پتەوکردنـی هەسـتی کوردایەتـی بـێ جیـاوازی سـنوور و دیالێکـت. بەدرێژایـی مێـژووی کـورد شـاعیرانیش وەك توێژێکـی گرنگـی کۆمەڵگـە. لەڕێـی شـیعرەوە نەتەوەکەیـان هۆشـیار کردووەتـەوە، هـاوکات شـیعر بووەتـە دەنگـی ئـازادی و بەڵگەنامەیەکـی مێژوویـی، کـە ئـاوات و ئـازار و خـەون و خەباتـی گەلێکـی بێدەوڵەتـی تێـدا تۆمارکـراوە.

پرسـی بێدەوڵەتیـش وەك دەردێکـی کوشـندەی دانەبـڕاو لەمێـژووی نەتـەوەی کـورد، ڕووبەرێکـی فراوانـی لـە شـیعری کـوردی لەخۆگرتـووە، وای کـردووە هەرتاکێـك بەپێـی پێگـەو ئاسـتی ڕۆشـنبیری خـۆی لـە هەمبـەر ئـەو پرسـەدا خـۆی بـە بەرپـرس بزانێـت بـۆ داواکردنـی ئـەم مافـە ڕەوایـەی کـە لێـی بێبەشـکراوە، شـاعیرانیش وەك بەشـێکی دانەبـڕاوی کۆمەڵگەکانیـان لەسـەر سـەکۆی ئەدەبـدا سـڵیان نەکـردووە لـە گوتنـی ڕاسـتییەکان و پێنوسـەکەیان کـردووە بـە چەکـوش بـۆ شـکاندنی بەسـتەڵەکی وەهمـی تـرس دژ بـە دووژمـن و داگیرکـەران.

كوردستان وەك ناسنامەی تاكی كورد و جوگرافیایەكی لەت لەتكراو بووەتە مەیدانی شۆڕش و بەرخودانی، هەرسێ شاعیری دیاری كورد" جگەرخوێن، هێمن، پەشێو" بەرۆحێكی كوردانە و هەستێكی پڕ لە نیشتمان پەروەری ئازار و ژان و سوێی نەتەوەكەیان كردووە بە ئەدەب و لەڕێی دەقی شیعرەوە بەگوێی دنیای دەچرپێنن.

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەكە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە هیچ توێژینەوەك لەڕوانگەی ئەدەبییەوە لەم بارەیەوە نەكراوە، هەرچەندە ئەدەبیاتی كوردی لە زۆر بواردا تیشكی خراوەتەسەر، بەڵام پرسی بێدەوڵەتی وەك كێشەیەكی مێژوویی نەتەوەی كورد تا هەنوكە بەردەوامی هەیە، ئەم پرسەش بووەتە كەرەستەو ئامرازێكی گرنگ بەدەست شاعیرانەوە، بە چەشنی جۆراو جۆر دەركەوتووە و لە دەقە شیعرییەكانیان ڕەنگی داوەتەوە. لەم گۆشەنیگایەوە هەوڵمانداوە، لێكەوتەی ئەم دۆخەی كە بێدەوڵەتی دروستی كردووە لە شیعری شاعیران "جگەرخوێن، هێمن، پەشێو" بە دیار بخەین، هاوكات چۆن وێنەی بارودۆخی سیاسی و كۆمەڵایەتی و مێژوویی نەتەوەكەیان لە ئەدەبی كوردی كێشاوە. هەروەها گرنگی ئەم توێژینەوەیەش لەوەدایە پەیوەندی نێوان لێكەوتەكانی بێدەوڵەتی و ئەدەبی كوردی بەشێوەیەكی زانستی دەخاتەڕوو، جگەلەوەش ئەزموونی گەلی كورد وەك نەتەوەیەكی بێدەوڵەت نیشان دەدات، كە چۆن ئەدەب بووەتە دەنگ و ڕەنگی نەتەوە.

ئامانجی توێژینەوەكە هەوڵێكە بۆ دەستنیشانكردنی پاڵنەرەكانی پشت هۆنینەوەی شیعر لای جگەرخوێن، هێمن، پەشێو، هاوكات دیاریكردنی مامەڵەی شاعیران، لەگەڵ پرسەكانی ناسنامە، پەنابەری،

خاك، گرێی خۆبەكەمزانی، كاردانەوەی هەستی ژێردەستەیی، كاردانەوەی دەروونی بۆ نوسینی شیعری بەرگری، كە چۆن لە دەقی شیعرەكانیان ڕەنگیداوەتەوە.

ڕێبازی پەیڕەوكراوی توێژینەوەكە وەسفی- شیكارییە، بۆ شیكردنەوەی ئەو كاریگەریانەی كە بێدەوڵەتی لەسەر ئەدیبان و شاعیران دروستی دەكات. شەش لێكەوتەی سەرەكی بەتەوەرگرتووە، كە لە بێدەوڵەتی كەوتوونەتەوە وەك: نەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی، دۆخی پەنابەرێتی، بنەمای خاك، گرێی خۆبەكەمزانی، كاردانەوەی ژێردەستەیی، شیعری بەرگری. سەرجەمیان بۆشاییەكی قووڵیان لە دەروونی شاعیران بەگشتی و جگەرخوێن، هێمن، پەشێو بەتایبەت دروستكردووە، ئەمەش وایكردووە شاعیران لەڕێگەی ئەدەب و هونەرەوە هەوڵی پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییە بدەن.

ئەم توێژینەوەیە لەسێ بەش پێكهاتووە، بەشی یەكەم تیۆرییە و دابەش كراوەتە سەر سێ تەوەر: لە تەوەری یەكەمدا زاراوە، چەمك، پێناسە، بنەما و ڕۆڵ و گرنگی دەوڵەت خراوەتەڕوو، لە تەوەری دووەمدا چەمك، پێناسە، پەیوندیی بێدەوڵەتی بە ناسنامە، پەیوەندی بێدەوڵەتی بە پەنابەرێتی، گرنگی بنەمای خاك لای شاعیران خراوەتەڕوو. لە تەوەری سێیەمدا چەمك و پێناسەی داهێنان، داهێنان لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە، ڕوانگەی سیگمۆند فرۆید بۆ داهێنان، ڕوانگەی كارڵ گۆستاف یۆنگ بۆداهێنان، ڕوانگەی ئەلفرێد ئەدلەر بۆ داهێنان خراوەتەڕوو. بەشی دووەمیش لە چوارچێوەی سێ بابەتی دیاریكراو چەند دەقێكی شیعری شاعیرانمان وەرگرتووە، كە ڕەنگدانەوەی دۆخی بێ

ناسـنامەیی، پەنابەرێتـی و گرنكـی خاكـن لای شـاعیران. هەوڵمانـداوە تیشـك بخەینـە سـەر دیارترینـی ئـەو دەقـە شـیعرییانەی، گوزارشـت لـەم دۆخانـە دەكـەن. بەشـی سـێیەمیش ئـەو دەقـە شـیعریانەمان وەرگرتـووە، كـە ڕەنگدانـەوەی پرسـە دەروونییەكانـی وەك گرێـی خۆبەكەمزانـی، هەسـتی ژێردەسـتەیی، كاردانـەوەی دەروونـی شـاعیرن بـۆ نوسـینی شـیعری بەرگـری. لـە كۆتاییشـدا ئاماژەمـان بـەو ئەنجامانـە داوە، كـە لـە توێژینەوەكـە دەسـتمان كەوتـووە، لەگـەڵ نووسـینی لیسـتی سـەرچاوەكان و پوختـەی توێژینەوەكـە بـە هـەردوو زمانـی عەرەبـی و ئینگلیـزی.

# بەشی یەکەم

## دەوڵـەت و لێکەوتەکانی بێدەوڵەتی پەیوەست بە داهێنانەوە

### ١/١) دەوڵەت لەڕووی زاراوەسازییەوە:

بـۆ ئـەوەی بـە شـێوەیەکی قـووڵ و وردتـر لـە چەمکـی دەوڵـەت بگەیـن، پێویسـتە سـەرەتا لـە زاراوەی دەوڵـەت بکۆڵینـەوە و واتـا زمانەوانـی و مێژووییەکـەی بخەینـەڕوو، ئـەم تێگەیشـتنە زاراوەییـە دەروازەیەکـی گرنگـە بـۆ تێگەیشـتنی قـووڵتر لـە چەمکـی دەوڵـەت. "وشـەی (Estat ,stato ,state) ،کـە هەنـدێ زمانـی ئەوڕوپـی بـۆ دەوڵـەت بـەکاری دێنـن، هەموویـان بـۆ وشـەی(status)ی لاتینـی دەگەڕێنـەوە، کـە مانـای ڕەوش یـان بارودۆخـی هەبـوون دەگەیەنـێ، لەسـەدەی چواردەمـەوە ئـەم وشـەیە لـە نوسـینی جۆراوجـۆری ئەوروپییـەوە دەکەوێتـە بەرچـاو، پاشـان زاراوەکـە وردە وردە گەشـەی کـرد، تـا بەتـەواوی مانـای ئێسـتای وەرگـرت "(گـەردی و مەعـروف، ٢٠٠٥، ٤٣). ئـەم گۆڕانکارییـە زمانەوانییـە، کـە لـە ڕاسـتیدا گۆڕانـی کرۆکـی مانـای وشـەکەیە، وەچەرخانێکـی گرنگـی مێژوویـی بـوو، ڕێگـەی بـۆ دروسـتبوونی دەوڵەتـی مۆدێـرن خۆشـکرد، بـوو بـە بناغـەی چەمکێکـی گرنگـی سیاسـی، کـە ئەمـڕۆ بەشـێکی کاریگـەرە لـە ژیانـی مرۆڤایەتـی. "ماوەیەکـی زۆریـش تێپـەڕی تاگەیشـتە ئـەو چەمکـەی ئێسـتا هەیەتـی، کـە سـەرەتاکەی بـۆ سـەدەی شـازدەیەم

دەگەڕێتەوە، هەر وەك لە ئینسایكلۆپیدیای بەریتانیادا هاتووە: وشەی دەوڵەت (state) بۆ كۆمەڵگەیەكی ڕێكخراو بەكاردێت، لەڕووی سیاسییەوە نوێیە، بۆ یەكەمجار لەسەدەی شازدەیەمدا بڵاوبووەوە. یەكەمین كەسیش تیۆرناسی ئیتاڵی نیكۆلۆماكیاڤیللی لە كتێبی (prince)دا بەكاریهێنا" (عەبدوڵلا، ٢٠١٠، ٥٢).

ماكیاڤیللی وەك داهێنەری یەكەمی چەمكی دەوڵەت لە مێژووی فیكری سیاسیدا دەناسرێت و بیركردنەوەكانی دەروازەیەكی نوێی كردەوە، بۆ تێگەیشتنێكی نوێ لە سیستەمی سیاسی و بەڕێوەبردنی كۆمەڵ. "زاراوەی دەوڵەت لەمێژوودا، وەك سیستەمێكی نوێی بەڕێوەبردنی كۆمەڵ سەری هەڵدا، كە جیاواز بوو لەو سیستەمە كۆنانەی، كە تەنیا لەسەر بنەمای دەسەڵاتی خواوەندەكان دامەزرابوون، مەبەست ئەو خودایانەی لەسەر زەمین لەلایەن مرۆڤەوە بەناچاری دەپەرستران، كە مرۆڤ بوون، چونكە ئەوان واتای دەوڵەتییان بەو قەوارەیە دەدا، كە خوداكان تێیدا دەسەڵات دار بوون، بەو مانایەی بەبێ خودا دەوڵەت مانایەكی نابێت و بەبێ دەوڵەتیش خودا پێگەیەكی پیرۆزی نابێت." (محمد، ٢٠١٦، ١١).

لەگەڵ ئەوەشدا پێشتر ئەم زاراوەیە بۆ مەبەستی جیا جیا بەكاربراوە، بەڵام هەنوكە مۆركێكی سیاسی بەبەردا كراوە و بەتەواوی واتاكەی لەناو سیاسەتدا جێگیربووە، لەكەلتووری كوردەواریدا ، وشەی دەوڵەت لە دوو واتای سەرەكیدا بەكار هاتووە، پەیوەندییەكی قووڵیان بەیەكەوە هەیە، یەكەم: واتای دەوڵەمەندی و سامان، كاتێك دەوترێت خاوەن ماڵ و دەوڵەتە واتا كەسێكی خاوەن سامان و داراییە. دووەم: بەواتای دەسەڵات

دێــت، واتــە ئاماژەیــە بــۆ خاوەنداریێتــی هێــزو دەســەڵات و پێگــەی بــەرز لەسیســتەمی کۆمەڵایەتیــدا.

لــەڕووی پێکهاتــەی زمانەوانییــەوە "دەبینیــن وشــەی دەوڵــەت لــە کاری (دال) وەرگــراوە بەمانــای زەمــان (کات) دەوڵــەت یــان منــزل و مــال و وەرگــەڕان لــە حاڵێــك بــۆ حاڵێکــیتر و بەســەپاندن و کۆنترڵکــردن دەگوتــرێ." (عمــر، ٢٠١٤-٢٠١٥، ٨). بــەم پێیــە، دەســەڵات شــتێکی کاتــی و گــۆڕاوە، نــەك هەمیشــەیی و جێگیــر، ئەمــەش لەگــەڵ مانــا زمانەوانییەکــەی وشــەی "دال" کــە بــاس لــە وەرگــەڕان و گــۆڕان دەکات، تــەواو یــەك دەگرێتــەوە لەگــەڵ بــۆ چوونەکــەی "(دکتــۆر محەممــەد ئەحمــەد خەلــەف اللــە)، کــە دەڵێــت: دەوڵــەت لەقورئانــی پیــرۆزدا مانــای دەســەڵاتە و دەســەڵات لــە قورئانــی پیــرۆزدا هەرگیــز جێگیــر نابێــت و لەســەر یــەك دۆخ نامێنیتــەوە، بەڵکــو دێــت و دەڕوات و بەهێــز و لاواز دەبێــت" (هــادی، ٢٠٠٨، ٧٩).

لــە ڕووی واتــای فەرهەنگــی زاراوەکــە: لەزمانــی عەرەبیــدا دەوڵــەت: (الدَّوْلــة) و (الدُّولــة) دوو چەمکــی هاوتــەریبن پەیوەندییــان بــە ســامان و جەنگــەوە هەیــە، لــەڕووی زمانەوانییــەوە کاتێــك نیشــانەی (زەممــە) ی شــیکردنەوەی لەســەر دێــت، ئــەوا بــۆ (ســامان بەکاردێــت). کاتێــك نیشــانەی (فەتحــە)ی شــیکردنەوەی لەســەر دێــت، بــۆ (جەنــگ) بــەکار دێــت. هەروەهــا هەندێــك پێیــان وایــە کاتێــك بــە (زەممــە) دێــت بەواتــای (دوا ڕۆژ و ئاخیــرەت) دێــت، وە کاتێــك (فەتحــە)ی لەســەرە بەواتــای (جەنــگ) دێــت، بــە بیــروڕای هەندێکــی تریــش هــەر دوو خوێندنــەوە بەیــەك مانــا دێــن و هاوتــەریبن لەگــەڵ یــەکتری و لەکۆتایــی لــە ژێــر چەمکــی (دول) یــەك دەگرنــەوە لــە

فەرهەنگی (أبن منظور، ٢٠٠٣، ٤٥٠). ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ هەمان پێناسە کە لە فەرهەنگی (المحیط)دا هاتووە کە تیایدا چەمکی دەوڵەت: (الدولة) بە دوو شێوەی جیاواز خوێندراوەتەوە، شێوازی یەکەم: بەمانای کودەتا و گۆڕانکاری لە کات و سامان، کە پەیوەندی بەلایەنی ماددی و دارایی دەوڵەتەوە هەیە، هەروەها شێوازی دووەم بە دوو جۆر هاتووە: کاتێك نیشانەی (زەممە) ی لەسەر دەبێت (الدُّولة) بەمانای: باسکردنی (دوا ڕۆژ) دێت، هەروەها کاتێك وشەی (الدَّولة) بەنیشانەی (فەتحە) دێت، ئەوە بەمانای: باسکردنی کاروباری دنیا و جەنگ دێت (الفیروز آبادي، ٢٠٠٩، ٥٧٧). کەواتە، وشەی (دەوڵەت) لە زمانی عەرەبیدا دوو خوێندنەوەی جیاوازی هەیە کە هەریەکەیان بۆ مەبەستێکی تایبەت بەکارهاتووە، گرنگی جیاوازی نێوان (الدُّولة) و (الدَّولة) لە سەرچاوە کۆنەکانی زمانی عەرەبیدا نیشانەی گرنگی وردبینی زمانەوانی و کاریگەری جیاوازی بزوێن لەسەر مانای وشەکانە، پەیوەندی نێوان چەمکی دەوڵەت و بوارەکانی سامان و جەنگ لە زمانی عەرەبیدا دەریدەخات، کە چۆن زمان ڕەنگدانەوەی واقیعی مێژوویی و کۆمەڵایەتی سەردەمەکەی خۆی بووە، هەروەها دەوڵەت لە هەردوو خوێندنەوەکەیدا پەیوەندی بە چەمکی (گۆڕان و وەچەرخان)ەوە هەیە، چ لە بواری سامان و چ لە بواری دەسەڵات و جەنگدا، ئەمەش لەگەڵ ڕەگی زمانەوانی وشەکە (دال) یەکدەگرێتەوە.

هەروەها لە فەرهەنگی زمانی فارسی دا: "دول (doval) بەمانای (دەوڵەت) دێ، وشەی (دەوڵەت - (dowlat بەمانای:

(ئیقبال، بەخت، شانس) دێت. لەفەرهەنگی دەریاشدا (دولة) بەمانای دەولەت - میری، وڵات، ڕووداوەکانی ڕۆژگار دێت" (عەبدوللا، ٢٠١٠، ٥٤). ئەگەر سەرنج بدەینە ناوەرۆکی فەرهەنگە زمانەوانییەکانی ناوچەکە، دەبینین هەر سێ زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی لە تێگەیشتن و پێناسەکردنی چەمکی دەوڵەتدا هاوبەشن و لە یەك ئاستدا مامەڵە لەگەڵ ئەم زاراوەیەدا دەکەن، ئەمەش بۆ قووڵی پەیوەندی کەلتووری و مێژوویی نێوان ئەم زمانانە و تێڕوانینی هاوبەشیان بۆ چەمکی دەوڵەت و دەسەڵات دەگەڕێتەوە.

**١-١/١) چەمکی دەوڵەت:**

دەوڵــەت وەك گرنگتریــن و ســەرەکیترین دامــەزراوەی سیاســی لــە جیهانــی هاوچەرخــدا، بابەتێکــی ســەرەکی لێکۆڵینــەوەی زانســتە سیاســی و کۆمەڵایەتییەکانــە. لــە ســەرەتای مێــژووی مرۆڤایەتییــەوە، مــرۆڤ هەوڵــی داوە شــێوازێك لــە ڕێکخســتنی سیاســی و کۆمەڵایەتــی بــۆ خــۆی دروســت بــکات، ئــەم هەوڵانــە لــە کۆتاییــدا بوونەتــە هــۆی دەرکەوتنــی دەوڵــەت وەك باڵاتریــن شــێوەی ڕێکخســتنی سیاســی کۆمەڵگــەی مرۆڤایەتــی. "مێــژووی دامەزرانــدن و بونیادنانــی دەوڵــەت دەگەڕێتــەوە بــۆ ســەردەمانی کــۆن بــۆ کۆمەڵگــەی کشــتوکاڵییە ســەرەتاییەکان، کــە لــە وڵاتــی (میزۆپۆتامیــا) پێــش نزیکــەی شــەش هــەزار ســاڵ لەمەوبــەر دامــەزراوە " (حسـێن، ٢٠١٠، ١٠٠). واتــە دەوڵــەت وەك یەکەمیــن سیســتەمی ڕێکخــراو لــە مێــژووی مرۆڤایەتیــدا، لــە ناوچــەی میزۆپۆتامیــا ســەری هەڵــداوە.

هەندێــك بیــروڕا لــەم نێوەنــدە پێیــان وایــە، "دەســتپێکی فەلســەفەی سیســتماتیك و دامەزراندنــی ئەکادیمیــای ئەفلاتــوون، هاوزەمەنــە لەگــەڵ بیــر کردنــەوە لەپرســی دەوڵــەت و فەرمانــڕەوا، کــە لــە کتێبــی کۆمــاردا ڕەنگدەداتــەوە، فەلســەفە لای ئەفلاتــوون ڕۆڵــی پەروەردەکارێکــە، هــەر لەبــەر ئــەوەش چــاوی بڕییــە ڕۆڵــی فەلســەفە لەنێــو کۆمەڵگــە و هــاوکات لــە بنیاتنانــی دەوڵەتێکــدا، کــە دەبــێ حکومەتێکــی دادوەر بەڕێوەبــەر بێــت یاســاکانی لەســەر بنەمــای لۆژیــك بێــت، چەمکــی ئەفلاتوونــی بــۆ کۆمەڵگــەی سیاســی و کۆمەڵایەتــی ئەوەیــە وەك یــەك جەســتە لەلایــەن ئەقلــی بــاڵاوە فەرمــان ڕەوایەتــی

بکـرێ" (جمال، ٢٠١٣، ٢٨). دەکرێـت بلێیـن: ئەفلاتـوون بنەمـای تیـۆری دەوڵەتـی لەسـەر پەیوەنـدی نێـوان فەلسـەفە و دەسـەڵات دامەزرانـد، گرینگتریـن خاڵـی جەختکردنـەوەی ئەفلاتـوون، پەیوەنـدی نێـوان ئەقـڵ و دەسـەڵاتێکی دادپـەروەرە، ئـەو پێیوایـە دەوڵەتـی دادپـەروەر تەنیـا لـە ڕێگـەی فەرمانڕەوایـی ئەقڵـی فەلسـەفییەوە بـەدی دێـت، ئەمـەش بـووە بنەمـای زۆربـەی تیـۆرە سیاسـییەکانی دواتـر سـەبارەت بـە پەیوەنـدی نێـوان تێگەیـشتن و دەسـەڵات.

هەروەهـا "بیرۆکـەی دەوڵـەت بـە درێژایـی سـەدەکاندا دروسـت بـووە و گەشـەی کـردووە تـا گەیشـتووەتە چەمکـی دەولەتـی مۆدێـرن، لـە سـەردەمانی پێشـوودا چەندیـن نـاوی جیـاوازی هەبـووە، وەك: (ئیمپراتۆریـەت، سوڵتاننشین،شانشـین)، هەندێـك جـار حوکمڕانـی بەنـاوی ئاینـەوە کـراوە. بـۆ نموونـە لـە هەندێـك سـەردەمی دەوڵەتـی فیرعەونیـدا ، پاشـای فیرعەونـی لـە ڕوانگـەی ئەوانـدا بـە خـودا دادەنـرا، دەوڵـەت بـەم شـێوانە نـاسراوە، لـەو سـەردەمەدا سیسـتەمی جیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکان نەبـوو، بەڵکـو هەموودەسـەڵاتەکان لەدەسـتی پاشـادا بـوو لەسـەر بنەمایەکـی ئاینـی ئـەو یاسـا دانـەری یەکـەم، دادوەری یەکـەم و فەرمانـدەی سـوپا بـوو" (جومعـە،٢٠٢٢، ١٢-١٣). لێـرەدا دەسـتمان بەخاڵێکـی جەوهـەری دەگات، کـە لـەو سـەردەمانەدا هەمـوو دەسـەڵاتەکان (یاسـادانان، دادوەری، جێبەجێکـردن) لـە دەسـتی یـەك کەسـدا کۆکرابوونـەوە، بـە پێچەوانـەی سیسـتەمی مۆدێـرن لـە دابەشـکردنی دەسـەڵاتەکان.

دوای بەکارهێنانـی وشـەی (state) لەلایـەن ماکیاڤیللـی یـەوە، بووەتـە بناغـەی دروسـتکردنی چەندیـن زاراوەی پەیوەندیـدار بـە

دامــەزراوە سیاســییەكان، ئەمــەش هاوتەریبــە لەگــەڵ گەشــەكردنی چەمكــی دەوڵــەت لــە مێــژوودا، كــە لــە ســەدەی شــازدەیەمەوە وەك چوارچێوەیەكــی سیاســی كۆمەڵایەتــی ســەری هەڵــداوە و تــا ئەمــڕۆ بەردەوامــە لــە پەرەســەندن. "چەمكــی پرۆســەی بونیاتنانــی دەوڵــەت دوو قۆناغــی ســەرەكی هەیــە: نەریتــی و هاوچــەرخ، قۆناغــە نەریتییەكــەی لــە دوای جەنگــی دووەمــی جیهانییــەوە دەســتی پێكــرد و تــا كۆتایــی جەنگــی ســارد بــەردەوام بــوو، ئــەم قۆناغــە هــاوكات بــوو لەگــەڵ ئــەو ســەردەمەی، كــە زۆربــەی وڵاتــان ســەربەخۆییان لەژێــر دەســەڵاتی كۆڵۆنیالیــزم وەردەگــرت، لــەم قۆناغــەدا ئامانجــی ســەرەكی دامەزراندنــی دامــەزراوەی جێگیــر و بەهێــز بــوو، كــە بتوانێــت گەشــەپێدانی ئابــوری، كۆمەڵایەتــی و كەلتــوری ئەنجــام بــدات، وڵات لــە پاشــكۆیەتی و كۆڵۆنیالیزمــی نــوێ ڕزگار بــكات، ئاســایش دەســتەبەر بــكات، هەروەهــا دەســتور و پەیكــەرە سیاســییەكان دابڕێژێــت، كــە ڕێبەرایەتــی پرۆســەی گەشــەپێدان دەكــەن." (جیلالــی، ٢٠١٦، ٢٤٣). لــەم قۆناغــەدا، هــەر دەوڵەتێــك خەونــی بــە ســەربەخۆیی تــەواو و ڕزگاربوونــی لــە كــۆت و بەنــدی كۆڵۆنیالیــزم دەبینــی، بــەڵام ســەربەخۆیی ڕاســتەقینە تەنیــا بــە بونیاتنانــی دامــەزراوەی بەهێــز و ســەروەر دێتــە دی، ئــەم قۆناغــە وەچەرخانێكــی گرنــگ بــوو لــە مێــژووی گەلانــی ژێردەســتەدا، چونكــە بــۆ یەكەمجــار دەرفەتــی ئەوەیــان بــۆ ڕەخســا خۆیــان چارەنووســی خۆیــان دیــاری بكــەن و بــەرەو پێشــكەوتن و گەشەســەندن هەنــگاو بنێــن، ئەمــەش وای كــرد زۆربــەی وڵاتــە تــازە ســەربەخۆبووەكان هەنــگاو بــەرەو دەوڵەتــی مۆدێــرن بنێــن.

زۆربەی بیرمەند و فەیلەسوفان لەسەر ئەوە کۆکن، "دەوڵەت لەڕووی ژیانی سیاسییەوە بۆ نەتەوە ژێردەستەکان، مافێکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییە و دەبێت بەدەست بێت، ئەویش بەپابەند بوون بەوەی هیچ بیرکردنەوە و تیورێك بۆ دەوڵەت بەبێ بیرکردنەوەی ئەخلاقی نەبێت، بۆیە دەوڵەت بەبێ ئازادییەکان بۆ مرۆڤ و لایەنی ئەخلاقی، بێ دادپەروەری کۆمەڵایەتی، لە بەرچاوگرتنی جیاوازی ڕەگەز، پێست، نەتەوە، ئاین... هتد، جۆرێك لە فەزای نا ئەخلاقی و نامرۆڤی ئەنارشستیانە بەرهەم دەهێنێت (محمد، ٢٠١٦، ١٣). بەم شێوەیە کاتێك باس لە گۆڕان و ناجێگیری دەوڵەت و دەسەڵات دەکەین، دەبینین ئەمە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە لایەنی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی دەوڵەتەوە هەیە، چونکە هەر دەوڵەتێك، کە لایەنی ئەخلاقی و مافەکانی مرۆڤ پشتگوێ بخات، بە پێی بۆچوونی بیرمەندان، بەرەو ناجێگیری و لەناوچوون دەچێت، جگە لەوەش کاتێك سەیر دەکەین مانای (دەوڵەت) لە ڕوانگە کلاسیکییەکان و بیرۆکەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە ڕوانگە هاوچەرخەکاندا دەریدەخات، کە چۆن چەمکی دەوڵەت لە دەسەڵاتێکی ڕووتەوە بۆ دامەزراوەیەکی ئەخلاقی پەرەی سەندووە، کە دەبێت مافە بنەڕەتییەکانی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە بپارێزێت، بەبێ جیاوازی ڕەگەز، پێست، نەتەوە, ئایین و ئایدۆلۆژیا.

هاوتەریب بە "بیروڕای بیرمەند و فەیلەسوفان، لەهزری سیاسی کۆندا پێ لەسەر ئەرك و وەزیفەی مرۆڤ دا دەگیرا، بۆیە لەبیری کلاسیکیدا تەنانەت ئەگەر ئاماژەیان بەمافی مرۆڤ بکردابا، ئەوا دەیانبەستەوە بە ئەرکی مرۆڤەوە، بەڵام بیری سیاسی نوێ

مافـی بەبناغـەی كەتـواری سیاسـی دانـاو ئەركـی دەوڵەتیشـی بـە پاراسـتنی ئـەم مافـە لـە قەڵـەم دا، كـەوا سـەرەتا ئەبێـت جەخـت لەسـەر مـاف بكرێتـەوە پێـش ئـەوەی ئـەرك بەمـرۆڤ بسـپێردرێت، واتـە ئەبێـت ئـەرك بەمافـەوە ببەسترێتـەوە، نـەك بەپێچەوانـەوە، دەوڵەتیـش پارێـزگاری لێبـكات" (عەبـدوللا،٢٠١٠، ٤٥).

بەگشـتی گۆڕانـی بیـری سیاسـی لـە كۆنـەوە بـۆ نـوێ، گۆڕانكارییەكـی بنەڕەتـی بەخۆیـەوە بینـی. لـە سـەردەمی كۆنـدا بیرمەنـدان و فەیلەسـوفەكان جەختیـان لـە ئەركـی مـرۆڤ دەكـردەوە، وەك بنەمایەكـی سـەرەكی بـۆ ژیانـی سیاسـی و كۆمەڵایەتـی، بـەڵام لـە بیـری سیاسـی نوێـدا، گۆڕانكارییەكـی گرنـگ ڕوویـدا، كـە تێیـدا مافـی مـرۆڤ بـوو بـە بنەمـای سـەرەكی و بناغـەی كەتـواری سیاسـی، لـەم ڕوانگـە نوێیـەدا ئەركـی سـەرەكی دەوڵـەت پـاراستن و گەرەنتیكردنـی ئـەم مافانەیـە. لەلایەكـی دیكـەوە، ئەگـەر لـە ڕوانگـەی ئیسلامـەوە سـەیری پێگـەو دەسـەڵات یـان چەمكـی دەوڵـەت بكەیـن دەبینیـن، كـە دیـدی ئیسلامـی بـۆ مەسـەلەی دەوڵـەت و دەسـەڵاتی سیاسـی، ڕوانگەیەكـی مێژووییـە، نـەك ئاسمانـی و پیـرۆز، واتـە ئـەوە خـودا نییـە فۆرمـی دەوڵەتـی وەك چـوار چێوەیـەك بـۆ ڕێكخسـتنی سیاسـی و ئیـدارەی كۆمەڵگـەكان لەئاسمانـەوە ناردووەتـە خـوارەوە و فەرمانپێكـردووە، بەڵكـو ئـەوەی لەپشـت هاتنەكایـەوە و سـەرهەڵدانی دەسـەڵات و دەوڵەتەوەیـە، پێویسـتی مـرۆڤ و كۆمەڵگەكانـە.

هەروەهـا دەسـەڵات و دەوڵـەت پرسـێكی عەقڵانـی و مێژوویـن و ملكەچـی ڕێكەوتنـی سـەر ئـەم زەمینـەن و هیـچ ڕەهەندێكـی پیـرۆز و دەسـتلێنەدراویان نییـە. ئـەوەی پیـرۆز و ئاسمانییـە بەهاكانـی

پەیوەست بە دەسەڵات و پیادەکردنی وەزیفەکانی دەوڵەتە دوای دامەزراندنی، بۆنموونە ئەو دەسەڵاتە ببێتە ئامرازی چەسپاندنی دادپەروەری و خۆشی و خۆشگوزەرانی خەڵك، لەسایەی دەوڵەتەکەدا زوڵم و زۆر ئەنجام نەدرێ و هێز ملکەچی هەق و یاسایەکی دادپەروەرانە بێت و هاوڵاتیان سەرچاوەی ڕەوایەتی دەسەڵات بن، نەك هێز و خێل و حزب و بنەماڵە و مێژوو (علی، ٢٠١٤، ١٤٠-١٤١). دەوڵەت دیاردەیەکی دەستکردی مرۆڤە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە، نەك فەرمانێکی ئاسمانی و پیرۆز، دەکرێت بڵێین پیرۆزی لە بەهاکاندایە، نەك لە شێوازی دەسەڵات. دادپەروەری، خۆشگوزەرانی و یەکسانی بەردەم یاسا گرنگن، نەك فۆرمی دەوڵەت، بۆیە ئیسلام زیاتر جەختی لەسەر بەهاکانی وەك دادپەروەری و ڕاوێژ کردووە، نەك شێوازی حوکمڕانی و دانانی بەرنامە بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵات لە دەوڵەتدا.

### ٢-١/١) پێناسەی دەوڵەت:

لـە سـەردەمی ئێسـتادا، دەوڵـەت بووەتـە گرنگتریـن یەكـەی سیاسـی و كۆمەڵایەتـی لـە سیسـتەمی نێودەوڵەتیـدا. مێـژووی دروسـتبوونی دەوڵـەت دەگەڕێتـەوە بـۆ پێـش هـەزاران سـاڵ، كاتێـك مرۆڤـەكان دەسـتیان كـرد بـە پێكـەوە ژیـان و ڕێكخسـتنی كۆمەڵگەكانیـان. "دەوڵـەت بـە شـێوە مۆدێرنەكـەی دوای پەیماننامـەی وێسـتڤالیا لـە سـاڵی ١٦٤٨ سـەری هەڵـدا، كـە تێیـدا چەمكـی سـەروەری نەتەوەیـی و سـنووری نێودەوڵەتـی چەسـپێنرا" (salawu, 2021, 243). لـە سـەردەمی نوێـدا، دەوڵـەت وەك چوارچێوەیەكـی گشـتگیر سـەیر دەكرێـت، كـە كۆمەڵێـك دامـەزراوە و سیسـتەمی تێـدا كۆبووەتـەوە بـۆ بەڕێوەبردنـی كۆمەڵگـە و دابینكردنـی پێداویسـتییەكانی ئـەم ڕێكخـراوە سیاسـییە مۆدێرنـە لـە ڕێگـەی كۆمەڵێـك بنەمـا و دامـەزراوەوە كار دەكات، بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجـە گشـتییەكانی كۆمەڵگـە، بـۆ ئـەوەی بـاشتر لەمانـای دەوڵـەت و ئەركـی دەوڵـەت بگەیـن، كۆمەڵێـك ناسـاندن و بۆچوونـی جیـا بەپێـی ڕەهەنـدە جیـاوازەكان دەخەینـەڕوو.

"بـەلای (ئەفلاتـوون)ەوە دەوڵـەت سـازمانێكی ئابـوری تـەواوە، لـە ئەنجامـی پێویسـتییەكانی مـرۆڤ پەیـدا بـووە و لەسـەر بنچینـەی ڕەوشـی دابەشـبوونی كار بـۆ دابینكردنـی پێویسـتییەكان دروسـت بـووە" (گـەردی و مەعـروف، ٢٠٠٥، ٤٣). ئـەم تێڕوانینـەی ئەفلاتـوون جەخـت لەسـەر لایەنـی ئابـووری دەكاتـەوە، وەك هـۆكاری سـەرەكی دروسـتبوونی دەوڵـەت و سیسـتەمێكی ئابـووری تـەواو دەیبینێـت، بـۆ دابینكردنـی پێداویسـتییەكانی مـرۆڤ پێیوایـە، كـە هیـچ تاكێـك

ناتوانێت بە تەنیا هەموو پێداویستییەکانی خۆی دابین بکات، بۆیە دابەشکردنی کار پێویستە.

بۆ پێناسەکردن و ناساندنی زیاتری چەمکی دەوڵەت چەند تێڕوانینێکی جیاواز وەردەگرین.

**یەکەم:** لەتێڕوانینی مارکسییەوە؛ بەرهەمی ئەوململانێ چینایەتییە، کە چینی سەردەستەی سەرمایەدار دەیەوێت هەژموونی لەسەر چینی ژێردەستەدا هەبێت، ئەمەش هۆکار و ئامرازە بۆ مانەوەی دەسەلاتی چینی سەرمایەدار، بەو ڕێگایەش زالی خۆیان بەسەر دەوڵەتدا دەهێڵنەوە (گەردی و مەعروف، ٢٠٠٥، ٢٣). لە تێڕوانینی مارکسییەوە، ئەوان پێیانوایە دەوڵەتی سەرمایەداری بەرهەمی ململانێی چینایەتییە لە نێوان چینی سەرمایەدار و چینی کرێکاردا، لەم ڕوانگەیەوە، دەوڵەت نەك دامەزراوەیەك نییە بۆ خزمەتی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە، بەڵکو ئامرازێکە لە دەستی چینی سەرمایەدار بۆ سەپاندنی هەژموون و دەسەڵاتی خۆی بەسەر چینی کرێکاردا، بەم شێوەیە چینی سەرمایەدار لە ڕێگەی دەوڵەتەوە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەپارێزێت و بەردەوامی بە دەسەڵاتی خۆی دەدات.

**دووەم:** لە تێڕوانینی لیبراڵی: دەوڵەت بریتییە لە کۆمەڵێك کەس، کە دانیشتووی خاکێکی دیاریکراون و پەیڕەوی سیستمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و قانونی دەکەن، ئەمەش بە ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و پشتبەستن بەو دەسەڵاتەی فەرمانڕەوایەتییان دەکات (کوردە، ٢٠٢٠، ٢٧). لیبراڵییەکان دەوڵەت وەك دامەزراوەیەکی پێویست دەبینن، کە خەڵك بە ئارەزووی

خۆیـان پێكیـان هێنـاوە، جەخـت لەسـەر بەرژەوەنـدی گشـتی دەكاتـەوە، پێـی وایـە بوونـی دەوڵـەت پێویسـتە بـۆ ڕێكخسـتنی كۆمەڵگـە و پاراسـتنی مافەكانـی تـاك.

**سـێیەم:** "بیـردۆزی گرێبەسـتی كۆمەڵایەتـی: بەپێـی ئـەم بیـردۆزە تاكەكانـی گـەل ڕێـك دەكـەون لەسـەر دروسـتكردنی وڵات لـە ڕێگـەی بەسـتنی كۆمەلێـك گرێبەسـت لەنێـوان تاكـەكان و دەسـەڵات دارەكانـدا، واتـە گـەل ڕازییـە بـە حوكمـی وڵات بەرانبـەر دەسـتەبەركردنی پێداویسـتییەكانی خەڵـك و ئاسـایش و ئەنجامدانـی هەماهەنگـی لەگـەڵ یـەكتر، ئـەم بیـردۆزە لەلایـەن كۆمەڵێـك بیرمەنـدەوە دانـراوە وەك: هۆبـز، جـۆن لـۆك، جـان جـاك ڕۆسـۆ" (سـتوپەیی، ٢٠٢٠، ١٨). بەپێـی ئـەم بیـردۆزە، ڕێكەوتنێكـی دووقۆڵـی سـەبارەت بـە مافـەكان و ئەركـەكان لەنێـوان دەسـەڵات و هاوڵاتیـان دروسـت دەبێـت. لـەم ڕێككەوتنـەدا، تاكەكانـی كۆمەڵگـە بـە ویسـتی خۆیـان بەشـێك لـە ئازادییەكانیـان بـە دەوڵـەت دەبەخشـن، لـە بەرانبـەردا دەوڵـەت بەرپرسـیاریەتی پاراسـتنی ئاسـایش و دابینكردنـی پێداویسـتییەكان و ڕێكخسـتنی پەیوەندییـە كۆمەڵایەتییـەكان دەگرێتـە ئەسـتۆ.

بـە گشـتی یاسـا دانـەران بـۆ دەوڵـەت لەسـەر یـەك پێناسـە ڕێكنەكەوتـوون، بەڵكـو هەریەكـەو لەگـەڵ بیرۆكـەی خـۆی سـەبارەت بـە یاسـا لـە دەوڵـەت هاوڕابـووە، (بونـار) پێناسـەی دەوڵـەت دەكات بـەوەی: دەوڵـەت بریتییـە لەیەكەیەكـی یاسـایی هەمیشـەیی، بوونـی دەزگایەكـی كۆمەڵایەتـی، كـە مافـی ئەنجامدانـی دەسـەڵاتە یاسـاییە دیاریكراوەكانـی لەخـۆ گرتـووە، لـەڕووی نەتەوەیەكـی نیشـتەجێ بـوو لەسـەر هەرێمێكـی دیاریكـراو، دەوڵـەت مافـی سـەركردایەتی

باڵادەستی بەسەریدا هەیە، لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەو هێزە مادییەی هەیەتی" (کوردە، ٢٠١١، ١٥). گرنگی بوونی دامەزراوەی یاسایی و کۆمەڵایەتی دەبێت بە شێوەیەکی بەردەوام و هەمیشەیی بوونی هەبێت، هەروەها گرنگی بوونی نەتەوەیەك لەسەر خاکێکی دیاریکراو، ئەمەش یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی دروستبوونی دەوڵەت، جگە لەوە پێویستی بوونی هێزی ماددی و دەسەڵاتی سەروەری بۆ جێبەجێکردنی یاسا و بڕیارەکان گرنگن، چونکە دەوڵەت بەبێ هێزی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی یاسایی ناتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێت و بەردەوام بێت لە مانەوە.

لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، "دەوڵەت بریتییە، لە کۆمەڵێك تاك، پەیڕەوی چالاکییەکانی خۆیان لەسەر هەرێمێکی جوگرافی دیاری کراو دەکەن، ملکەچی یەك سیستەمی دیاری کراو دەبن" ( نعمة، ٢٠١٨ ، ٦). ئەمە مانای وایە، دەوڵەت ئاماژەیە بۆ کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراوی سیاسی لەسەر زەمینێکی دیاریکراودا، یاخود بە کۆمەڵە خەڵکێك دەوترێت، کە لەسەر خاکێکی دیاریکراودا دەژین و ملکەچی دەسەلاتیکی سیاسی هاوبەشن (علی، ٢٠١٤، ١٨).

لە ڕوانگەی بیرمەندانی سیاسییەوە، جیاوازی و لێکچوون هەیە لە ناساندنی دەوڵەت، بەڵام زۆربەیان لەسەر چەند بنەمایەکی سەرەکی کۆکن. "دەوڵەت بریتییە لەهەرێمێك، یان ناوچەیەکی دیاریکراو و سنوردار، کە تێیدا کۆمەڵێك تاك لەسەری نیشتەجێن بۆ ڕێکخستنەوەیان پێویستیان بە دەسەڵاتێك هەیە، بەشێوەی فەرمانڕەوا و هەموو لایەکیش پێیەوە پابەندبێ" (عبدالرحمن، ٢٠٢١، ١٢). ئەم پێناسەیە دەوڵەت وەك چارەسەرێك بۆ پێداویستییەکانی

كۆمەڵگــە دەبینێــت، نــەك وەك ســەپاندنێكی زۆرەملــێ، واتــە دەوڵــەت بەرهەمــی پێویســتی و خواســتی تاكەكانــە بــۆ ڕێكخســتنی ژیانیــان، بەرپرســیارە لــە دابینكردنــی ئاســایش و خۆشــگوزەرانی بــۆ هاوڵاتیــان، هەروەهــا پاراســتنی مافەكانیــان لــە چوارچێــوەی یاســادا. بۆمــان دەردەكەوێــت لــە ڕووی سیاســییەوە بوونــی دەوڵــەت چەنــد توخمێكــی ســەرەكی و بنەڕەتــی لــە خۆدەگرێــت، ســەرەتا پێویســتە دەوڵــەت خاوەنــی هەرێــم و خاكێكــی دیاریكــراو بێــت، كــە ســنووری دیاریكــراوی هەبێــت، هەروەهــا دەبێــت كۆمەڵێــك خەڵــك بــە شــێوەیەكی هەمیشــەیی لــەو خاكــەدا نیشــتەجێ بــن و پەیوەندییەكــی بــەردەوام لــە نێــوان ئــەو خەڵكــە و خاكەكــەدا هەبێــت، جگەلــەوەش بوونــی دەســەڵاتێكی سیاســی و سیســتەمێكی فەرمانڕەوایەتــی پێویســتە، كــە خەڵــك ملكەچــی بــن و كاروبــاری ژیانیــان بەڕێــوە ببــات، دەوڵــەت بەبــێ بوونــی ئــەم توخمــە ســەرەكییانە خــاك، خەڵــك و دەســەڵات، ناتوانێــت هەبێــت و بــەردەوام بێــت.

دەوڵـەت لـە چەمكـی مۆدێرنـدا واتـە، "كۆمەڵێـك تـاك بەشـێوەیەكی جێگیـر دەژیـن و چالاكییەكانیـان لـە هەرێمێكـی جوگرافـی دیاریكـراودا ئەنجـام دەدەن و لــە كاتــی ئەنجامدانــی چالاكییەكانیانــدا ملكەچــی سیســتەمێكی یاســایی دیاریكــراو دەبــن" (جومعــە، ٢٠٢٢، ١٧). ئــەم پێناســە مۆدێرنــە، نیشــانەی گۆڕانكارییەكــی گەورەیــە لــە تێگەیشــتنی دەوڵەت، لـە چەمكێكـی كۆنـەوە، كـە تیایـدا دەسـەڵات و فەرمانڕەوایـی ســەرەكی بــوون، بــۆ چەمكێكــی نــوێ، كــە تێیــدا یاســا و مافــی تــاك و پەیوەندییــە یاســاییەكان گرنگتریــن ڕۆڵ دەگێــڕن لــە پێكهێنــان و بەڕێوەبردنـی دەوڵەتـدا. بـە تێگەیشـتنمان لـەو ناسـاندنانەی دەوڵـەت

لە دەرەوەی ئەو پێناسانەی تا ئێستا کراون، دەکرێت بەم شێوەیە دەوڵەت پێناسە بکەین: بریتییە لە یەکەیەکی سەروەریی یاسایی و سیاسی، کە لەسەر بنەمای ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگە دامەزراوە، خاوەن توانای بڕیاردان و جێبەجێکردنە لە سنوورێکی جوگرافی دیاریکراودا، هەروەها خاوەنی مافی بەکارهێنانی هێزی ڕەوایە بۆ پاراستنی سیستەمی گشتی و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان.

**٣-١/١) بنەماکانی دەوڵەت:**

دەوڵــەت دامەزراوەیەکــی ســەرەکی و گرنگــە لــە ژیانــی کۆمەڵایەتــی و سیاســی مرۆڤــدا، ڕۆڵێکــی ســەرەکی لــە ڕێکخســتنی پەیوەندییەکانــی نێــوان تــاك و کۆمەڵگــە هەیــە، هــەر لــە ســەرەتاوە مــرۆڤ هەوڵــی داوە سیســتەمێکی ڕێکخــراو بــۆ بەڕێوەبردنــی کاروبــاری ژیانــی ڕۆژانــە و پاراســتنی مافەکانــی تــاك و کۆمــەڵ دابمەزرێنێــت. دەبینیــن لــە ســەرەتای پێکهاتنــی بیــری سیاســی نوێــدا، بیرمەنــدان و یاساناســان پێناســەی دەوڵەتیــان لــە چوارچێــوەی ســێ بنەمــای ســەرەکیدا دیــاری کــردووە: گــەل، خــاك و سیســتەمی سیاســی. ئــەم بنەمایانــە پێکــەوە چوارچیوەیەکــی یاســایی و سیاســی پێکدەهێنــن، کــە ڕێگــە بــە دەوڵــەت دەدات، ئەرکەکانــی خــۆی جێبەجــێ بــکات و خزمەتــی هاوڵاتیانــی بــکات، بــەڵام لەگــەڵ پەرەســەندنی پەیوەندییــە نێودەوڵەتییــەکان، دانپێدانانــی نێودەوڵەتــی وەك بنەمــای چــوارەم زیــاد کــراوە، لــە ســەرچاوە جیاوازەکانــدا ئــەم بنەمایانــە بــە شــێوازی جیــاواز پۆلێــن کــراون، هەندێکیــان بــاس لــە ســێ بنەمــا دەکــەن، هەندێکــی تــر دانپێدانانــی نێودەوڵەتــی وەك بنەمــای چــوارەم دادەنێــن، لــە کاتێکــدا هەندێــك ســەرچاوە بــە زیادکردنــی ســەروەری و ســەربەخۆیی شــەش بنەمــا دیــاری دەکــەن.

**یەکەم: گەل یان دانیشتوان:**

لەسەرەتای دامەزراندنی هەر دەوڵەتێکدا، بوونی کۆمەڵێك مرۆڤ پێویستییەکی بنەڕەتییە، "بێگومان ناتوانرێت دەوڵەتێك بهێنرێتە بەرچاو بەبێ بوونی دانیشتوان، لە کاتێکدا دەوڵەت ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی یاخود مرۆییە، لەبەر ئەوە بوونی دەوڵەت بەبێ کۆمەڵ هیچ واتایەك ناگەیەنێت، لە دەوڵەتدا ئەو کۆمەڵە بەهۆی چەند پەیوەندییەك بەیەکەوە دەبەسترێنەوە، وەك پەیوەندیی زمان، مێژوو، ئاین، ڕەگەز، کەلتور، بەرژەوەندی هاوبەش ....هتد، هەروەها ژمارەی دانیشتوانیش پێویستە لەئاستێکدابن، کە بتوانن دەوڵەت دابمەزرێنن، دەوڵەتیش بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ژیان، دەبێت کارەکان لە نێوان تاکەکانیدا دابەش بکات" (کوردە، ٢٠١١، ١٦). گەل یاخود دانیشتوان یەکەم و گرنگترین بنەمای دەوڵەتە، چونکە دەوڵەت بە بێ گەل نییە، گەل ئەو کۆمەڵە مرۆڤەیە، کە لەسەر خاکێکی دیاریکراو بە شێوەیەکی هەمیشەیی نیشتەجێن و بە هۆی کۆمەڵێك تایبەتمەندی و خەسڵەتی هاوبەشەوە پێکەوە دەژین، ئەم پەیوەندییە هاوبەشانە وا دەکەن، کە تاکەکانی گەل هەست بە یەکگرتوویی و یەکبوون بکەن و بتوانن پێکەوە کۆمەڵگەیەکی تەندروست پێك بهێنن، گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە لە دەوڵەتدا و بەبێ بوونی ژمارەیەکی گونجاو لە دانیشتوان، دەوڵەت ناتوانێت کار و ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات، هەر بۆیە گەل وەك بنەمایەکی سەرەکی و جەوهەری دەوڵەت، پێگەیەکی تایبەتی لە بیری سیاسی هاوچەرخدا هەیە.

**دووەم: نیشتمان یان خاك:**

بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، خاك هەمیشە وەك بنەمایەكی پیرۆزی نەتەوە بینراوە. ئەو پەیوەندییە درێژەی لە نێوان مرۆڤ و خاكەكەی لە ڕابردوو دەستی پێكردووە و هەتا ئەمڕۆش بەردەوامە. خاك گۆڕەپانی ژیان و مردنە، پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ خاك پەیوەندییەكی جەستەیی و ڕۆحییە. "ڕەگ و ڕیشەی هەموو كۆمەڵگەیەكی مرۆیی پەیوەستە بە خاكێكی دیاریكراو. خاك وەك سروشتێكی ماددی، كۆمەڵگە جیاوازەكان بەسەریدا دابەشبوون، بە میكانیزمێكی بنیاتنانی دەوڵەت ناسێنراوە، ڕەمزی ناسنامە و سەربەخۆیی دەگەیەنێت. گۆڕەپانێكە بۆ ململانێ و كێبڕكێی ژیان بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی وەك سەرمایەكی بەرهەمدار و سەرچاوەیەكی سروشتی بەهایەكی زۆری هەیە، چونكە پەیوەستە بە ناسنامە و سەربەخۆیی و پێگەی كۆمەڵایەتی. كۆنترۆڵكردن وپاراستنی خاك یەكێكە لە ئەركەكانی دەولەت، پەیوەندی بە میراتی باب وباپیرانەوە هەیە."(Albertus، 2025). نابێت تەنیا وەكو پارچەیەك زەوی سەیری خاك بكەین، خاك بەرپرسیارێتییەكی گەورەیە لەسەرمان بۆ پاراستن و گەشەپێدان و گەیاندنی بە نەوەی داهاتوو. پێویستە ئەو پەیوەندییە پیرۆزە بپارێزین.

بنەمای خاك یەكێكە لە گرنگترین بنەماكانی ژیانی مرۆڤ و كۆمەڵگەی مرۆیی، دەبینین ئەو نەتەوانەی خاكەكەیان داگیركراوە، توشی چەندین كێشەی قووڵی دیكەش دەبنەوە، وەك مەترسی لەدەستدانی ناسنامە و كەلتووری نەتەوە، هەروەها ناچار دەبن لە

پێناو ڕزگارکردنی خاکەکەیان دژی داگیرکەر بوەستن، بۆیە پاراستنی خاك پاراستنی داهاتووی نەتەوەیەکە. هەروەها خاك یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی بنیاتنانی دەوڵەت و بەبێ بوونی خاك و سنووری دیاریکراو، دەوڵەت ناتوانێت هەبێت، بۆیە خاك "ڕەگەزێکی پێویستی دروستبوونی دەوڵەتە، ئەو پارچە زەوییە دیاریکراوەیە، کە خەڵکی لەسەری دەژین، گرنگ نییە هەرێمەکە ڕووبەرەکەی گەورەبێت یان بچووك، بەڵام دەبێت سنورەکەی دیاریکراو بێت، بۆ ئەوەی دەوڵەت بتوانێت سەروەری خۆی لەو سنورە دیاریکراوەدا دەربخات، چونکە لەکۆتایی ئەو سنورەدا سەروەری دەوڵەتێکی تر دەست پێدەکات"(حسێن، ٢٠١٠ ، ١٠٣). بنەمای خاك لە پێکهاتەی دەوڵەتدا بەهایەکی گرنگی هەیە، چونکە دەوڵەت بەبێ بوونی خاکێکی دیاریکراو دروست نابێت. هەر دەوڵەتێك پێویستی بە سنوورێکی جوگرافی دیاریکراو هەیە، کە لەو چوارچێوەیەدا بتوانێت دەسەڵاتی خۆی پیادە بکات و یاساکانی جێبەجێ بکات. ئەم پارچە خاکە سەرەڕای ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی گەلە، لەهەمانکاتدا سەرچاوەی سامان و دەرامەتی دەوڵەتیشە و چوارچێوەیەکی گرنگە بۆ پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری، لێرەدا پرسی سەروەری دەوڵەت لەسەر خاکەکەی دێتە پێشەوە، چونکە هەر دەوڵەتێك لە سنووری خاکی خۆیدا خاوەنی دەسەڵاتی باڵایە و مافی هەیە بە ئازادانە بڕیار لەسەر سەرچاوە و سامانە سروشتییەکانی خۆی بدات.

**سێیەم: سیستەمی سیاسی یان حكومەت:**

دەسەڵات ڕەگەزێكی سەرەكی دروستبوونی دەوڵەتە و بەبێ بوونی دەسەڵاتێكی ناوەندی، تەنیا كۆمەڵە خەڵكێك و پارچە زەوییەك دەمێنێتەوە، "بوونی ژمارەیەكی زۆری خەڵك و هەرێمێكی دیاریكراو بۆ نیشتە جێ بوون، ناتوانێت دەوڵەتێك پێكبهێنێت، بەڵكو دەبێت دەسەڵاتێكی باڵای فەرمان ڕەوا هەبێت، بۆئەوەی دەسەڵاتی خۆی بەسەر تاكەكان بسەپێنێ بۆ بەڕێوەبردن و بە ئەنجام گەیاندنی كارەكان، پێویستە هەمووان ملكەچی بڕیاركانی ئەم دەسەڵاتە بن، گرنگ نییە حكومەتەكە دیموكراتی بێت یان دیكتاتۆری، پاشایی بێت یان كۆماری (عبدالرحمن، ٢٠٢١، ١٢). دەكرێت بڵێین سیستەمی سیاسی یان حكومەت بنەمایەكی جەوهەرییە لە پێكهاتەی دەوڵەتدا، كە بەبێ بوونی ئەم سیستەمە، گەل و خاك ناتوانن بە تەنیا دەوڵەت پێكبهێنن. ئەم دەسەڵاتە سیاسییە هێزێكی ڕێكخەرە، كۆمەڵگە بەڕێوە دەبات و بڕیارە گشتییەكان دەردەكات، گرنگی سیستەمی سیاسی لەوەدایە، كە دەبێتە هۆی ڕێكخستنی پەیوەندییەكان لە نێوان تاكەكانی كۆمەڵگەدا، جا ئەم سیستەمە هەر فۆڕم و شێوازێكی بەڕێوەبردنی هەبێت، لێرەدا حكومەت دەسەڵاتێكی باڵایە، توانای جێبەجێكردنی یاسا و بڕیارەكانی هەیە بەسەر گەل لە هەرێمی ژێر فەرمانڕەوایەتیدا.

**چوارەم: دانپێدانانی نێودەوڵەتی:**

دانپێدانانی نێودەوڵەتی بەشێکی گرنگە لە پرۆسەی دروستبوونی دەوڵەت لە جیهانی هاوچەرخدا، کاتێك دەوڵەتانی تر بە فەرمی دان بە دەوڵەتێکی نوێدا دەنێن، ئەوە دەرگای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی بۆ دەکرێتەوە. "بێگومان دەبێت دەوڵەتان دانپێدابنێن، تاکو بتوانێ پەیوەندی بازرگانی و سیاسی و ڕۆشنبیری لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە دروست بکات، ئەگینا بە دژواری دەتوانی کاروباری خۆی بەڕێوە ببات (عەبدوڵا،٢٠١٠،٦٠). دانپێدانانی نێودەوڵەتی لە سەردەمی هاوچەرخدا وەك بنەمایەکی گرنگی دەوڵەت دەردەکەوێت، چونکە تەنیا بوونی (گەل، خاك و حکومەت) بەس نییە بۆ ئەوەی دەوڵەتێك بتوانێت بە تەواوی کار و چالاکییەکانی ئەنجام بدات، ئەم دانپێدانانە دەرگای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەکاتەوە و ڕێگە بە دەوڵەت دەدات پەیوەندی سیاسی، بازرگانی، ئابووری و کەلتووری لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە دروست بکات، کاتێك دەوڵەتێك لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە دانی پێدا دەنرێت، دەتوانێت ببێتە ئەندام لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و مافی واژۆکردنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی دەبێت، هەروەها دەتوانێت نوێنەرایەتی دیبلۆماسی دابمەزرێنێت، لە وڵاتان قەرز و یارمەتی دارایی وەربگرێت و لە دادگا نێودەوڵەتییەکان داکۆکی لە مافەکانی خۆی بکات، بە پێچەوانەوە دەوڵەتێك دانی پێدانەنرێت، بە دژواری دەتوانێت کاروباری خۆی بەڕێوە ببات و بەشێوەیەکی کاریگەر لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا

بەشـداری بـکا، لـە خـوارەوە نموونـە دەخەینـەڕوو لەبـارەی گرنگـی و کاریگـەری دانپێدانانـی نێودەوڵەتـی: وەك بەڵگـە، کۆمـاری کۆسـۆڤۆ لـە سـاڵی (٢٠٠٨) سـەربەخۆیی خـۆی ڕاگەیانـد، سـەرەڕای بوونـی گـەل، خـاك و حکومـەت، بـەڵام بەهـۆی نەبوونـی دانپێدانانـی هەندێـك لـە دەوڵەتـە گـەورەکان، لـە بـواری بازرگانـی و دیپلۆماسـیدا ڕووبـەڕووی کێشـەی زۆر بـووەوە (ڕەمـەزان، ٢٠٢٠، ١٥).

کۆمـاری کۆسـۆڤۆ نموونەیەکـی بەرچـاوی گرنگـی دانپێدانانـی نێودەوڵەتییـە لـە سـەردەمی هاوچەرخـدا، ئـەم وڵاتـە، کـە پێـشتر بەشـێك بـوو لـە سربیـا، لـە سـاڵی (٢٠٠٨) سـەربەخۆیی خـۆی ڕاگەیانـد و سـەرەڕای هەبوونـی هەمـوو پێداویسـتییە سـەرەکییەکانی دەوڵـەت وەك گـەل، خـاك و حکومـەت، بـەڵام بەهـۆی ڕەتکردنـەوەی لـە لایـەن چەنـد دەوڵەتێکـی گرنگـی وەك ڕوسـیا و چیـن، نەیتوانـی بـە تـەواوی تێکـەڵ بـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی ببێـت، ئەمـەش کاریگـەری خراپـی کـردە سـەر توانـای بازرگانـی و پەیوەندییـە دیبلۆماسـییەکان و بەشـداریکردنی لـە ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکان، بەپێچەوانـەوە، ئەگـەر پشـتگیری و دانپێدانانـی نێودەوڵەتـی وەرگرتبـا، دەیتوانـی بەشـێوەیەکی ئاسـایی ببێتـە ئەنـدام لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان، لـەڕووی دیبلۆماسـی و بازرگانییـەوە دەکرێـت بڵێیـن دەوڵەتـە دانپێدانەنـراوەکان ئـەو خاکانـەن، کـە بەکـردەوە سـەربەخۆییان بـە دەسـتهێناوە، بـەڵام دانپێدانانـی نێودەوڵەتییـان وەك دەوڵەتـی سـەربەخۆ وەرنەگرتـووە.

**پێنجەم: سەروەری:**

سەروەری یەکێکە لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی دەوڵەت لە سیستەمی سیاسی نێودەوڵەتیدا، کە مافی بڕیاردان و سەربەخۆیی تەواوی پێدەبەخشێت. "هەر دەوڵەتێك دەبێت خاوەن سەروەری تایبەت بەخۆی بێت و چێژ لەسەروەری خۆیان وەربگرن، پەیڤی بەرزی خۆیان هەبێ، هیچ دەسەڵاتێکی تر بەسەریانەوە نەبێت (عەبدوڵلا، ٦٠،٢٠١٠). لە ڕوانگەیەکی دیکە، سەروەری دەوڵەت، واتە خاوەنی تەواوی بڕیار و دەسەڵاتەکان بێت لە سنووری خۆیدا، هەر دەوڵەتێك پێویستە سەروەری تەواوی هەبێت، بەبێ دەستێوەردانی دەرەکی بتوانێت بڕیار لە کاروباری ناوخۆیی و دەرەکی خۆی بدات، بەبێ ئەم سەروەرییە دەوڵەت ناتوانێ بەئازادی بڕیار لەسەر چارەنوسی خۆی بدات.

**شەشەم: سەربەخۆیی:**

لەسیستەمی سیاسی نێودەوڵەتیدا چەندین لایەنی جیاواز لە بنیاتنانی دەوڵەتێکی سەقامگیر و پێشکەوتوودا گرنگیان هەیە. "مەرجی سەرەکی و بناغەیی بۆ دەوڵەت ئەوەیە سەربەخۆ بێ، لەژێر زاڵگەی دەوڵەتانی تردا نەبێت" (عەبدوڵلا، ٢٠١٠،٦٠). وەك مەرجێکی سەرەکی لە دەوڵەتدا سەربەخۆیی واتای ئەوەیە، دەوڵەت دەبێت ئازاد بێت لە هەر جۆرە دەستتێوەردان و کۆنترۆڵێکی دەرەکی، جا ئەم سەربەخۆییە چ لەڕووی سیاسی بێت یان ئابووری. بە نموونە، سەربەخۆیی سیاسی، دەوڵەت دەبێت بتوانێت بەبێ فشاری دەرەکی، بڕیارە سیاسییەکانی خۆی بدات و سیستەمی حوکمڕانی خۆی دیاری بکات. سەربەخۆیی ئابووری، واتە توانای بڕیاردان لەسەر سەرچاوە و سامانە سروشتییەکان و بەڕێوەبردنی سیاسەتی ئابووری بەبێ دەستتێوەردانی دەرەکی.

لەکۆتاییدا دەردەکەوێت دەوڵەت وەك دیاردەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، پێویستی بە کۆمەڵێك بنەما و مەرجی سەرەکی هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەیەکی دروست و کاریگەر ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات. ئەم بنەمایانە وەك کۆڵەکەی سەرەکی بۆ بنیاتنانی دەوڵەتێکی سەقامگیر و بەهێز دادەنرێن، بوونی ئەم بنەمایانە لە هەر دەوڵەتێکدا، دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پێگەی دەوڵەت لە ناوخۆ و دەرەوەدا، هەروەها دەبێتە هۆی پاراستنی مافەکانی هاوڵاتیان و فەراهەمکردنی ژیانێکی باشتر بۆیان.

**٤-١/١) ڕۆڵ و گرنگی دەوڵەت لەسەر تاك و كۆمەڵگە:**

دەوڵەت وەك دامەزراوەیەكی سیاسی و كۆمەڵایەتی كاریگەرییەكی بەرچاوی لەسەر ژیانی تاك و كۆمەڵگە هەیە، بووەتە هێزێكی سەرەكی لە ڕێكخستنی پەیوەندییەكانی نێوان خەڵك و بەڕێوەبردنی كاروباری گشتی لەسەر ئاستی تاك و كۆمەڵگە، دەوڵەت ڕاستەوخۆ كاریگەری لەسەر ناسنامە و مافی هاوڵاتیان هەیە، لەڕێگەی سیستەم و دامەزراوە فەرمییەكانەوە، چوارچێوەیەك بۆ هەڵسوكەوتی تاكەكان دادەنێت و پاراستنی مافەكانیان دەستەبەر دەكات. هەروەها دەوڵەت ڕۆڵێكی گرنگی لە دابینكردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەكان وەك پەروەردە، تەندروستی و ئاسایش هەیە، كە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە جۆری ژیانی تاكەكان لە كۆمەڵگەدا، جگە لەوە هۆكارێكی گرنگە بۆ ڕێكخستنی پەیوەندییە كۆمەڵایەتی و ئابورییەكان، هەروەها ڕۆڵ لە پاراستنی سەقامگیری كۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی ئابوری دەگێڕێت. سیستەمی دەوڵەت چەترێكە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوان تاك و كۆمەڵگەدا "دەوڵەت بەرپرسیارە لە دابینكردنی دەرفەتی یەكسان بۆ هەموو هاوڵاتیان و دابەشكردنی دادپەروەرانەی سامان و سەرچاوەكان، جگە لەوە بەرپرسیارێتییەكی گشتی هەیە، بەرانبەر ئەو كەسانەی ناتوانن كەمترین پێداویستییەكانی ژیانێكی شایستە بۆ خۆیان دابین بكەن، ئەم سێ پرنسیپە سەرەكییە یەكسانی دەرفەت و دابەشكردنی دادپەروەرانەی سامان و چاودێری كۆمەڵایەتی پێكەوە چوارچێوەی سەرەكی دەوڵەتی پێكدەهێنن و یەكتر تەواو دەكەن، بۆ دەستەبەركردنی ژیانێكی باشتر بۆ هەموو هاوڵاتیان لە سایەی ئەمانەدا تاك هەست بە

خۆشگوزەرانی دەكات" (محمدین، ٢٠٢٢، ٢٧٨). بەم چەشنە دەبینین دەوڵەت لە چوارچێوەی پێكهاتە سەرەكییەكانیدا، تەنیا دامەزراوەیەكی سیاسی نییە، بەڵكو دامەزراوەیەكی كۆمەڵایەتی و ئابوورییشە، كە ڕۆڵێكی گرنگی لە دروستكردنی هاوسەنگی نێوان چینە جیاوازەكانی كۆمەڵگە دەگێڕن، هەروەها ڕاستەخۆ كاریگەری لەسەر باشكردنی ژیانی هاوڵاتییان و بەرقەرار كردنی دادپەروەری كۆمەڵایەتی هەیە.

دەوڵەت خاوەنی چەندین ڕۆڵ و ئەركی جیاوازە، پێكەوە تەواوكەری یەكترن. ئەم ڕۆڵانە دەبنە هۆی ئەوەی دەوڵەت بتوانێت بە شێوەیەكی بەردەوام خزمەتی كۆمەڵگە و پارێزگاری لە بەرژەوەندییە گشتییەكان بكات. لە گرنگترین ئەم ڕۆڵانە دەتوانین ئاماژە بە سێ خاڵی سەرەكی بكەین كە بریتین لە:

١. **چاودێر:** بەپێی ئەم ڕۆڵە دەوڵەت وەك چاودێرێكی بەردەوام كار دەكات، بۆ هەڵسەنگاندنی گۆڕانكارییەكان لە كۆمەڵگەدا، ئەم چاودێرییە دەبێتە هۆی ئەوەی دەوڵەت بتوانێت بە وردی دۆخەكە شیبكاتەوە، پێشبینی گۆڕانكارییەكان بكات، هەروەها دەتوانێت زووتر هەست بە كێشە و گرفتەكان بكات و ڕێگە چارەی گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە.

٢. **ڕێكخەر:** دەوڵەت لە ڕێگەی ئەم ڕۆڵەوە هەوڵ دەدات هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندییە جیاوازەكانی كۆمەڵگەدا دروست بكات. ئەمەش لە ڕێگەی دانوستان و دیالۆگ لە نێوان لایەنە جیاوازەكان و دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش. دەوڵەت لێرەدا ڕۆڵی ناوبژیوانێك دەگێڕێت، لە چارەسەركردنی كێشە و ناكۆكییەكان.

٣. **گەرەنتیــکار:** لــەم ڕۆڵــەدا دەوڵــەت بەرپرســیارێتی ڕاســتەوخۆی لــە پاراســتنی ئاســایش و ســەلامەتی هاوڵاتیــان هەیــە، ئەمــەش لــە ڕێگــەی دانانــی یاســا و ڕێســای پێویســت و جێبەجێکردنیــان بــۆ ڕووبەڕووبوونــەوەی هــەر مەترســییەك لــە کۆمەڵگــەدا، چ لــە ڕووی داراییــەوە بێــت، یــان لــە ڕووی ئاســایش و ســەلامەتییەوە." (Borrás and Edler, 2020, 17). دەبینیــن کاریگەرییەکانــی هەبوونــی دەوڵــەت ڕاســتەوخۆ لەســەر ژیانــی تــاك و کۆمەڵگــە دەردەکەوێــت، بەنموونــە لەســەر ئاســتی تــاك: لــە ڕووی چاودێرییــەوە تــاك هەســت بــە پارێــزراوی دەکات، کاتێــك دەزانێــت سیســتەمێك هەیــە چاودێــری دەکات و خەمــی کێشــەکانی دەخــوات.

**وەکــو ڕێکخــەر:** دەوڵــەت دەرفــەت بــە تــاك دەدات، تاوەکــو دەنگــی بگاتــە شــوێنی مەبەســت و مافەکانــی دەپارێزرێــت لــە ڕێگــەی ناوبژیوانــی کردنــی نێــوان لایەنــە جیــاوازەکان.

**لــە ڕۆڵــی گەرەنتیکــرن:** تــاك متمانــەی بــە داهاتــووی خــۆی زیاتــر دەبێــت، چونکــە دەزانێــت سیســتەمێك هەیــە پارێــزگاری لــە ئاســایش و ســەلامەتی دەکات.

**لەســەر ئاســتی کۆمەڵگــەدا:** چاودێــری دەوڵــەت دەبێتــە هــۆی دۆزینــەوەی کێشــە کۆمەڵایەتییــەکان و چارەســەرکردنیان، هەروەهــا لــە ڕۆڵــی ڕێکخســتندا دەوڵــەت یارمەتــی دروســتبوونی کۆمەڵگەیەکــی هاوســەنگ دەدات، کــە تێیــدا هەمــوو لایەنــەکان دەتوانــن پێکــەوە هەڵبکــەن. لەلایەکــی دیکــەوە گەرەنتیکردنــی ئاســایش و ســەلامەتی گشــتی دەبێتــە هــۆی دروســتبوونی کەشــێکی گونجــاو بــۆ گەشــەی کۆمەڵایەتــی و ئابــووری.

بەگشتی، هەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ كۆمەڵێك ئەنجام و لێكەوتەی ئەرێنی و سوودبەخشی لەسەر تاك و كۆمەڵگەی خاوەن دەوڵەت هەیە. ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی سودمەند بوون لە سەرجەم مافە بنەڕەتییەكانی مرۆڤ. هەوڵدەدەین لە خوارەوە بەوردی بیان خەینە بەرباس: هەبوونی پاراستنی یاسایی لە چوارچێوەی دەوڵەتێكی سەروەر بۆ هاووڵاتیان دەبێتە هۆی ئەوەی كەسی خاوەن دەوڵەت لە پارێزگاری یاسایی سودمەند دەبێت، لە هەر كێشەیەكی یاساییدا دەتوانێت داوای مافەكانی خۆی بكات، ئەمەش دەبێتە هۆی سەقامگیری و دڵنیایی و هەستكردن بە پارێزراوی لەلایەن تاكەكانەوە. هەروەها ئەم پاراستنە یاساییە دەبێتە هۆی دروستبوونی كۆمەڵگەیەكی سەقامگیر و یەكسان لە بەردەم یاسادا بۆ سەرجەم هاووڵاتیان، هەروەها سودمەندبوون لە مافی دەنگدان و بەشداری سیاسی یەكێكی ترە لە كاریگەرییە گرنگەكانی هەبوونی دەوڵەت. تاكەكان دەتوانن بەشداری لە پرۆسەی سیاسی بكەن، ئەمەش دەبێتە هۆی هەستكردنیان بە خاوەندارێتی و بەرپرسیارێتی بەرانبەر بە دەوڵەتەكەیان. بەشداریكردنی سیاسی كاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر باشتركردنی ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیان هەیە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی نوێنەرانێك، كە خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی بكەن.

هەبوونی دەوڵەت دەرفەتەكانی خوێندن و پەروەردەی یەكسان بۆ سەرجەم تاكەكان دەڕەخسێنێت، كاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پێشكەوتنی كۆمەڵگە و بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاری هاووڵاتیان هەیە، چونكە پەروەردەیەكی باش دەبێتە هۆی دروستبوونی

نەوەیەکی ڕۆشنبیر و خاوەن توانا دەتوانن خزمەت بە وڵاتەکەیان بکەن، جگە لەوە ڕەخساندنی هەلی کار یەکێکی ترە لە باشییەکانی هەبوونی دەوڵەت. تاکەکان دەتوانن بە شێوەیەکی فەرمی و یاسایی کار بکەن و لە مافە پیشەییەکانیان بەهرەمەند بن ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر باشتربوونی ئاستی ژیان و خۆشگوزەرانی تاکەکان هەیە، دەستگەیشتن بە چاودێری تەندروستی باش و هەرزان بۆ سەرجەم هاووڵاتیان باشییەکی دیکەی هەبوونی دەوڵەتە. ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی نەخۆشی و لەڕووی تەندروستییەوە ژیانی تاکەکان باشتر دەکات. هاوکات مافی موڵکداری و خاوەندارێتی یەکێکی ترە لە کاریگەرییە ئەرێنییەکانی هەبوونی دەوڵەت، چونکە تاکەکان دەتوانن بە شێوەیەکی یاسایی خاوەنی موڵك و ماڵ بن، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر گەشەی ئابووری و وەبەرهێنان لە کۆمەڵگەدا هەیە.

لە ڕووی ئابوورییەوە، هەبوونی دەوڵەت هۆکارێکە بۆ گەشەی ئابووری و باشبوونی ئاستی ژیانی خەڵك. کەسانی خاوەن دەوڵەت دەتوانن بە شێوەیەکی یاسایی کار بکەن، دەرفەتی وەبەرهێنانیان بۆ دەڕەخسێت ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەی ئابووری، کاریگەریی ئەرێنی لەسەر سەرجەم کۆمەڵگە دەبێت. لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا، دەوڵەتەکان دەتوانن پەیوەندی سیاسی و بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی تر دروست بکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی کرانەوەی دەرگای ئاڵوگۆڕی ئابووری و زانستی و کەلتووری لەگەڵ وڵاتانی تردا، جگە لەمانەش کەسی خاوەن دەوڵەت زیاتر متمانەی بەخۆی هەیە، ئەمەش کاریگەری لەسەر باری دەروونی تاکەکان هەیە، وا دەکات لەڕووی

دەروونییـەوە بەهێزبـن، هەروەهـا كاریگەریـی ئەرێنـی لەسـەر ئاسـتی توندوتیـژی لەنـاو كۆمەڵگـەدا هەیـە، دەبێتـە هـۆی دروسـتبوونی كۆمەڵگەیەكـی ئـارام و پارێـزراو. كەواتـە بوونـی دەوڵەتێكـی سـەربەخۆ هـۆكارە بـۆ دروسـتبوونی كۆمەڵگەیەكـی پێشـكەوتوو، سـەقامگیر و خۆشـگوزەران ،كـە تاكـەكان دەتوانـن تێیـدا بـە سەربەسـتی و بـە كەرامەتـەوە بژیـن.

## ٢/١) چەمکی بێدەوڵەتی:

بێدەوڵەتی دۆخێکی مرۆیی ئاڵۆزە، کە دوو شێوەی سەرەکی لەخۆ دەگرێت، یەکەمیان: بێدەوڵەتی یاساییە، کە تێیدا کەسێك یان گروپێك لە لایەن هیچ دەوڵەتێکەوە وەك هاوڵاتی ناناسرێن و لە مافی هاوڵاتیبوون بێبەشن "مەزندە دەکرێت کە لایەنیکەم دەیان ملیۆن کەسی بێدەوڵەت لەجیهاندا هەبن، ئەوانەی هیچ دەوڵەتێك بەهاوڵاتی خۆیان دانانێن "(Albarazi,Van wass، 7). دووەمیان: ئەو گەل و نەتەوانەن، کە هەرچەندە هاوڵاتی وڵاتێکن، بەڵام دانپێدانانی نێودەوڵەتی و سەروەری و سەربەخۆییان نییە، واتە دەوڵەتێکی سەربەخۆی تایبەت بە خۆیان نییە.

لە جۆری یەکەمدا خەڵك تەنانەت لە سادەترین مافەکانی ژیان بێبەشن، ناتوانن بە ئازادی گەشت بکەن، ناسنامەی فەرمیان نییە و لە خزمەتگوزارییە سەرەکیەکانی وەك خوێندن و تەندروستی بێبەشن. لە جۆری دووەمدا نەتەوەکان لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و بەڕێوەبردنی سەربەخۆی وڵاتەکەیان بێبەشن. هۆکارەکانی دروستبوونی بێدەوڵەتی فرەجۆرن: جیاکاری نەژادی، ئایینی، گۆڕانی سنوورەکان، هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتان، کەموکوڕی لە یاساکانی هاوڵاتیبوون و بە سیاسەتی ئەنقەستی دەوڵەتان، هەروەها بارودۆخی مێژوویی و سیاسی وەك داگیرکاری و دابەشکردنی نەتەوەکان بۆ سەر چەند دەوڵەتێك بۆ نموونە، "کورد دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بێدەوڵەت کران، بەهۆی دابەشکاری بەریتانیا و فەڕەنسا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەك ئەنجامێك لەڕووی سیاسی، ئابوری و

كەلتورییــەوە كەمینــە و كــەمتر كــران لەنێــوان دەوڵەتــە نەتەوەییەكانــی توركیــا، ئێــران، عێــراق و ســوریا."(barzoo Eliassi, 2021, 7)بەگشــتی سیاســەتی نیودەوڵەتــی و هۆكارەكانــی تــر ڕۆڵــی گرنگیــان هەبــووە لــە دروســتبوونی هــەردوو جــۆری بێدەوڵەتــی، كۆمەڵگــەی نێودەوڵەتــی بەتایبەتــی نەتــەوە یەكگرتــووەكان، هــەوڵ دەدات بــۆ چارەســەركردنی ئــەم كێشــەیە. چەندیــن ڕێككەوتننامــەی نێودەوڵەتــی هــەن كــە كار دەكــەن بــۆ ڕێگریكــردن لــە بێدەوڵەتــی و پاراســتنی مافەكانــی ئــەم كەســانە، وەك "ڕێككەوتننامــەی ١٩٥٤، كــە پەیوەنــدی بەپاراســتنی كەســانی بێدەوڵەتــەوە هەیــە، دواتــر ڕێككەوتننامــەی ١٩٦١، لەســەر كەمكردنــەوەی بێدەوڵەتــی، كــە ئامانجــی خۆپاراســتنە لــە حاڵەتەكانــی بێدەوڵەتــی" (manly & vanwass, 2014, 3). ئــەم ڕێككەوتننامانــە كاریگــەر بــوون بــۆ پــاراستن و یارمەتیدانــی كەســانی بێدەوڵــەت، بەتایبــەت ئەوانــەی لــە جــۆری یەكەمــن.

بێدەوڵەتــی كێشــەیەكی فــرە ڕەهەنــد و ئاڵــۆزە، لــەكات و شــوێن و ســەردەمی جیــاواز دا هەبــووە. "لــەڕووی مێژووییــەوە چەمكــی بێدەوڵەتـــی وەك كێشـــەیەكی یاســـایی تەكنیككـــراو بـــیتراوە، بـــەڵام دەرئەنجامــە وێرانكەرەكانــی بــۆ ســەر خەڵكــی بــە ڕوونــی دیــارن، ناكرێـــت ئـــەم كێشـــەیە فەرامۆشـــبكرێت ، چونكـــە لـــە ڕەهەنـــدی جیـــاوازەوە كاریگـــەری دەبێـــت وەك: گەشـــەپێدانی نێودەوڵەتـــی، كاروبـــاری مرۆیـــی، مافەكانـــی مـــرۆڤ، مافـــی منـــداڵان، لایەنـــی ئابـــووری، چاودێـــری تەندروســـتی، دیموكراســـی، ئاشـــتی، ئاســـایش و كۆچـــی زۆرە ملـــێ" (Wolf legal, 2014, 6 publisher). واتـــا بێدەوڵەتـــی كاریگەرییەكـــی زۆری لەســـەر كۆمەڵگـــە هەیـــە، ئـــەم

کێشـــەیە تەنیـــا ڕووە یاســـاییەکەی ناگرێتـــەوە، بەڵکـــو پەیوەنـــدی بـــە چەندیـــن بـــواری ژیانـــەوە هەیـــە، وەك تەندروســـتی، پـــەروەردە و ئاســـایش. چارەســـەرکردنی پێویســـتی بـــە هەوڵـــی نێودەوڵەتـــی جـــدی و درێژخایـــەن هەیـــە بـــۆ دابینکردنـــی مافـــە بنەڕەتییەکانـــی مـــرۆڤ و باشترکردنـــی ژیانـــی کەســـانی بێدەوڵـــەت. چەمکـــی بێدەوڵەتـــی "ئامـــاژە بـــە بێمافـــی و لاوازی دەکات، لـــە مەیدانێکـــی گوتـــاری نەرێنیـــدا جێگیـــر کـــراوە، بـــۆ نموونـــە: بێدەوڵەتـــی وەك بەتـــەواوی لـــە مرۆڤایەتـــی وەدەرنـــان "(Eliassi, 2021, 5). ئەمـــەش دیاردەیەکـــی مەترســـیدارە، مـــرۆڤ لـــە مافـــە ســـەرەتاییەکانی بێبـــەش دەکات، کەســـی بێدەوڵـــەت وەك دەرکـــراو لـــە کۆمەڵگـــەی مرۆڤایەتـــی مامەڵـــەی لەگەڵـــدا دەکرێـــت، ئـــەم دۆخـــە کەرامەتـــی مرۆیـــی پێشـــێل دەکات و دەبێتـــە هـــۆی لاوازی و بێدەســـەڵاتی تـــاك لـــە کۆمەڵگـــەدا.

"بیرۆکـــەی بێدەوڵەتیـــش دروســـتکراوێکی کۆمەڵایەتییـــە و دۆخێکـــی سروشـــتی جیهانـــی و مرۆڤایەتـــی نییـــە، ئـــەوەی ڕاســـتەقینەیە ئەوەیـــە، کـــە خەڵکـــی بێدەوڵـــەت دەکرێـــن و کێشـــەی کۆمەڵایەتـــی و ســـۆزداری جـــددی ئەزمـــوون دەکـــەن، لـــە ڕێگـــەی ئـــەم دروســـتکراوە کۆمەڵایەتییانـــەی دەوڵـــەت" (Gubena, Ather, 2017, 28). بۆیـــە: بێدەوڵەتـــی دۆخێکـــی دروســـتکراوی دەســـەڵاتە، نـــەك بارێکـــی سروشـــتی، ئـــەم دۆخـــە لـــە ڕێگـــەی دامـــەزراوە سیاســـییەکانەوە بەرهـــەم دێـــت، دەبێتـــە هـــۆی چەوســـاندنەوەی زۆری کۆمەڵـــی خەڵـــك. هـــەر کاتێـــك بـــاس لـــە بێدەوڵەتـــی دەکرێـــت، دەبێـــت وەك بارودۆخێکـــی دەســـتکرد ســـەیری بکەیـــن، نـــەك دۆخێکـــی ناچـــاری و نەگـــۆڕ. "بێدەوڵەتـــی کێشـــەیەکی جیهانـــی مافەکانـــی مرۆڤـــە، کاریگـــەری لەســـەر ملیۆنـــان تـــاك و خێـــزان و کۆمەڵگـــە لـــە سەرتاســـەری

جیهـان هەیـە، شـێوەیەکی سـەرەتایی سـزادان و ئەشـکەنجەدانە، چونکـە بوونـی سیاسـی تـاك لـە نـاو دەبـات، کـە بـە درێژایـی چەندیـن سـەدە پـەرەی سـەندووە"(Albarazi,vanwass, 2015, 7) . بێدەوڵەتـی یەکێکـە لـە توندتریـن سـزاکانی سـەردەمی هاوچـەرخ، ئـەم دۆخـە کاریگەریـی نەرێنـی لەسـەر تـاك و خێزانـەکان لـە ڕووی کۆمەڵایەتـی، دەروونـی، ئابـووری و ئاسایشـەوە دروسـت دەکات، کەسـی بێدەوڵـەت وەك کەسـێکی نەنـاسراو و بـێ پارێـزگاری یاسـایی مامەڵـەی لەگـەڵ دەکرێـت، سـەرئەنجام ئەمانـەش هەموویـان گرێیەکـی دەروونـی قـوڵ و ڕشـت لای تاکـی بێدەوڵـەت دروسـت دەکـەن.

### ١-٢/١) پێناسەی بێدەوڵەتی:

بێدەوڵەتی وەك یەکێك لە پرسە هەرە گەورە و مەترسیدارەکانی سەردەم، بە دوو شێوە خۆی دەردەخات، یەکەمیان: ئەو کەسانەی، کە لەمافی هاوڵاتی بوون بێبەش کراون، لە دایکبوونیان تۆمار نەکراوە، دووەمیان: ئەوانەی، کە لە چوارچێوەی هەرێمێکی دیاری کراو دەژین، خاوەن حکومەت و ناسنامەن، بەڵام ئازادی و سەربەخۆیی و سەروەرییان لێ سەنراوەتەوە. هەردوو جۆرەکەی بێدەوڵەتی مرۆڤ لە سەرەتاییترین مافەکانی ژیان بێبەش دەکەن و دەیانخەنە دۆخێکی مەترسیدارەوە، ئەم دیاردەیە، کە ملیۆنان کەس لە جیهاندا بەدەستییەوە دەناڵێنن، بە تەنیا کێشەیەکی یاسایی نییە، بەڵکو کارەساتێکی مرۆییە، کە پێویستی بە چارەسەری خێرا و کاریگەر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەیە.

بوونی ئەم دۆخە لە سەردەمی ئێستادا، نیشانەی لاوازی سیستەمی نێودەوڵەتییە لە پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ."هەموو مرۆڤێك بەسروشت خاوەنی مافە، بەڵام ئەم مافانە تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەت بەدی دێن، کەواتە ئەوانەی دەکەونە دەرەوەی دەوڵەت، لەو مافانە بێبەش دەبن" (محمد، ٢٠٢٤،٢٨٢). لە یاسای نێودەوڵەتیدا بەپێی ڕێککەوتنی پەیوەست بە پێگەی کەسانی بێدەوڵەت، کەسی بێدەوڵەت ئەو کەسەیە وەك هاوڵاتی لەلایەن هیچ دەوڵەتێکەوە لە چوارچێوەی یاساکەیدا دانانرێت" (2020,Gurgen). بێدەوڵەتی دەبێتە هۆی ئەوەی کەسەکە لە هەموو مافە یاسایی و سیاسییەکانی بێبەش بکرێت و نەتوانێت بەشداری لە ژیانی ئاسایی کۆمەڵگەدا بکات.

چارەســەركردنی ئــەم دۆخــە پێویســتی بــە هەماهەنگــی نێودەوڵەتــی هەیــە، لەگــەڵ گەڕانــەوە بــۆ ڕێككەوتنــە نێودەوڵەتییــەكان ســەبارەت بــە كەمكردنــەوەی بێدەوڵەتــی. هەروەهــا "لەڕێكەتننامــەی ١٩٥٤ی تایبــەت بــە بــاری كەســانی بێدەوڵــەت پێناســە كــراوە، وەك تاكێــك لەلایــەن هیــچ دەوڵەتێكــەوە بەهاوڵاتــی دانانرێــت، كەســانی بیدەوڵــەت لاوازتریــن و پەراوێــز خراوتریــن توێژەكانــی كۆمەڵگــەن" (Manly, vanwass, 2014, 2). ســەرەڕای چەندیــن ڕێككەوتننامــەی گرنــگ ســەبارەت بــە كەمكردنــەوەی بێدەوڵەتــی و پاراســتنی مافەكانــی كەســانی بێدەوڵــەت، بــەڵام بێدەوڵەتــی بەردەوامــە لــە هەڕەشــەكردن لــە ژیــان و كەرامەتــی ملیۆنــان مــرۆڤ لەسەرتاســەری جیهــان. "هەمــوو كەســێك مافــی نەتەوایەتــی هەیــە، هیــچ كەســێك نابێــت ســەرەڕۆیانە لەمافــی نەتەوایەتــی بێبــەش بكرێــت، هەروەهــا ناشــبێت نكوڵــی لــە مافــی گۆڕینــی نەتەوایەتییەكــەی بكرێــت" (جاڕنامــەی گەردوونــی مافەكانــی مــرۆڤ مــاددەی ١٥)، (محمــد،٢٠٢٤،٢٧٩).

لەڕاســتیدا، پێناســەی بێدەوڵەتــی بابەتێكــی گرنگــە لــە یاســای نێودەوڵەتیــدا، ســەبارەت بــە بێدەوڵەتــی كاتێــك ســەیری پێناســە جیاوازەكان دەكەیــن، دەبینیــن هەموویــان لــە چەنــد خاڵێكــی ســەرەكیدا هاوبەشــن، گرنگتریــن و ســەرەكیترین خــاڵ ئەوەیــە، كەســی بێدەوڵــەت ئــەو كەســەیە هیــچ دەوڵەتێــك بــە هاوڵاتــی خــۆی نازانێــت و یاســای هیــچ وڵاتێــك مافــی هاوڵاتــی بوونــی پــێ ڕەوا نەبینیــوە.

لــە لایەكــی تــرەوە، جــۆری دووەمــی بێدەوڵەتــی بــاس لــەو كەســانە دەكات، كــە لــە ڕووی یاســاییەوە هاوڵاتــی وڵاتێكــن، بــەڵام لــە كــردەوەدا ناتوانــن ســوود لــەو هاوڵاتیبوونــە وەربگــرن، ئەمــەش لەوانەیــە

هۆکاری جەنگ بێت یان کێشەی سیاسی، ئەم جۆرە بێدەوڵەتییە کێشەیەکی ئاڵۆزترە و چارەسەرکردنی زەحمەتترە، چونکە پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتانەوە هەیە، کە تێیدا ڕوودەدات. "نەتەوەی بیدەوڵەت، واتە نەتەوەی بەماف نەگەیشتوو، یان نەتەوەی گرفتاری نێو مێژووە.

کورد یەکێکە لەو نەتەوە بێدەوڵەتە بە ماف نەگەیشتووانەیە، کە کوشتەی دەستی ستەمی قۆناغە مێژووییەکانە و بەردەوامیش بە هەڕەشە دەور دراوە و تائێستاشی لەگەڵ دابێ بێمافی و گرفت و ستەم و هەڕەشەکان بەردەوامە" (عوسمان، ٢٠١٧، ٣٥). نەتەوەی کورد نموونەیەکی زیندووە بۆ ئەو نەتەوانەی کە بە درێژایی مێژوو لە مافە ڕەواکانیان بێبەش کراون، ئەم نەتەوەیە سەرەڕای خەباتی بەردەوام و قوربانیدانی زۆر، هێشتا لە دۆخێکی نائاسایی و پڕ لە هەڕەشەدا دەژی. بەداخەوە، لە سەدەی بیست و یەکەمیشدا، کورد وەك گەورەترین نەتەوە بێدەوڵەتەکانی جیهان دەبینرێت، بەردەوام ڕووبەڕووی سیاسەتی پەراوێزخستن و هەوڵی سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی دەبێتەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی پرسی کورد ببێتە یەکێك لە گرنگترین و ئاڵۆزترین پرسە نێودەوڵەتییەکان تا ئێستا چارەسەر نەکراوە. "زۆرینەی کورد هاولاتینامەی (ئێران، عێراق، سوریا و تورکیا) یان هەیە، ئەوان شایستەی ئەوەن ببنە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان، پێویستە بێدەوڵەتی سنوردار بکرێت، توێژینەوە جیاوازەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە خەڵکانێك هەن لە ناوەخۆدا بێدەوڵەتن بەبێ بەجێهێشتنی ئەو شوێنەی، کە تیایدا دەژین، وەك کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زۆرجار لەلایەن سەرکردەکانی ئەم

دەوڵەتانـەوە بـە تاكـی كـورد دەوترێـت، كـە پێویسـتییان بـە دەوڵەتـی كـوردی نییـە، لەبـەر ئـەوەی گوایـە چێـژ لەمافـی یەكسـانی دەبینـن لـە نێـو دەوڵەتـە هەبووەكانـدا" (Eliassi, 2021, 98). دەنگـی كـورد بەدرێژایـی مێـژوو پشـتگوێ خـراوە، لـە كاتێكـدا كـە نەتـەوەی كـورد خاوەنـی كەلتـوور و زمـان و شوناسـی تایبـەت بـە خۆیەتـی، ئـەم پشتگوێخسـتنە لـە ئاسـتی نێودەوڵەتیـدا بـەردەوام بـووە و بووەتـە هـۆی ئـەوەی گەلـی كـورد نەتوانێـت بـە تـەواوی گوزارشـت لـە خواسـت و داواكارییـە ڕەواكانـی خـۆی بـكات، لـە زۆر بـواردا دەنگیـان لـە بڕیـارە چارەنووسسـازەكاندا بەهەنـد وەرنەگیـراوە.

بـە تێگەیشـتنمان لـەم پێناسـانەی لـە ڕوانگـە جیاوازەكانـەوە بـۆ پرسـی بێدەوڵەتـی كـراوە، دەكرێـت بڵێیـن: بێدەوڵەتـی دۆخێكـی سیاسـی و یاسـاییە، تێیـدا تـاك یـان كۆمەڵگەیـەك لـە چوارچێـوەی سیسـتەمی نێودەوڵەتیـدا ناسـنامەی فەرمـی و یاسـایی نییـە، ڕەنگـە ئـەم كۆمەڵگەیـە خـاوەن كەلتـوور و زمـان و مێـژووی تایبـەت بەخـۆی بێـت، هەروەهـا خاوەنـی هەمـوو پێكهاتەكانـی دەوڵـەت بێـت، وەك (خـاك، گـەل و حكومـەت)، هەروەهـا دەگونجێـت كۆمەڵگـەش هەبێـت، ناسـنامە و هاوڵاتـی بوونـی هەبێـت، لەگـەڵ بنەمـا سـەرەكییەكانی بـە دەوڵـەت بـوون، بـەڵام بەهـۆی فاكتـەری دەرەكـی یـان ناوخۆیـی لـە مافـی دامەزراندنـی دەوڵەتـی سـەربەخۆ بێبـەش كرابێـت.

لـە كۆتاییـدا بێدەوڵەتـی وەك دۆخێكـی نێودەوڵەتـی كاریگەریـی نەرێنـی لەسـەر ژیانـی تـاك و كۆمەڵگـە دروسـت دەكات، چونكـە بێبـەش بـوون لـە مافـی بـە دەوڵـەت بـوون یـان نەبوونـی ناسـنامەی فەرمـی، ڕاسـتەوخۆ كاریگـەری لەسـەر بـواری ئابـووری، كۆمەڵایەتـی

و سیاسی هەیەو قووڵترین کاریگەری لە دەروونی مرۆڤەکان دروست دەکات، هەر بۆیە چارەسەرکردنی ئەم پرسە پێویستی بە هەڵوێستی ڕشدی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەیە، بۆ گۆڕینی ئەو یاسا و ڕێسایانەی بوونەتە ڕێگر لەبەردەم مافی چارەی خۆنووسینی گەلان.

### ٢/١-٢) پەیوەندی بێدەوڵەتی بە ناسنامەوە:

لـە جیهانـی هاوچەرخـدا، پەیوەنـدی نێـوان ناسـنامە و بێدەوڵەتـی یەكێكـە لـە گرنگتریـن و ئاڵۆزتریـن پرسـە سیاسـی و كۆمەڵایەتییـەكان، گەلانـی بێدەوڵـەت بـەردەوام لـە هەوڵـی پاراسـتنی ناسـنامەی نەتەوەیـی و كەلتوورییـان بـوون، بـە هـۆكاری ژێـر دەسـتەییان لـە سـایەی دەوڵەتانـی داگیركـەر، لـەم نێوەنـدەدا دوو جـۆری سـەرەكی بێدەوڵەتـی هـەن: یەكەمیـان؛ ئـەو گەلانـەی كـە هیـچ قەوارەیەكـی سیاسـییان نییـە و دووەمیـان؛ ئەوانـەی كـە قـەوارەی نیمچـە سـەربەخۆیان هەیـە، بـەڵام دانپێدانانـی نێودەوڵەتییـان نییـە.

كـورد نموونەیەكـی بەرچـاوی ئـەم دۆخەیـە، دابەشـبوونیان بەسـەر چەنـد دەوڵەتێكـدا (عێـراق، ئێـران، توركیـا و سـوریا) ڕاسـتەخۆ كاریگـەری لەسـەر یەكگرتوویـی ناسـنامەی نەتەوەیـی هەیـە. "كـورد وەك گەورەتریـن نەتـەوەی جیهـان لـەڕووی ژمـارەو جوگرافییـاوە، كـە نـە دەوڵـەت نـە كیانێكـی سیاسـی سـەربەخۆی هەیـە، یەكێـك لـە هـۆكارە سـەرەكییەكانیش ئەوەیـە سـنوری جوگرافیـای ئـەم وڵاتـە كەوتۆتـە هەنـاوی لانكـەی دیكتاتـۆرە داگیـر كەرەكانـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتەوە، لـە ڕاسـتیدا كـورد بەدرێژایـی مێـژوو نـەك هـەر سـتەمی لێكـراوە، بەڵكـو بـەردەوام هەوڵـی قڕكردنـی دراوە لـە ڕێگـەی جینـۆ سـاید و سیاسـەتەكانی تەتریـك و تەعریـب و تەفریسـەوە هەوڵـی سـڕینەوەی شوناسـی نەتەوەیـی دراوە" (نەجمەدیـن،٢٠١٣،١٨٨). ئـەم دۆخـە مێژووییـە نیشـانی دەدات، كـە چـۆن نەتەوەیەكـی گـەورە بـە بێدەوڵـەت دەتوانێـت بـەردەوام بێـت لـە مانـەوە و پاراسـتنی

ناسنامەی خۆی، سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی سڕینەوە و توانەوە، کورد توانیویەتی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی نەك هەر بپارێزێت، بەڵکو بیکاتە فاکتەرێکی کاریگەر لە سیاسەتی ناوچەکەدا.

لەگەڵ ململانێی بەردەوام لەنێوان پاراستنی ناسنامەی کوردی و هەوڵەکانی توانەوە لە دەوڵەتە زاڵەکاندا، ئەم دۆخە کوردی کردووەتە نموونەیەکی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان بێدەوڵەتی و ناسنامەدا. مێژووی سەدەی بیستەم پڕە لە نموونەی خەباتی گەلانی بێدەوڵەت بۆ دامەزراندنی قەوارەی سیاسی سەربەخۆ، هەردوو جۆری بێدەوڵەتی کێشەی گەورەیان بۆ کۆمەڵگەکانیان دروستکردووە، لە ڕووی دابینکردنی خزمەتگوزاری و پاراستنی مافەکان و نوێنەرایەتی نێودەوڵەتییەوە. ئەم دۆخە وایکردووە زۆربەی ئەم گەلانە ڕووبەڕووی هەژاری، پەراوێزخستن و کێشەی کۆمەڵایەتی ببنەوە. پرسی ناسنامە و بێدەوڵەتی ببێتە یەکێك لە گرنگترین پرسەکانی سەردەم، بەتایبەت کاتێك دەبینین هەردوو جۆری بێدەوڵەتی کاریگەریی نەرێنییان لەسەر گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگەکانیان هەیە.

ناسنامەی نەتەوەیی یەکێکە لە گرنگترین چەمکەکانی کۆمەڵناسی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، گرنگی ئەم چەمکە لەوەدایە دەرخەری جیاوازی و تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی نەتەوەکانە "ناسنامەی نەتەوەیی: لەسەر یەك بنەما دروست بووە، ئەویش جیاوازی نێوان نەتەوەکانە، بریتییە لە کۆی تایبەتمەندی و بەها هاوبەشەکانی نەتەوەیەکی سەربەخۆ، کە تاکەکانی ئەم نەتەوەیە هەست و زانیاری و هۆشیارییان لەسەر ئەو بنەمایانە

هەیــە و بــە هــۆی ئــەم بنەمایانــە بەرانبــەر یــەكتر هەســت بــە وابەســتەیی دەكــەن. ئــەم ناســنامەیە دەبێتــە هــۆی جیــاوازی نەتەوەیــەك لــە نەتەوەكانــی دیكــە" (صابــر، ئەمیــن، ١٨٩،٢٠٢٤). بــەم شــێوەیە، ناسـنامەی نەتەوەیـی تەنیـا كۆمەڵێـك تایبەتمەنـدی ڕووكـەش نییــە، بەڵكــو پاڵنەرێكــی بەهێــزە بــۆ جیاكردنــەوەی نەتەوەیــەك لــە نەتەوەكانــی تــر و هۆكارێكــی ســەرەكییە لــە دروســتكردنی هەســتی هاوبەشــی نەتەوەیــی و خواســتی ســەربەخۆیی.

"ناسـنامە بابەتێكـی گرنگـە لـە جیهانـی نەتـەوە بێدەوڵەتەكانـدا، لـە كەیسـی كـورددا ئەمـە زۆر بـە ڕوونـی دەردەكەوێـت، ئەمـڕۆ دەگمەنـە كوردێــك خــۆی بــە عێراقــی بزانێــت، ســەرەڕای ئــەوەی كوردســتان وەك یەكەیەكــی سیاســی ســەربەخۆ دانــی پێــدا نەنــراوە، بــەڵام لــە ڕووی جیۆپۆلەتیكــی لــە ناوچەكــەدا بــە شــێوەیەكی فەرمــی دانیــان بــە بوونــی كوردســتان نــاوە، ئەمــەش بەتایبەتــی دوای ڕیفراندۆمــی ســەربەخۆیی ســاڵی (٢٠١٧) زیاتــر بەرجەســتە بــووە، كــە ئــیتر ناكرێــت ناســنامەی كــوردی لــە هاوكێشــە سیاســییەكانی ناوچەكــەدا پشــتگوێ بخرێــت" (Mir hazar, 2021, 13). ئەمــە نیشــانی دەدات، ناســنامەی كــوردی لــە ئاســتێكی نوێــی مێژووییدایــە. هەرچەنــدە كــورد هێشــتا دەوڵەتــی ســەربەخۆی نییــە، بــەڵام ناســنامەكەی وەك فاكتەرێكــی سیاســی و جیۆپۆلەتیكــی خــۆی ســەپاندووە. ڕیفراندۆمــی ســاڵی ٢٠١٧ ســەلماندی، كــە پرســی كــورد تەنیــا پرســێكی ناوخۆیــی نییــە، بەڵكــو پرســێكی نێودەوڵەتییــە، كــە پێویســتە هەمــوو لایەنــەكان بــە هەنــد وەریبگــرن. لــەم ڕوانگەیــەوە، ناســنامەی كــوردی بووەتــە هێزێكــی كاریگــەر لــە گۆڕانكارییــە سیاســییەكانی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا.

هەروەها لە دۆخی بێدەوڵەتیدا، پرسی ناسنامە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە تاکە بەرگرییە لە بەرانبەر هەوڵەکانی توانەوە و سڕینەوەی کەلتووری و نەتەوەیی. "ناسنامە (شوناس) بەمانای کێبوون و (کێیەتی) دێت، واتە کەسێك یان گروپێك بە چ شێوەیەك پێناسەی خۆی دەکات و دەیەوێت خۆی لە ڕێگەی چەند فاکتەر و بنەمایەکی کەلتووری، مێژوویی و جوگرافی بەلایەنی بەرانبەر بناسێنێت، هەروەها تایبەتمەندییەکە دەبێتە هۆی جیاوازی نێوان تاك و نەتەوە و کۆمەڵگەیەك لە تاك و نەتەوە و کۆمەڵگەیەکی دیکە" (مەعروف، ٢٠٢٢، ١٥). لێرەدا دەردەکەوێت، کە بێدەوڵەتی وەك دۆخێکی سیاسی پێویستی بە بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی هەیە، بۆ مانەوە و بەرەنگاربوونەوەی هەوڵەکانی توانەوە. ئەمەش وادەکات نەتەوە بێدەوڵەتەکان زیاتر پێداگری لەسەر تایبەتمەندییە کەلتووری و مێژووییەکانیان بکەن، وەك ئامرازێك بۆ پاراستنیان.

جگە لەوەش نەتەوە و خاك پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە ناسنامەی نەتەوەییەوە هەیە، کاتێك نەتەوەیەك لەسەر خاکێکی دیاریکراو دەژی، ناسنامە و خواستی سەربەخۆیی دوو فاکتەری جیانەکراوەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هەر نەتەوەیەك مافی ئەوەی هەیە، لەسەر خاکی خۆی ناسنامەی خۆی بپارێزێت و بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات. دەبینین، نەتەوەی کورد سەرەڕای دابەشبوونی خاکەکەی، ناسنامەی نەتەوەیی و خواستی سەربەخۆیی بەردەوام بەهێز ماوەتەوە. پەیوەندی نێوان بێدەوڵەتی و ناسنامە پەیوەندییەکی ئاڵۆزە. "کاتێ دەوڵەتی خۆت نییە مێژوو و کەلتووری خۆت لەدەست دەدەیت، ناسنامەت بەناوی خۆیانەوە

پێـدەدن، دەتوانـن داوای مێژووەكـەت بكـەن و بیكـەن بەهـی خۆیـان تەنانـەت مافـی ئـەوەت لـێ زەوت دەكـەن هەڵپەڕكێیەكـی دیاریكـراو وەك كـورد داوا بكەیـت، دەبیـت بـە گەلێكـی دزراو، بـەڵام ئەگـەر دەوڵەتـی خـۆت هەبێـت، دەوڵـەت دەبێتـە كتێبخانەیـەك بـۆت، دەتوانـی شـتوومەكی نەتەوەكەتـی تێـدا بپارێزیـت، لـەو كتێبخانەیـەدا دەزانـی ناسـنامەت چییـە و مافەكانـت چیـن" (Eliassi, 2021, 106). لێرەدا دەردەكەوێـت دەوڵـەت تەنیـا قەوارەیەكـی سیاسـی نییـە، بەڵكـو پارێـزەری ناسـنامە و مێـژووی نەتەوەییـە. نەبوونـی دەوڵـەت مەترسـی لەناوچوونـی ناسـنامەی نەتەوەیـی بـەدوای خۆیـدا دێنێـت، بۆیـە خەباتـی نەتـەوە بێدەوڵەتـەكان تەنیـا بـۆ سـەربەخۆیی سیاسـی نییـە، بەڵكـو بـۆ پاراسـتنی بوونـی نەتەوەیشـیانە.

بـە ڕامـان لـە جەوهـەری خەباتـی نەتـەوە بێدەوڵەتەكانـدا، دەبینیـن پەیوەنـدی نێـوان مافـی چـارەی خۆنووسـین و دەوڵەتسـازی پەیوەندییەكـی ستراتیـژی و دانەبـڕاوە، "مافـی چـارەی خۆنوسـین هـۆكار و (وەسـیلەیە)، بـەڵام مافـی بەدەوڵـەت بـوون ئامانجـە، هـۆكار هـەر چییـەك بێـت ئێمـە مەبەسـتمانە دەوڵـەت سـازبكەین، مافـی بەدەوڵـەت بـوون جێگـرەوە و بەدیلـی مافـی چـارەی خۆنوسـین نییـە، بەڵكـو تەواوكەریەتـی" (خانـەی هـزری كوردسـتان، ٢٠١٧،١٣). كەواتـە مافـی چـارەی خۆنووسـین و دروسـتكردنی دەوڵـەت هەردووكیـان لـە پرۆسـەی خەباتـی نەتەوەییـدا پێكـەوە گرێـدراون و تەواوكـەری یـەكترن.

پەیوەنـدی نێـوان ناسـنامەی نەتەوەیـی و بێدەوڵەتـی پەیوەندییەكـی قـووڵ و ئاڵـۆزە لـە خەباتـی نەتـەوە بندەسـتەكاندا. هەوڵـی سـڕینەوەی ناسـنامەی نەتەوەیـی لەلایـەن دەوڵەتـە

داگیرکەرەکانـــەوە بووەتـــە هـــۆی بەهێزبوونـــی هەســـتی نەتەوەیـــی و خواســـتی دەوڵەتســـازی لەلایـــەن گەلانـــی بێدەوڵـــەت. دەکرێـــت پەیوەنـــدی نێـــوان بێدەوڵەتـــی و ناســـنامە لـــە چەندیـــن ڕەهەنـــدی گرنـــگ ببینیـــن، لـــە ڕووی جوگرافیـــاوە، دابەشـــبوونی کوردســـتان بـــووە هـــۆی بەهێزبوونـــی هەســـتی یەکبوونـــی نەتەوەیـــی، جگـــە لـــەوە زمـــان وەك ڕەهەندێکـــی تـــر لـــە ئەنجامـــی داپڵۆســـین و لاوازکـــردی زمانـــی کـــوردی لـــە تورکیـــا، دەبینیـــن فەرهەنـــگ و زمـــان و ئەدەبـــی کـــوردی وەك بەرەنگارییـــەك هەمیشـــە لـــە نوێبوونـــەوە و بەهێـــز بـــوون دابـــووە، جگـــە لـــەوە هەوڵـــی قەدەغەکردنـــی کەلتـــووری کـــوردی و جلوبەرگـــی کـــوردی لەبەشـــێك لـــە پارچەکانـــی کوردســـتان لـــە بۆنـــە تایبەتییەکانـــدا، بـــووە هـــۆی گەشـــەکردنی هونـــەری کـــوردی وەك شـــێوازێکی بەرخـــۆدان. هەروەهـــا هەوڵەکانـــی شـــێواندنی مێـــژووی کـــورد بـــووە هـــۆی گرنگیدانـــی زیاتـــر بـــە نووســـینەوەی مێـــژووی ڕاســـتەقینەی کـــورد.

پەیوەنـدی نێـوان بێدەوڵەتـی و ناسـنامە پەیوەندییەکـی دوولایەنـەی بەهێـزە، بێدەوڵەتـی وەك دۆخێکـی سیاسـی پاڵنەرێکـی سـەرەکییە بـۆ بەرجەسـتەکردنی ناسـنامەی نەتەوەیـی، لەلایەکـی تـرەوە ناسـنامەی نەتەوەیـی دەبێتـە هـۆکاری بەرەنگاربوونـەوەی دۆخـی بێدەوڵەتـی، بـۆ نموونـە: هەوڵەکانـی سـڕینەوەی ناسـنامەی کـوردی لەلایـەن دەوڵەتـە داگیرکەرەکانـەوە بووەتـە هـۆی بەهێزبوونـی هەسـتی نەتەوەیـی و خواسـتی دروسـتکردنی دەوڵـەت، هەروەهـا نەبوونـی دەوڵەتـی سـەربەخۆ بووەتـە هـۆی پەرەسـەندنی خەباتـی نەتەوەیـی کـورد بـۆ پاراسـتنی ناسـنامە و کەلتـووری نەتەوەیـی.

### ٣-٢/١) پەیوەندی بێدەوڵەتی بە پەنابەرێتی:

لە جیهانی پڕ لە ئاڵۆزی و گۆڕانکارییەکانی سەدەی بیست و یەکدا، پەیوەندی نێوان بێدەوڵەتی و پەنابەرێتی وەك برینێکی کراوەی مرۆڤایەتی خۆی دەنوێنێت، بێدەوڵەتی وەك دۆخێکی مرۆیی، کە تێیدا کەسێك یان کۆمەڵێك لە دەرەوەی سنووری یاسایی و نیشتمانی خۆیان دەمێننەوە، بووەتە دیاردەیەکی جیهانی، کە هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ. لە بەرانبەردا، پەنابەرێتی وەك ڕەهەندێکی پاراستن و پشتیوانی بۆ ئەو کەسانە دێتە ئەژمار، کە لە وڵاتەکەی خۆیاندا بەهۆکاری جیاواز ڕووبەڕووی مەترسی و ستەم دەبنەوە، لە سەردەمێکدا، کە مرۆڤایەتی بەردەوام لە دۆخێکی ئالۆزدایە، پەنابەرێتی وەك ڕووناکی و هیوایەك دەردەکەوێت، دەبێتە بانگەوازێك بۆ مافە زەوتکراوەکانی مرۆڤ.

"زاراوەی پەنابەر واتە هەرکەسێك لە دەرەوەی وڵاتی خۆی بێت یان لە حاڵەتێکدا کە کەسێك هیچ نیشتمانێکی نییە، لەو وڵاتەی کۆتا جار تێیدا نیشتە جێ بووە ناتوانێت یان نایەوێت بگەڕێتەوە بۆ نیشتمانی خۆی، هەروەها ڕەنگە نەتوانێت لەو وڵاتە پارێزراو بێت، یان کەڵك وەربگرێت، لە بەر چەوسانەوە یان ترسێکی بنەڕەتی بەهۆی ڕەگەز و ئاین و نەتەوایەتییەوە، یان سەر بە گروپێکی کۆمەڵایەتی تایبەت، یان بۆچوونی سیاسی جیاواز" (Gould, 2019, 27). لە کۆتاییدا، چیرۆکی هەرپەنابەرێك تراژیدیایەکی بەهێزە وەك پەڕتووکێکی کراوەیە، کە هەر پەڕەیەکی وێنەی مرۆڤێکی بندەست و سەرکێشی مافەکانیەتی، ئەو تەنیا

کەسێکی بێ نیشتمان نییە، بەڵکو بەڵگەنامەیەکی زیندووی ئەو ڕاستییەیە، کە مرۆڤ هەمیشە بۆ ئازادی و کەرامەت تێدەکۆشێت، لە چوارچێوەی وڵاتان و لە پانتایی جیهانی مرۆڤایەتیدا.

(Diaspora) وەکو چەمکێك لەنێو ئەدەبیاتی میللەتان بۆ دۆخی سەرهەڵگرتن و بەزۆر پەرتەوازەکردنی جوولەکەکان تایبەت کراوە، پتر ئەوانی لە خەڵکی میللەتانی تر پێ دەناسرێتەوە، دۆخیکی سیاسییە و بە زۆرەملێ بەسەریاندا سەپاوە، بەڵام دواتر دەبێتە چەمکێکی گشتی و لە فەرهەنگ و زمانی دیکەش دەردەکەوێت، میللەتانی تریش بۆ دۆخی سەرهەڵگرتن و تاراوگەبوونی خۆیان بەکاری دێنن" (عەزیز، حەمە ئەمین، ٢٠١٨، ١٢٦).

بەم شێوەیە دەبینین کەوا چەمکی (Diaspora) سنووری مێژوویی خۆی تێپەڕاندووە و تەنیا لە دۆخێکی تایبەت بە جوولەکەکانەوە نەماوەتەوە، بووە بە چەمکێکی گشتگیر گوزارشت لە حاڵەتی پەرتەوازەبوون و دەربەدەری هەر نەتەوە و گەلێك دەکات. ئەمڕۆ ئەم چەمکە بەشێکە لە فەرهەنگی جیهانی و دەرخەری ئەو ئازار و مەینەتیەیە، کە گەلان بەهۆی کۆچی زۆرەملێ و دەربەدەربوون لە نیشتمانەکەیانەوە تووشی دەبن، بووەتە هێمایەك بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی پڕ لە ئازار و ناخۆشی و دەربەدەری گەلان. بەشی زۆری پەنابەران بۆ خۆشی و خواست و ئارەزوو نییە کاتێك پەنا بۆ دەوڵەتێکی تر دەبەن، بۆ نموونە لە جیهانی ئەمڕۆدا، پەنابەری سیاسی یەکێکە لە گرنگترین و هەستیارترین پرسەکانی مافی مرۆڤ. "پەنابەری سیاسی؛ ئەو کەسە مافی پەناهەندەیی دەدرێتێ، کە بتوانێت بەڵگەیەك پێشکەش بکات سەبارەت بەبوونی ئەوترسەی،

كـە ڕووبـەرووی دەبێتـەوە بـۆ چەوسـاندنەوەی لـە وڵاتەكـەی خۆیـدا، ئەگـەر بـە هـۆكاری ڕەگـەز، ئایـن، نەتـەوە یـان شوناسـەوە بێـت، یـان بەهـۆی ئینتـیما بوونیـەوە بـۆ توێژێكـی كۆمەڵایەتـی یـان بیـروڕا سیاسـییەكانییەوە بێـت" (جەبـار ، ٢٠٠١، ١٧٨).

كەواتـە؛ پەنابـەری سیاسـی دەبێتـە مافێكـی سـەرەكی بـۆ هـەر تاكێـك، كـە لەژێـر هەڕەشـەی چەوسـاندنەوە دایـە. كۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی بەرپرسـیارە لـە پاراسـتنی ئـەم مافـە و دابینكردنـی ژیانێكـی سـەلامەت و ئـارام بـۆ ئـەو كەسـانەی، كـە ناچـار دەبـن وڵاتەكانیـان بەجێبهێڵـن. ئەمـەش بەشـێكە لـە بەرپرسـیارێتی مرۆیـی و ئەخلاقـی هەمـوو وڵاتێـك. ئـەم دیاردەیـە ژیانـی ملیۆنەهـا مرۆڤـی خسـتۆتە ژێـر مەترسـی و نائارامییـەوە، بۆیـە پێویسـتە بـە هەسـتیارییەوە مامەڵـەی لەگەڵـدا بكرێـت.

"بـێ نیشـتمانی پەنابـەران بەهیـچ شـێوەیەك نـە لەبـواری بـێ نیشـتیمانی و نـە لەبـواری پەنابەریـدا بابەتێكـی بچـووك نییـە، لەسـاڵی(٢٠١٤) كۆمیسـیۆنەری بـاڵای نەتـەوە یەكگرتـووەكان بـۆ پەنابـەران دەسـەڵاتی بەدواداچوونـی بـۆ پەنابـەران و كەسـانی بـێ نیشـتمان هەیـە، ڕایگەیانـد كـە (١٤٤) ملیـۆن كەسـی پەنابـەر لەجیهانـدا هەیـە و بـێ نیشـتمانن."(Tucher, 2017). ئـەم ژمـارە زۆرە لـە پەنابـەران و كەسـانی بـێ نیشـتمان پێویسـتی بـە هەڵوێسـتێكی جـددی و یەكگرتـووی كۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی هەیـە. پێویسـتە هەمـوو لایـەك هەوڵـی خۆیـان بخەنـە گـەڕ بـۆ دۆزینـەوەی چارەسـەری گونجـاو بـۆ دابینكردنـی ژیانێكـی شایسـتە بـۆ ئـەم كەسـانە، كـە بەبـێ ویسـتی خۆیـان بـێ نیشـتمان و پەنابـەر بـوون،

ئـەم ئەرکـە دەکەوێتـە سـەر شـانی هەمـوو وڵاتێـك. بـۆ نموونـە لـە مێــژووی گەلــی کــورددا، پەنابەرێتــی و کۆچــی زۆرەملــێ بەشــێکی جیانەکراوەیــە لــە ناخۆشــییەکانی ئــەم گەلــە، یەکێــك لــە نموونــە هــەرە زیندووەکانــی ئــەم دۆخــە، ئــەو کارەســاتەیە، کــە لــە دوای هەڵوەشــانەوەی ڕێککەوتننامــەی ئــازار لــە نێــوان شۆڕشــی کــورد و ڕژێمــی عێــراق ڕوویــدا. " لــەدوای هەڵوەشــانەوەی ڕێکەوتننامــەی ئـــازاری نێـــوان شۆرشـــی کـــورد بەســـەرکردایەتی پێشـــەوا (مـــەلا مســـتەفا بارزانــی) و ڕژێمــی عێــراق، کوردەکانــی عێــراق بەهــۆی ڕێککەوتنیــان لەســەر سیســتەمی ئۆتۆنۆمــی عێــراق لەســاڵی (١٩٧٤) دا شــەڕ و پاشەکشــێیەکی گــەورە لــە نێــوان مەیدانــی جەنــگ و شۆرەشـــەکەدا هاتـــە ئـــاراوە دەرئەنجـــام لـــە(١٩٧٤/٩)دا ژمـــارەی پەنابەرانــی کــوردی باشــوور لــە ئێــران گەیشــتە (١٠٠) هــەزار کــەس" (جەبــار ، ٢٠٠١، ٦). ئــەم ڕووداوە مێژوویيــە، نموونەیەکــی زینــدووی پەنابەرێتیــی بەکۆمەڵــە، پیشــانی دەدات چــۆن شکســتی دانوســتانە سیاســییەکان و ســەپاندنی شــەڕ، دەبێتــە هــۆی دەربەدەربوونــی گەلێــك لــە نیشــتمانەکەی. ئــەو کارەســاتە مرۆییــە، کــە تێیــدا ســەد هــەزار کــورد ناچــار بــوون مــاڵ و حاڵیــان جێبهێڵــن، لێــرەدا جێــی خۆیەتـی ئامـاژە بـەو سـتەمە بکەیـن، کـە بەرانبـەر بـە گەلـی کـورد کــراوە، هــۆکار بــووە بــۆ دەربــەدەری و پەنابەرێتــی.

پەیوەنـدی نێـوان بێدەوڵەتـی و پەنابەرێتـی یەکێکـە لـە ئاڵۆزتریـن و هەسـتیارترین پرسـەکانی سـەردەم. ئـەم دوو دیاردەیـە وەك دوو ڕووی یــەك دراو وان، زۆرجــار یــەکتری بەهێــز دەکــەن و قــووڵتر دەکەنــەوە. کاتێــك کەســێك بێدەوڵــەت دەبێــت، مەترســی پەنابەرێتیــی زیاتــر

دەبێـت، هەروەهـا كاتێـك كەسـێك پەنابـەر دەبێـت، مەترسـی بێدەوڵـەت بوونـی زیاتـر دەبێـت. مێـژووی گەلـی كـورد نموونەیەكـی زینـدووی ئـەم پەیوەندییـە ئاڵۆزەیـە. وەك هەڵوەشـانەوەی ڕێككەوتننامـەی ئـازار لـە سـاڵی ١٩٧٤دا، هەروەهـا لـە ئەنفـال و كیمیابارانـی هەڵەبجـەدا، سـەدان هـەزار كـورد بوونـە پەنابـەر و زۆربەیـان لـە نێـوان بێدەوڵەتـی و پەنابەریـدا ژیانێكـی سـەختیان بەسـەر بـردووە. ئـەم دۆخـە تراژیدییـە، كـە ملیۆنـان مرۆڤـی تێكەوتـووە، بەرهەمـی سیسـتەمێكی نێودەوڵەتییـە لـە بێبەشـكردنی هەندێـك نەتـەوە لـە بوونـی دەوڵـەت، هەروەهـا نەتـەوەی دیكـەش هـەن، كـە مافی بـوون بـە دەوڵەتیـان پێـڕەوا نەبینراوە وەك: ڕۆهینگیـاكان لـە میانمـار و فەلەسـتینیەكان لـە زۆربـەی وڵاتانـی عەرەبـی و كوردەكانـی ڕۆژئـاوا لـە سـوریا، كـە لـە نێـوان بێدەوڵەتـی و پەنابەریـدا دەژیـن. ئـەوەی ئـەم دۆخـە ئاڵۆزتـر دەكات، نەبوونـی میكانیزمێكـی كاریگـەر و یەكگرتـووە لـە ئاسـتی نێودەوڵەتیـدا بـۆ مامەڵەكـردن لەگـەڵ ئـەم كێشـەیە. هەرچەنـدە نەتـەوە یەكگرتـووەكان چەندیـن ڕێككەوتنامـەی تایبەتیـان بـۆ پاراسـتنی مافـی پەنابـەران و كەسـانی بێدەوڵـەت هەیـە، بـەڵام لـە كـرداردا ئـەم ڕێككەوتنامانـە نەیانتوانیـوە چارەسـەرێكی گونجـاو بـۆ ئـەم كێشـەیە بدۆزنـەوە.

**٤-٢/١) لێکەوتەکانی بێدەوڵەتی لەسەر تاك و کۆمەڵگە:**

بێدەوڵەتی؛ یەکێکە لە کێشە مرۆییە هەرە پشتگوێخراوەکانی سەردەمی ئێستا. "کێشەی بێدەوڵەتی کاریگەری وێرانکەری لەسەر ژیانی زیاتر لە دەیان ملیۆن کەس لەسەرتاسەری جیهان هەیە، زۆربەی جار کەسانی بێدەوڵەت لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بێبەش دەکرێن، وەك ناسنامە، کارکردن، خوێندن و دەستگەیشتن بە خزمەت گوزاری تەندروستی. هەروەها دەبێتە هۆی گرژی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە دەوڵەتە لاوازەکانی جیهاندا" (Dible, 2016, 9). لەبەر ئەمە چارەسەرکردنی بێدەوڵەتی پێویستی بە هەوڵی نێودەوڵەتی هەیە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بە تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا، دەتوانن ئەم دۆخە چارەسەر بکەن، بە دڵنیابوون لەوەی، کە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە بێدەوڵەتی جێبەجێ کراون یاخود نا، چونکە تەنیا بە چارەسەرکردنی ئەم کێشە گەورە مرۆییە دەتوانین دڵنیا بین، کە هەموو کەسێك مافی دانپێدانراوی هەیە و کەرامەت و ئازادی پارێزراوە.

"بێدەوڵەتی خەڵك نادیار دەکات و دەیخاتە پەراوێزی کۆمەڵگەوە، هەروەها ڕێگر دەبێت لە دەست گەیشتن بە دادپەروەری، لە هەندێك حاڵەتدا کەسانی بێدەوڵەت دووچاری مامەڵەی ئەوەندە توند دەبنەوە، کە ناچارییان دەکات، هەڵبێن بۆ وڵاتیکی تر بۆ دۆزینەوەی سەلامەتی و ئاسایش." NRC (and Tilburg university, 2015). ئەو کەسانەی لە بێدەوڵەتی ژیان بەسەر دەبەن، بارگرانییەکی قورسی یاسایی و دەروونی

هەڵدەگرن. بە نەبوونی پارێزگاری دەوڵەت و دانپێدانانی فەرمی بێبەش دەبن لە ئاسایش و سەقامگیری ژیان. هەردوو جۆرەكەی بێدەوڵەتی كاریگەریی نەرێنییان لەسەر تاك هەیە. چ ئەو كەسانەی، كە بە فەرمی لە ڕووی یاساییەوە بێ ڕەگەزنامەن. یاخود ئەوانەی لە ڕوانگەی یاساییەوە مافی ڕەگەزنامەیان هەیە، بەڵام مافی سەلماندنی ئەو ڕەگەز نامەیان لە ژێر ناوی وڵاتەكەی خۆیاندا نییە. ئەنجامەكانی هەردوو جۆرەكە پێشێلكردن و بێ بەشكردنی تاكەكانە لە كۆمەڵێك مافی بنەڕەتی. ئەم دۆخە لە هەر دوو جۆرەكەیدا كاریگەریی دەروونی و كۆمەڵایەتیان هەیە و ئاستەنگ لە ژیانی ڕۆژانەیاندا دروست دەكات. لە جیهانێكدا، كە دەوڵەت بنەمای پاراستنی مافەكانی مرۆڤە، بێدەوڵەتی دۆخێكی مەترسیداری تاكی كوردە، نموونەیەكی بەرچاوە لەو كاریگەرییە وێرانكەرانەی، كە بەهۆی نەبوونی دەوڵەت بەرۆكی گرتووە.

"بێدەوڵەتی ڕێگری لە كورد كردووە لە پاراستنی ناسنامە، كەلتوور و مێژوویان. وەك كەسێكی بێدەوڵەت نوێنەرایەتی ناكرێت، كەس ناتپارێزێت كاتێك ڕووبەڕووی كارەساتی كەلتووری و مرۆیی دەبیتەوە، كاتێك كورد لە هەڵەبجە لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە كیمیا باران كران، كێ دەیتوانی بتپارێزێت؟ هێشتا خەڵكێكی زۆر هەن كە نازانن سەدان هەزار كورد لەعێراق كوژراون بەهۆی هەڵمەتەكانی جینۆساید لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە لە ١٩٨٠ كاندا "(Eliassi, 2021, 106). ئەمە پیشانی دەدات كاتێك نەتەوەیەك لە نوێنەرایەتی و دانپێدانانی نێودەوڵەتی بێبەش دەكرێت، تاكەكانی ڕووبەڕووی توندوتیژی

دەبنەوە بێ ئەوەی دەنگیان ببیسترێت. چارەسەرکردنی بێدەوڵەتی تەنیا پەیوەست نییە بە پرسی سیاسییەوە، بەڵکو ڕێگەیەکە بۆ بنیاتنانی جیهانێکی دادپەروەر، کە تێیدا هەموو گەلێك خاوەنی ماف و دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانن.

لە سەردەمێکدا، کە ناسنامە و دانپێدانانی یاسایی بنەمای هەموو مافەکانی مرۆڤن، بێدەوڵەتی دەرگای ژیانێکی پڕ لە ئازار دەکاتەوە بۆ ئەو کەسانەی بێبەش کراون لێی. "دەرئەنجامەکانی بێدەوڵەتی زۆر مەترسیدارن لە ڕوانگەی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابوورییەوە، توێژینەوەکان نیشانی دەدەن، کە کەسانی بێدەوڵەت لەنێو لاوازترین گروپەکانی جیهانن، کەمتر ناسراو، بیستراو و بینراون" (Warria and Chikadzi, 2023, 47). بێدەوڵەتی مرۆڤەکان لە ناسنامە و خاك و دادپەروەری بێبەش دەکات، مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ کە لە جاڕنامەی جیهانیدا بۆ هەموو کەسێك گەرەنتی کراوە، ئەم کێشەیە وەك هەر بابەتێکی تر چارەسەری هەیە، ئەگەر ویستی ڕاستەقینە هەبێت، ئێمە باوەڕمان بە جیهانێك هەیە، کە دادپەروەری و یەکسانی بنەماکانی بن، کەوابێت دەبێت خەبات بکرێت، بۆ کۆتاییهێنان بە بێدەوڵەتی. ئەمە سادەترین کارە بۆ گەڕانەوەی ماف و ئازادی هەر مرۆڤێك. لەلایەکی ترەوە دەبینین منداڵانی بێدەوڵەت ڕووبەڕووی تاریکترین لایەنەکانی ئەم قەیرانە دەبنەوە، بێبەشن لە سەرەتاییترین مافەکانیان لە سەرەتای ژیانیانەوە، جگە لەوەش "کاریگەریی بێدەوڵەتی لەسەر منداڵان نیگەرانییەکی گەورەیە، بێدەوڵەتی دەتوانێت واتای تەمەنێکی سەخت بێت تا ئەوکاتەی چارەسەر دەکرێت"

(Manly & van& more, 2014, 16). نەوەكانـی داهاتـووی جیهـان مافـی ئەوەیـان هەیـە بـە ناسـنامەیەكی فەرمییـەوە گەورەبـن، پارێزراوبـن لـەو سـەختییانەی بێدەوڵەتـی لـە دوای خـۆی بەجێـی دەهێڵێـت.

كـورد و فەلەسـتینییەكان بەرچاوتریـن نموونـەی بێدەوڵەتیـن لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، دەبینیـن " كـورد لەسـوریا بـۆ چەندیـن نـەوە ڕووبـەڕووی جیـاكاری و سـەركوتكردنی مافەكانیـان بونەتـەوە، كـورد وەك هەڕەشـەیەك بـۆ سـەر یەكێتـی سـوریای عەرەبـی دەبـینران. لەبـەر ئـەوە، لـە سـاڵی ١٩٦٢ حكومەتـی سـوریا سـەرژمێرییەكی نائاسـاییان لـە پارێـزگای (حەسـەكە) لـە باكـووری ڕۆژهەڵاتـی سـوریا ئەنجامـدا، وەك ئەنجامـی ئـەم سـەرژمێریە ژمارەیەكـی زۆری كـوردی لـە مافـی هاوڵاتـی بـوون بـێ بەشـكرد. مەزنـدە دەكرێـت (١٢٠٠٠٠) كـەس بەهـۆی سـەر ژمێرییەكـەوە هاووڵاتـی بوونیـان لەدەسـت دابێـت، ئەمانـە ئێسـتا گەیشـتوونەتە (٣٠٠٠٠٠) كـەس، چونكـە نەوەكانیشـیان بـە بێدەوڵـەت دادەنرێـن" (Dible, 2016, 26). دۆخـی كوردانـی سـوریا ئاوێنەیەكـە بـۆ دەیـان ملیـۆن كەسـی بێدەوڵـەت لەجیهانـدا، ئـەم قەیرانـە یـەك بنەمـای هاوبەشـی هەیـە، بەكارهێنانـی مافـی هاووڵاتیبـوون وەك چەكێكـی سیاسـی، كاتێـك دەسـەڵات بڕیـار دەدات كـێ بوونـی هەیـە و كـێ بوونـی نییـە، مافەكانـی مـرۆڤ دەبنـە قوربانـی ئامانجـە سیاسـییەكان. كاریگەریـی بێدەوڵەتـی نـەك لـە ئێسـتادا، بەڵكـو دەگوازرێتـەوە بـۆ نەوەكانـی داهاتـووش، میراتێكـی بێكۆتـای پـڕ مەینەتـی دروسـت دەكات.

بەگشـتی بێدەوڵەتـی كۆمەڵێـك ئەنجـام و لێكەوتـەی نەرێنـی ئازاربەخشـی لەسـەر تـاك و كۆمەڵگـەی بێدەوڵـەت هەیـە.

ئـەم دیاردەیـە دەبێتـە هـۆی بێبەشـبوون لـە زۆرێـك لـە مافـە بنەڕەتییەکانـی مـرۆڤ، بەوانەشـەوە:

نەبوونـی پاراسـتنی یاسـایی و لەدەسـتدانی مافـی دەنگـدان و بەشـداری سیاسـی، هەروەهـا سـنووردارکردنی دەرفەتەکانـی خوێنـدن و پـەروەردە و دروسـتکردنی ئاسـتەنگ لەبـەردەم دۆزینـەوەی کاری یاسـایی و کەمبـوون. جگەلـەوە نەبوونـی دەسـتگەیشتن بـە چاودێـری تەندروسـتی و زۆر جـار بێبەشـبوون لـە مافـی موڵکـداری و خاوەندارێتی. سـەرەڕای کاریگەرییـە یاسـاییەکان، بێدەوڵەتـی کۆمەڵێـك کاریگەریـی کۆمەڵایەتـی و دەروونـی قووڵیشـی بـەدوادا دێـت. توێژینـەوەکان پیشـانیان داوە کەسـانی بێدەوڵـەت زیاتـر تووشـی حاڵەتـی خـەم و دڵەڕاوکـێ دەبـن. ئـەم دۆخـە دەشـێت ببێتـە هـۆی زیادبوونـی ئاسـتی توندوتیـژی لەنـاو کۆمەڵگـە بێدەوڵەتەکانـدا، جیـا لـەوەش لـە زۆر شـوێندا تووشـی هەسـتی خـۆ بەکەمزانیـن دەبنـەوە، بەتایبـەت کاتـی هەسـت بـە بوونـی جیـاکاری لەنێـوان خۆیـان و کەسـێکی خـاوەن دەوڵەتـی سـەربەخۆ دەکـەن، هەروەهـا لـە ڕووی ئابوورییـەوە، بێدەوڵەتـی هۆکارێکـی سـەرەکییە بـۆ هەژاریـی و خراپـی گوزەرانـی خەڵـك. کەسـانی بێدەوڵـەت زۆرجـار ناچـارن لـە کاری نافەرمـی بـە کرێـی کـەم و بـێ هیـچ پاراسـتنێکی یاسـایی کار بکـەن، ئـەم دۆخـە ئاڵـۆزەش دەبێتـە هـۆی هـەژاری و بارگرانـی.

لـە ئاسـتی گەورەتـردا دەبینیـن دەوڵەتانیـش زیـان لـە بوونی کەسانی بێدەوڵـەت دەبینـن، چونکـە کاریگـەری لەسـەر سـەقامگیری ناوچەیـی و نیشـتمانیش دەبێـت و پێشـکەوتنی ئابـووری و ئاشـتی کۆمەڵایەتـی لـە سیسـتەمی بێدەوڵەتیـدا زیانـی بـەر دەکەوێـت، کاریگەرییەکانـی

بێدەوڵەتـی لەسـەر تـاك و کۆمەڵگـە زۆر زیاتـرن لەوانـەی بـاسمان کـرد. ئێمـە بـە گشـتی چەنـد کاریگەرییـەکمان خسـتەڕوو، چونکـە بێدەوڵەتـی دیاردەیەکـی ئاڵـۆز و فرەڕەهەنـدە و لێکەوتـەی زۆر ورد و قووڵـی لەسـەر ژیانـی تاکـەکان هەیـە.

### ٣/١) چەمك و پێناسەی داهێنان:

داهێنــان ئــەو هێزەیــە، کــە شارســتانیە جیاوازەکانــی مرۆڤایەتــی لەســەر بنیــاتنراوە، لــە بەرهەمهێنانــی ئاگــرەوە تــا تەکنەلۆژیــای ژیــری. ســەبارەت بــە زاراوەی داهێنــان لەزمانــی کــوردی بەرانبــەر وشــەی (Creativity) زمانــی ئینگلیــزی و (ابــداع) ی زمانــی عەرەبــی بەکاردێــت. داهێنــان هەمیشــە ســنوورەکانی تێپەڕانــدووە، بــەڵام هەرگیــز بــێ هــۆکار نەبــووە، ســەرچاوە و پاڵنــەری هەبــووە. ڕیشــەی داهێنــان لــە ناچــاری و پێداویســتییەکانی مرۆڤــەوە هەڵدەقوڵێــت وەك؛ کێشــە، قەیــران، کــەم و کووڕییــەکان، ئەمانــە ئــەو پاڵنەرانــەن، کــە هــزری داهێنــەران دەجووڵێنــن، بــۆ بەرهەمهێنــان لــە نێــوان ئــەوەی هەیــە و ئــەوەی پێویســتە، ئەمانــەن دەبنــە پاڵنــەری ســەرەکی داهێنــان.

داهێنــان بەهــۆکاری جیاجیــا ســەرهەڵدەدات، کاتێــك ئازادییــەکان سنووردارەبن، یــان فشــارەکان زۆر دەهێنــن، ئــەوە ئــەو بارودۆخانــەن، کــە تێیــدا مرۆڤــەکان ناچــار دەبــن داهێنەرانــە بیــر بکەنــەوە. بەدرێژایــی شارســتانییەتی مرۆڤایەتــی، داهێنــان وەك گۆڕانــکاری دەرکەوتــووە، هەندێــك جــار پێشــوازی لێکــراوە و هەندێــك جاریــش ڕەتکراوەتــەوە. ئەمانــە لــە مێــژووی داهێنانــدا بەڕوونــی دەبینرێــن. "چەمکــی داهێنــان دەتوانرێــت بگەڕێنرێتــەوە بــۆ یۆنانــی کــۆن لەســەدەی ٥ی پ.ز هەندێــك فەیلەســوفی کــۆن لەوانــە ئەرســتۆ، ئەفلاتــون، داهێنانیــان وەك پێشکەشــکردنی گــۆڕان بــۆ نــاو کەلتــوور یــان سیســتەمی سیاســی دەبینــی، کــە خــوازراو نەبــوو، میسرییــە کۆنــەکان تەنانــەت داهێنانیــان لــە سروشــتی ئایینــی یــان ســەما قەدەغــە دەکــرد، داهێنــان بــە گومانــەوە

ســەیردەكرا، چونكــە وەك گۆڕانكارییــەك بــۆ سیســتەمێكی مەوجــود دەبـینرا، كـە لەوانەیـە ببوایـە هـۆی شـۆڕش" (Gatto, 2016, 3)، بـەڵام ئەمـڕۆ جیهانـی هاوچـەرخ بـە شـێوەیەكی بنەڕەتـی گـۆڕاوە بەرانبـەر داهێنــان، ئــەوەی پێشــوو دەبــووە هــۆی تــرس و گومــان، ئێســتا دەستخۆشــی لێدەكرێــت.

ســـەبارەت بـــە "چەمكـــی داهێنـــان لـــە ڕەخنـــەی ئەوڕووپیـــدا باسـكردن بـووە لـە بابەتـە ڕەخنەییەكانـی ئـەو ڕۆژگارەی یۆنانییـەكان ســەبارت بــە داهێنــان، ئەمــەش ئەركــی سەرشــانی فەیلەســوفەكانی ئــەو قۆناغــە و ڕەخنەگــر و لێكۆڵەرانــی قۆناغەكانــی تــری مێــژووی ڕەخنـــە و ئەدەبـــی ئەوروپـــای قـــورس كـــردووە، چونكـــە دواجـــار لەڕێگـەی (داهێنـان)ەوە نـرخ و بەهـای دەق لـەڕووی سـوود و قازانـج لەلایەكــەوە جوانــی و بەهێــزی و پێكهاتــەی دەق لەلایەكــی تــرەوە دەدرێــت" (ئەحمــەد، ٢٠١٧، ٦). داهێنــان ئــەو چەمكــە قووڵەیــە، كــە ڕیشــەی لــە فەلســەفەی یۆنانــی كۆنــدا هەیــە، هەتــا ئەمــڕۆش كرۆكــی هەڵســەنگاندنی بەهــای بەرهەمــە مرۆییەكانــە.

ئەگـەر ئـاوڕ لـە مێـژوو بدەینـەوە، بـە درێژایـی سـەدەكان دەبینرێـت، فەیلەسـوف و ڕەخنەگـران بەرهەمەكانیـان لەسـەر بنەمـای ئـەم چەمكـە تەماشــا كــردووە. داهێنــان مۆركێكــە هەمــوو ســەردەمێك بــە شــێوەی خــۆی تێــی گەیشــتووە. داهێنــان ئــەو چەمكەیــە بــەردەوام بــووە لــە گۆڕانــكاری و گەشەســەندن، هەتــا ئەمــڕۆش لــە هەمــوو بوارەكانــدا ئاوێتــەی ژیانــی مرۆڤایەتــی بــووە. "لــە نیــوەی ســەدەی بیســتەمدا داهێنـان وەك ئامرازیكـی گەشـەی ئابـووری دەبـینرا، لەكۆتایـی سـەدەی بیســتەمدا دەســتەواژەی داهێنــان تێكەڵبــوو لەگــەڵ پێشــكەوتن،

گۆڕانــکاری تەکنەلــۆژی، گۆڕانــکاری کۆمەڵایەتــی و گەشەســەندن لــە چەندیـن لایەنـی زانسـتدا، هەروەهـا لەسـەدەی بیسـت و یەکـدا چەندین مانــاو چەمکــی جیــاواز دەگەیەنێــت، کــە بــە فاکتــەری جیــاواز کاری لێکـراوە" (Taylor,2017,130). لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەم دەقـەوە دەبینیـن چەمکـی داهێنـان بـە درێژایـی نیـو سـەدەی ڕابـردوو گۆڕانکارییەکـی زۆری بەخۆیــەوە بینیــووە. وا دەردەکەوێــت لــە ســەرەتاوە وەك ئامرازێکــی تایبــەت بــە پێشخســتنی ئابــووری تەماشــا کرابــێ، بــەڵام بـە تێپەڕینـی کات ئـەم چەمکـە پەڕیووەتـەوە بـۆ تێکەڵبـوون لەگـەڵ چەمکــە فراوانەکانــی تــری وەك پێشــکەوتن، گۆڕانکاریــی تەکنەلــۆژی و کۆمەڵایەتـی و چەندانـی تـر وەك گەشەسـەندنی زانسـتی لـە بـوارە جیاوازەکانــدا. ئــەم پرۆســەیە لــە ســەدەی بیســت و یەکــدا گەیشــتە ئاســتێك نابێــت وەکــو ئامرازێکــی ســادە ســەیری بکەیــن، بــووە بــە چەمکێکـی فـرە ڕەهەنـد و گشـتگیر و ئاراسـتەی جیـاوازی وەرگرتـووە.

هەروەهــا داهێنــان کارکردنــە بــۆ بەرجەســتەکردنی ئــەوەی، کــە تەنیــا داهێنــەر دەیبینــی، ئەگــەر ســەیرکەین بــە درێژایــی مێــژوو لــە فەرهەنــگ و زمانــە جیاوازەکانــدا پێناســە کــراوە، هــەر یەکەیــان بــە گوێــرەی تێگەیشــتنی خــۆی، "لــە فەرهەنگــی (لســان العــرب) دا هاتــووە داهێنــان واتــە دروســتکردنی شــتێك لــە هیچــەوە" (ســالح، ٢٩٠،٢٠١٢). ئـەم پێناسـەیەی داهێنـان تەنیـا پێناسـەیەکی سـادە نییـە، بەڵکـو ڕوانگەیەکـی قوڵـی هەیـە، کـە داهێنـان وەك کردارێکـی زەینـی دەبینێـت. ئـەم تێگەیشـتنە وا دەکات داهێنـان لـە ئاسـتی ماددییـەوە بـەرز ببێتـەوە بـۆ ئاسـتی مەعنـەوی، داهێنـان دروسـتکردنی ئەوەیـە، کــە پێــشتر نەبــووە.

بەگشـتی دەکرێـت بڵێیـن داهێنـان تەنیـا ئامرازێـك نییـە بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان، بەڵکـو هەمـوو لایەنەکانـی ژیانـی مرۆڤایەتـی گرتووەتـەوە، وەك هێزێکـی کاریگـەر لـە گۆڕینـی جیهـان و پێشخسـتنی ژیانـی مرۆڤایەتـی بـەردەوام دەبێـت. لـە ئاسـتی تاکـدا، داهێنـان پێویسـتی بـە شـارەزایی قـووڵ هەیـە، هەمـووکات لـە جیهانـی مرۆڤایەتیـدا داهێنـان پێویسـتییەکی بنەڕەتـی بـووە. لـە بەرانبـەر بەرەنـگار بوونەوەکانـی ژیانـدا بـۆ پاراستن و دابینکردنـی ژیانێکـی باشتر بـۆ مرۆڤایەتـی، داهێنـان تەنیـا ڕێگـەی مانەوەمانـە، کاتێـك ژینگـەی گونجـاو، هانـدەری پێویسـت هەبێـت، هیـچ هێزێـك ناتوانێـت ڕێگـری لـە گەشـەکردنی بـکات، هەروەهـا لـە ئاسـتی کۆمەڵگـەدا، سیسـتەمی پـەروەردە و ژینگـە و کەلتـوور، هەموویـان پاڵنـەری داهێنانـن. کۆمەڵگـە داهێنـەرەکان لەڕێگـەی ئـەم کەرتانـەوە تـاك بـۆ پیشـبڕکێ لەسـەر پێشـکەوتن و داهێنـان هـان دەدەن.

داهێنـــان بـــە پێـــی هـــەر ســـەردەمێك و لـــە هـــەر کەلتوورێـــك شـــێوەی جیـــاواز وەردەگرێـــت. ئـــەم چەمکـــە فـــرە ڕەهەنـــدە لـــە مێـــژووی مرۆڤایەتیـــدا ڕۆڵێکـــی بنچینەیـــی گێـــڕاوە، لـــە ســـەرەتاییترین ئامرازەکانـــەوە تـــا دواییـــن تەکنۆلۆژیـــا. داهێنـــان ئـــەو هێزەیـــە، کـــە شارســـتانییەتی مرۆڤایەتـــی گەیاندووەتـــە لوتکـــە، دەســـتی مرۆڤـــی گەیاندووەتـــە هەمـــوو شـــوێنێك. داهێنـــان تەنیـــا ئامێـــر و ئامـــراز نییـــە، بەڵکـــو شـــێوازێکی بیرکردنەوەیـــە، ڕوانینێکـــی نوێیـــە بـــۆ جیهانـــی دەوروبـــەر، لـــە خـــوارەوە چەنـــد پێناســـەیەك دەخەینـــەڕوو، ڕەنگدانـــەوەی دیـــدگای جیـــاوازن بـــۆ چەمکـــی داهێنـــان، چەمکێـــك لەگـــەڵ گۆڕانـــکاری و پێشـــکەوتن هەمیشـــە هاوتەریـــب بـــووە.

لـە جیهانێکـدا زۆربـەی خەڵـك ئـەوەی هەیـە دەیبینـن، کەسـانێك هـەن دەگمـەن و جیاوازتـر دەتوانـن ببینـن. ئـەوان فۆرمـە شـاراوەکان و مانـا نادیـارەکان دەدۆزنـەوە. سـنووره کۆنـەکان دەبـڕن و بـە چاوێکـی نـوێ سـەیر دەکـەن. ئـەم بینینـە تایبەتـە، ئـەم جـۆرەی تێڕوانیـن لـە دەرەوەی شـێوەی بـاو، جەوهـەری داهێنانـە. لـە چوارچێـوەی لێکۆڵینـەوە زانسـتییەکاندا، پەیوەنـدی نێـوان پێداویسـتییەکانی مـرۆڤ و پرۆسـەی داهێنـان وەك بابەتێکـی بەیەکـەوە بـەستراو بـاس دەکرێـت. ئـەم بۆچوونـە ئـەوە دەردەخـات، کـە داهێنـان لـە ڕاسـتیدا وەڵامێکـی سروشـتیه بـۆ ئـەو کێشـانەی مـرۆڤ لـە ژیانـی ڕۆژانەیـدا ڕووبەڕوویـان دەبێتـەوە. "پێداویسـتییەکانی ژیـان و دیاردەکانـی سروشـت مرۆڤیـان ناچـار کـردووە بـەردەوام گۆڕانـکاری لـە ژیـان و دەوروبـەری بـکات، لـە ئەنجامـدا بەشـێك لـەم گۆڕانکارییانـەش بـوون بـە داهێنـان" (صلیـوه، ٢٠١٣، ٢١٤). بـەم شـێوەیە دەردەکەوێـت، کـە داهێنـان وەك ڕەفتارێکـی مرۆیـی لـە سـەرەتادا لـە پێداویسـتی و کێشـەکانی ژیانـەوە سـەرچاوە دەگرێـت. ئـەم تێڕوانینـە ئامـاژە بـەوە دەکات کاتێـك مـرۆڤ لەگـەڵ کێشـەیەکدا ڕووبـەڕوو دەبێتـەوە، بـە سروشـتی خـۆی هەوڵـی چارەسـەرێکی نـوێ دەدات، ئەمـەش بـە درێژایـی مێـژوو بووەتـە هـۆکاری دروسـتبوونی گۆڕانـکاری و پێشـکەوتن لـە هەمـوو بوارەکانـی ژیانـدا.

زۆر جـاران دەوترێـت داهێنـان بەهرەیەکـی تایبەتـە، مـرۆڤ بـە ڕێگـەی جیـاواز هەوڵـی سـەلماندنی دەدات. یاخـود "داهێنـان توانـای کەسـێکە بـۆ بینینـی شـتێك، کـە کەسـانی تـر ناتوانـن ببینـن، ئـەو بەشـێوازێك سـەیری شـتەکان دەکات، کـە ئەوانـی تـر سـەیری

ناكـەن، بەشـێوازێكی تایبـەت و نـوێ سـەیر دەكات بەهـۆی سـیفەتی داهێنەرانـەی نـاوەوەی." (میـدون، ٢٠٢١، ١٨)، ئـەم بینینـە تایبەتـە، یـان سـەیركردنە جیـاوازە، بنەمـای بـەرەو پێشبردنـی جیهانـن.

بابەتـی داهێنـان بـە شـێوەیەكی گشـتی و لـە بـواری هونـەر و ئـەدەب بـە تایبەتـی بووەتـە بابەتێكـی گرنـگ و لەلایـەن زۆرێـك لـە نووسـەر و زانـا و ڕەخنەگرانـەوە قسـەی زۆر هەڵدەگرێـت. دەیـان پرسـیاری ئالـۆزی هێناوەتـە مەیدانـی گفتوگـۆ، بـۆ وێنـە، "ئایـا بۆچـی (پۆشـكین) لـە شـیعردا داهێنـەرە و (برێشـت) ی ئەڵمانـی لـە بـواری شـانۆدا بلیمەتـە چـۆن هەریـەك لـە (بتهۆڤـن) لـە مۆسـیقا داو (پیكاسـۆ) لـە وێنـە كێشـان و هونـەر بەگشـتی داهێنانـی خۆیـان نیشـانی سـەرتاپای جیهـان بـدەن و دنیـاش بـە داهێنانەكانیـان سەرسـام بكـەن؟! ئەگـەر داهێنـان تەنیـا بوارێكـی ژیـان بگرێتـە خـۆ، ئـەی دەبێـت لەگـەڵ كەسـانێكی وەكـو (داڤنشـی)دا چـی بگوترێـت، كـە لـە وێنەكێشـان و مۆسـیقا و كیمیازانـی و نـوژداری و پەیكەرتاشـی و لەهەمانكاتـدا لـە ئەندازیـاری كۆشـك و تـەلار و نەخشەكێشـانی شـەڕ و جەنگـدا بێهاوتابـووە؟! یاخـود هونەرمەندێكـی وەك: شـارلی شـاپلن كـە لـە بـواری نووسـین و نوانـدن و دەرهێنـان و مۆسـیقادا بلیمەتـی خـۆی بـە دنیـا سـەلماند" (رسـوڵ، ٢٠١٠، ٥-٦). ئەمانـە و چەنـدان نموونـەی دیكـە. لـە چوارچێـوەی تێگەیـشتن لـە بـوارە جیاوازەكانـی داهێنـان دەكرێـت بڵێیـن داهێنـان لوتكـەی هۆشـیاری و بیركردنـەوەی مرۆڤـە و گەورەتریـن دەسـكەوتە، كـە بەرەنجامـی ئەزمـوون و هەوڵـی كارەكـی هونەرمەنـد و ئەدیـب و زانایانـە. چونكـە ئـەوەی مـرۆڤ بـەرەو داهێنانێكـی تایبـەت دەبـات كۆشـش و سـود

وەرگرتنە لە ئەزموونە جیاوازەکان دواتر کارکردن و قوڵبوونەوەیە بۆ داهێنانی شتێکی نوێ.

سروشتی ژیان وایە؛ هەندێك كەس تەنیا سكاڵا دەكەن، بەڵام هەندێكی تر بەدوای چارەسەر دەگەڕێن. داهێنان لێرەوە سەرهەڵدەدات. کاتێك مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی شتێکی نوێ سەیری دەوروبەری دەکات، داهێنان دەبێتە بەشێك لەزەینی، ئەگەر سەیرکەین دەبینین هەموو ئامێرێك، هەموو پێشکەوتنێك، کە ئەمڕۆ هەمانە لە سەرەتادا بیرۆکەی کەسێك بووە بۆ چارەسەر کردنی گرفتێك، بۆیە "داهێنان بریتییە لە دۆزینەوەی چارەسەری گرفتەکان، یان کەڵك وەرگرتن لەو کەرەستانەی، کە لەبەر دەستدان بۆ پەیدا کردنی شتێکی نوێ و تازە، کە نەبووبێ" (السلیمان، ٢٠٠٧، ١١)، کەواتە داهێنان زیاترە لە تەنیا دۆزینەوەی چارەسەر، هەر بیرۆکەیەکی بچووك دەکرێت گەشە بکات و ببێتە داهێنانێکی گەورە. جیهان پێویستی بە بیرکردنەوەیە بۆ بەرەو پێشچوون، هەموو شتێکی گەورە لە هەنگاوێکی بچووك دەست پێدەکات، داهێنانیش بەرهەمی بیرۆکە و پەرەپێدانە. گومانی تێدا نییە هەر داهێنانێك چەندین هۆکار و پاڵنەری هەیە، کە دەبنە هاندەر بۆ سەرهەڵدان و بەردەوامی پرۆسەکە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم پێناسانەی پێشوو دەکرێت بڵێین: داهێنان واتا دروستکردنی شتێکی نوێ، کە پێشتر نەبووە، یان گۆڕانکاری و بەرەو پێشبردنی ئەوەی لەبەر دەستدایە بە شێوەیەکی جیاواز. ئەمەش دەتوانرێت لە هەر بوارێکدا بێت: وەك تەکنەلۆژیا، هونەر، زانست، بیرکردنەوە، یان هەرشتێکی تر بۆ ژیانی ڕۆژانە، کاتێك

مـرۆڤ داهێنـان دەکات ڕێگایـەك دەدۆزێتـەوە بـۆ بەرهـەم هێنانـی ئـەوەی لـە مێشـکی دایـە. داهێنـان تەنیـا بیرۆکـە نییـە، بەڵکـو ئەوەیـە بیرۆکەکـە بخەیتـە کارەوە و بیکەیـت بـە کەتـوار. داهێنـان دەبێتـە هـۆی گۆڕانـکاری و باشترکردنـی ژیانـی خەڵـك، بۆیـە دەتوانیـن بڵێیـن هـەر کۆمەڵگەیـەك داهێنانـی تێـدا بێـت، ئـەوا ڕێـگای گەشەسـەندن و بـەرەو پێشـچوون و پێشـکەوتنی دۆزیوەتـەوە دەتوانێـت داهاتوویەکـی گـەشتر بـۆ نەوەکانـی داهاتـوو دروسـت بـکات.

**١-٣/١) داهێنان لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە:**

داهێنـــان لـــە ڕوانگـــەی دەروونناســـییەوە چەمکێکـــی قـــووڵ و فـــرە ڕەهەنـــدە، بـــۆ بەرهەمهێنانـــی بیرۆکـــەی نـــوێ پەیوەنـــدی بـــە توانـــای مـــرۆڤ هەیـــە. وادەردەکەوێـــت داهێنـــان بەهرەیەکـــی بۆماوەیـی نییـە، بەڵکـو بەرهەمـی کارلێکـی نێـوان کەسـەکان، دۆخـی دەروونـی، ژینگـەی دەوروبـەرە. بـۆ بـاشتر تێگەیـشتن لـە پەیوەنـدی نێـوان داهێنـان و کاری هونـەری دەبێـت بگەڕێینـەوە بـۆ پەیوەنـدی ئـەدەب بـە دەروونزانییـەوە، چونکـە "پەیوەنـدی نێـوان ئـەدەب و دەروونزانـی ڕیشـەیەکی قـووڵ و دوور و درێـژی هەیـە، لەگـەڵ سـەرەتاکانی ئـەدەب و دەربڕینـە سـەرەتایەکانیدا یەکانگیـرە، ئـەدەب وەك دیاردەیەکـی دەروونـی و ئەقڵـی ڕەنگدانـەوەی ناخـی ئەدیبـان و هونەرمەندانـە، شـتە هەڵقوڵاوەکانـی نـاخ و قوڵاییەکانـی دەروونـە، بـەم پێیـە لایەنـی دەروونـی شـتێکی تۆکمەیـە لـە کاری ئەدەبیـدا، چونکـە شـیعر و ئەدەبیـات بزوێنەرێکـی دەروونییـە، کـە لـە مرۆڤـدا دەبێتـە هـۆی چێـژ و غـەم و کاری تێـدەکات و دەیوروژێنـێ هەندێـك جـار وادەکات ئیـرادە و کارێـك ئەنجامبـدات، ئـەو مەسـەلانەش دیسـانەوە کاری دەروونناسـانە و بـەو پێیـەش شـیعر و ئەدەبیـات مەسـەلەیەکی دەروونزانییـە" (ڕەسـووڵ، ٢٠١٢، ٧٣). ئەمـەش واتـا ئـەدەب و هونـەر تەنیـا دەربڕینێکـی ئاسـایی هونەرمەنـدان نیـن، بەڵکـو ئاوێنەیەکـی ڕوونـن تێیـدا دەروونـی مـرۆڤ نیشـاندەدەن، چونکـە کاتێـك نووسـەر یـان شـاعیر دەقێـك دەنووسـێت، بـە زمانـی هونـەر قسـەی دەروونـی خـۆی دەکات، ئـەو خـەون، تـرس،

خۆشەویستی و ناڕەحەتییەی لە قووڵایی دەروونیدا شاردراوەتەوە، لە ڕێگەی شیعر و چیرۆكەوە دەریاندەخات و دەیانكات بە بەرهەمێكی ئەدەبی. لەلایەكی ترەوە، كاتێك خوێنەر ئەم بەرهەمە ئەدەبییە دەخوێنێتەوە، تەنیا حەزێكی ئاسایی نییە بۆ خوێندنەوەی بەرهەمەكە، بەڵكو دەروونی خۆی تێیدا دەبینێتەوە.

بۆ نموونە زۆر جاران، كە كتێبێك دەخوێنینەوە هەست بە خۆشی یان خەم دەكەین، ئەمە پێمان دەڵێت ئەدەب توانیویەتی دەروونی تاكەكان ببزوێنێت، بۆیە ئەدەب و دەروونزانی لە خاڵێكدا یەكدەگرن و بەناو یەكدا دەچن كە دەروونی مرۆڤە، بەم شێوەیە بەهۆی ئەدەبیاتەوە دەتوانین باشتر لە خۆمان و جیهانی دەوروبەرمان بگەین. بۆ زیاتر ڕوونكردنەوەی پەیوەندی نێوان داهێنان و بواری دەروونی دەگەڕێینەوە بۆ یۆنانی كۆن، ئەفلاتوون و ئەرستۆ، وەك سەرەتایەكی گرنگ بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان داهێنان و دەروونناسی، بنەمایەكی پتەویان دامەزراند. "ئەفلاتوون لە گفتووگۆی (ئەیۆن)دا بەشێوەیەك لە شێوەكان باسی كاریگەری لایەنی دەروونی دەقی ئەدەبی بەسەر جەماوەردا كردووە. هەروەها ئەرستۆ لەباسكردنی تراژیدیادا دەڵێت: ڕووداوی وای تێدایە، كە بەزەیی و ترس دەوروژێنێ بەوەش پاكبوونەوە لەم دوو سۆزە دێتەدی، مەبەستیش لە پاكبوونەوە، پاكبوونەوەی دەروونە" (امین، ٢٠٠٩، ٤٢). كەواتە داهێنەری ڕاستەقینە ئەوەیە، كە بتوانێت وەك فەیلەسوفەكان باسیان كردووە، قووڵایی سۆز و هەستی مرۆڤ بجوڵێنێت و گۆڕانكاری دەروونی دروست بكات، لە ڕاستیدا پاڵنەرە

دەروونییەکان هۆکاری سەرەکی داهێنانن، ئەفلاتوون پێی وابوو، کە شیعر لە ئیلهامەوە سەرچاوە دەگرێت و ئەرستۆ بە ئامرازی پاککردنەوەی دەروونی دەزانی، دەتوانێت کاریگەری گەورەی لەسەر مرۆڤ هەبێت.

مرۆڤ لەوە تێگەیشتووە، باری دەروونی کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر داهێنان هەیە، چونکە هەست و سۆز دەتوانن پاڵنەری سەرەکی بن بۆ ئەفراندنی بەرهەمێکی نوێ. " ئەگەر سەیری بەرهەمەکانی (هێرمان هێسە) نووسەر و عاریفی هاوچەرخی ئەڵمانی بکەین، دەبینین هەموو ئەوکەسانەی لە چیرۆکەکانیدا دەردەکەون هەر یەکێك لە ڕەهەندەکانی دەروونی و کەسایەتی خودی ئەون، واتە یان لە ناڕێکی دەروونییەوە یان بە پێچەوانەوە لە ئارامی دەروونییەوە سەرچاوە دەگرێت" (فرزاد ، ٢٠٠٣، ٨٠). بە تێگەیشتن لە ژیانی نووسەر و خوێندنەوەی بەرهەمەکانی خوێنەر درك بەوە دەکات، ئەمە ڕەنگدانەوەی ناخی نووسەرە بەپێی بارودۆخی دەروونی خوێنەران ئەوانیش دەبنە بەشێك لە خودی چیرۆکەکە، وا هەست دەکات ئەوە چیرۆکی خۆیەتی کە دەیخوێنێتەوە، ڕاستییەکە و نکوڵی ناکرێت، باری دەروونی پاڵنەرێکی بە هێزی نووسەر بووە، هەمیشە بووەتە هۆکارێك بۆ بەرهەمهێنان و داهێنانی دەقی ئەدەبی و هونەری. لێرەوە ڕوانگەی چەند دەروونناسێك دەخەینە بەرباس بۆ قسەکردن لەبارەی پەیوەندی باری دەروونی بەداهێنانەوە.

**١-١-٣/١) ڕوانگـەی سیگمۆند فرۆید بۆ داهێنان:**

زانـــای ئەڵمانـــی ســـیگمۆند فرۆیـــد دكتۆرێكـــی دەروونـــی و بیرمەندێكـی دەروونـاس، دامەزرێنـەری قوتابخانـەی دەروونشـیكارییوو (١٨٥٦-١٩٣٩) كاتێــك پــەرەی بــە هەوڵەكانــی خۆیــدا لەبــارەی نەخۆشــییە دەمــارەكان، بــۆی دەركــەوت هەندێــك نەخۆشــی هــەن پەیوەندییــان بــە جەســتەوە نییــە، لــە كاتێكــدا زانســتی پزیشــكی ڕێنمایـی دەكـردن، كـە هەمـوو چارەسـەرێكییان لـە ڕێگـەی جەسـتەی نەخۆشــەوە بێــت. فرۆیــد كاتێــك زیاتــر دەچێتــە قووڵایــی ئــەم بابەتــەوە بــۆی دەردەكەوێــت " ئــەو نەخۆشــانەی توشــی نەخۆشــی هیــستری (hysterics) هاتبــوون، تیۆرییەكــەی ئــەوە بــوو كــە ڕەگ و ڕیشــەی كێشــەی ئــەم نەخۆشــانە شــتێكە پەیوەنـدی بــە دەروونــەوە هەیــە نــەك جەســتە" (یەعقووبــی، ٢٠٠٧، ١٧١). بــەم جــۆرە فرۆیــد زیاتــر خــۆی بــەرەو پێشــەوە بــرد، بــۆ ئــەوەی بیرۆكەكانــی خــۆی ســـەبارەت بـــە دەروونشـــیكاری بەتـــەواوی بســـەلمێنێت.

"فرۆیـد لـە ڕووی دەروونییـەوە بەراوردێـك لـە نێـوان هونەرمەنـد و نەخـۆش دەكات، پێـی وایـە لـە دیوێكـدا وێـك دەچـن و لـە دیوێكـی دیكەشـدا جیـاوازن، وێكچوونیـان ئەوەیـە هەردووكیـان لـە واقیعـی پـڕ ئەشـكەنجە هەڵدێـن و بـەرەو جیهانـی ئەندێشـە دەچـن، لەوێـدا مەیلەكانیـان لـە شـێوەی سـیمبۆلیدا ڕازی دەكـەن. جیاوازییەكەشـیان ئەوەیـە، كـە تەنیـا هونەرمەنـد دەتوانـێ بگەڕێتـەوە نێـو جیهانـی واقیـع و بـەكار و بەرهەمەكانییـەوە ڕووبـەڕووی جەماوەرەكـەی خـۆی ببێتـەوە، بـە ویـژدان و سـۆزەوە بەشـداری واقیعەكـەی خـۆی بـكات،

بـەلام ڕەفتـاری دەروون نەخـۆش مۆرکێکـی نیرگسـی و ناکۆمەڵایەتـی وەرگرتـووە، کـە وای لێـدەکات پەیوەنـدی بـە کەسـانی تـرەوە نەبێـت و بەشـداری ویژدانیشـیان لەگـەڵ نـەکات" (رسـوڵ، ٢٠١٠، ٥٣). ئەمـە بـەو مانایـە دێـت، هـەم هونەرمەنـد هـەم کەسـی نەخـۆش هەسـتی تووڕەیـی و ناڕەزایەتییـان هەیـە، لـە دژی سـەختی و ئازارەکانـی ژیانـی ڕۆژانـە، بـەڵام هونەرمەنـد توانیویەتـی لـە ڕێگـەی جیهانـی خەیـاڵ و ئەندێشـەوە چارەسـەرێك بـۆ کێشـەکانی بدۆزێتـەوە. بەداهێنانـەوە دەگەڕێتـەوە نێـو کۆمەڵگەکـەی هـەر ئەمەشـە ڕۆڵـی کۆمەڵایەتـی هونەرمەنـد ڕووندەکاتـەوە.

هەروەهـا فرۆیـد بـاوەڕی وابـوو "زەینـی مـرۆڤ لەسـێ بـەش پێکهاتـووە: خـود ئـاگا، نیمچـە ئـاگا و ناخـود ئـاگا. بـە بەشـی خـود ئـاگا چاڵاکییـە هۆشـیارییەکانی خۆمـان ئەنجـام دەدەیـن. بەشـی نیمچـە ئـاگا بەشـێکە لـە پارێـزراوە زەینییـەکان هەرچەنـدە بـە ڕواڵـەت لەبیرکـراون، بـەڵام دەتوانـن بگەڕێنـەوە بـۆ ئاسـتی هۆشـیاری. لـە بەشـی ناخـود ئاگای زەینـی خۆمـان بێئاگایـن، بـەڵام ئـەم بەشـە کاریگـەری لەسـەر کـردەوە و کردارەکانمـان هەیـە، بەچەنـد ڕێگەیـەك وەك حاڵەتـی بێهۆشـی، خـەون. لـە دەروونناسـی فرۆیـددا خـەون گرنگییەکـی تـەواوی هەیـە، هەندێـك جـار بەرهەمـی ئەدەبیـش دەبێـت وەك خـەون شـیبکرێتەوە و ڕاڤـەی بـۆ بکرێـت" (شمیسـا، ٢٠٠٠، ل٢١٩). فرۆیـد بـەم جـۆرە تیشـکی خسـتۆتە سـەر بەشـی (ناخـود ئـاگا) بەشـێکی شـاراوەی زەینـی مرۆڤـە، کـە کاریگـەری لەسـەر ژیانمـان هەیـە، هەرچەنـدە خۆمـان نایزانیـن. فرۆیـد دەڵێـت ئـەم بەشـە لـە ڕێگـەی خـەون و هەندێـك کاتیـش لـە ڕێگـەی هونـەر و ئەدەبـەوە خـۆی نیشـان دەدات. بـۆ نموونـە کاتێـك

خەون دەبینین، ئەوە دەرفەتێكە بۆ ئەوەی ئەو شتانەی لە قووڵایی زەینماندا شاراوەن بێنە دەرەوە. هەر بۆیە فرۆید گرنگی زۆری بە خەون داوە، هەوڵی داوە لێی تێبگات، چونكە وای دەبینێت خەون وەك دەرگایەكە بۆ چوونە ناو ئەو بەشە نهێنییەی زەینمان، كە دەربارەی خۆمان زۆر شتمان پێدەڵێت.

جگە لەوەش "فرۆید بۆ پشكنینی پەنهانی و گرێی كاری داهێنان، بڕوای وابووە كە پاڵنەرێك و فاكتەرێكی بنەڕەتی و سەرەكی لە ژیانی داهێنەر و بلیمەتاندا حەشار دراوە، كە ناكرێت نكوڵی لێبكرێت، كە بنەما و پرەنسیپەكانی ئەو حاڵەتەش دەگەڕێتەوە بۆ سەروەخت و سەردەمی منداڵی، كە لە بنیاتنانی كەسایەتی مرۆڤدا ڕۆڵێكی زۆر گرنگ دەگێڕێت" (ڕەسوڵ، ٢٠١٠، ١٨). لێكۆڵینەوە دەروونناسییەكان ئەوەیان پشتڕاست كردووەتەوە ئەزموونەكانی كاتی منداڵی بنەمای كەسایەتی مرۆڤ پێكدەهێنن، هەروەها زۆر جار بینیومانە هونەرمەندان لە ئازارەكانیان یان ئەزموونە قورسەكانیان ئیلهام وەردەگرن، وەك لە ژیانی زۆرێك لە شاعیرانی كورد بینیومانە، داهێنان لە زۆر حاڵەتدا وەك ئامرازێك بۆ دەركردنی هەستە نهێنییەكان و چارەسەری دەردە دەروونییەكان بەكارهاتووە. دوای ئەمانە "فرۆید دەرگایەكی كردەوە لەسەر ئاوێزانبوون و ئاوێتەبوونی ئەدەب و دەروونناسی لەگەڵ یەكتر، پێی وایە هونەر بەگشتی دیاردەیەكی دەروونییە وەكو ئەعساب و خەون دێن، بەو مانایەی كاری ئەدەبی كایە و مەیدانێكە بۆ هونەرمەند و ئەدیب هەتا باری دەروونی خۆیان لەو كایەیەدا دابڕێژن و دەریبخەن. هونەرمەند جیهانێك دەخوڵقێنێ لەناو هونەرەكەیدا هەتا بتوانێت

ئـارەزووە بەستراوەکانـی خـۆی تێیـدا دابنێـت" (عەبـدوڵا، ٢٠١٣، ١٥). بـەو مانایـە دێـت، کـە فرۆیـد لـە نێـوان دەروونناسـی و ئەدەبـدا پەیوەندییەکـی بەهێـز دەبینێـت، بـەڕای ئـەو هونـەر و ئـەدەب شـتێکی دەروونیـن، واتـە هەمـان سروشـتی نەخۆشـی دەروونـی و خەونـن، کاتێـك شـاعیرێك شـیعر دەنووسـێت یـان نووسـەرێك چیـرۆك دەنووسـێت، ئـەوان وەکـو کەسێکی نەخـۆش وان، کـە لـە نێـو خۆیـدا دەنگێـك هەیـە دەیەوێـت دەریبـکات، جـا لەجیاتـی ئـەوەی بـە قسـەکردن یـان هـاوار ئـەم دەنگانـە دەربکـەن، لەڕێگـەی هونـەر و نووسـینەوە دەریدەکـەن.

فرۆیـد، شۆڕشـێك لـە تێگەیشـتنی بـۆ دۆخـی دەروونـی دروسـت کـرد. "وەك زۆرێـك لەبیرمەنـد و فەیلەسـوفەکانی دیکـە کاریگـەری بەسـەر قوتابخانـە ئەدەبییـەکان و بەسـەر ئاسـۆی بیرکردنـەوە و بەسـەر زمانـی نوسـین و داهێنانـەوە هەبـووە" (حسـەن، ٢٠٢٤، ١٧٨). ئـەم بیرمەنـدە لـە ڕێگـەی قووڵبوونـەوە لـە فەلسـەفەی نووسـین و ڕەخنـەی ئەدەبیـدا، ڕێچکـەی بـۆ خوێندنەوەیەکـی نـوێ کردووەتـەوە. کاریگەرییەکانـی لەسـەر قوتابخانـە ئەدەبییـەکان ڕەنگـی داوەتـەوە، لـە ڕاسـتیدا ئـەو تەنیـا بیرمەندێـك نەبـووە، بەڵکـو هەڵگـری پەیامێکـی داهێنەرانـە بـووە، کـە ئاسـۆی نووسـین و داهێنانـی بەرفـراوانتر کـردووە.

فرۆیـد، پـەردەی لەسـەر پەیوەندیـی شـاراوەی نێـوان دەروون نەخۆشـی و داهێنـان هەڵداوەتـەوە، بـە چاوێکـی نـوێ سـەیری دەکات. پـێمان دەڵێـت ئـەو دیاردەیـەی ئێمـە بـە داهێنـان نـاوی دەبەیـن، لەڕاسـتیدا خـۆ دەربازکردنـە لـە حالەتێکـی دەروونـی. "دەروونشـیکاری فرۆیـد دەڵـێ ئـەوەی هونەرمەنـدە دەروون نەخۆشـە، سـەرەڕای ئەمـە بەپێچەوانـەی زۆربـەی دەروون نەخۆشـەکانی تـر ، هونەرمەنـد لـە چنـگ

زۆربەی نیشانەکانی دەرکەوتنی ئەم نەخۆشییە ڕزگاری دەبێت و لە سۆنگەی ئەوەی کە لە داهێنانی هونەری خۆیدا ڕێگەی گەڕانەوە بۆ لەشساغی و تەندروستی خۆی دەدۆزیتەوە، ئاکام و بەرهەمەکانی دەروون نەخۆشی بنبڕ دەکات. (یەعقووبی، ٢٠٠٧، ١٨١)، واتە فرۆید پێی وایە هونەرمەند دەروونی نەخۆشە، بەڵام هەر ئەو نەخۆشییە دەبێتە سەرچاوەی داهێنان کاتێك هونەرمەند وێنەیەك دەکێشێت یان شیعرێك دەنووسێت، ئەو لە ڕاستیدا خۆی چارەسەر دەکات زۆربەی خەڵکی دەروون نەخۆش ئازار دەچێژن، بەڵام هونەرمەند ئەو ئازارە دەگۆڕێت بۆ هونەر و جوانی و داهێنان. ئەو پێی وابوو هونەرمەندان لە ڕێگەی داهێنانەوە، ئەو ئارەزووانە دەردەبڕن، کە لە دنیای واقیعدا ناتوانن بیانهێننەدی.

لە ئاراستەیەکی دیکەوە "بیروڕای فرۆید بەرانبەر هونەرمەند و بلیمەت ئەوەبووە، ئەو کەسانە هەست بەگرێی کەم و کوڕی و خۆپەرستی و تێکچوونی هاوسەنگی باری دەروونی و کپبوونەوەی ئارەزووە سێکسییەکانی ژیانی واقیعییان دەکەن، لە کێشەیەکی وەهمیدا ژیان دەبەنەسەر بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووەکانی لە واقیع هەڵدێن، پەنا دەبەنەوە بەر کاری داهێنان و خوڵقاندن لە بواری ئەدەب و هونەردا" (ڕەسول، ٢٠١٠، ١٦). ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەستکردن بە کەموکووڕی دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەکی بەهێز بۆ داهێنانی ئەدەبی بۆ شاعیران. ئەم هەستە دەبێتە پاڵنەر بۆ ئەوەی لە ڕێگەی شیعر و وشەوە ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە، کە لە ژیانی ڕاستەقینەیاندا هەستی پێ دەکەن. ئەو ئازارە پەنگخواردووەی لە ناخی شاعیر و نوسەراندا هەن دەبنە هۆکارێك، کە داهێنان

بەرهەمەکەیەتی. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە شاعیران چۆن توانیوویانە لە گەورەترین فشارە دەروونییە کەسییەکانەوە بەرزترین و کاریگەرترین دەقی ئەدەبی و هونەری بنیات بنێن.

ئەزموونی سەختی و کەموکووڕی، زۆر کات زەمینەسازیکی باشبوون بۆ سەرهەڵدانی داهێنان لە کۆمەڵگەدا، دەبینین "پەیوەندی نێوان واقیع و داهێنان پەیوەندییەکی ڕەگدارە لەبەر ئەوەی داهێنەر ناتوانێت شتێك لەدەرەوەی واقعی خۆی پێشکەش بکات. هەژاری لەوانەیە ئەدیب بەرەو قۆناغێك لە قۆناغەکانی داهێنان پاڵ پێوە بنێت، یان هەستکردن بە کەموکوڕی، یان نەخۆشییەك ئەدیب بەرەو هۆکارەکانی داهێنان پاڵ پێوە بنێت، لەوانەیە ئازاری شاعیر، یان ئەدیبی هەژار بەشێوەیەکی کاریگەر بەرجەستە بێت بەهۆی ئارەزووی بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەم ئازارەدا، زۆرێك لە ئەدیبە کۆن و نوێیەکان لەم دنیایە ژیاون هیچیان نەبووە. "ئیلیا ئەبو مازی" هەژاری تا دوا ساتەکانی تەمەنی بەرۆکی بەرنەدا یان گەورە شاعیری تونس (ئەبوقاسم الشابی) نەخۆشی لەگەڵ ژیانیدا بوو" (ئەلسوەیغ، ٢٠٢٢). دەگەین بەو ڕاستییەی داهێنەر هەرچەندە خەیاڵی بێت، ناتوانێت شتێك پێشکەش بکات کە لە دەرەوەی واقیعی خۆی بێت. هەژاری، وەك حاڵەتێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی زۆرجار بووەتە ئەو پاڵنەرە بەهێزەی داهێنەر، لای کەسانێك هەژاری و نەبوونی تەنیا کۆسپ نین، بەڵکو هاوکات دەبنە ئەو سەکۆیەی داهێنەر لێوەی بەرزدەبێتەوە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەژاری یان کەموکووڕییەکی تر، دەتوانێت ببێتە یەکێك لە بزوێنەرە سەرەکییەکانی داهێنان.

**٢-١-٣/١) ڕوانگەی کارل گوستاف یۆنگ بۆ داهێنان:**

یۆنـگ (١٨٧٥-١٩٦١) دەروونناسـێکی سـویسری بـوو لـە دوای (فرۆیـد) هەندێـك بۆچوونـی بـۆ دەروونشـیکاری زیـاد کـرد، لەکاتێکـدا فرۆیـد بایەخێکـی زۆری بـە غەریـزەی سێکسـی دەدا و بـە پاڵنـەری سـەرەکی پرۆسـەی داهێنانـی دەزانـی لای هونەرمەنـدان، هەرچەنـدە "یۆنـگ چەشـنی فرۆیـد بـاوەڕی بـە ئاسـتی بـێ ئـاگای لـە کەسـایەتی مرۆڤـدا هەبـووە، کـە داهێنانـە هونەرییـەکان لێیـەوە سـەرچاوە دەگرێـت، بـەڵام زاراوەیەکـی دیکـەی خستەسـەر ئـەو زاراوەیـەی، کـە بەبـێ ئاگایـی تاکەکەسـی لای فرۆیـد ناوبانگـی دەرکردبـوو، ئەویـش زاراوەی بـێ ئاگایـی گشـتی (Collective unconscious) یـە، کـە بەسـەرچاوەی پرۆسـەی داهێنانـی دادەنێـت، مەبەسـتیش لـەم زاراوەیـە هەمـوو ئـەو ڕەمـز و بیـرەوەری و ئەزمـوون و بیـرە ئەبستراکتانـەی مرۆڤایەتـی دەگرێتـەوە، کـە نـەوە بـۆ نـەوە بەبـێ ئاگاییـەوە دەگوازرێنـەوە" (امیـن، ٢٠٠٧، ٤٨). ئـەم تیـۆرەی یۆنـگ پێشـکەوتنێکی گرنگـە بـۆ تێگەیـشتن لـە داهێنـان، چونکـە یارمەتـیمان دەدات بزانیـن بۆچـی هەمـوو مرۆڤێـك بـە شـێوەیەکی سروشـتی لەگـەڵ هەندێـك ڕەمـز و وێنـەی دەروونییـەوە نزیکـی و پەیوەسـت بوونیـان هەیـە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەم ڕێبـازە زۆر گشـتگیرە و ناتوانیـن ڕوونکردنـەوەی تـەواو بـۆ جیـاوازی و تایبەتمەندییەکانـی هـەر هونەرمەندێـك بدەیـن، بۆیـە پێویسـتە لەگـەڵ تیۆرەکانـی دیکـە لـە بوارەکانـی دەروونناسـی کۆمەڵایەتـی و زانسـتە مرۆڤایەتییەکانـدا یەکبخرێـت، بـۆ ئـەوەی لێکدانەوەیەکـی دروسـتتر بـۆ پرۆسـەی داهێنـان بکرێـت.

یۆنـگ باسـی کۆنەسـت دەکات، کـە بەشـێکی قووڵـی ناخـی مرۆڤە زۆر شـتی تێـدا شـاراوەیە. ئاشـکرای دەکات، کـە لـەو بەشـەدا کۆمەڵێـك شـت هـەن هەمـوو مرۆڤـەکان تێیـدا هاوبەشـن "یونـگ بـاوەڕەی بـە دووجـۆر نەسـت هەبـوو، نەسـتی گشـتی میراتێکـە لەژیانـی مێـژووی ڕابـردوو، لـە ژیانـی بـاب و باپیـران و تەنانـەت لـەو سـەردەمانەی، کـە مـرۆڤ لـە قۆناغـی ئاژەڵیـدا دەژیـا، بۆیـە دەگاتـە ئاسـتی یـادەوەری نـەژادی نەسـت، بـەم شـێوازە هونـەر و ئەدەبیـات لـە ڕێگـەی (ئارکیتایپەکانـەوە) بـە مێـژووی کۆنـی هەمووتاکەکانـی مرۆڤایەتـی دەبەسترێتـەوە، هـەر خوێنەرێـك بـە شـێوەیەك خـۆی لـە نەسـتدا دەبینێتـەوە، هەمـوو خەڵـك لـە نەسـتی گشـتیدا هاوبەشـن. وەك: خـەون، وەهـم و خەیاڵپـەروەری لەشـێوەی هونـەر و ئەدەبیـات خۆیـان بـە ئێمـە نیشـان دەدەن و کاریگەرییـان لـە سـەرمان هەیـە" (شمیسـا، ٢٠٠٠، ٢٢٦،٢٢٧). وێنـە کـۆن و سـەرەتاییەکان، کـە هەمیشـە لەگەڵمانـدان ئـەوان بەشـێکن لـە میراتـی هاوبەشـی مرۆڤایەتـی، کـە هەمومـان لـە ناخمانـدا هەڵمانگرتـوون، کاتێـك نووسـەرێك دەنووسـێت، یـان هونەرمەندێـك کارێـك دەکات، بـە بـۆ چوونـی یۆنـگ لـەم سـەرچاوە ئیلهـام وەردەگرێـت. بـەم شـێوەیە داهێنـەر تەنیـا ئەزموونـی خـۆی بـەکار نابـات، بەڵکـو پەیوەنـدی لەگـەڵ ئەزموونـی لـە پێشـینەی هەمـوو مرۆڤایەتـی دروسـت دەکات، بۆیـە ئـەو کەسـانەی دەتوانـن پەیوەنـدی لەگـەڵ ئـەم هێـزەدا دروسـت بکـەن، بەرهەمەکانیـان لـە هـەر سـەردەمێکدا بـێ کاریگـەری خۆیـان دەبێـت.

هونـەر بـەلای یۆنگـەوە پەیامێکـە لـە قووڵایـی نەسـتی گشـتییەوە دێـت و لـە ڕێگـەی هونەرمەنـدەوە خـۆی دەردەخـات "یۆنـگ پێـی وایـە هونـەر دەربڕینێکـی تاکـە کەسـی نییـە، بەڵکـو دەربڕینێکـی

گشـتییە، بـە دیـاری كـراوی دەربڕینـە لـە كـۆگای نەسـتی كۆمەڵایەتـی، پێـی وایـە هونەرمەنـد لـە داهێنانەكەیـدا گوزارشـت لـە خـودی خـۆی نـاكات، بەڵكـو لــە نەســتی گشــتی دەكات، واتــە مانــای بەرهەمــی هونــەری دەبێــت لــە ئارەزووەكانــی كۆمەڵگــە و نەســتی بدۆزرێتــەوە نــەك لــە ئارەزووكانــی خــودی تاكــە كەســیدا، هونەرمەنــد لای یۆنــگ تەنیــا ئامرازێكــە نەســتی گشــتی بــەكاری دەهێنێــت، كــە كۆنترۆڵــی جۆرەكانـی ڕەفتـاری مـرۆڤ و پراكتیكەكانـی دەكات، لەوانـەش پراكتیكـی هونـەری" (بوعـز، ٢٠١٠). كەواتـە لـە دیـدی یۆنگـدا هونەرمەنـد تەنیـا پردێكـە كـە نەسـتی گشـتی لـە ڕێگەیـەوە خـۆی نیشـان دەدات. ئـەم بۆچوونـە هونـەر لـە چوارچێـوەی تاكەكەسـەوە دەردێنێـت و دەیخاتـە نـاو جیهانێكـی فـراوانترەوە، كـە هەمـوو مرۆڤایەتـی تێیـدا بەشـدارە، بۆیـە ئەگـەر سـەیركەین دەبینیـن داهێنـان كردەیەكـی مـەزنترە لـە كاری ئاسـایی، چونكـە هونەرمەنـد دەبێتـە دەرخـەری ئـەو دەنگـە شـاراوانەی لـە قووڵتریـن شـوێنی ناخـی هـەر مرۆڤێكـدا هـەن. دوای تێپەڕبوونـی مێژوویــك بەســەریاندا هێشــتا دەتوانــن كاریگەربــن، داهێنــەری ڕاسـتەقینە ئـەو كەسـەیە، كـە ئـەم دەنگـە دەگەیەنێـت، نـەك ئـەوەی تەنیـا هەسـتی خـۆی دەردەبڕێـت.

**٣/١-١-٣) ڕوانگەی ئەلفرێد ئەدلەر بۆ داهێنان:**

ژیان ئەو ڕێگایەیە، کە هەر تاکێك هەوڵ دەدات مانای پێبدا و ئامانجی خۆی تێدا بدۆزێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە، "تیۆری ئەلفرێد ئەدلەر (١٨٧٠-١٩٣٧) دامەزرێنەری دەروونناسی تاکەکەسی، تیۆرێکی گشتگیرە، کە تاك وەك بوونەوەرێکی بیرکەرەوە، هەستیار، داهێنەر، چالاك و کۆمەڵایەتی دەبینێت. لەبەر ئەوە هەر تاکێك هێزێکی داهێنەری هەیە بۆ جووڵە و بەرەو پێشەوەچوون، پەیوەندی کردن، بەشداری کردن و سوودبەخشبوون بۆ کەسانی دیکە، تیۆری ئەدلەر تیۆری جوڵەیە، ئامانجی تواناندانە بە گەشەکردن و گۆڕانکاری و پەرەسەندن" (Lavon,Shifron,2020,1). دەبینین داهێنان لە ڕوانگەی ئەدلەرەوە تەنیا پەیوەست نییە بە بەرهەمهێنانی شتێکی نوێ، بەڵکو پەیوەستە بە توانای تاك بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەی باشتر بۆ بەربەستەکانی ژیان و گۆڕینی ژیانی خۆی بەرەو ئامانجە کەسییەکانی. ئەم پرۆسە داهێنەرانەیە دەبێتە هۆی گەشەکردنی تاك و دروستکردنی کەسایەتییەکی کاریگەر بۆ کۆمەڵگەکەی. دەکرێت بڵێین بوونی کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی بەپێی تیۆری ئەدلەر، هۆکارێکی گرنگە لە پرۆسەی داهێنان، تاك لە ڕێگەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانییەوە هەوڵ دەدات ڕۆڵی خۆی بگێڕێت و هەست بە بەهای خۆی بکات. ئەمەش پاڵنەرێکی سەرەکییە بۆ گەشەکردن و بەرەو پێشچوون، هەر تاکێك دەتوانێت چارەنووسی خۆی لە ڕێگەی داهێنان و کاری کۆمەڵایەتییەوە دیاری بکات.

ئەدلەر وەك دەروونناسێکی سەرکەوتوو لەسەر تیۆری "هەستی

خۆبەكەمزانیــن" كاری دەكــرد، لــەم بــوارەدا ســەركەوتنی گــەورەی بەدەســتهێناوە، تاوەكــو ئێســتاش تیۆرەكــەی كاری پێدەكرێــت، چونكــە بەخــۆی لــەڕووی جەســتەییەوە كەســێكی نەخــۆش و نابــووت بــووە، بۆیــە تیۆرەكــەی لــە ناخــی خۆیــەوە هەڵقــوڵاوە و بەســەر شــاعیر و بەهرەمەنــدە كــەم ئەنــدام و نەخۆشــەكانی پراكتیزەكــرد.

بـۆ بـاشتر تێگەیـشتن لـەم تیـۆرەی ئەدلـەر دەگەڕێینـەوە بـۆ جیـاوازی بۆچوونــی لەگــەڵ فرۆیــد چونكــە، "ئەدلــەر لــە بیرۆكــە یــان غەریــزەی حەزكــردن لــە خــۆ بەدەرخــستن بــۆ قەرەبووكردنــەوەی هەســتكردن بەكەمــی لەگــەڵ فرۆیــد هاوڕایــە، بــەڵام لەناوەڕۆكــدا لەگەڵــی هــاوڕا نییـە و لێـی جیـاوازە. لەكاتێكـدا فرۆیـد وای دەبینێـت هونـەر و داهێنـان تەنیـا قەرەبـوو كردنەوەیەكـی دەمامـك دارانـەی چەپاندنـی سێكسـین، یـان جۆرێكـن لـە خـۆ خاڵـی كردنـەوە لـە پێنـاو گونجـان لەگـەڵ دەرەوە و خـۆ لادان لـە نەخۆشـی دەروونـی، ئەدلـەر پێـی وایـە گرێـی سێكسـی بـە هەمـوو دیـاردە و پێكهاتەكانییـەوە بـە ئەنـدازەی گرێـی هەسـتكردن بەكەمـی سـەركەوتوو نییـە لـە لێكدانـەوەی داهێنانـدا، چونكـە داهێنـان لای داهێنــەر هەوڵێكــی قەرەبووكارییــە بــۆ پڕكردنــەوەی هەســتكردن بــە كەمــی" (صلیــوە، ٢٠١٣، ٨٤). كەواتــە دەكرێــت بڵێیــن ئەدلــەر لــە تیۆرەكەیــدا ســەبارەت بــە هونــەر زیاتــر گرنگــی بــە پێشخســتنی كەســایەتی و گەشــەپێدانی دەدات، نــەوەك تەنیــا شــێوەیەك بێــت بــۆ دەرچــوون لــە گرێــی دەروونــی. ئەمــەش واتــای ئەوەیــە هونەرمەنــد لــە دیــدی ئەدلــەر، بــە مەبەســت هــەوڵ دەدات بــۆ دروســتكردنی هاوســەنگییەك لــە ژیانیــدا، بــەڵام بەپێچەوانــەوە فرۆیــد وای دەبینــی هــۆكاری داهێنــان تەنیــا خــۆ بەتاڵكردنەوەیەكــە بــۆ دابەزاندنــی فشــاری

دەروونــی. بــە واتایەکــی تریــش، ئەدلــەر داهێنــان وەك پرۆســەیەکی بەرهەمهێنــەر و پێشــکەوتنخواز دەناســێت، کــە مــرۆڤ لــە ڕێگەیــەوە دەتوانێــت بــە ئامانجەکانــی بــگات، بۆیــە تەنیــا دەرئەنجامــی ســادەی چەپاندنــی ئــارەزووەکان نییــە.

ئەدلـەر، کـە باس لە گرێی دەروونی دەکات، ئامـاژە بەوە دەکات گرێی خۆبەکەمزانـی کاتێـك سـەرهەڵدەدات، کـە تـاك هەسـت بـە کەمتربوونـی خـۆی دەکات ئەمـەش لـە کۆمەڵێـك بارودۆخـی جیـاوازدا ئـەم هەسـتە دروسـت دەبێـت "بـە بۆچوونـی ئەدلـەر، گرێـی خۆبەکەمزانـی لەوکاتـەوە دروسـت دەبێـت، کـە مـرۆڤ هەسـت بـە کەمـی و نزمـی خـۆی دەکات لە بەرانبـەر کەسـانی دیکـە، وەك حاڵەتـی منـداڵ بەرانبـەر گـەورەکان، یـان جەسـتە بچووکـەکان بەرانبـەر جەسـتە گـەورەکان، ئەمـەش لەوانەیـە بـۆ چەنـد هۆکارێـك بگەڕێتـەوە، وەك ناتـەواوی ئەندامێـك، یـان بارودۆخـی کۆمەڵایەتـی و ئابـوری، هەروەهـا دەبێتـە هـۆی خولقاندنـی جۆرێك لە خۆ پەرسـتی بـۆ ئـەوەی بتوانێت ڕووبـەڕووی حاڵەتـی خۆبەکەمزانـی ببێتەوە. ئەدلـەر پێـی وایـە مـرۆڤ چەندیـن جـۆر لـە گرێـی خۆبەکەمزانـی هەیە و لەوانەیـە کۆمەڵایەتـی بێـت و خـۆی بە پەسـت دەزانـێ، ناچاریشـە لەگەڵ گـرووپ بژیـێ، ڕەنگـە ببێتە هـۆی دەرکەوتنـی حاڵەتی توورەیـی و هێرش، یـان تـوش بوون بە نەخۆشـی دەروونی، هەروەها ئەدلـەر پێی وایە ئەدیب کاتـێ بەرهـەم دەهێنێـت گوزارشـت لـە گرێـی کەمـی دەکات، ئەمـەش لەڕێگـەی تێکۆشـانی بەردەوامـی بـۆ تێپەڕاندنـی هەمـوو ڕێگرییـەکان" (الطالـب، ١٩٩٣، ١٣٧). هەرچەنـدە گرێـی کەمـی سـەرەتا وەك نەخۆشـی یـان کێشـەیەکی دەروونـی پێناسـە کـراوە، بـەڵام لـە ڕوانگـەی ئەدلـەرەوە، دەکرێـت ببێتـە هۆکارێکـی بەهێـز بـۆ داهێنـان و بەرەوپێشـچوون.

پێـی وایەكاتێـك مـرۆڤ هەسـت بـە كەمـی دەكات، خۆپەرسـتییەك تێیـدا دروسـت دەبێـت، كـە پاڵـی پێـوە دەنێـت بـەرەو قەرەبووكردنەوەی ئـەم كەموكوڕییـە لـە جیهانـی ئـەدەب و هونـەردا، زۆر لـە داهێنـەران هەوڵیـان داوە لـە ڕێگـەی بەرهەمەكانیانـەوە، ئـەو كەمییـەی هەسـتیان پێكـردووە قەرەبـوو بكەنـەوە. وەك ئەدلـەر پێـی وایـە، ئەدیـب كاتێـك بەرهـەم دەهێنێـت، لـە ڕاسـتیدا گوزارشـت لـە گرێـی كەمـی خـۆی دەكات، هەوڵـی پڕكردنـەوەی ئـەو بۆشـاییە دەدات، كـە لـە ناخـی خۆیـدا هەسـتی پـێ دەكات.كەواتـە گرێـی كەمـی لای بەشـێك لـە مرۆڤـەكان نابێتـە ڕێگـر، بەڵكـو هاندەرێكـی زۆر بـاش و بەهێـزە بـۆ داهێنـان. دەبینیـن ئـەو كەسـانەی، كـە هەسـت بـە كەمییـەك دەكـەن، زۆرجـار بـە شـێوەیەكی نائاسـایی هەوڵـی سـەركەوتن دەدەن بـۆ ئـەوەی خۆیـان بسـەلمێنن. بۆنموونـە: ئـەدەب و هونـەر دەبنـە كەرەسـتەیەكی گرنـگ بـۆ دەربڕینـی ئـەم هەسـتە و گۆڕینـی بـۆ بەرهەمێكـی كاریگـەر كـەوا جێـگای ڕەزامەنـدی خەڵـك بێـت.

لێـرەوە دەكرێـت بڵێیـن شـاعیرانی كـورد بەهـۆی نەبوونـی دەوڵەتێكـی سـەربەخۆ ئـەم هەسـتەیان لا دروسـتبووە، هاتـوون لـە ڕێگـەی هونـەرەوە هەوڵـی پڕكردنـەوەی ئـەم هەسـتەیان داوە، چونكـە نەبوونـی دەوڵـەت چەندیـن لێكەوتـەی نەرێنـی جیـاوازی لەسـەر تـاك هەیـە. هـەر یەكێـك لەمانـە بـوون بـە گرێـی دەروونـی بـۆ شـاعیران، بـەڵام ئـەم گـرێ دەروونییـە نەیتوانیـووە لاوازیـان بـكات و كپیـان بكاتـەوە، بەڵكـو بۆیـان بووەتـە هێزێكـی پاڵنـەر بـۆ ئـەوەی لـە بـواری هونـەر و ئەدەبـدا داهێنـان بكـەن.

# بەشی دووەم

## پەیوەندی بێدەوڵەتی بە پرسەکانی ناسامە، پەنابەرێتی و خاك

شیعر وەکو یەکێك لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی مرۆڤ، هەمیشە پەیوەندی لەگەڵ دۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی هەبووە. دەکرێت بڵێین، پەیوەندی بێدەوڵەتی بە پرسەکانی ناسنامە، پەنابەری و خاك، بووەتە یەکێك لە گرنگترین بابەتەکان لای شاعیران، چونکە لێکەوتەکانی بێدەوڵەتی کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر شاعیران هەیە، وا دەکات شیعرەکانیان بە ئاراستەی ئەم بابەتانە بنووسن، کە گوزارشت لە دۆخی ڕاستەقینەی ژیانی نەتەوەکەیان دەکات. کاریگەری ئەم پرسانە لەسەر شاعیران جگە لە ناوەڕۆك گۆڕانکاری لە شێوازی زمانیشیان دروستکردووە. کەواتە پەیوەندی بێدەوڵەتی لەگەڵ داهێنانی شیعری پەیوەندییەکی بەیەکەوە بەستراوە، وایکردووە شیعر ببێتە ئامرازی بەرگری بۆ پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ. هەوڵدەدەین لە خوارەوە ڕەنگدانەوەی هەریەك لەم پرسانە کە دۆخی بێدەوڵەتی دروستی کردووە لە شیعری شاعیران "جگەرخوێن، هێمن و پەشێو" بەوردی شرۆڤە بکەین.

**١/٢) نەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی وەك هۆكاری داهێنانی شیعر لای شاعیرانی كورد:**

شاعیرانی كورد مێژوویەكی تاڵییان ئەزموون كردووە، بە دابەشكرانی جوگرافیای نەتەوەكەیان بۆ سەر چەند وڵاتێك، ناسنامەیەكی یەكگرتوو و سەربەخۆیان نەبووە. نەبوونی ناسنامەش لای شاعیران بووەتە گرنگترین سەرچاوە و پاڵنەر بۆ بەرهەمهێنانی دەقە شیعرییەكانیان. لە بەرهەمەكانی شاعیرانی كورد، ئەم بۆشاییەی نەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی دروستی كردووە، برینێكە بەردەوام ئازارییان دەدات، بۆیە شاعیران شیعرییان كردووە بە ئامراز بۆ دەربڕینی ئەم هەستەیان لە دژی ئەو واقیعە تاڵەی كوردی تێدا ژیاوە.

لای ئەم شاعیرانە، شیعر تەنیا هونەر نەبووە، بەڵكو ئامرازێك بووە بۆ پارێزگاری لە زمان و كەلتوور و ناسنامەی نەتەوەیەك، نەبوونی ناسنامە وای كردووە، شاعیران هەست بە بەرپرسیاریەتییەكی گەورە بكەن بۆ نووسینی شیعر، چونكە پێیان وابووە نەبوونی ناسنامە لە ڕووی سیاسییەوە، دەبێت بەجۆرێكی دیكە قەرەبوو بكرێتەوە، بۆیە ئەدەب و هونەر دەكەن بە چەكێك بۆ پارێزگاری لە ناسنامە و دەنگ و هیوای نەتەوەیەكی بێ وڵات. نەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی، بۆ داهێنانی شیعر سەرچاوەیەكی گرنگ بووە ، ئەوان لە ڕێگەی شیعرەوە توانیویانە ئەم بۆشاییە بكەنە بنەما بۆگەیاندنی ئازار و ناساندنی كورد بە جیهان، كە نەتەوەیەكە خاوەنی شوێن و پێگەی تایبەتی خۆیەتی.

## ١-١/٢) نەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی وەك هۆكاری داهێنانی شیعر لای جگەرخوێن:

جگەرخوێن[١] شاهیدی دابەشبوونی نەتەوەكەی بووە، بەسەر چوار دەوڵەتی داگیركەردا، كە هۆكار بووە بۆ نەبوونی ناسنامەیەكی نەتەوەیی سەربەخۆ. كاتێك نەتەوەیەك دەوڵەتێكی سەربەخۆی نەبوو، دامەزراوەی فەرمی و چوارچێوەی یاسایی و سیاسیشی بۆ سەلماندن و پاراستنی ناسنامەكەی نابێت. بەشی هەرە زۆری شیعرەكانی جگەرخوێن هەستی بێ ناسنامەیی و كوردایەتی و خۆشەویستی بۆ نیشتمان دەردەبڕن، چونكە لە كۆمەڵگەی نەتەوەیەكی بێناسنامەن. شاعیر هەوڵیداوە لەڕێگەی هونەرەوە بیروباوەڕی نەتەوەیی بپارێزێت، بۆیە دەتوانین بڵێین نەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی پاڵنەری بەرهەمهێنانی شیعر بووە لای جگەرخوێن، هاوكات ناوەڕۆكی شیعرەكانیشی بەهێزتر كردووە. هەروەها كێشەی بێدەوڵەتی سەرچاوەی ئازاردانی جگەرخوێن بووە، ئەو وەك شاعیرێكی نیشتمانپەروەر، هەستی بەم كەموكوڕییە كردووە، هەر ئەمەش هۆكاری داهێنانی چەندین شیعری نموونەیی

(١) جگەرخوێن: شێخ مووس حەسەن موحەمەد محموود، لەساڵی( ١٩٠٣) لە گوندی حەسار سەر بەناوچەی ماردین لەدایك بووە، دوای ئەوەی دەستی بەنوسینی شیعر كردووە، نازناوی ئەدەبی لە مەم و زینی ئەحمەدی خانی وەرگرتووە، لەكۆتایی شیعری ( ئەز و گوندێ حەسارێ) بەم شێوەیە دەڵێت: ژچیرۆكا مەم و زین---- ناڤێ خوە كر جەگەرخوین. بەرهەمەكانی بریتین لە ١١ دیوان. "ئاگرو برووسك، سەورا ئازادی، كیمە ئەز، ڕوناك، زەند ئاڤیستا، شەفەق، هیڤی، ئاشتی، سالار و میدیا، شەرەفنامەیا مەنظووم، خوەشخوان، لەگەڵ فەرهەنگوكا دیوانا جەگەرخوین" شاعیر دواجار لە وڵاتی سوێد لە ساڵی ١٩٨٤ كۆچی دوایی كردووە. ( دیوانا ئاگر و برووسك، ٢٠٢١، لا ٧ -٨).

بووە لەسەر بابەتی نیشتمان، ئازادی، پێشکەوتن، هۆشیاری و ناسنامەی نەتەوەیی. ئەو شیعری وەك ئامرازێکی بەرگری بۆ پارێزگاری لە کەلتوور و ناسنامە بەکارهێناوە.

ئەم بەرهەمەی جگەرخوین لە قوولایی ئازاری نەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی و سەربەخۆیی سەرچاوەی گرتووە. شاعیر وەك تاکێکی برینداری نەتەوەکەی دەردەکەوێت، خەون بە سەربەخۆیی و ناسنامەی فەرمی نەتەوەکەی دەبینێت. لەشیعری (سەر خوەبوون) دا:

برا زانبە پڕ خوەشە سەرخوەبوون
ب دەستێ وەیە هاتن و تەڤ هەبوون...
خوەدی دەولەت و لەشکەر و پەرلەمان
خوەدی ناڤ و نیشان و ئالا و نان
دناڤ دەولەتان دە دبی سەربلند
ل هندر دبن تەڤ خوەدی مال و گوند

(دیوانا زند – ئاڤستا، ٢٠٢١، لا٢٢).

شاعیر وەك تاکێکی ڕۆشنبیر دێت هاو نەتەوەکانی ئاگادار دەکاتەوە، مژدەی ئەوەیان پێدەدات، ئەگەر سەربەخۆیی بەدەست بێنن، دەبنە خاوەنی هەموو شتێك، بۆیە پێویستە هەوڵبدەن بۆ گەیشتن بەم ڕۆژە، چونکە ئێستا ،کە بێدەولەتین و سەربەخۆنین، لە ژێر دەستی داگیرکەر داین، تەنانەت پێدانی ناسنامەی نەتەوەکەمان پێ ڕەوا نابینن، کە مافێکی سەرەتایی خۆمانە، ئەو کەسەی خاوەنی

ناسنامەی خۆی بێت هەمیشە لەنێو نەتەوەكانی تردا هەست بە سەربەرزی دەكات، بە پێچەوانەوە. ئێستا، كە خاوەنی دەوڵەت و سەربەخۆیی نین لە وڵات و نیشتمانی خۆماندا، دووژمن و داگیركەر سەر وماڵمان بەهی خۆی دەزانێت و هیچ مافێكمان وەكو هاولاتی نەتەوەیەكی جیاواز پێرەوا نابینێت، ئەم دەقە شیعرەی جگەرخوێن دەیسەلمێنێت كورد بە هۆی نەبوونی دەوڵەت جگە لە بێبەشبوون لە ماف یاساییەكانی كەرامەتی مرۆڤانەشی لەژێر مەترسیدا دایە و داهاتووی نەتەوەكەشی نادیارە.

جگەرخوێن تەمەنێك لە شەڕی دەروونی بۆ خزمەت پرسی سەربەخۆ بوون ژیاوە. ئەو پێی وابووە ژیان بەبێ ئازادی و سەربەخۆیی دەبێت فیدای مەرگ بكرێت، ئەم دۆخە دەروونییەی شاعیر وایكردووە خۆشی نەبینێت، چونكە هەمیشە خەون و ئاواتی ئەوەبووە نەتەوەكەی ببێت بە خاوەنی دەوڵەتێكی سەربەخۆ، لە شیعری ( دەبگری ل سەر تاج و سەرا)دەڵێ:

ئاخ برانۆ، ئەز نەخوەشم، نەخوەشێ وەلاتێ خوە
دەردێ من ژانا زراڤە، سەرخوەبوون دەرمان
ئەزێ بمرم ب ڤێ ئێشێ هەر ئەڤە داخوازا من
تەنەشۆیێ من چێكن ژ تەختێ بەر دەرێ زندان

(دیوانا ئاگر و برووسك،٢٠٢١، لا٦٩).

شاعیر بانگەوازێك بۆ هاو زمانانی دەكات و پێیان دەڵێت ئێوەش بزانن نەخۆشی و نارەحەتی من بەهۆی وڵاتەكەمە، دەمێكە دەردێك ئازارم دەدات، بە هیچ دەرمانێك سارێژنابێ،

تەنیا سـەربەخۆ بوونـی نەتەوەکـەم نەبێـت، ئـەو ئەوەنـدە بـاوەڕی بـە پرسـی سـەر بەخۆبوونـی نەتەوەکـەی هەیـە، دەڵـێ تەنانـەت ئەگـەر بـەو ئـازارەوە بمـرم دەسـت لـەو داوایـەم هەڵناگـرم. ئەمـەش پـێمان دەڵـێ، کـە نەتەوەیـەك لـە دۆخـی بێناسـنامەیی و بێدەوڵەتیـدا ناتوانێـت بوونـی خـۆی بسـەلمێنێت، بوونـی وەك نەبـوون وایـە، هـەر ئـەم دەردەش دەبێتـە سـەرچاوەی دروسـتبوونی کاری هونـەری و بەرهەمهێنانـی ژانـری ئەدەبـی بـەرز و کاریگـەر.

ئەمجارەیـان هـەر لـە سـەرەتای شـیعرەکەدا بـە ڕسـتەیەکی ڕاشـکاوانە دەسـتپێدەکات تێیـدا دۆزی کـورد بـە "سـەربەخۆیی" پێناسـە دەکات. کاتێـك شـاعیر دەڵێـت "سەربەسـتی دۆزی ئێمەیـە، دۆزی ئێمـە سـەربەخۆییە" ئەمـە نیشـان دەدات کـورد لـە دۆخـی بێدەوڵەتـی و بێناسـنامەیی دەژی و پێویسـتی بـە "سـەربەخۆیی" هەیـە وەك لـە دەقـی شـیعری ( دەشـت و لات)دا دیـارە:

سەربەستی دۆزا مە، دۆزا مە سەرخوەبوون
سەردەستی کارێ مە، کارێ مە پێشڤەچوون
بۆ مە هەردەم دڤێ پێشـڤەچوون و خەبات
کۆلەتـی مـن نەڤـێ، مـن دڤـێ تـم فـەلات

(دیوانا ئاگر و برووسـك،٢٠٢١، لا١٤٣).

تەئکیـد کردنـەوەی شـاعیر لـە سـەر "ئـازادی و سـەربەخۆیی" بـوون ئاماژەیـە بـۆ هەسـتی بێـزاری و نائارامـی، بۆیـە هیـچ ڕێگەیـەك ناهێڵێتـەوە جگـە لـە گەیـشتن بـە سـەربەخۆیی، چونکـە پێـی وایـە

كلیلـی چارەسـەری هەمـوو دەردەكانـی نەتەوەكەیەتـی. ئـەو ڕێگـەی پێشـكەوتن و خەبـات بـە چارەسـەر دەزانێـت بـۆ ئـەم دەسـكەوتە. بەهێنانـەوەی وشـەی "كۆلەتـی" لـە كۆتـا دێـری دەقەكـەدا ئامـاژە بـەوە دەكات، كـورد لـە دۆخـی بێدەوڵەتیـدا ژیـان بەسـەر دەبـات، نەتەوەكـەی وەك كۆیلـە و نۆكـەر و خزمەتـكاری بێگانـە دێتـە بەرچـاو. شـاعیر بـە هەمـوو جۆرێـك ئەمـە ڕەتدەكاتـەوە و دەڵـێ مـن هەرگیـز بـەوە ڕازی نابـم. ئامانجـی مـن ئـازادی و دەرچوونـە لـە ژێـر دەسـتی، دیـارە وشـەی "ڕزگاری" دوا بڕیـاری ئـەو دەبێـت، كـە كـۆدی بـە دەسـتهێنانی ناسـنامەی نەتەوەیـی و سـەربەخۆییە. ئـەم كۆتاییـەش نیشـانی دەدات شـاعیر هەمـوو ئـەو ئـازارەی لـە دەقەكـەدا دەریبڕیـوە لـە نەبوونـی ناسـنامەی نەتەوەیـی و نەبوونـی دەوڵەتـی سـەربەخۆوە سـەرچاوەی گرتـووە.

جگەرخوێـن لـە ڕێگـەی ئـەو شـیعرانەوە، كـە شـەڕی نەبوونـی ناسـنامەی پێكـردوون، بنیـات و بیـرو بـاوەڕی نەتەوەیـی خـۆی بەهێزكـردووە. ئـەو تەنانـەت بەگـژ نەتەوەكـەی خۆشـی داچـووە تۆمەتبارییـان دەكات و ڕەخنـەی توندییـان لێدەگرێـت، كـە بۆچـی تـا ئێسـتا نەمـان توانیـووە سـەربەخۆبین و ناسـنامەی نەتەوەكـەی خۆمـان هەبێـت، شـاعیر ئەوەنـدە بـاوەڕی بـە ناسـنامەی نەتەوەكـەی هەبـووە، ژیانـی كردووەتـە پێناوێـك بۆخزمەتكـردن بـە دۆزی نەتەوەكـەی.

## ٢-١/٢) نەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی وەك هۆكاری داهێنانی شیعر لای هێمن:

لە شیعری هێمن[1]دا ناسنامەی نەتەوەیی بنەمایەكی سەرەكییە لە پەیامی شیعرەكانیدا، ئازاری نەبوونی ناسنامە و هیوای گەیشتن پێی لوتكەی شیعرە نەتەوەییەكانی هێمنن. لە بیركردنەوەی هێمندا، ناسنامە تەنیا پەیوەندی بە سنوور و جوگرافیاوە نییە، بەڵكو پەیوەندی بە زمان و كەلتوورە وە هەیە. ئەو پێی وایە كورد دەتوانێت لە ڕێگەی پارێزگاری لە زمان و كەلتوورییەوە ناسنامەی خۆی بپارێزێت، تەنانەت ئەگەر خاوەنی وڵاتی سیاسیش نەبێت.

لای هێمن، شیعر تەنیا ئامرازی دەربڕین نییە، بەڵكو بنەمای دروستكردنی ناسنامەیە. كاتێك كورد لە واقیعدا نیشتمانی سیاسی نییە، شاعیر دەتوانێت لە شیعردا نیشتمان و ناسنامەی خۆی دروستبكات و بیسەلمێنێت، بۆیە هێمن شیعری بۆ بەرگری نەتەوەیی و خەبات و مانەوەی كورد نووسیوە. لە شیعری( كوردم ئەمن):

(١) هێمن موكریانی: محمد ئەمینی كوڕی سەید حەسەن شێخە ئیسلامی موكری لە ساڵی ١٩٢١ لە گوندی لاچین لەنزیك مهاباد سابڵاغ لەدایك بووە، لەساڵی ١٩٤٢ بووە بە ئەندامی (ك ژ) بە ناوی هێمن، لە پاشان هەر ئەم ناوە بۆی دەبێت بە نازناوی شیعری. بەشێك لە بەرهەمە شیعرییەكانی "تاریك و ڕوون، ناڵەی جودایی، بارگەی یاران، چەند بەرهەمێكی بەرایی، فەرهەنگۆك، پەخشان- وتار، وەرگێڕاوی چەند كورتە چیرۆك، دیمانە و وتووێژە، نامەكان. لە ورمێ ڕۆژی ١٦ ی نیسانی ١٩٨٦كۆچی دوایی كردەوە و لە گۆڕستانی بوداغ سوڵتان لە مهاباد نێژراوە. (سەرجەم و كۆی شیعر و پەخشانی مامۆستا هێمن موكریانی، ٢٠١٧).

گەر لە برسان و لەبەر بێ بەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەڵێم
نۆكەری بێگانە ناكەم تا لەسەر هەردم ئەمن
من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند باكم نییە
لەت لەتم كەن، بمكوژن، هێشتا دەڵێم كوردم ئەمن

(دیوانی هێمن، ٢٠٠٨، ل٨٩).

كاریگەری نەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی بە ڕوونی لەسەر بەرهەمهێنانی ئەم دەقە شیعرەی هێمن دیارە. بەڵگەیە لەسەرئەوەی شاعیر چۆن ئەم بۆشاییەی كردووەتە بنەمای دروستكردنی دەقێكی بەرگری بۆ بەدەستهێنانی ناسنامە.

لەم چوار لەتە دێرە شیعرەدا شاعیر ڕەفتارێكی یاخیبووانە نیشان دەدات، لە بەرانبەر ئەو دۆخەی كورد تێیدا دەژیێ "گەر لە برسان و لەبێ بەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەڵێم، نۆكەری بێگانە ناكەم" بەڕوونی ئاماژەیە بۆ ئەو دۆخەی نەبوونی دەسەڵاتی نەتەوەیی دروستی كردووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا شاعیر ڕەتی دەكاتەوە ئەمە بكاتە بەهانە بۆ دەستبەردان لە ناسنامەی نەتەوەیی. گرتن و لێدان و هەر جۆرێكی تری ئازاردان تەنانەت مردنیش ناتوانێت وا لە شاعیر بكا دەست لە داواكردنی ناسنامەی نەتەوەكەی هەڵگرێ، كە كورد بوونە. سەلماندنی ئەو ئیرادەیەیە، كە شاعیر هەیەتی بۆ مانەوە لەسەر ناسنامەی نەتەوەكەی. ئەوە دەردەكەوێت هەمیشە ڕێگری كردن و هەوڵی سڕینەوە لای نەیارانی كورد بوونەتە هۆی ئەوەی شاعیران بۆ داواكردنی مافی نەتەوەكەیان زیاتر پێداگربن، لەڕێگەی شیعرەوە پارێزگاری لە داواكانییان بكەن.

وردە وردە کورد بەئاگا هاتۆتەوە ، ئەم "ڕاپەڕین" ەی شاعیر باسی دەکات ڕاپەڕینێکی هۆشیارانەیە لە دژی ئەو دۆخەی کورد بە هۆی نەبوونی ناسنامەی نەتەوەییەوە تێی کەوتوون. "ناتوانن بدەن فریوم" ئاماژە بە ئەو هەوڵانە دەکات، کە لایەنە جیاجیاکان بۆ ڕازیکردنی کورد دەیکەن تاکو دەست لە خەبات کردن بۆ ناسنامەی نەتەوەیی و بنیاتنانی دەوڵەت هەڵگرن.

نا نا، تازە ڕاپەڕیوم
ناتوانن بدەن فریوم
ڕێبازی شۆڕش بەرنادەم
مەودا بە داگیرکەر نادەم
لەشان و باهۆی خۆم ڕادی
هەڵگرم ئالای ئازادی

(دیوانی هێمن، ٢٠٠٨، لا٢٣٤).

ئەم هەڵوێستەی شاعیر بەرهەمی ئەزموونێکی مێژووییە لە فێلکردن و بە لاڕێ دابردنی کورد لەلایەن دووژمنان و داگیر کەرانەوە، بۆیە نابێت جارێکی دیکە بکەوێتە تەڵەی نەیارەکانی. نەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی مانای ئەوە نییە دەست لە خەبات هەڵبگرێت، بەڵکو بۆ باشتر بەرەنگار بوونەوەی دۆخەکەیە. "لەشان و باهۆی خۆم ڕادی، هەڵگرم ئالای ئازادی" لە ڕاستیدا ئەوەش وەڵامێکی توند و یەکلاکەرەوەی شاعیرە بۆ ئەو کێشەیەی نەبوونی ناسنامە دروستی کردووە. شاعیر کاتێك ئالای فەرمی وڵاتەکەی نییە و خاوەنی دەوڵەت نییە، ئامادەیە ئەو ئەرکە قورسە هەڵبگرێت و ئالای ئازادی

و پاراستنی ناسنامە هەڵبکات بە هێزی بەرەنگار بوونەوە و خەبات. تەنانەت ئەگەر بە گیانفیداییش بێت. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت نەبوونی ناسنامەو بێ وڵاتی لای شاعیران بووەتە هۆی دروستکردنی شێوازێکی نوێی بەرگری، تێیدا تاك خۆی دەكاتە نوێنەری گشتی نەتەوەکەی، لەڕێگەی هونەر و ئەدەبەوە دێتە پێشەوە.

هێمن بە جۆرێك تێکەڵی نەتەوەکەی بووە تەنانەت خۆشی و شادییەکانی خۆی بەند کردووە بە ئازاد بوون و سەربەخۆیی وڵاتەکەی، دەبینین لە شیعری (قەڵای نیشتمان)دا ئەمەی بەتەواوی بەرجەستەکردووە:

دەبێ من چۆن بژیم مەسروور و دڵشاد؟
کە دەتبینم لە دەس بێگانەدای تۆ
دەبێ کەی سەربەخۆ بی تۆ، هەتا من
بە سەربەستی بکەم سەیر و سەفای تۆ ؟

(دیوانی هێمن، ٢٠٠٨، لا ٩٧).

شاعیر لەم کۆپلە شیعرەیدا، ئەو ئازارەی بە هۆی نەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی دەروونی پڕکردووە هەڵیدەڕێژێت، هاواری شاعیر دەنگی نەتەوەیەکە، لەبەر نەبوونی دەوڵەت و ناسنامەی نەتەوەیی شادی و خۆشییەکانی خۆی لێ ونبووە. هێمن ڕاستەوخۆ ئازادی تاك و ئازادی نیشتمان بەیەکەوە دەبەستێتەوە. بە ڕوونی دەڵێت خۆشی و شادی ئەو بەستراوەتەوە بە سەربەخۆبوونی نیشتمان، ئەمەش ئەو ڕاستییەیە، کە ناسنامەی تاك و ناسنامەی نەتەوە لە یەکتر جیا ناکرێنەوە. "دەبێ کەی سەربەخۆ بی تۆ،

هەتا من بە سەربەستی بکەم سەیرو سەفای تۆ؟" خەونی گەیشتن بە ناسنامەی تەواو نیشان دەدات، ئەو ناسنامەیەی تەنیا لە سایەی هەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆیی سیاسیدا بە دەست دەهێنرێت. دەکرێت بڵێین ئەم دەقە شیعرە بەڵگەیەکی بەهێزە لەبارەی ئەوەی چۆن بێ ناسنامەیی دەبێتە هۆی داهێنانی دەقە ئەدەبییەکان، کە بانگی ئازادی و سەربەخۆییان تێدایە.

هێمنی سوتاوی عەشقی ئازادی و سەربەخۆیی، لە شیعری (ئامێزی ژندا) ئەو ناکۆکی و ئازار و شەڕە دەروونییە نیشان دەدات، کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان خۆشەویستی تاکەکەسی و بەرپرسیارێتی نیشتمانی دەیبینێت.

هەموو لەجێی خۆی شیرین بوون
زۆر سەختە لە بیر چوونەوەی
بەڵێ سەختە، یەکجار سەختە
دووری لە ژن، نامرادی
بەڵام لەژن خۆشەویستتر
لە لای من، ئەتۆی ئازادی!

(دیوانی هێمن، ٢٠٠٨، ٢١٨).

ئەم شیعرە ڕەنگدانەوەیەکی قووڵی پرسی ناسنامەیە. کاتێك شاعیر باس لە ئازادی دەکات، لای ئەو لە هەموو شتێکی دیکە خۆشەویستترە، تەنانەت لە ژن "کچانی نیشتمان" ەکەی. ئەمەش نیشانەی ئەو قوربانیەیە، کە پێویستە بۆ پاراستنی ناسنامە و بەدەستهێنانی ئازادی. دووری لە ژن و ئەو شوێنەی زۆری خۆشدەوێ بە "نامرادی"وەسف دەکات، بەڵام ئامادەیی ئەوەی دەربڕیوە، کە

ناچـارە لـە پێنـاو ئامانجێكـی گەورەتـر تەنانـەت بـەو شـتانەش، كـە خۆشـی دەوێـن قوربانـی بـدات. هەروەهـا شـاعیر ناسـنامەكەی لەگـەڵ بیرۆكـەی ئـازادی گرێـداوە، وای دەبینێـت تەنیـا بـە قوربانـی و تێكۆشـان دەسـت دەكەوێـت. ئـەم هەسـتە لـە شـیعری هێمنـدا گەیشـتووەتە لوتكـە، شـاعیر هەمیشـە بـۆ بەدەسـتهێنانی ناسـنامە خـۆی بـە بەشـێك لـە خەباتێكـی گەورەتـر دەبینێـت.

لای هێمـن شـیعر ئامـرازی بنیاتنانـی ناسـنامەیە، كاتێـك نەتەوەكـەی خاوەنـی نیشـتمانێكی سـەربەخۆ نییـە، شـاعیر دێـت شـیعر دەكات بـە نیشـتمان و بـەو وڵاتـە ڕاسـتەقینەی خەونـی پێـوە دەبینـێ و دەیەوێـت لـەو ڕێگەیـەوە پێـی بـگات. هێمـن ژیانـی كەسـی خـۆی بـە تـەواوی تێكـەڵ بـە ژیانـی نەتەوەكـەی كـردووە و خۆشـیەكانی خـۆی بەسـتووەتەوە بـە ئـازادی وڵات. لای هێمـن ئـازادی لـە هەمـوو شـتێك گرنـگترە تەنانـەت لـە ژن و هەمـوو ئـەو شـتانەش كـە زۆر خۆشـی دەوێـن. نەبوونـی ناسـنامە بـۆ ئـەو نەبووەتـە هـۆی ئـەوەی بـاوەڕی لەدەسـتبدات و بێهێزبێـت، بەڵكـو وایكـردووە، زیاتـر سـوربێت لـە درێژەپێدانـی تێكۆشـان بـۆ دروسـتكردنی ناسـنامەیەكی نەتەوەیـی، كـە تەنیـا لـە سـایەی دەوڵەتـی سـەربەخۆدا بەدەسـت دەهـێنرێ.

**٣-١/٢) نەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی وەك هۆكاری داهێنانی شیعر لای پەشێو:**

پەشێو[١] وەك هەر تاكێكی تری نەتەوەكەی نەبوونی دەوڵەتێكی سەربەخۆی نەتەوەیی ئازاری داوە، ئەم كێشەیەی بووەتە هۆی ئەوەی باشتر شیعری بۆ بنووسێت. كاتێك كەسێك ناسنامەی نەبێت زۆر شت لە ژیانیدا ئاڵۆزو دژوار دەبێت. پەشێو توانی ئەم دژواریە بكاتە هێز بۆ نووسینی شیعر، چونكە شاعیر خۆی بە كەسێكی بێ ماڵ و بێ وڵات دەزانی، بۆیە زۆر باشتر توانی باسی ئازار و دەردی هاوبەشی خۆی و خەڵك بكات.

ئەو كەسەی ناسنامەی نەبێت، هەست دەكات لە هیچ شوێنێك جێگای نییە. ئەم دەردەی هۆكار بووە بۆ ئەوەی شیعرەكانی لە قووڵایی ئەم هەستەوە بێنە بەرهەم. ئەو دەیەوێ بە زمانی شیعر بڵێت من هەم و من كوردم، شاعیر لە ڕێگەی شیعرەكانییەوە توانیویەتی یاسا و سنوورە دەستكردە كانی سەركاغەز تێپەڕێنێت و بوونی نەتەوەیی خۆی وەك كورد بسەلمێنێ. لە شیعرێكدا

(١) عەبدوڵا پەشێو: لە ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی "بێركۆت" ی نزیك شاری هەولێر لەدایك بووە، ئێستا ئەو گوندە بەشێكە لە شاری هەولێر. لە ساڵی ١٩٦١ دەستی بە نووسینی شیعركردووە، یەكەم شیعری لە هەفتەنامەی هەولێر بڵاوكردووەتەوە، ساڵی ١٩٧٩ بڕوانامەی ماستەری لە ڕووسیا بە دەستهێناوە، ساڵی ١٩٨٤ دكتۆرای لە ئەدەبیات وەرگرتووە، تێزەكەی لەسەر " پیرەمێرد" ی شاعیر نووسیوە، پەشێو جگە لە كوردی زمانەكانی "عەرەبی، ڕووسی، ئینگلیزی و ئەڵمانی بەباشی زانیووە. بەم دواییانە كۆی بەرهەمەكانی لە سێ دیوانە شیعر چاپكراوە، "هەسپم هەورە و ڕكێفم چیا، پشت لە نەوا و ڕوو لە كرێوە، سەوڵم پۆڵاو كەناریش دوور" شاعیر ئێستا لە وڵاتی فیلەندا دەژی. (لەشاخەوە تا شار، ١٠٤).

نووسـیویەتی:

بـــــۆ قـــەرەجێــــك
بـەس تەماشـای ناولەپـم کـە!
خۆمـن نامـەوێ پێـم بڵێـی،
دەبـم بەباوکـی چەنـد منـاڵ،
زەنگیـن دەبم، یا هەروا لات...
تەنیـا شـتێکم پـێ بڵـێ:
هەتـا مـاوم وەك تـۆ دەژیـم،
یاخـۆ دەبمـە خـاوەن وڵات؟!

(هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ١٥،٢٠١٤).

ئـەم شـیعرە لـە سـاڵی ١٩٨٠ لـە مۆسـکۆ هۆنراوەتـەوە، کاتێـك پەشـێو خـۆی لـە تاراوگـە بـووە، لـەو سـەردەمەدا کـورد بەگشـتی لـە عێـراق و وڵاتانـی تـر بـۆ بەدەسـتهێنانی مافەکانیـان خەباتیـان دەکـرد، شـیعرەکە بــە گشــتی گوزارشــت لــە دۆخــی نەتــەوەی کــورد و بێدەوڵەتبوونــی دەکات. ئـەم شـیعرە پەیوەندییەکـی قووڵـی بـە چەمکـی بێناسـنامەیی و بێدەوڵەتییـەوە هەیـە، ئەگـەر پەشـێو شـاعیرێکی بێدەوڵـەت نەبووایـە، ڕەنگـە ئـەم شـیعرەی نەنووسـیبا.

لــە ناونیشــانی شــیعرەکەدا دەبینیــن پەشــێو وشــەی (قــەرەج) ی وەك نیشــانە و هێمایــەك بەکارهێنــاوە بــۆ بــێ نیشــتمانی و بــێ وڵاتــی، چونکــە قــەرەج کۆمەڵەیەکــی بــێ نیشــتمان و کۆچــەرن، خاوەنـی شـوێنێکی دیاریکـراو نیـن هەردەمـەو لـە شـوێنێك دەژیـن. هێنانــە پێشــەوەی قــەرەج و نــاو نانــی شــیعرەکە بــەم نــاوە، وردەکاری زۆری تێدایـە، چونکـە قـەرەج ڕاسـتە بـێ وڵاتـن، بـەڵام

ناسـنامەیەکیان هەیـە، کـە بـێ وڵاتییـە، هەرچـی نەتـەوەی شـاعیره چونکـە دەوڵەتـی نییـە، ناسنامەشـی نییـە، ئەمـەش واتـە نەتـەوەی بێدەوڵـەت هەنگاوێـك لـە خـوار قەرەجەکانەوەیـە.

کاتێـك شـاعیر پرسـیار دەکات (هەتـا مـاوم وەك تـۆ دەژیـم یاخـۆ دەبمـە خـاوەن وڵات ) وشـەی تـۆ و خاوەنـی وڵات ئامـاژەن بـۆ دۆخـی بێدەوڵەتـی، تـۆ وەك (قـەرەج) و بـێ نیشـتمان و گـەڕۆك، خـاوەن وڵاتیـش وەك ئـەو کەسـەی نیشـتمان و وڵاتێکـی سـەربەخۆی هەیـە و تێیـدا هەسـت بەسـەروەری و ئـازادی دەکات. هەروەهـا لـە دێـری کۆتاییـدا دەڵـێ: (یاخـۆ دەبمـە خـاوەن وڵات؟!) ئاشـکرایە، پەشـێو بـە دوای وەڵامـی ئـەم پرسـیارەدا وێڵـە، شـاعیر ناسـنامەی نەتەوەیەکـی دانپێدانـراوی نییـە و نیشـتمان و خاکێـك نییـە ئـاڵای کـوردی لەسـەر بشـەکێتەوە، بۆیـە بەرۆکـی قەرەجێکـی گرتـووە و پرسـیاری لێـدەکات، چونکـە لـەو کاتـەی پرسـیار دەکات ژیانـی خـۆی وەکـو قەرەجێـك دێتـە بەرچـاو، کـە لـە تاراوگـەدا ژیـان دەباتـە سـەر، ئەمـە پرسـیاری هەمـوو ئـەو کەسـانەیە، کـە لـە سـەر خاکـی خۆیـان بێدەوڵەتـن یـان لـە تاراوگـە دەژیـن.

بـە گەڕانـەوە بـۆ مێـژووی شـیعرەکە هەسـتی قووڵـی بێدەوڵەتـی و غەریبـی شـاعیر لـە دۆخـی تاراوگـە بـەدی دەکرێـت، لـە شـیعرەکەدا ئـەوە دەردەکەوێـت، پەشـێو وەکـو تاکێکـی ڕۆشـنبیر و شـاعیرێکی کـورد لـە دۆخێکـی دەروونـی ئاڵـۆزدا ژیـاوە و بـە دوای ناسـنامەی نەتەوەیـی خۆیـدا دەگەڕێـت، وەك هـەر مرۆڤێکـی دیکـەی بـێ ناسـنامە. هەروەهـا لەشـیعری ئینترناسیۆنالیسـتێکدا نووسـیویەتی:

بــۆ ئینتـــــەرناسیـــــۆنالـــیستێك
ســـــــەر كـــــۆنـــــەم مەكـــە!
منیش، وەكوو تۆ، گۆی زەویماڵمە،
ئاسمانیش تافتەی كچی خەیاڵمە؛
وەك تـــــــۆ خــــــوا كـــــــردم،
وەك تۆش دەمەوێ، تاسەر خوا كرد بم.
بۆیە سەربەندی شیعرم هەر كوردە،
چونكە كوردم و ناهێڵن كورد بم!

(هەسپم هەورە و ڕكێفم چیا، ٢٠١٤،١٣٤).

پەشـێو لـەم تێكسـتەدا دیالۆگێـك دەخوڵقێنێـت، لەگـەڵ كەسـێكی ئینتەرناسیۆنالیسـت (جیهانـی)، كـە بـاوەڕی بـە بـێ سنووری نەتـەوەكان هەیـە. لـە سـەرەتای شـیعرەكەدا دەڵێـت؛ سـەر كۆنـەم مەكـە/ منیـش وەكـو تـۆ، گـۆی زەوی ماڵمــە/ ئاسمانیــش تافتــەی كچــی خەیاڵمــە. لێــرەدا شــاعیر هاوبەشــی دەكات لەگــەڵ ئینتەرناسیۆنالیســتێك، كــە لــە جیهــان بینیــدا منیــش جیاوازیــم نییــە لەگــەڵ تــۆ لــە هەســتكردن بــە جیهــان وەك مــاڵ وشــوێنی ژیــان. كاتێــك كــە دەڵــێ (گــۆی زەوی ماڵمــە). ئەمــە بــۆ هــەر گــەل و نەتەوەیــەك دەربڕینێكــی گشــتگیرە، بــەڵام بــۆ كوردێكــی بێدەوڵــەت دۆخێكــی ناچارییــە، چونكــە كاتێــك مـرۆڤ نیشـتمانی نییـە ناتوانێـت بـە ئاشـكرا ناسـنامەی خـۆی دەربڕێـت، هەمـوو جیهـان بـە ناچـاری بـۆی دەبێـت بـە مـاڵ. پەشـێو دەیـەوێ ئـەوە لــە كابــرای ئینتەرناسیۆنالیســت بگەیەنــێ، كــە ئــەو كەســێكی كراوەیـە و بـاوەڕی بەیەكـەوە ژیانـی مرۆڤـەكان هەیـە، بـەڵام جیـاوازی

ئـەو و ئینتەرناسـیۆنالێك ئەوەیـە، کەسـی ئینتەرناسـیۆنال دەوڵەتـی هەبـووە و ئـەو قۆناغـە مێژووییـەی تێپەڕانـدووە، کـە بێدەوڵەتییـە، بـەڵام پەشـێو گیـرۆدەی ئـەو قۆناغـەی مێـژووە، تـا تێـی نەپەڕێنـێ، ناتوانـێ ببـێ بـە ئینتەرناسیۆنالیسـت، هـەر بۆیـە لـە دێرەکانـی دواییـدا پابەنـدی خـۆی بـە تێپەڕاندنـی ئـەو قۆناغـە دووپـات دەکاتـەوە، کـە قۆناغـی دروسـتکردنی دەوڵەتـە.

پەشـێو لـە بەردەوامـی شـیعرەکەیدا دەنووسـێ (وەك تـۆ خـوا کـردم/ وەك تـۆش دەمـەوێ تاسـەر خـوا کـرد بـم) ئاماژەیەکـە بـۆ پرسـی ناسـنامەی کەسـی، مەبەسـتی شـاعیر ئەوەیـە کـە (لـە بوونـدا) هەموومـان وەك یـەك دروسـت کراویـن، جیـاوازیمان نییـە، بـەڵام لـە کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتیـدا زۆر تـاك و نەتـەوە ڕێگەیـان لـێ دەگیرێـت، ئـەوە بـن کـە سروشـت پێـی بەخشـیوون، بۆیـە هەمیشـە ئەوانـەی ناسـنامەیان لـێ زەوت دەکرێـت لـە پێناویـدا خەبـات دەکـەن.

سـەربەندی شـیعرەکانی دووبـارە دەکاتـەوە بـۆ مەسـەلەی کوردبـوون، (بۆیـە سـەربەندی شـیعرم هـەر کـوردە/ چونکـە کـوردم و ناهێڵـن کـورد بـم)، پەشـێو تەنیـا وەکـو فۆڕمێکـی هونـەری شـیعری نەنوسـیووە، بەڵکـو وەك چەکێـك بـۆ بەرگـری لـە ناسـنامەی نەتەوەیـی بەکاریهێنـاوە. کاتێـك زمـان و خـاك و کەلتـوور و ناسـنامەی نەتەوەیـەك لەژێـر هەڕەشـەدا بێـت، شـاعیران وشـەکانیان دەبێتـە فیشـەك بـۆ بەرگـری کـردن لـە جەسـتەی نیشـتمان. (ناهێڵـن کـورد بـم) لێـرەدا قووڵایـی برینـی پەشێو دەبینرێـت، چونکـە ئاشـکرایە دەوڵەتـە داگیرکـەر و زلهێزەکانـی دنیـا دان بـە مافـی کـورد دا نانێـن، ناهێڵـن کـورد بوونـی هەبێـت، وەك نەتەوەیەکـی سـەربەخۆ، وەکـو پەشـێو دەڵـێ: بۆیـە

کـورد بـوون بۆتـە ویـردی سـەرزمانم، دەبینیـن ئـەم ڕێگریـەش تاکـی کـوردی ڕووبـەڕووی چ جەنگێکـی دەروونـی کردووەتـەوە.

پەشـێو پرسـی پێشـبینییەکانی قەرەجێـك و دنیـا بینـی ئینتەرناسیۆنالیسـتێك تێدەپەڕێنـێ، لـە ئـازار و نەهامەتـی نەتەوەکـەی دەڕوانێـت ئومێـدی بەداهاتـوو بـۆ دروسـت دەبێـت لـە شـیعری (**لەدایکبـوون**):

گوێم لە هاواری نەتەوەکەمە،
بـــەڵام، دڵـــنـــیام،
جیهانی سبەی گوشاد و ڕوونە:
لەدایکبوونـی مناڵـم دیـوە -
قـــیڕە و لینگکـــوتان
یەکەم نیشانەی لەدایکبوونە!

(هەسپم هەورە و ڕكێفم چیا،٢٠١٤، ١٣٣).

ئـەم تێکسـتەی پەشـێو بەڕوونـی شـەڕی نێـوان ناسـنامە و ژیانـی کـورد وێنـا دەکات، دەبینیـن شـاعیر چەنـد وشـە و دەسـتەواژەیەك بـۆ نووسـینی ئـەم دەقـە شـیعرە دەکاتـە بنەمـا (هـاواری نەتـەوە، سـبەی، قیـڕەو لینگکوتـان، لەدایـك بـوون)، هەروەهـا دۆخـی دابەشبوونی کـورد لـە نیشـتمانی خۆیـدا دەبێتـە پاڵنەرێکـی دیکـە بـۆ پەشـێو، چونکـە شـاعیر لـە سـەردەمێکدا ژیـاوە، کـە نەتـەوەی کـورد بەسـەر چەندیـن دەوڵەتـدا دابەشـکراوە، ئەمـەش بـووە هـۆی دروسـتبوونی کێشـەی ناسـنامە و سیاسـەتی سـڕینەوەی ناسـنامەی کـوردی، لـە زۆربـەی ئـەو وڵاتانـەی کوردیـان تێـدا دەژیـێ، هەوڵـی سـڕینەوەی ناسـنامە، زمـان و

کەلتووری کوردی دەدرێ. جگە لەوەش پەشێو خۆی دەردی ئاوارەیی و دەربەدەری چەشتووە، ئەمەش کاریگەری لەسەر تێڕوانینی شاعیر لەبارەی ناسنامەوە هەیە.

(گوێم لە هاواری نەتەوەکەمە) لێرەدا پەشێو دان بە بوونی هاوار و ئازاری نەتەوەکەیدا دەنێت. ئەم دانپێدانانە ئاماژەیە بە بوونی زەبرێك بۆ هەوڵی سڕینەوە نەتەوەکەی. سەرەڕای سەختی و ناخۆشییەکان، لە دێری دواتردا دەردەکەوێت شاعیر بە چاوی ئومێدەوە دەڕوانێتە دوایی هاتنی ئەو دۆخە و باوەڕی وایە داهاتوویەکی گەشتر و باشتر چاوەڕوانی نەتەوەکەیەتی. لە درێژەی دەقەکەیدا (لەدایکبوونی منالێم دیوە- قیڕە و لینگکوتان یەکەم نیشانەی لەدایکبوونە) شاعیر لێرەوە پەیامێکی دڵخۆشکەر بە نەتەوەکەی دەدات، دەڵێ ئەم پرۆسەیە سەرەتا ئازار دواتر ئازادی وەکو پرۆسەی لەدایکبوونە، واتە، ئازارەکانی ئێستای گەلی کورد، قۆناغێکی پێویستە بۆ هاتنەدی ژیانێکی نوێ، شیعرەکە پەیامێکی هیوابەخشی تێدایە، کە سەختییەکانی ئێستا بە هەنگاوێك دەزانێ بۆ نزیك بوونەوە لە داهاتوویەکی باشتر، ئازاری کورد و ناسنامەی کوردی بە ژیان و نوێبوونەوە دەبەستێتەوە، بۆ گەیشتن بە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی.

هەروەها دەقی (دوازدە وانە بۆ منداڵان) دەربڕینێکی قووڵە لەسەر ئازار و هەستی بێناسنامەیی و غەریبی، پەشێو لەم شیعرەدا خەونێك دەگێڕێتەوە، کە تێیدا وەك ڕێبوارێك بەرەو (بارەگای یوتان) دەچێت، کە هێمایە بۆ ئەو شوێنەی تێیدا نەتەوەکان بەیەکەوە کۆدەبنەوە. شاعیر وەك تاکێکی بێ ناسنامە (بێ وڵات

و بـێ ئـاڵا) دەردەكرێـت، چونكـە ئـەو هێمایـە بـۆ نەتـەوەی كـورد، كـە وڵات و ئـاڵای سـەربەخۆی نییـە.

منـــــــاڵـــــەكـــــان،
ئـەی بێلانـە ژینتاڵـەكان،
شەو لە خەوما ڕێبوارێك بووم.
بۆ بارەگای (یوتان) دەچووم.
كـە دەروازەكـەی قووتـی دام
ڕەشـم بینـی- ئـاڵای هەبـوو،
سـپیم بینـی- ئـاڵای هەبـوو،
هەرچیـم بینی- ئاڵای هەبوو،
قـــیـــژانـــدیـــان:
ئـەی بـێ وڵات، بـۆ دەرەوە!
ئـەی بـێ ئـاڵا، بـۆ دەرەوە!
منـــیـــش گـــوتـــم:
مـــە قـــیـــژ ێـــنن!
كـــــە دەچـــــمـــــەوە،
ئەم چیرۆكە بۆ مناڵان دەگێڕمەوە!

(پشـت لە نەواو ڕوو لە كرێوە، ٢٠١٤، ٢٥٦ ).

ئـەم تێكسـتە بـە ڕوونـی گوزارشـت لـە ئـازاری شـاعیر دەكات، وەك كوردێـك لـە كۆمەڵگـەی نێودەوڵەتیـدا هەسـت بـە غەریبـی دەكات، جیهانێـك تیایـدا هـەر نەتەوەیـەك بـە ئـاڵا و دەوڵەتـی خـۆی دەناسرێـت.

قیژاندنی (ئەی بێ وڵات بۆ دەرەوە!) ئەمە ڕاستەوخۆ ڕەتکردنەوەی نەتەوەیەکی نەناسراوە، شیعرەکە نیشانی دەدات چۆن نەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی و سەربەخۆی، برینێکی قووڵ لە هەستی شاعیر و گەلەکەیدا دروستدەکەن. پەشێو لێرەدا دەنگی نەتەوەیەکە، کە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا هەست بە غەریبی دەکات، کۆمەڵگەیەك کە لەسەر بنەمای ناسنامەی نەتەوەیی و ئاڵا و دەوڵەت دروست بووە، ئەم دەقە شیعرە ڕیشەکەی بەستراوەتەوە بە ئەزموونی دوور و درێژی گەلی کورد لەگەڵ بێدەوڵەتی و خەباتکردن بۆ بەدەستهێنانی ناسنامە.

نەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی لای پەشێو لوتکەی شیعرە نەتەوەییەکانیان داگیرکردووە، سەرچاوەیەکی بەهێزی ئیلهامی شیعرەکانی ئەون. شاعیر وەك تاکی نەتەوەیەکی بێدەوڵەت، نەبوونی ناسنامەیەك بەناوی دەوڵەتەکەی وای لێ کردووە شەڕی بێ ناسنامەیی ڕەنگ و دەنگی ئەو بێت. لە شیعرەکانیدا بە وردی باسی ئەو کێشەیە دەکات وەك چۆن لە شیعری "قەرەجێك" یان "بێ وڵات" هەست بە دەربەدەری دەکات، تەنانەت لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشدا. پەشێو شیعری وەك چەکێك بۆ بەرگری لە کوردایەتی و ناسنامەی نەتەوەیی بەکارهێناوە، لە هەمان کاتدا هیوای بە داهاتوویەکی باشتر هەیە، کە ڕۆژێك کورد دەبێتە خاوەنی دەوڵەت و ناسنامەی سەربەخۆی خۆی.

بەخوێندنەوەی هەرسێ شاعیر تێدەگەین، پەشێو بە هەموو شێوەیەك پێداگری لەسەر هەبوونی دەوڵەت دەکا و زیاتر دنیای دەرەوە و سیاسەتی نێودەوڵەتی تۆمەتبار دەکا بەوەی نەخشەداڕێژی

نەبوونی دەوڵەتی كوردیین و خۆی و نەتەوەكەی لە هەموو خەڵك بەشایستەتر دەزانێ بۆ هەبوونی دەولەت. هەرچی هێمنە پرسی ئازادی لە لای جەوهەرترین پرسە و هێندە تامەزرۆی هەبوونی دەوڵەتە، بەشیعرەكانی نیشتمانێك دروستدەكات. جگەرخوێن لە سۆنگەیەكی دیكەوە لە پرسی ناسنامە و پەیوەندی بە بێدەوڵەتی دەڕوانێ و گلەیی زۆر لەنەتەوەكەی خۆی دەكا، كەمتەرخەمی و ساویلكەیی نەتەوەكەی بە یەكێك لە هۆكارە سەرەكییەكانی نەبوونی دەوڵەتێك بەناوی كوردستان دەزانیت، بەلام ئەویش هاوشێوەی دوو شاعیرەكەی پێشوو پێیوایە نەتەوەی بێدەوڵەت نەتەوەیەكی مردووە.

**٢/٢) پەنابەرێتی وەك هۆکاری داهێنانی شیعر لای شاعیرانی کورد:**

پەنابەرێتی یەکێکە لەو ڕووداوە ئازار بەخشانەی گەلی کورد لە ژیانیدا دووچاری بووەتەوە. ئەم ئەزموونە سەختە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری تاکی کورد هەبووە، لەهەمانکاتدا لە بواری هونەر و ئەدەبدا پاڵنەرێکی بەهێزی داهێنان بووە. شاعیرانی کورد بە هۆکاری جیاواز ناچار بوون نیشتمان بەجێبهێڵن، ئازار و دڵتەنگی لە دووری وڵات و هەستی گەڕانەوە بۆ نیشتمان بووەتە ئاگری داهێنان لە دڵی ئەو شاعیرانەدا. بێدەوڵەتی و نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، گەلی کوردی خستووەتە ئەو بارودۆخە. لێرەدا تیشك دەخەینەسەر چۆنیەتی کاریگەریی پەنابەرێتی لە شیعری کوردی و ڕۆڵی ئەم ئەزموونە لە دەوڵەمەندکردنی گەنجینەی ئەدەبی کوردیدا، لای شاعیران دەخەینەڕوو.

**١-٢/٢) پەنابەرێتی وەك هۆكاری داهێنانی شیعر لای جگەرخوێن:**

ڕەنگدانەوەی هەستی پەنابەری لە شیعرەكانی جگەرخوێندا ئازاری جیابوونەوەیە لە خاك و نەتەوەكەی. كاتێك شاعیرێك لە خاكی باب و باپیرانی خۆی دوور دەكەوێتەوە و ناچار دەبێت ببێتە پەنابەر، ئەم دۆخە كاریگەری لەسەر ژیانی دروستدەكات و دەبێتە سەرچاوەی بەهێزی بەرهەمهێنانی هونەری پڕئازار و كاریگەر. جگەرخوێن وەك یەكێك لە شاعیرانی كورد، ئەزموونی تاڵی پەنابەرێتیی چەشتووە، ئەم ئەزموونەش بووەتە یەكێك لە سەرەكیترین سەرچاوەكانی شیعری ئەو. پەنابەرێتی لە بنەڕەتدا بەرهەمی نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردە، چونكە كاتێك نەتەوەیەك دەوڵەتی سەربەخۆی نەبێت، ئەندامانی ئەو نەتەوەیە لە خاكی خۆیاندا وەك بێگانە مامەڵەیان لەگەڵ دەكرێت و ناچار دەكرێن وڵاتەكەیان بەجێبهێڵن. جگەرخوێن بە هۆی نەبوونی ئازادی لە وڵاتی خۆیەوە، ناچار بوو وڵات جێبهێڵێت و ئەم جیابوونەوەیە بووەتە سەرچاوەی دروستبوونی هەستی نۆستالۆژیا و غەریبی لە شیعرەكانیدا. دۆخی بێدەوڵەتی وایكردووە كورد جگە لە نیشتمانی خۆی لە هەر شوێنێكی جیهان بێت هەست بە غەریبی بكات، چونكە ناسنامەی وڵاتی خۆی نییە، كە بە شانازییەوە پێشكەشی بكات. ئەم دۆخە دەروونی و كۆمەڵایەتییە كاریگەریی قووڵی لەسەر شیعری جگەرخوێن هەبووە و بووەتە هۆی ئەوەی شیعرەكانی پڕبن لە هەستی حەسرەت و نۆستالۆژیا بۆ وڵات، چونكە شاعیران وەك ئاوێنەی نەتەوەكەیان دەبینرێن، بۆیە پەنابەرێتیی شاعیر ئەزموونی

تاکەکەسی نییە، بەڵکو نوێنەرایەتی ئەزموونی هەموو تاکێکی پەنابەری کورد دەکات، کە بە هۆی بێدەوڵەتییەوە بە ناچاری لە وڵاتێکی تر بوونەتە پەنابەر.

جگەرخوێن وەك شاعیری نەتەوەیەکی بێدەوڵەت بە هۆی نەبوونی ئازادی و سەربەخۆیی لە وڵاتی خۆیدا، زۆر جاران توشی دەربەدەری و ناڕحەتی بووە، چونکە نەیتوانیوە بێدەنگ بێت بەرانبەر ئەو زووڵمەی لە نەتەوەکەی دەکرێت. ژیانی دوور لە وڵاتیش ئازارێکی تاقەت پڕووکێنە، لە شیعرکانیدا وێنەی ئەو ئازارە دەردەکەون بۆ نموونە لە شیعری ( ئەز گەلەك تی مە):

ژ تە دوورم تە نابینم
ل سەر تە ئەز جەگەرخوینم
چ بێژم کۆ نکارم بێم
د ئیرۆ ئەز سوێدی مە

(جگەرخوین، دیوانا ئاشتی، لا١١٩).

شیعرەکە لە ساڵی "١٩٨١" ە لە سوێد نوسراوە، شاعیر لە ڕێگەی ئەم شیعرەوە تێکەڵ بە ئازارەکانی خۆیمان دەکات، چونکە لەم دەقەدا ئارەزووی گەڕانەوە و ئازاری دووری پەیامی غەریبی شاعیریان هەڵگرتووە، وا دەردەکەوێت دووری بووەتە بەربەست لە بەیەك گەیشتنی شاعیر و خۆشەویستەکەی، هەستی پڕ لە حەسرەت و ئاواتی ساتێك بەیەکگەیشتن، وێنەیەکی خەماویمان نیشان دەدات. ئەم بارە دەروونییەی شاعیر وێنای کردووە، لێکەوتەی پرسی بێدەوڵەتییە، چونکە نەتەوەیەك

خاوەنــی ناســنامەی وڵاتــی خــۆی نەبێــت هەرگیــز ناتوانێــت لــە ژێردەســتەیی ئــارام بگرێــت. كــورد وەك نەتەوەیەكــی غــەدر لێكــراوی دەســتی مێــژوو هەمیشــە لەســەر خاكــی خــۆی هەســتی بــە بێگانەیــی كــردووە. جگەرخوێنیــش وەك شــاعیرێكی دوور لــە وڵات ناڵــە ناڵــی غەریبــی خــۆی بــۆ نەتەوەكــەی كــردووە بــە داهێنانــی شــیعری.

لێــرەدا شــاعیر ئــەوە دەردەخــات چــۆن نەبوونــی دەوڵەتێكــی پارێــزگار و یاســایی، تاكــەكان دەخاتــە بەرانبــەر مەترســی و دەســتدرێژی. ئــەم دەســتپێكە شــێوەیەكی توندوتیــژ پیشــان دەدات، كــە پەنابــەری هەڵاتنێكــی ناچاریــە لەژیــان. جگەرخوێــن بووەتــە دەنگــی هەمــوو ئــەو كەســانەش بــە هــۆی شكســتی سیســتەمی نێودەوڵەتییــەوە پەنــا بــۆ چارەنوســێكی نادیــار ببــەن. پارچەیــەك لــە دەقــی( دلبــژێ دەنگــێ ســوێد بــووم):

ئەز ژ چەنگێ ڕەهپەرەستان
هــۆڤ نــەزان دەركەتــم
ڤــا گهامــە بــەر دەرێ
ئــازادی و چەنگــێ ســوێد

(جگەرخوین، دیوانا ئاشتی، ل١٨٩).

هەڵاتــن لــە "چنگــی ڕەگەزپەرســتان" و گەیــشتن بــە "چنگــی ســوید" نیشــانەی پارێــزگاری و دڵنیایــی دەوڵەتــە. هەروەهــا ئاماژەیــە، كــە دەوڵەتێكــی یاســایی دەتوانێــت ببێتــە پارێزێــگار بــۆ ئەوانــەی لــە دەوڵەتــی خۆیــان دەربــەدەر بوونــە. گەیــشتن بــە "ئــازادی" جگــە لــە مافــی تــاك، دڵنیاییەكــە، كــە سیســتەمێكی دادپــەروەر و

دەوڵەتێکی بەرپرسیار فەراهەمی دەکات. سوید لێرەدا جگە لە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو، نیشانەیە بۆ دەوڵەتێکی مۆدێرن، کە دەتوانێت ئەو پێداویستییانە دابین بکات، کە دەوڵەتی یەکەم نەیتوانیوە. جگەرخوێن بە هێنانەوەی ئەم پێچەوانەییە، شێوەیەکی هونەری پیشانداوە، کە نەبوونی دەوڵەتێکی یاسایی سەربەخۆ دەرگا بۆ دەوڵەتانی داگیرکەر دەکاتەوە و تاکەکانی ئەو نیشتمانە ناچار دەکەن دەربەدەربن.

ئەم دەقەی جگەرخوین دۆخی تاك بە تاکی دانیشتووانی کورد لە دەرەوەی وڵات دەردەخات. چونکە کورد لە وڵاتی خۆیاندا پەراوێز خراون هیچ دەنگ و دەسەڵاتێکیان نییە. نەبوونی دەوڵەتی کوردی یان نەبوونی جێگای یاسایی و سیاسی بۆ کورد، وایکردووە هانا بۆ پەنابەر بوون ببات، جارێکیتر لە شیعری (مەلا بانگا صبێ ددی)دا ئەمە دووپاتدەکاتەوە:

ئەم تم ژ دەرڤە دووریدەست
برچی و تازی، ژار و مەست
تم تێنە کوشتن دەست ب دەست
بن بۆکس و دارا بن، بەسە!

(جگەرخوین، دیوانا ئاشتی، لا٤١).

شاعیر بێزاری و ناچاری خۆی لە ژیانی دوورە وڵاتی نیشان دەدات، چونکە مرۆڤی بێ ماڵ و دوور لە کەس و کار هەمیشە وەك بێکەس و هەژار دێتە بەرچاو، وێنەیەکی تراژیدی داهێناوە، ئەقڵ لە بەرانبەری دۆش دادەمێنێ، مرۆڤ بەشەراب و ئارەق مەست

دەبێت و ئاگای لە خۆی نامێنێت، بەڵام شاعیر و نەتەوەكەی بەهۆی هەژاری و برسییەتییەوە سەرخۆش و مەست بوون. ئەمە ئاماژەیە بۆ خراپترین جۆری ژیان لە نێوان پەنابەری و ژیان لە نیشتمان. نیشتمانێك ئازادی و سەربەخۆی تێدا نەبێت، دەبێت بەزیندانێكی دەروونی بۆ نەتەوەكەی، جگە لەوەش هێنانەوەی وشەی " كوشتن" و ئازاردان بە هەموو جۆرەكانییەوە ئاماژەن بۆسڕینەوەی تاكەكانی ئەو وڵاتە، ئەم دۆخەش شاعیری لە نیشتمان و وڵاتێكی بێگانەدا لەبەینی ژیان و مردن هێشتووەتەوە.

پەنابەری و دووری لە كوردستان هەستی حەسرەت و نۆستالۆژیای شیعرەكانی جگەرخوێنن. شاعیر وێنەی ئەو ئازارەی، كە پەنابەرێتی بەسەریدا سەپاندووە دەردەخات،"ژ تە دوورم تە نابینم- ل سەر تە ئەز جگەرخوینم" دەردەكەوێت. پەنابەرێتی لەلای جگەرخوێن نوێنەرایەتی ئەزموونی هەموو تاكێكی پەنابەری كورد دەكات، كە بەهۆی بێدەوڵەتییەوە بە ناچاری بووینە پەنابەر، ئازاری جیابوونەوە لە خاك و نەتەوەكەی سەرچاوەی بەهێزی بەرهەمهێنانی هونەری پڕئازار و كاریگەریی شاعیرن.

**٢-٢/٢) پەنابەرێتی وەك هۆكاری داهێنانی شیعر لای هێمن:**

پەنابـەر بـوون بـۆ هێمـن تەنیـا ڕووداوێكـی كۆمەڵایەتـی نەبـووە، بەڵكـو دۆخیكـی پـڕ لـە نەهامەتـی و دنیایـەك لـە دەردەسـەری بـووە. لەگـەڵ ئەوەشـدا سـەكۆی گەیاندنـی بیـر و هەسـتی شـاعیر بـووە. پەنابەرێتـی لـە ژیانـی هێمنـدا بنەمـا و هۆكارێكـی گرنـگ بـووە بـۆ بەرزبوونـەوە و گەورەبوونـی لـە نێـو جیهانـی ئەدەبیاتـدا. ژیانـی دووری لـە نیشـتمان وای لـێ كـردووە هەسـتی یاخیبـوون لـە دڵیـدا زیاتـر پەرەبسـتێنێت، شـێوازی شیعرەكانیشـی كاریگەرتربێـت و ڕۆحـی كوردانـەی سـەد هێنـدە بەهێزتـر بێـت. جگـە لـەوەش هەسـتی غەریبـی و نامۆیـی و ئـازاری دووری بوونەتـە پاڵنەرێكـی زۆربـاش بـوون بـۆ داهێنـان و لـە دایـك بوونـی دەیـان دەقـی بەهێـز و نەمـر بـۆ نێـو فەرهەنگـی ئەدەبیاتـی كـوردی.

هێمـن وەك ئـاوارە و پەنابەرێكـی مانـدووی دوور لـە نیشـتمان، لـەم دەقـە شـیعرەیدا وێنەیەكـی ژیانـی پەنابـەری و دەربـەدەریمان نیشـاندەدات، پـێمان دەڵـێ پەنابـەری تەنیـا لـە وڵات دووركەوتنـەوە نییـە، بەڵكـو برینێكـە تەنیـا گەڕانـەوە بـۆ نیشـتمان دەتوانێـت سـاڕێژی بـكات. پەنابـەری ژیانێكـی ئاڵـۆز و پـڕ لەكێشـەیە، بـۆ نموونـە پەنابـەر ناتوانێـت لەگـەڵ ژینگـەی نوێـدا بگونجێـت، هەمیشـە وەك كەسـێكی بێگانـە خـۆی دەبینێـت و مامەڵـەی لەگەڵـدا دەكرێـت. ئـەم دۆخـە دەرفەتـی دامەزراندنـی پەیوەندییـە مرۆیـی و كۆمەڵایەتییەكانیشـی سـنووردار دەكات، وادەكات پەنابـەر بـە شـێوەیەكی بـەردەوام هەسـت بـە دابـڕان بـكات. لـە شـیعری (

پەیامــی ڕانەگەیەنــدراو) دا شــاعیر دەڵــێ:

وەكوو پەروانە دەوری لێدەدەن لاوانی خۆ وڵاتی
گوڵـی ئێـرە بـە ژوانـی بولبولـی ئـاوارە ڕانـاگا
نەخۆش و دەردەدار و دڵ بریندارم، پەرستارێك
بـە حاڵـی ئـەم دڵـە پـڕژان و پـڕ ئـازارە ڕانـاگا

(دیوانـی هێمن، ٢٠٠٨، لا ٢٧٠).

شـاعیر هەتـا دەردی ئاوارەیـی و دووره وڵای خـۆیمان نیشـان بـدات، خـۆی بـە بولبـول دەچوێنێـت. ئاشـكرایە بولبولیـش ئاشـقی گوڵـە، بـەڵام كـە ئێسـتا ئـەو لـە غوربەتدایـە گوڵـی غەریبـی ناتوانێـت كڵپـەی ئەشـقی ئـەو دامركێنێتـەوە. مەبەسـتیش لەگـوڵ كچانـی نیشـتمانەكەی خۆیەتـی. هێمـن ڕاسـتەوخۆ باسـی دۆخـی خراپـی جەسـتەیی و دەروونـی خـۆی دەكات. ئـەو خـۆی بـە نەخـۆش، دەردەدار و دڵبرینـدار دەناسـێنێت، ئەمـەش ئـەو كاریگەرییـە قووڵـە نیشـاندەدات، كـە دووری وڵات و پەنابـەری لەسـەر تەندروسـتی تاكـی پەنابـەر دروسـتی كـردووە. شـاعیر وای نیشـانداوە، پێویسـتی بـە كەسـێك هەیـە دەردەكـەی تیماربـكات، بـەڵام وادیـارە كـەس ناتوانێـت ئـەو كارە بـكات، چونكـە چارەسـەری دەرد و ئـازاری ئـەو تەنیـا گەیشـتنە بـە نیشـتمان و ڕزگار بوونـە لـە غەریبـی. دڵـی پـڕژان و پڕئـازاری شـاعیر ڕەنگدانـەوەی ئـەو سـتەمە دەروونیەیـە، كـە لێـی كـراوە و بـەردەوام لەگەڵـی دەژیـێ.

هەروەهـا ئـەم دۆخـەی هێمـن باسـی دەكات، ئاماژەیـە بـۆ نەتـەوەی كـورد وەك گەلێكـی بێدەوڵەتـی داگیركـراو، كـە تاكەكانـی ناچـار بـوون كـۆچ بكـەن و ئاوارەبـن. ئـەم بێدەوڵەتییـە وای لـە تاكـی كـورد كـردووە

ناتوانــن لــە هیــچ شــوێنێك هەســت بــە ئاســایش و ســەقامگیری بکــەن. شــاعیر وەك نوێنــەری نەتەوەکــەی، ئــەو ئازارانــە دەردەبڕێــت، کــە لــە نەبوونــی وڵاتێکــی ســەربەخۆ ســەرچاوەی گرتــووە، چونکــە کاریگــەری نەرێنــی لەســەر هەمــوو لایەنەکانــی ژیانیــان هەیــە.

هێمــن چەنــد جارێــك بووەتــە پەنابــەر و لــە نیشــتمان جــودا بووەتــەوە. ئــەم ئەزموونــە تاڵــەی ژیانــی شــاعیر لــە خاکــی بێگانــەدا، هەســتی قووڵــی نۆســتالۆژیا و حەسرەتــی بــۆ خاکــی لەدایکبــوون لــە دڵــدا درووســت کــردووە. ئــەم کۆپلەیــە لــە هۆنــراوەی ( نالــەی جودایــی) گوزارشــتە لــە هەســتی بیــرەوەری و ئــازاری پەنابــەری:

ژانــی ناســۆری جوداییــم چێشــتووە
هەرچی خۆشم ویستووە جێم هێشتووە
هەڵبــڕاوم مــن لــە یــاری نازەنیــن
دەرکــراوم مــن لــە خاکــی دڵنشــین
بوومــە ئــاوارە و پەڕیــوەی دوور وڵات
کەوتمــە نێــو وردە داوی ڕێــی نەجــات

(دیوانــی هێمن، ٢٠٠٨، لا ٢٨١).

ئــەم شــیعرەی هێمــن دۆخــی پەنابــەری پــڕ لــە ئــازار وێنــا دەکات. شــاعیر "جودایــی" وەك دۆخێکــی ناچــاری پێناســە کــردووە، دوور لــە ئــازادی و ویســتی خــۆی، چونکــە پەنابــەران لەبــەر هۆکارێکــی دیاریکــراو ناچــار دەکرێــن نیشــتمان بــە جێبهێڵــن. شــاعیر کاتێــك وشــەکانی (هەڵبــڕاوم، دەرکــراوم) دێنێتــەوە، ڕاســتەوخۆ بەڵگــە و ئامــاژەن بــۆ دۆخێکــی زۆرداری و ناچــاری. هەســتی نامۆیــی و غەریبییــان

پێـوە دیـارە. هێمـن لـەم دەقـەدا تەنیـا گوزارشـت لـە ئەزموونـی کەسـی خـۆی نـاکات، بەڵکـو هاوبەشـییەکی دروسـتکردووە بـۆ هەمـوو ئـەو کەسانەش لـە هەمـان بارودۆخـی ئـەو دەژیـن. هـۆکاری لەدایـك بوونـی ئـەم دەقـە بەرهەمـی تاراوگـە و دووری لـە نیشـتمانە. شـاعیر ئـەو ئـازارە دەروونییـەی بـە زمانێکـی هونـەری دەربڕیـوە. پەنابـەری و دووری لـە وڵات وەك لێکەوتەیەکـی بێدەوڵەتـی وای لـە هێمـن کـردووە بتوانێـت قووڵایـی ئـەو ئەزموونـە تاڵـەی پەنابـەرەکان تێیـدا دەژیـن بـە شـێوەی دەقـی شـیعری بەرهـەم بهێنێـت.

هێمـن ئەوەنـدە هۆگـری خـاك و خەڵـك و نیشـتمانەکەی بـووە هەرگیـز دڵـی نەهاتـووە لێـی دوور بکەوێتـەوە، مەگـەر لـە ناچـاری و لەبـەر ترسـی لەناوچوونـی نەبێـت. ئەوەتـا لـە شـیعری (ڕەق هەڵاتـم) دا ئـەوە دەسـەلمێنێت:

مـن لە داخی خزمی خوێڕی و ئاشـنای ئەحمەق هەڵاتم
مـن لـە ترسـی زاق و زووقی ئەمنیەی چـاو زەق هەڵاتم
کـوا بـە خۆشـی خۆم بە جـێ دێڵم وڵاتی خۆشەویسـتم؟
مـن لـە ترسـی زلـەوو باتـووم و دار و شـەق هەڵاتـم

(دیوانـی هێمن، ٢٠٠٨، لا ٢٠٨).

ئـازاری پەنابەرێتـی و دووری لـە وڵات بـە هـەر هۆکارێـك بێـت دەردێکـی کوشـندە و گیانسـتێنە لـەم دەقـە شـیعرەدا ئاشـکرایە هێمـن لەبـەر زۆرداری سیاسـی ناچـار کـراوە نیشـتمان بـە جێبهێڵێـت. هەرچەنـدە شـیعرەکە بەزمانێکـی سـادە و ڕوون نـووسراوە، بـەڵام هەڵگـری مانایەکـی قـووڵ و کۆڵێـك لـە ئـازاری پەنگخـواردووی دەروونـی شـاعیرە. چونکـە

دەستبەردان لە نیشتمان و خۆشەویستان بڕیارێکی ئەوەندە قورسە لەبەر ناچاری نەبێت مرۆڤ بڕیارێکی لەم شێوەیە نادات، بەڵام کاتێك لە وڵاتی خۆی ئازاد نەبێت و خاوەنی نیشتمانێکی سەربەخۆ نەبێت، هەمیشە پەنابەرێتی و هەڵاتن لە وڵات دەبێتە بەشێك لە ژیانی. هێمن وەك تاکێکی دڵسۆز و خاوەن وەفا بۆ دۆزی کورد بوون لە پێناو خۆسەلماندن زۆرجاران پەنابەرێتی بۆی دەبێتە باشترین بژاردە لە نێوان مان و مردن، شاعیر لەم دۆخەدا بە داڕشتنی دەقێکی هونەری، دەروونی لە کۆڵێك گرێی کوشندە ئازاد دەکات و بە جۆرێکی دیکە قەرەبووی ژیانی دووری لە نیشتمان دەکاتەوە.

پەنابەرێتی، هێمنی خستۆتەگێژاوی ژیان، بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی ناچاری کردووە، پەنا بۆ شتێکی دیکە ببات. کاتێك شاعیر لە کەس و کار و خۆشەویستان و لەو وڵاتەی هۆگری هەموو شتێکی بووە دوور دەکەوێتەوە، کەسێك جێگایەك نادۆزیتەوە پەنای بۆ ببات و دەردی دڵی خۆی بۆ باس بکات، ناچارە خەمەکانی بکات بە شیعر و مەی و ساقیش بکات بە هاوڕێ بۆ فەرامۆشکردنی ئازارەکانی، لە دەقی (ناڵەی جودایی)دا:

خەم ڕەوێنێك لێرە من ناکەم بەدی
چۆن پەنا بۆ مەی نەبەم ساقی ئەدی؟!
نابینم خاك و وڵات و شاری خۆم
نابینم ناسیاو و دۆست و یاری خۆم
ڕوو لە هەر لایەك دەکەم نامۆیە بۆم
نابینم جێ ژوان و کەونە لانی خۆم

(دیوانی هێمن، ٢٠٠٨، لا٢٨١).

ئـەم شـیعرە تابلۆیەكـە لـە ئـازاری پەنابەرێتـی و دوورە وڵاتـی. شـاعیر قووڵـی ئـەو برینانەمـان نیشـان دەدات، كـە پەنابـەری لـە دەرونیـدا دروسـتی كـردوون. "نابینـم خـاك و وڵات و شـاری خـۆم" و "نابینـم ناسـیاو و دۆسـت و یـاری خـۆم" دووری لـە وڵات و خاكـی دڵنشـین و كـەس و كار وای لـە هێمـن كـردووە، هەمووشـتێك لای غەریـب و نامـۆ بێـت، ئەمانـەش هەسـتی بێگانەیـی شـاعیر دەردەخـەن، هەروەهـا نیشـانە و بەڵگـەن بـۆ لەدەسـتدانی ناسـنامە و كۆمەڵگـە و هەمـوو ئـەو بنەمـا جوانانـەی ژیانـی لەسـەر بنیادنـراوە. دووری لـە وڵات كابوسـێكە هەناسـەی شـاعیری تەنـگ كـردووە. زۆرجـار دۆخـی پەنابەرێتـی بەستراوەتـەوە بـە نەبوونـی دەوڵـەت، ئەویـش دەیـان لێكەوتـەی تـر بـەدوای خۆیـدا دێنێـت، شـیعری گوزارشـت لەپەنابـەری نموونەیەكـە لـەو لێكەوتەیـە.

هەمیشـە شـاعیران وەك توێژێكـی بـە ئـاگای كۆمەڵگـە بوونەتـە بەشـێك لەبـەرەی دژبـە سـتەم و چەوسـانەوەی نەتەوەكەیـان، سـەرئەنجام دەسـەڵاتی سەردەسـتە بـە گرتـن و ئـازاردان و دوورخسـتنەوەیان لـە وڵات هەڵویسـتی تونـدی بەرانبـەر گرتوونەتەبـەر، هێمـن وەك تاكێكـی ڕۆشـنبیر و بـە هەڵوێسـت، بەرانبـەر بـە نەتەوەكـەی خـۆی بـە بەرپـرس زانیـوە، بـە چەكـی هونـەر ڕووبـەڕووی دووژمـن دەبێتـەوە، بـەم هۆیـەش ژیانـی دەكەوێتـە مەترسـی و دەبێـت بـە ئـاوارە و پەنابـەر و لـە وڵات دوور دەكەوێتـەوە، ئەوەتـا لـە شـیعری (یـادم بكـەن)دا:

یادم بکەن، یادی منی دوور وڵات
یادی منی ڕێبواری ڕێگای خەبات
یادی منی بێبەش لە خۆشی و شادی
یادی منی سەودا سەری ئازادی

(دیوانی هێمن، ٢٠٠٨، لا ٢٥١).

هێمن ئاماژە بەو ڕێگە سیاسی و خەباتگێڕانەیە دەکات، کە وای لە شاعیر کردووە ببێتە پەنابەر. بەڵگەیەکە لەسەر ئەو ژیانەی مرۆڤ ناچار دەبێت لە پێناو خۆشەویستی نیشتمان، ژیانی دوورە وڵاتی هەڵبژێرێت. هێمن وەك شاعیر و هەرتاکێکی تر حەز بە ژیانێکی خۆش دەکات و نایەوێ دەربەدەر و سەرگەردان و ئاوارەی وڵاتان بێت، بەڵام لە بەرئەوەی کورد بوونی هەڵبژاردووە و کۆیلەبوونی ڕەتکردووەتەوە، ناچار بووە ئەم ئازارە بچێژێت، شاعیریش ئەم ئازارانەی کردووە بە پێکی شەراب بۆ گەیشتن بە دنیای مەستی و مەلەکردن لە نێو دەریای شیعردا، بۆیە پەنابەر بوون لای هێمن هۆکارێکی بەهێزی داهێنانی شیعر بووە.

پەنابەرێتی بۆ هێمن تراژیدیایەکی قووڵ و دۆخێکی پڕ لە نەهامەتی و دنیایەکە لە دەردەسەری. ئەزموونی ژیانی دووری لە نیشتمان وای لە شاعیر کردووە هەستی یاخی بوون و سەرکێشی لە دڵیدا زیاتر پەرەبستێنێت. تەنانەت لە دووری نیشتمانەکەی خۆی بە نەخۆش، دەردەدار و دڵبریندار دەبینێت، چونکە دەرمانی دەرد و ئازاری ئەو تەنیا گەڕانەوەیە بۆ نیشتمانەکەی و ڕزگاربوونە لە تاڵی غەریبی. بەم شێوەیە پەنابەرێتی لای هێمن بووە بە سەرچاوەی بێوچانی داهێنانی شیعر.

**٣-٢/٢) پەنابەرێتی وەك هۆكاری داهێنانی شیعر لای پەشێو:**

پەنابەر بوون و تاراوگە دیاردەیەكە كاریگەریی گەورەی لەسەر بەرهەمی ئەدەبی و هونەری زۆرێك لە نووسەر و شاعیران هەیە. پەشێو ئەزموونی پەنابەری و تاراوگەی هەیە، نموونەیەكی بەرچاوە لەو شاعیرانەی، كە پەنابەر بوون كاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بەرهەمەكانی هەبووە، دەبینین دووری لە نیشتمان هەستی دڵتەنگی و نۆستالۆژیا دروست دەكات، كە سەرچاوەیەكی گرنگە بۆ ئیلهام و شیعر نووسین. پەنابەری سەرەڕای سەختی و ناخۆشییەكانی، لای هەندێك شاعیر و نووسەر دەبێتە هۆكارێك بۆ بەرهەمهێنانی شیعری قووڵ و پڕ مانا، دەكرێت گوزارشت بێت بۆ ئەزموونی تاكەكەسی شاعیر، لەهەمانكاتدا گوزارشت لە ئەزموونی هاوبەشی گەل و كۆمەڵگەكەی بكات. پەشێو دەڵێ:

سەرمای گەلێك شارانم دی،
بەڵام پەنجەم لە گۆ نەچوون،
چونكە سەرمای هەموو جێیەك
تیشكێك ڕۆژی نیشتمانی منی تیایە.
گەرمای گەلێك شارانم دی،
بەڵام گیانم وەڕس نەبوو،
چونكە گەرمای هەموو جێیەك
سروەیەكی نیشتمانی منی تیایە.

(پشت لە نەواو ڕوو لە كرێوە، ٢٠١٤، ٤٩٣).

ئەم دەقە شیعرییەی پەشێو بەرهەمی دووری و تاراوگەیە، كاتێك

نووسراوە شاعیر لە دەرەوەی وڵات بووە. لە تاراوگەدا سەرما و گەرمای شارە بێگانەکانی زۆر بینیوە، پەشێو بەسوود وەرگرتن لەو جوگرافیا و ژینگەی ژیانی تێدا دەگوزەراند، توانیویەتی تێکستەکە بەرهەم بهێنێت، وشەی سەرما و گەرما و شاران و نیشتمان لە تێکستەکەدا دەبنە کەرەستەی وێنەیەکی خەیاڵی بۆ شاعیر و لەدایك بوونی دەقێکی ئەدەبی.

شاعیر کاتێك دەڵێ (پەنجەم لە گۆ نەچوون)، دەیەوێت پێمان بڵێ هەر چەندە ساردی دووری و سەرمای وڵاتانی دەرەوە گیان تەزێنە، بەڵام گەرمی یادی نیشتمان لە دڵی مندا بەهێزترە لە سەرمای واقیعدا. هەمان شتیش بۆ گەرما ڕاستە، ئاشکرایە گەرما گیان وەڕس دەکات، بەڵام بەسروە بایەکی یادی نیشتمان گیانی شاعیر فێنك بووتەوە و هەستی بەو گەرمییە نەکردووە، واتە شاعیر هیچ کات لە نیشتمانەکەی جیا نەبووتەوە نە بەساردی زستان و نە بەگەرمی هاوین، لەڕێگەی ئەم دەقە شیعرییەوە تێدەگەین لە دڵی شاعیردا هیچ شوێنێك ناتوانێت جێگەی نیشتمان بگرێتەوە، ئەگەر چی جەستە لە غوربەتدا بێت، بەڵام ڕۆح هەمیشە لە نیشتماندایە، ئەمەش ژیانی دووری و تاراوگە بوونی شاعیر نیشان دەدات.

ئەگەر سەیری شیعری ( ماندوویەتی) بکەین بە ڕوونی ئەزموونی پەنابەر بوون و کاریگەرییەکانی ژیانی هەندەران بە قووڵی لەسەر بیر و خەیاڵی شاعیر دەردەکەون. هەستی دووری لە نیشتمان و خۆشەویستی بۆ کوردستان و ئازارەکانی غوربەت و دەربەدەری لەم شیعرەدا ڕەنگییان داوەتەوە. پەشێو وەك زۆربەی شاعیرانی پەنابەر، لە شیعرەکانیدا هەستی نامۆبوون و هیوای گەڕانەوە و خەمی دووری لە نیشتمان و گەلەکەی دەردەبڕێت. شاعیر چەند وشەیەك دەکاتە

كەرەستە بۆ بەرهەمهێنانی ئەم شیعرەی، (بیلێت، جانتا، سەفەر، بەندەر، وێستگە و فڕگە) دروست وایە مرۆڤ بەهەر یەكێك لەمانە دڵخۆش بێت، چونكە ئامراز و ئاماژەن بۆ گەڕان و خۆشی و دنیا بینین، بەڵام لێرەدا دیارە، كە هاودەم بوونی پەشێو لەگەڵ ئەمانە هۆكارەكەی ناچاری و بێزاری و دەردی دوورییە.

شاعیر لە كۆتایی شیعرەكەدا دەڵێ: (خۆ لە هەر كوێی دنیا بم من، هەر كوردستان دەبینم). ئەمە دەریدەخات، كە سەرەڕای گەڕان بە دنیادا، نیشتمان هەمیشە لە بیر و دڵیدایە. پەشێو ئەم شیعرەی لە ئەزموونی ڕاستەقینەی خۆی لە تاراوگە نووسیوە، كە ژیانی تاراوگە كاریگەرییەكی قووڵی لەسەر بیر و هەستی هەبووە. تاراوگە بووەتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ دروستكردنی ئەم تابلۆ شیعرییە، تیایدا شاعیر گوزارشت لە ململانێی نێوان مانەوە لە تاراوگە و ئارەزووی گەڕانەوە بۆ نیشتمان دەكات. هەر وەك لە شیعرەكەدا دەردەكەوێت:

من چیم داوە
لە بیلێت و جەنتا و سەفەر؟
هەتا كەنگێ، وەكوو پەلیك،
لە بەندەر و وێستگە و فڕگان
دەكەوم و هەڵدەقۆزمەوە؟
خۆ لە هەر كوێی دنیا بم من،
هەر كوردستان دەبینم و
تەنیا ئەویش دەدۆزمەوە!

(سەوڵم پۆڵاو كەناریش دوور، ٢٠١٩، ٢٨٧).

ئـەم هەستەشـی هـی ئەمـڕۆ نییـە، بەڵکـو بەرهەمـی زیاتـر لـە هـەژدە سـاڵ دووری و دابڕانـە لـە نیشـتمان

هـــــــەژدە ســـــاڵـــــە
(هـــــــەژدە بـــەهــــار،
هـــــــەژدە هـــاویـــــن،
هـــــــەژدە پــــایـــــز،
هـــــــەژدە زســــتـــان،
هـەژدە عومری بێ کوردسـتان)
شـەو دەمداتە دەسـت گزنگ و
گزنـگ دەڵـێ: "پەلـەی چیتـە؟!
ئـارام بگـرە هەتـا شـەوێ..."
هـــــــــەژدە ســـاڵـــــە
خۆشـم سـەرم لـێ شـێواوە -
نازانـــم... لێرەم... یـــا لـەوێ!

(هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ٢٠١٤، ١٧٩).

ململانێـی شـاعیر لەگـەڵ واقیعـی تاڵـی ژیـان لـە تاراوگـە و جەنگـی ژیانێکـی پـڕ لـە ئـازار و دووری لـە نیشـتمانە. ژیـان لـە دووری کوردسـتان ئەوەنـدە سـەختە، شـاعیر هـەر بەوەنـدە کۆڵـی لـێ نـەداوە پـێمان بڵـی هـەژدە سـاڵە دوورم، بەڵکـو هاتـووە، تـا برینـە ورد و قووڵەکانـی دووری ببینیـن، سـاڵەکانی بـۆ ورد کردووینەتـەوە پـێمان دەڵـێ مـن هـەژدە بەهـارە لـە وڵاتـی خـۆم دوورم، هـەژدە هاوینـە، هـەژدە پایـزە و هـەژدە زسـتان. دووبـارە کردنـەوەی ژمـارە هـەژدە پتر سـەختی ژیانـی بـێ وڵاتـیمان نیشـاندەدا.

لـە دێـری كۆتاییـدا، پەشـێو دەڵـێ: (نازانـم لێـرەم یـا لـەوێ) ئەمـە ونبوونـی شـاعیرە لـە نێـوان دوو جوگرافیـاو دوو ناسـنامەدا، جەسـتە لـە (تاراوگـە)، ڕۆح و بیـر و هەسـت (لـە نیشـتمان). شـاعیر پـێمان دەڵێـت چـۆن پەنابـەری مـرۆڤ لـە ناسـنامەی خـۆی دادەبڕێـت و ناچـاری دەكات لـە نێـوان دوو دنیـادا بـژی، دنیـای واقیعـی و دنیـای خەیاڵـی، هـاوكات ئـەم شـیعرەی پەشـێو گوزارشـتە لـە ئەزموونـی ژیانـی دووری لـە نیشـتمان، كـە بەرهەمـی ڕاسـتەقینەی تاراوگەیـە.

ئەمجارەیـان بـۆ پەشـێو چیـا دەبێتـە هـێمای نیشـتمانی دوور، كـە تەنیـا لـە یـادەوەری و خەیاڵـدا ماوەتـەوە كاتێـك شـاعیر چیـا دەبینێـت، دڵـی دادەخورپێـت و ڕادەچڵەكێـت. ئـەم جـۆرە كاردانەوەیـە بـەزۆری لـە كاتـی دووری و جیابوونـەوە لـە شـتێكی خۆشەویسـت دروسـت دەبـێ. وەك لـە شـیعرەكە دا دەڵـێ:

لە هەر جێیەك چیا ببینم-
دڵـــــــــــــــــــم،
وەك لـە ژوانـی یەكەممـدا،
دادەخـــــــورپـــــــێ،
ڕادەچـــــڵـــــەكــــێ،
ســـەرســـام دەوەستم لەبنیا...
وا تـــــێـــــدەگـــــەم،
لە چیای منڕا دەست پێ دەكەن
چیـــایەكـــانی هـــەموو دنیا!

(پشت لە نەوا و ڕوو لە كڕێوە، ٢٠١٤، ٤٩١).

لـە هـزری كوردەواریـدا، چیـا تەنیـا دیمەنێكـی سروشـتی نییـە.

چیا پەناگەیە، پارێزەرە، دەشێت بڵێین چیا بەشێکی جیانەکراوەیە لە ناسنامەی نەتەوەیی کورد. کاتێك مرۆڤ لە تاراوگەدا دەژیێ، هەمیشە لە ڕوانگەی نیشتمانەکەی خۆیەوە سەیری دنیا دەکات. لە تاراوگەدا، هەموو بوون و دیاردەکان بە بوون و دیاردەکانی نیشتمان بەراورد دەکرێن. پەشێو لێرەدا ئەزموونێکی هاوبەش لە نێوان هەموو ئەوانەی لە نیشتمان دوورن بەرجەستە دەکات، ئەو هەستەی کە چەندە دووریش بیت، ڕۆژێك لە ڕۆژان شتێك دەبینێت، کە دڵت ڕادەچڵەکێنێت و دەتگەڕێنێتەوە بۆ یاد و یادگارییەکانی نیشتمان. ئەم شیعرە بەرهەمی دەرونێکی ئاڵۆز و ڕۆحێکی سەرمەستە بە ئەشقی نیشتمانێکی دوورە دەست.

لە شیعرێکی تردا، کە بۆ نەورۆزی ساڵی(١٩٧٩) نوسیوویەتی، پڕە لە هەستی نیشتمانپەروەری و خولیای گەڕانەوە بۆ نیشتمان دەیجوڵێنێت، لە دووری کوردستانەکەی تەنانەت بیری دار و بەرد و پنجە گیا کانی کوردستانیش دەکات، چونکە پێی وایە نەورۆز بێ شاخ و داخەکانی کوردستان هیچ چێژوو مانایەکی تێدا نییە، بۆیە لە کۆپلەیەکی شیعرەکەیدا دەڵێ:

بەیانی زوو هەڵمسێنە!
دیسان مەڵێ،
با تێرخەوبێ...
سوێندم بەچیا خواردووە،
کە کوردستانە دوورەکەم،
بە گەرمێن و کوێستانەوە،
بگوازمەوە بۆ غەریبی - بۆ ژوورەکەم.

(پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ٢٠١٤، ٤٦٠).

سـوێندخواردن بـە چیـا، نیشـانەی پەیوەنـدی بەهێـزی نێـوان شـاعیر و خاكەكەیەتـی، ئـەم شـیعرە وەسـفی ئـەو سـۆزە قووڵەیـە، كـە مرۆڤـی ئـاوارە و دوورخـراوە بەرانبـەر بـە نیشـتمان هەیەتـی، لێـرەدا شـاعیر بـاس لـە گەڕانـەوە بـۆ ژوورەكـەی لـە غەریبیـدا دەكات، كـە خاكـی كوردسـتان بـە هەمـوو شـاخ و دۆڵەكانییـەوە، لەگـەڵ خۆیـدا بـۆ شـوێنی ئاوارەییەكـەی بگوازێتـەوە، دەبینیـن هەسـتی نۆسـتالۆژیا و ئـارەزووی گەڕانـەوە بـۆ نیشـتمان بەتـەواوی خەیاڵـی بـۆ كردووەتـە واقیعێكـی وەهمـی، سـەرەڕای ژیـان لـە غەریبیـدا كوردسـتانی بـە هەمـوو سروشـت و جوانییەكانییـەوە لـە دڵیـدا هەڵگرتـووە.

پەشـێو زیاتـر لـە هەرتاكێكـی تـر ژیانـی پەنابـەری ئـازاری داوە، پەنابەرێتـی هەندێـك جـار دەربازبوونـە لـە ئـازار و ناخۆشـی، بەپێچەوانـەوە لای پەشـێو دووركەوتنـەوە لـە نیشـتمان بۆتـە مۆتەكـەی ژیانـی، هەسـتی نامۆیـی و غەریبـی بـەردەوام ئازاریـان داوە، چونكـە شـاعیر بۆیـەك سـاتیش نەیتوانیـوە ولاتەكـەی لـە بیربەرێتـەوە، لـەو ڕۆژەوەی بەجەسـتە نیشـتمانەكەی جێهێشـتووە دڵـی لـە كوردسـتان بەجـێماوە، ئەمـە وایكـردووە نەتوانێـت بەخۆشـی لەگـەڵ ولاتـی بێگانـە هەڵبـكات و تێیـدا ئـارام ببێتـەوە. دەكرێـت بڵێیـن پەنابەرێتـی بووەتـە لێـو ڕێژگـەی جوانتریـن دەقـی شـیعرەكانی و بەهێزتریـن هەسـتی نیشـتیمانپەروەرییان تێیـدا بـەدی دەكرێـت.

بەگشـتی؛ پەنابـەری كاریگەریـی ڕشـتی لەسـەر كەسـێتی هەرسـێ شـاعیر و شیعرەكانیشـیان هەیـە. جگەرخوێـن ناسـناوی شـیعر و ناسـنامەی خـۆی لـە پەنابەرێتییـەوە وەرگرتـووە، بۆیـە بەشـێكی زۆری شـیعرەكانیشی بەرهەمـی پەنابەرێتـی و دووریـن لـە نیشـتمان. هێمـن

سەرەڕای ئەوەی بەهۆی پەنابەرێتی فێری یاخیبوون و سەرکێشی و خۆبەدەستەوەنەدان بووە، بەڵام دووری لە نیشتمان ئەوەندە کاریگەری لەسەری هەبووە نەخۆش و دەردەداری کردووە. هەرچی پەشێوە، پێچەوانەی زۆربەی خەڵك لەباتی ئەوەی دووری لە نیشتمان خەم و ئازار و مەینەتییەکانی لە بیربباتەوە و خۆشەویستی نیشتمانی لا کاڵ ببێتەوە، بووەتە دیلی نۆستالۆژیا و هەموو ئەو نەهامەتییانەی کە لە ڕابردوو بەسەر میللەتەکەی دا هاتووە لەگەڵ ئەوانەی ئێستاش، لە شیعرەکانی مەزرێنراون و لەمەش زیاتر خەمی داهاتووی میللەتەکەیەتی.

**٣/٢) بنەمای خاك وەك هۆكاری داهێنانی شیعر لای شاعیرانی كورد:**

خاك لای تاكی كورد تەنیا زەوی و خۆڵ نییە، بەڵكو نیشتمان و ناسنامەی نەتەوەیەكە، سەدان ساڵە بە خوێن دەپارێزرێت. ئەم خاكە بووەتە سەرچاوەیەكی گرنگ بۆ هەستی شاعیران و داڕشتنی دەقی شیعرەكانیان. دەكرێت بڵێین لە شیعری كوردیدا خاك لە بابەتێكی ماددییەوە تێپەڕیوە، بۆ واتای خۆشەویستیی نیشتمان، فیداكاری، ئازاری كۆچ، حەسرەتی گەڕانەوە، ویستی مانەوە و ژیان دەگەیەنێت. شاعیرانی كورد توانیویانە لەم بنەمایە سادەوە جیهانێكی واتایی دروست بكەن، بە هۆیەوە ناسنامەی نەتەوەیەك بپارێزێن. هەوڵدەدەین لێكدانەوە بۆ ڕۆڵ و گرنگی خاك وەك بنەمایەكی ئەدەبی لە شیعری سێ شاعیری كورد بكەین.

**١-٣/٢) بنەمای خاك وەك هۆكاری داهێنانی شیعر لای جگەرخوێن:**

شیعرەکانی جگەرخوێن ڕەنگدانەوەی هەستی دژ بە داگیرکاری و پارچەپارچەبوونی خاکی کوردستانن، شاعیر بەهۆی نەبوونی دەسەڵات و سەربەخۆیی لە وڵاتی خۆیدا، بە درێژایی مێژوو لەژێر سایەی داگیرکاریدا ژیاوە. جگەرخوێن کێشەی خاکی بەستووەتەوە بەکێشەی ناسنامەی نەتەوەکەی، چونکە پێی وایە ئازاد نەبوونی خاك هەڕەشەیە لەسەر سڕینەوەی ناسنامە. داگیرکەر لای شاعیر تەنیا خاك داگیرناکات، بەڵکوو گیان و ڕۆحی نەتەوەکەی دەخاتە ژێر باری ئازار و ستەم، بۆیە شاعیر هەوڵیداوە شیعر بکاتە دەنگ و هاواری نەتەوەیەکی داگیرکراو. ئەم دۆخەش بووەتە یەکێك لە گرنگترین پاڵنەرەکان بۆ داهێنانی شیعری لای جگەرخوێن، چونکە کورد دەسەڵاتێکی سیاسی و فەرمی سەربەخۆی نەبووە. ئەمە وای کردووە شاعیر بە شیعر داوای مافی نەتەوەکەی بکات. جگە لەوەش نەبوونی خاکی ئازاد لای شاعیر، وەك کێشەیەکی مێژوویی گواستراوەتەوە بۆ ئێستا و کاریگەری لەسەر داهاتووش دەبێت. شاعیر لە ڕێگەی دەقی شیعرییەوە سەلماندی، کە نەتەوە بێدەوڵەتەکان دەتوانن هونەر بکەنە چەکی بەرگری و دەنگی خۆیان بگەیەنن، تەنانەت ئەگەر خاکەکەشیان داگیر کرابێت، ئومێدی ئازادکردنی لەدەست نادەن.

وادەردەکەوێت خاکی شاعیر دووژمن دەستی بەسەردا گرتبێت، بۆیە وەك کەسێکی دڵبریندار بەدوای ماڵەکەیدا دەگەڕێت. دووبارەکردنەوەی وشەی "کا" لەم دوو دێرەی خوارەوە زیاتر واتای

ئـازار دەبەخشـێت نـەك پرسـیارێکی ئاسـایی، ئامـاژە بـە ڕابـردووی جـوان و دڵگیـری وڵاتەکـەی دەکات، بـەڵام ئێسـتا وەك یادەوەرییـەك ئـەو ڕابـردووە دەبینێـت، لـە دەقـی شـیعری ( کوردسـتانم کا ؟):

بـاغ و بسـتانم کا ئـاخ گولسـتانم کا
دژمن تەڤ گرتن ئاخ ئاخ کوردستانم کا

(دیوانا ئاگر و برووسك، ٢٠٢١، ل٧٩).

لـەم شـیعرەدا جەوهـەری نیگەرانـی و خەمـی شـاعیر بەرجەسـتە بـووە. گەڕانـەوە بـۆ پرسـیاری "ئـاخ کوردسـتانم کا؟" جارێکـیتر شـاعیر دەمانباتـەوە ئەوکاتانـەی، کـە نیشـتمانەکەی ئـازاد بـووە و لـە بـەر چـاوی ئـەودا بـاغ و بێسـتانەکانی وەکـو بەهەشـت بـووە، بـەڵام ئێسـتا هەسـت دەکات بەتـەواوی لـە دەسـتیداوە، چونکـە لـە دەسـتی دووژمـن دایـە و هیچـی بـۆ ناکرێـت تەنیـا ئاخـی بـۆ هەڵدەکێشـێت و ئـازار دەچێژێـت. ئـەم "ئـاخ" ە وەك دوا هەناسـەی کەسـێکی هیـوا بـڕاوە، تەنیـا دەتوانێـت بـە گەڕانەوەیەکـی خەیاڵـی بیـر لـەو نیشـتمانە بکاتـەوە، کـە جـاران خاوەنـی بـووە.

بـە درێژایـی مێـژوو خاکـی کوردسـتان بووەتـە مەیدانـی شـەڕی زۆر دەسـەڵات و نەتـەوەی جیـاواز. لـە سـەردەمی ئیمپراتۆریەتـی گریـك و ڕۆمانـەوە تـا دەوڵەتـە سـەربەخۆ بووەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، هــەر ئەوانیــش خاکــی کوردییــان لــە نێــوان خۆیانــدا بەشــکردووە. ئـەم مێـژووە درێـژە بەڵگـەو ئاماژەیـە بـۆ ئـەو هـۆکارەی کـورد وەك نەتەوەیــەك نەیانتوانیــوە دەوڵەتــی ســەربەخۆی خۆیــان دابمەزرێنــن. شـیعری "کوردسـتانم کا؟" ڕەنگدانەوەیەکـی ڕاسـتەقینەی ئـەو واقیعـە

تاڵـەی کـوردە، کـە لـە خاکـی خۆیـان وەکـو بێگانەیـەك دەژیێـن. جگەرخوێـن وەك شـاعیرێك ئـاگاداری مێـژووی نەتەوەکـەی خۆیەتـی، ئـەو بـاش دەزانێـت نەتەوەیـەك خاکەکـەی ئـازاد نەبێـت وەك ئـەوە وایـە تاکەکانـی لـە بەندینخانـەدا بژیـن، ژیانـی دەستبەسـەریش زەلیـل بوونـە، بۆیـە هـەر کاتێـك زووڵـم و ستەمی سـەر نەتەوەکـەی دەبینێـت برینەکانــی ڕابردووشــی دەکولێنــەوە.

جگەرخوێــن لەڕێگــەی شــیعرێکی دیکــەوە دەیــەوێ دۆخــی ژێردەســتەیی خاکـی کوردسـتان بخاتـەڕوو. لـە دەقەکـەدا باسـی ئـەو ناوچانـە دەکات، کـە بەشـێکن لـە خاکـی کـورد و مێـژووی نەتەوەکـەی، بـەڵام ئێسـتا نەیارانـی کـورد داگیریـان کـردووە و بـە موڵکـی خۆیانـی دەزانـن، ئـەو پێـی وایـە ئـەم ڕەفتـارە هەرگیـز قابیلـی قبـوڵ نییـە. لـە ناونیشـانی شـیعرێکدا (ڤـالا قەرەچیێ)بـەم جـۆرە دێتـە مەیـدان:

ل سـەر چیـان ببـازن
دۆزا خـوە تـم بخـوازن
ژ کەرمانــێ تــا فــەرات
مووصـل بگـرن تـا خـەلات

(دیوانا ئاگر و برووسك، ٢٠٢١، لا٨٣).

لـە سـەرەتای شـیعرەکەدا شـاعیر ئامـاژە بـۆ چیـا دەکات، کـە لای نەتەوەکـەی هێمایەکـی بەهێـزە بـۆ بەرگـری و پـاراستن، چونکـە لـە مێـژووی کـورددا چیـا هەمیشـە پەناگـە و شـوێنی ژیـان و سـەنگەری بەرگـری دژی داگیرکـەران بـووە. وای نیشـان دەدات، کاتـی ئـەوە هاتبـێ لەپێنــاو ئامانجــی نەوەکەیــان بــۆ مافەکانیــان تێبکۆشــن و خۆیــان

بەخـــت بكـــەن. شـــاعیر هانـــی گەلەكـــەی دەدات بـــۆ ســـەربەخۆیی هەمـــوو كارێـــك بكـــەن بـــۆ ئـــەوەی تـــەواوی ناوچـــە كوردنشـــینەكان لـــە دەســـتی دوژمـــن ڕزگار بكـــەن. لـــە دەقـــی شـــیعرەكەدا دەبینیـــن ئامـــاژەی بـــە ســـنوورێكی جوگرافـــی دیاریكـــراو كـــردووە لـــە "كەرمـــان" وە دەســـت پێـــدەكات و تـــا "فـــەرات" درێـــژی دەكاتـــەوە، ئەمـــەش ناوچەیەكـــی فـــراوان و بەشـــێكە لـــە نیشـــتمانی كوردســـتان، هەروەهـــا ئامـــاژە بـــۆ مووســـڵ و خـــەڵات دەكات، وەك دوو شـــاری گرنگـــی ئـــەم ناوچەیـــە و بەشـــێك لـــە مێـــژووی خاكـــی كـــورد.

ئەمانـــەی شـــاعیر خســـتوویەتییە قاڵبـــی شـــیعرەكەی، ئامـــاژەن بـــۆ پرۆســـەی ڕزگاری و كۆنترۆڵكردنـــەوەی ناوچـــە كوردییـــەكان، كـــە لـــە بنەڕەتـــدا بـــە پلانێكـــی نێودەوڵەتـــی بـــۆ دابەشـــكردنی خاكـــی كوردســـتان ئەنجامـــدراوە. ئـــەم دۆخـــەش بـــە درێژایـــی مێـــژوو لەڕێگـــەی سیاســـەتی دەســـەڵاتە ناوەندییـــەكان بەردەوامـــی پێـــدراوە. جگەرخوێـــن ئاواتـــی ڕزگاری و كۆنترۆڵكردنـــی تـــەواوی ئـــەم خاكانـــەی هەیـــە، كـــە بەشـــێكن لـــە نەخشـــەی كوردســـتان، بۆیـــە بەشـــێوەی هونـــەری و ئەدەبـــی لەڕێگـــەی شـــیعرێكەوە، نەتەوەكـــەی ئـــاگادار دەكاتـــەوە، بـــۆ گەڕانـــەوەی خاكـــی ئـــەم ناوچانـــە كـــە ئێســـتا لـــە ژێـــر دەســـتی داگیركەراندایـــە.

بەدرێژایـــی مێـــژوو دووژمنانـــی كـــورد چـــاوی تەماحیـــان بڕیوەتـــە خاكـــی پیـــرۆزی كوردســـتان، چونكـــە خاوەنـــی دەیـــان جـــۆری كانزایـــی بەنرخـــە. هـــەر ئەمـــەش هـــۆكار بـــووە داگیركـــەران دەرهـــەق بـــە گەلـــی كـــورد دەســـت لـــە زوڵـــم و ســـتەم هەڵنەگـــرن، چونكـــە چـــاك دەزانـــن تـــا یـــەك تاكـــی كـــورد مابێـــت لەســـەر ئـــەم خاكـــە، ڕێگـــە نـــادەن داگیركـــەر بەئارامـــی خێـــرو بێـــری وڵاتەكەیـــان ببـــەن. جگەرخوێـــن ویژدانـــی ئـــازاری

دەدات کاتێك دەبینێت خاکەکەیان لە ژێر دەستی داگیرکەردایە و ڕۆڵەکانی دەچەوسێندرێنەوە. ئەو دێت بە هونەرەکەی دژی نەیارەکانی دەوەستێتەوە و پێیان دەڵێت؛ ئێمە کوردین و کوردستانیش خاکی کوردانە لە شیعری (کۆما مللەتان) پێمان دەڵێ:

وەلاتێ کوردا تەڤ خێر و بێرە
هەمی مادەنە تەڤ زیڤ و زێڕە
لێ چبکم ئیرۆ مایە ژ خەلکێ ڕە
وەلاتێ کوردان هەمی چیمەنە
عەگید و شێر و پلنگ تێ هەنە
هەمی هەڤال و پسمامێ مەنە

(دیوانا ئاگر و برووسك، ٢٠٢١، ل١٣٧).

ئەوەی زیاتر جگەرخوێن ئازار دەدات لەگەڵ ئەو هەموو خێر و بەرەکەتەی خاکەکەی هەیەتی، هێشتا لە نیشتمانی خۆی وەکو کۆیلەیەك دەژی. شیعرەکە هاواری نەتەوەیەکی ئازادیخوازە، کە شایستەی ئەوەیە لەو ژیانەی، کە ئێستا هەیەتی زۆر باشتر بژی.

سەرەڕای نارەزایەتی شاعیر لە دۆخی ئێستای، بەڵام هێشتا ئومێدی بە داهاتووی وڵاتەکەی هەیە، چونکە هەموو کورد بە دۆست و کەس و کاری یەکتر دەزانێت، پێی وایە ڕۆڵەکانی وڵاتەکەی لە ئازایەتی و چاو نەترسیدا وەکو شێر و پڵنگن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ڕۆژێك هەر دێت دەرفەت برەخسێت لەسەر دەستی ئەو پاڵەوانانە وڵاتمان ڕزگار ببێت و سەربەخۆ بین و ببین بە خاوەنی دەوڵەت. بەگشتی دەقەکە پڕیەتی لەهەستی نیشتمان

پـەروەری و خۆشەویسـتی خـاك، واتـە تێكەڵەیەكـە لـە شـانازی و خـەم بـۆ دۆخـی ئێسـتای وڵاتەكـەی.

نەبوونـی دەوڵەتـی سـەربەخۆی كوردسـتان، چونكـە لێكەوتـەی زۆر ئـازار بەخشـی هەبـووە. جگەرخوێـن لـەم چەنـد دێـرە شـیعرەیدا جارێكـی تـر تێكـەڵ بـە خەمەكانـی خـۆیمان دەكات، پیـرۆزی و جوانـی خاكەكـەی بـە كچێكـی نیشـتمانەكەی دەچوێنێـت، كـە لەژێـر دەسـتی بێگانەدایـە، ئـەم دیمەنـە ئـازار بەخشـە لـە چوارچێـوەی دەقێكـی شـیعریدا بـە نەتەوەكـەی نیشـان دەدات لـە شـیعری (مێرانـە ڕابـن خۆرتێـن كوردسـتان):

ئاخیـن وەلاتێـم زانـم تـو قیـزی
چبكـم كـو دژمـن ب تـە دلیـزی
قێریـن دكـم ئـەز كـەس نابهیـزی
نامووسـە ڕابـن خۆرتێـن كوردسـتان
دژمن تەڤ گرتن ئەڤ باغ و بوسـتان

(دیوانا سـەورا ئازادی، ٢٠٢١، لا١٤١).

شـاعیر بـە وێناكردنـی خـاك بـە كچێكـی وڵاتەكـەی، پەیامـی ئـەوە دەگەیەنێـت، كـە كوردسـتان لـەلای ئێمـە چەنـدە خۆشەویسـت و پیـرۆزە و بەنەریتـی كـوردەواری دەمـان بەسـتێتەوە، چونكـە لەنـاو كـورددا كـچ شـەرەفە و پیـرۆزە ئـەوەی تیلـە چاوێكـی لێبـكات و تەماحـی تێبـكات ئامـادەن، بـە ڕۆح بەرگـری لێبكـەن و بیپارێـزن. بـۆ خاكـی نیشتمانەكەشـی هەمـان شـتەو هیـچ جیاوازییەكـی نییـە.

شـاعیر كاتێـك دەبینێـت وڵاتەكـەی هـەر ڕۆژە و لەدەسـتی بێگانـە

دایـه و وەك ئـەوە وایـە یـاری پێبکـەن، ئـەم دیمەنـە ئاگـر لەجەسـتەی بـەردەدات، ئـەوەی زیاتـر بڵێسـەی ئاگرەکـە خـۆش دەکات ئەوەیـە، چەنـدی هـاوار دەکات جیهـان لـە ئاسـتی ئـەو زووڵمـەی گوێـی کـەڕ بـووە و نابینایـە. لەکاتێکـدا مافێکـی سروشـتی خۆیەتـی ئـازادی و سـەربەخۆیی هەبێـت، بـەڵام ئـەو مافـەی بـە زۆر لێـی سـتێندراوە. نەبوونـی دەوڵەتـی کـوردی وایکـردووە، ئـەم خاکـە بکەوێتـە دەسـتی بێگانـە، ئـەو خاکـەی شـاعیر بـە شـەرەفی خـۆی دەزانێـت.

شـاعیر بانگـی نەتەوەکـەی دەکات، کـە پێویسـتە بـۆ ڕزگارکردنـی خاکەکەیـان هەڵسـنە سـەرپێ. داوا لـە سـەرکردە و گەنجانـی نیشـتمان و هەمـوو لایەنەکانـی کۆمەڵگـەی کـوردی دەکات، کـە ڕۆژی یەکگرتـن و خەباتکردنـە. ئـەم شـیعرە پەیامـی ئـەوە دەدات بەبـێ هەبوونـی دەوڵەتێکـی کـوردی و بـێ سـەربەخۆیی سیاسـی، ناتوانیـن ئـەو جوانـی و دەوڵەمەندییـەی خاکـی کوردسـتان بپارێزیـن و سەربەسـت بژیـن. هـاوکات ئاگادارمـان دەکاتـەوە، ئەگـەر هـەروا بەردەوامبیـن، بەتـەواوی خاکەکەمـان لەدەسـتدەدەین و دەبینـە کۆیلـە و نۆکـەری دوژمـن. جگەرخوێـن خـاك وەك نامـووس دەبینێـت، ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات، کـە پاراسـتنی خـاك وەك پاراسـتنی شـەرەف و ناموسـی نەتەوەکـەی بـە پێویسـت دەزانێـت، بـە هـەر نرخێـك بێـت، دەبێـت بپارێزرێـت. بۆیـە خـاك بـۆ جگەرخوێـن تەنیـا جێگـەی نیشـتەجێبوون نییـە، بەڵکـو سـەنگەری ئـازادی و سـەربەخۆییە، هەروەهـا لای جگەرخوێـن خـاك بـەس جوگرافیـا نییـە، هـاوکات کەلتـوور، مێـژووی و داهاتـووی گەلـی کـوردە، پێویسـتە بەهـەر نرخێـك بێـت ئـازاد بکرێـت.

**٢-٣/٢) بنەمای خاك وەك هۆكاری داهێنانی شیعر لای هێمن:**

گرنگی خاك لای هێمن سەرچاوەی ئیلهامی شیعرە. ئەوەی هێمن دەبەستێتەوە بە نیشتمانەكەی پیرۆزی ئەو خاكەیە، كە تێیدا لە دایك بووە، لە ڕووی هونەرییەوە، هێمن خاكی كردووە بە كەرەستە بۆ دەربڕینی هەستەكانی خۆی. خاك ئەو سەرچاوە لە بنەهاتووەی ئیلهامە بۆ هێمن هەرگیز كۆتایی نایێ، هەمیشە شتی نوێی هەیە بۆ گوتن، بۆیە بنەمای خاك بۆ شاعیر بووەتە سەرچاوەی داهێنان، ڕەنگە هێمن لە داهێنانی ئەمجۆرە شیعرانەدا ئەوەندە باڵادەست نەبا، ئەگەر خۆشەویستی خاكەكەی نەبووایە.

شاعیر هەركاتێك هەستی بە مەترسی كردبێت بۆ سەر خاكەكەی گیان فیدایی و ئامادەیی خۆی دەربڕیوە، تەنانەت بە جۆرێك ئاشقی خاك و نیشتمانەكەی بووە، ئەگەر پێویستی بێت واز لە هەموو خۆشییەكی خۆی دەهێنێت ژیانی بۆ تەرخان دەكات. لە شیعری (تۆم هەر لەبیرە).

دەكەم تەرخان لە ڕێی تۆدا ژیانم
لە سەنگەردا بەرەو ڕووی دوژمنانم
بەخاكی تۆ! دەمی ئاویلكەدانم
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە

(دیوانی هێمن، ٢٠٠٨، لا١٠٥).

بنەمای خاك و نیشتمان هۆكاری سەرەكی داهێنانی ئەم شیعرەیە. لەم پارچە شیعرەدا ئەوە دەردەكەوێت، هێمن خاك چەندە بە پیرۆز دەزانێت، ئامادەیە لە پێناو خاكەكەی خۆی بەخت بكات و بچێتە

سەنگەر دژی دوژمن، ئەمەش ئەو بەها پیرۆزە دەردەخات، کە کورد بەگشتی و شاعیران بەتایبەتی بۆ خاکی نیشتمان هەیانە. جگە لەوەش شاعیر خاك وەکو دایك بە گەورە دەبینێت، کە هەم پەناگەیە هەم ئارامی و شوێنی حەسانەوەیە. "بەخاکی تۆ! دەمی ئاویلکە دانم"، ئەمە ئەو پەڕی نزیکی و تێکەڵ بوونە لەگەڵ خاك. هێمن هیچ کات بە چاوێکی ئاسایی وەك شتێکی مادی سەیری خاکی نەکردووە. ئەمە پیرۆزی خاکە لای شاعیر و هەر تاکێکی تری ڕۆشنبیر، کە بە گیان و ڕۆحی خۆیان بۆی دەژین و ئامادەن لەپێناویدا قوربانی بدەن.

شیعری "بژی دێموکرات" یەکێکە لە گرنگترین ئەو دەقە شیعرییانەی باسی قوربانیدان بۆ خاك و نیشتمان دەکات. ئەم دەقەی هێمن لە سەردەمێکدا نووسراوە. خاکی کوردستان ڕووبەڕووی داگیرکاری و هێرشی بەردەوامی دوژمنان بووەتەوە:

پێکیان هێناوە لەشکرێکی چاك
لە لاوی ئازا و بەکار و چالاك
هومێدم وایە لاوانی خوێن پاك
بە خوێنی خۆیان بپارێزن خاك
بژی دێموکرات بژی دێموکرات

(دیوانی هێمن، ٢٠٠٨، لا١٢١).

لەڕێگەی ئەم دەقەوە هەستی نیشتمانپەروەری شاعیر بە شێوەیەکی ڕوون و کاریگەر دەردەکەوێت، چونکە داگیرکاری و پەلاماری دوژمنان بۆ سەر خاکی کوردستان بووەتە هۆی زیادبوون و بەهێزبوونی هەستی نەتەوایەتی. هەروەها شاعیر ئەوەی نیشانداوە چۆن ئەم بارودۆخە

وایكـردووە، ڕۆڵەكانـی نەتەوەكـەی دژی داگیركەرانـی خاكـی كوردسـتان، بـەردەوام لـە حاڵەتـی ئامادەباشـی و بەرگـری دابن.

ئـەم دەقـە ڕەنگدانـەوەی ئـەو مێژووەیـە، كـە كـورد بـەردەوام ڕووبـەڕووی هێـرش و داگیـركاری بووەتـەوە، بـەڵام هەمیشـە توانیویانـە بەگیانـی خۆیـان بیپارێـزن. هەروەهـا بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی ئـەدەب دەتوانێـت ببێتـە دەنگـی ئـەو نەتەوانـەی لـە خاكـی خۆیـان لەژێـر سـتەمدان، جگـە لـەوەش دەبێتـە ئامـرازی تێكۆشـان و بەرخـۆدان، كـە بـۆ نـەوەی ڕابـردوو گرنگـی و كاریگـەری هەبـووە و بـۆ نـەوەی داهاتـووش دەبێـت. ئـەم دۆخـەش دەرئەنجامـی نەبوونـی دەوڵەتێكـی سـەربەخۆیە.

دەقـی (شـەنگەبێری) هێمـن، هیـوا و نزیـك بوونەوەیـە لەگەیـشتن بـە ئامانجـی نەتەوەكـەی كـەوا تەمەنێكـە لـە پێناویـدا گیانـی خـۆی كردووەتـە سەردەسـت و قوربانـی دەدات، شـاعیر بـەر لـە هەمـوو كەسـێك بـە ئەركـی خـۆی دەزانێـت مـژدەی هاتنـی ئەمـڕۆژە بـدات، چونكـە خـۆی بەشـێك بـووە لـەو خەباتـە:

زۆری نەمـاوە بێتـە بـەر نەمامـی هـەوڵ و خەباتـم
لـە داگیركـەر پـاك بێتـەوە خاكـی پیـرۆزی وڵاتـم
چـەك دادەنێـم، گۆچانەكـەی جارانـم هەڵدەگرمـەوە
تۆ هەر بیری بە، من هەر شـوان، فریشـتەی تاسـە و ئاواتم

(دیوانـی هێمن، ٢٠٠٨، لا٢١٦).

كاتێـك دەڵێـت "زۆری نەمـاوە بێتـە بـەر نەمامـی هـەوڵ و خەباتـم"، ئاماژەیەكـە بـۆ سـەركەوتنی خەباتـی نەتەوەكـەی لەپێنـاو دۆزی سـەربەخۆیی. شـاعیر دەیەوێـت هێـز بەخـۆی بـدات و سـارد نەبێتـەوە

لەو هەستە گەرمەی لە ناخیدا هەیە، بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و ئازدبوونی خاکەکەی لە ژێر دەستی دووژمنان.

ئەوەمان پیشان دەدات، کە بە درێژایی ژیان پاسەوانییەتی خاك و وڵاتەکەی کردووە. تەنانەت لە پێناو وڵاتەکەی وازی لە پیشەی شوانی هێناوە و خۆشەویستی خاکەکەی وایکردووە، چەکی شەرەف هەڵگرێت و ببێت بە پێشمەرگە، بەڵام بە ئاواتی ئەوەیە ڕۆژێك خاکەکەی لە ژێردەستی داگیرکەران ڕزگار بکرێت، وەکو جاران بگەڕێتەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆی. دەقەکە ئاماژەیە بۆ ئەو کێشە سیاسییە گەورەیەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووبەڕووی بووەتەوە، ئەویش ژێردەستەیی و داگیرکاری و نەبوونی خاکێکی ئازادە بۆ ژیان، چونکە نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد زۆرترین کێشەی بۆ ئەو نەتەوەیە دروستکردووە، شاعیر وەك ڕۆشنبیرێك ناتوانێت چاوپۆشی لەو پرسە گەورەیە بکات، بۆیە بەشی زۆری شیعرەکانی بەئاراستەی خەبات و بەرگری و هۆشیاربوونەوەی نەتەوەکەی نوسیووە.

هێمن بۆیەك ساتیش ئومێدی سەربەخۆبوونی لەدەست نەداوە، هەمیشە بەدوای دەرفەتێکدا گەڕاوە بۆئەوەی خاکی نەتەوەکەی لە بێگانە ڕزگاربکات، چونکە ئەو خاکەی سەدان ساڵە کورد لە پێناویدا خوێنی دەڕژێت، زلهێزەداگیرکەرەکان بەماڵی خۆیانی دەزانن، بەڵام لە دیدی تاکی کورد ئێمە خاوەنی ئەو خاکەین، ئەمەش ڕاستەقینە و حەقیقەتێکە دوژمنانی کورد نە لە ڕابردوو نە ئێستا دانیپێدانانێن، شاعیر لە شیعری (هەڵدەکەم) وێنەیەکمان لەم دیکۆمێنتانە نیشان دەدات:

مـن كـە بێدەنگـم ئەوێسـتا چاوەنـۆڕی هـەل دەكـەم
هـەل كە بـۆم هەڵكەوت ئەمجا باسـكمی لـێ هەڵدەكەم
زۆر بـە ئومێـدی خـودا لـەو خاكـە پاكـەی دەردەكـەم
دوژمنـە بێگانـە ئاخـر چـۆن دەگـەل وی هەڵدەكـەم

(دیوانـی هێمن، ٢٠٠٨، ل٣٨٧).

ئـەم دەقـە ڕەنگدانـەوەی ئێـش و ئـازاری نەتەوەیەكـی ژێردەسـتەیە، كـە خاكەكـەی لەژێـر داگیـركاری و كۆنترۆڵـی بێگانەكاندایـە. جگـە لـەوە ئاماژەیەكـە بـۆ شـەڕی بەردەوامـی نەتەوەكـەی دژ بـە چەوسـانەوە و داگیـركاری، لەگـەڵ ئەوشـدا زۆرجـاران نەبوونـی دەرفەتێكـی گونجـاو وایكـردووە ئـارام بگرێـت تـا كاتـی خـۆی بەئومێـد و پشـت بـەستن بەخـودا لـە ئاسـت دۆخەكـە خۆڕاگـر بـووە، كـە دەرفەتیـش هەڵكەوتـووە زۆر بوێرانـە دەمـی دووژمنەكانـی داخسـتووە. ئـەم دەقـە نیشـانە و هێمایەكـە بـۆ هەسـتی نەتەوایەتـی و نیشـتمانپەروەری كـورد، كـە بـە درێژایـی مێـژوو بەردەوامـی هەبـووە، هەسـتێك هەرگیـز نامرێـت و هەمیشـە ئامادەیـە بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی هـەر دەسـتێك، كـە بـۆ سـەر خـاك و ناسـنامە و كەلتـووری نەتەوەكـەی درێژكرابێـت.

خۆشەویسـتی خـاك دەرچەیەكـە بـۆ دەربڕینـی هەسـتەكانی شـاعیر، چونكـە لەژیانـی دا چەنـد جارێـك هێرشـی داگیركەرانـی بـۆ سـەر خاكەكـەی دیـووە، بۆیـە هێمـن خـاك وەكـو دایـك بـە گـەورە و پیـرۆز دەزانێـت و سـەركەوتنەكانی ژیانـی خـۆی بـە ڕزگاری خاكەكـەی لـە ژێردەسـتەیی پەیوەسـتكردووە. خـۆی بـە پاسـەوانی خاكەكـەی

دەزانــێ و ئامادەیــە لــە هــەر مەترســییەك بیپارێزێــت، تەنانــەت گیانــی خــۆی فیــدای خاکەکــەی کــردووە، ئــەم ڕۆحــە فیداکارانەیــە بەنــاو هەمــوو بەرهەمــە ئەدەبییەکانیــدا درێــژەی کێشــاوە، بووەتــە هــۆی جیــاوازی شــیعری ئــەو لــە شــاعیرانی ســەردەمەکەی.

**٣-٣/٢) بنەمای خاك وەك هۆكاری داهێنانی شیعر لای پەشێو:**

خاك لە شیعری پەشێودا پانتاییەكی فراوانی داگیر كردووە، لای ئەو خاك تەنیا جێگەی لەدایكبوون نییە، بەڵكو دایكێكە هەموو ئازارەكانی نەتەوەكەی لە خۆیدا هەڵگرتووە. ئەو پێی وایە خاك سەرچاوەی ژیان و ناسنامەی نەتەوایەتییە، لە دژی ستەم و داگیركاری سەنگەری بەرگری و پارێزگاریكردنە. لە شیعرەكانیدا خاك دەكات بە نیشانەی بوون و نەبوونی نەتەوەكەی، واتە گرنگی بوونی خاك مەرگ و ژیان بەیەكتر دەبەستێتەوە، بۆیە بە پیرۆزییەوە باسی دەكات. بۆیە دەكرێت بڵێین ئەم ڕوانینانەی شاعیر دەلالەت لە قووڵی بیری شاعیر دەكا لە تێگەیشتنی بۆ خاك وەك بنەمایەكی سەرەكی هەستی نەتەوایەتی.

پەشێو هەبوونی خاك و پیرۆزییەكانی مرۆڤ بەیەكەوە گرێ دەدات. لەم شیعردا پەیامێك دەنێرێ بۆ هەموو ئەوانەی خاوەنی خاكێكی سەربەخۆ نین، نیشتمانیان داگیر كراوە:

ئاسمانی تۆ بەرپێی خۆتە!
سەرت شۆڕكە،
ملت كەچ كە،
چاو مەگێرە
بۆ ئاسمان و ئەستێرە و خوا -
ئەوی بستێك خاكی نەبێ،
خوا و ئەستێرە و ئاسمانی كوا؟!

(هەسپم هەورە و ڕكێفم چیا، ٢٠١٤،١٦).

مەبەستی پەشێو ئەوەیە گەورەیی و سەربەرزی مرۆڤ بە خاکەکەیەوە پەیوەستە. کاتێك لەسەر خاکی خۆت ڕاوەستاوی، ئەوەندە سەربەرزوو شکۆداری، وەك ئەوەیە وایە ئاسمان لەبەر پێت دابێت، هەروەها دەربڕینی، (سەرت شۆڕکە، ملت کەچ کە)، نیشانەی شەرمەزاری و بێهێزی و شکستە.

پەشێو دەیەوێت بڵێت، کەسێك خاکی نەبێت، سەری شۆڕە و ملی کەچە. کەسی ملکەچیش پێویست ناکات سەر بەرز بکاتەوە و لە ئاسماندا بە دوای پیرۆزییەکاندا بگەڕێ، مرۆڤ ئەگەر خاوەنی خاکێك نەبوو پشت ئەستوور نەبوو بە بوونی دەوڵەتێك، ئەوا تەنانەت پیرۆزییەکانیشی پارێزراو نابن. دواتر هەموو ئەوانەی باسی کرد دەیبەستێتەوە بە (بستێك خاك)، ئاشکرایە کەمترین بڕ لە خاك (بستێك)ە شاعیر پێی وایە، ئەگەر نەتبێت، واتە تۆ هیچت نییە. زۆر بە ڕوونی پێمان دەڵێت خاك و نیشتمان بنەمای هەموو شتێکن. بەبێ خاك نە سەربەرزیت نە پیرۆزییەکانت هەیە. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ دۆخی دەروونی شاعیر بەرانبەر نەبوونی خاکێکی ئازاد لە نیشتمانەکەی خۆیدا، هەروەها ئامۆژگارییەکە بۆ پاراستنی خاك، کە پیرۆزییەکەی لەسەرووی هەمووشتیکە، کە گەورەیی و گرنگی خاك لای پەشێو نیشاندەدات.

ئەمجارەیان پەشێو لە دەقی شیعری (مەزاد)دا بە دەربڕینێکی سادە، گرووتینی خۆی بۆ ئازادی خاکی نەتەوەکەی دەردەخات، کە ئامادەیە هەموو دەستکەوت و سەروەرییەکانی خۆی بۆ کڕینی پارچەیەك زەوی ئازاد بفرۆشێت. ئەمەش پەیامێکە بۆ هەموو ئەوانەی دەنگی دەبیستن، تابزانن نەبوونی خاکێکی سەربەخۆ چ

ئازارێـك بـە تاكەكانـی دەدات:

مـــــــــەزاد ... مــــــــــەزاد ...
هەرچیـم هەیـە، هەمـووی مـەزاد،
بەپارچەیــــەك پـەڕۆی ســـــادە،
كــە هەڵبكـرێ و بشـنێتەوە
لەســەر بســتێك زەوی ئــازاد !
مـــــــــەزاد ... مــــــــــەزاد ...
هەرچیـم هەیـە هەمـووی مـەزاد!

( هەسپم هەورە و ڕكێفم چیا، ٢٠١٤، لا٥٤).

لــە ســەرەتای شــیعرەكەدا دووبارەكردنــەوەی وشــەی "مــەزاد" وا دەكات خوێنـەر هەسـت بـەو ناچاریـە بـكات، كـە شـاعیر تێیدایـە، ئـەو هـاوار و ناڵەیـەی ئاماژەیـە بـۆ ئـەوەی شـاعیر داوای مافێكـی سـەرەتایی خـۆی دەكات، كـە لێـی بێبەشـە، شـاعیر مەبەسـتییەتی خاكەكـەی لـە ژێـر دەسـتەیی دەربهێنـن. ئامادەیـە لـە پێنـاو ئـەو ئامانجـەی هەمـوو قوربانییــەك بــدات، ئــەوەی كەوتووەتــە پشــت پەردەكــە ئەوەیــە نەبوونــی دەوڵــەت وای كــردووە، نەتــەوەی كــورد خاكێكــی ئــازادی نەبێــت، چارەســەركردنی ئــەم كێشــەیەش بــە دانپێدانــان بەمافــی نەتــەوەی كــورد بەستراوەتــەوە، تاكــو ببێتــە خاوەنــی خــاك و ئــاڵا و وڵاتــی خــۆی. مێــژوو شــاهێدی ئەوەیــە كــورد هەمیشــە خەونــی بــە ســەربەخۆیی بینیــووە، بــەڵام تائێســتا پێــی نەگەیشــتووە. ئەمــەش وای كــردووە ئــەم حەسرەتــە لــە دەقــی شــیعری شــاعیرەكان ڕەنگبداتــەوە، كــە هەســتێكی هاوبەشــە لــە نێــوان تاكەكانــی كــورد.

شاعیر لە دەقیکی تردا بە بێزارییەوە ڕوو دەکاتە خودا، تاوەکو ژیانێکی تری بە خەڵات پێبدات، ئەگەر چی ژیانێکی کورتیش بێت، بەڵام ئازادبێ و نرخی هەبێت لە سەر ئەم خاکە.

ژینێکی ترم خەڵات کە، خوایە،
با کورت بێ، وەك هی گوڵ و پەروانە.
بە هەر بستی عەرد من قنیات دەکەم،
بەڵام، تیا نەژیم وەکوو بێگانە!

(هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ٢٠١٤، ل٢٨٨).

بێگومان نەبوونی دەوڵەت تەنیا بابەتێکی سیاسی نییە، بەڵکو سەرچاوەی هەموو ئەو کێشانەیە، کە نەتەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. کاتێك نەتەوەیەك دەوڵەتی نەبێت، ناتوانێت بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات، ئەمەش وادەکات تاکەکانی ئەو نەتەوەیە لەناو خاکی خۆیاندا هەست بە بێگانەیی بکەن، هەروەك لە دێری کۆتاییدا شاعیر ئاماژەی بۆ کردووە: "تیا نەژیم وەکوو بێگانە". بێگومان کەس نایەوێت لە خاکی خۆی وەك بێگانەیەك بژی، چونکە خۆی بە خاوەنی ڕاستەقینەیی ئەو خاکە دەزانێت، بەڵام نەبوونی پشتیوانی وای کردووە ئەو ئارەزووەی لە شێوەی خەیاڵ بمێنێتەوە. بە بێدەوڵەت، ناتوانێت سەروەری خۆی لەسەر خاك و سامانەکانی بسەلمێنێت، ئەمەی پەشێو باسی کردووە دەقاودەق ڕەنگدانەوەی دۆخی نەتەوەکەیەتی، کە خاکەکەی لەنێوان چوار دەوڵەت دابەشکراوە و کورد لە هیچ یەکێك لە پارچەکانیدا خاوەن ماڵ نییە. هەمیشە وەکو بێگانەیەك سەیر دەکرێن، هەر بۆیەش شاعیر داوای

گۆڕانـكاری دەكات و پێـی وایـە ژیانێكـی كورتـی ئـازاد زۆر بـاشترە لـە ژیانێكـی درێـژی ژێردەسـتەیی.

ئـەم دەقـەی خـوارەوە ڕەنگدانەوەیەكـی جوانـی ئـەو پەیوەندییـە ڕۆحیەیـە، كـە لـە نێـوان شـاعیر و خاكەكەیـدا هەیـە. ناونیشـانی دەقەكە"قـەت نازانیـت چەنـد ئازیزیـت!" ئاماژەیەكـی ڕاسـتەوخۆیە بـۆ ئـەو گرنگـی و خۆشەویسـتییەی شـاعیر بـۆ خاكەكـەی هەیەتـی، لـە ناوەڕۆكـی شـیعرەكەدا ئـەو حەقیقەتەمـان بـۆ ڕووندەبێتـەوە:

قـەت نازانیـت چەنـد ئازیزیـت !
گـەر من دەریا و تۆش گردێك بای لە قەراخم،
لەشـكرێكم لـە نەرمەپێـل تەیـار دەكـرد،
لەتێك هـەوری بەربـام دەكـرد بـە بەیداخـم،
لـــە گـــشـــت لاوە
غـــافڵـــگـــیرم دەكـــردیـــت و
وەك دوڕگـەی خـۆم بەدنیـادا جـاڕم دەدای!

(سـەوڵم پۆڵا و كەناریش دوور، ٢٠١٩، لا٦٩).

شـاعیر لـە ڕێگەی هونـەرەوە هەوڵی پـاراستن و ڕزگاركردنی خاكەكەی دەدات. ئـەو ئـارەزووە دەردەخات، كـە بۆ خاكەكـەی هەیەتی، هەروەها ئامـاژە بـەو دۆخـەی دەكات خاكەكـەی لە ژێـر كۆنترۆڵی هێـزی بیانیدایە، شـاعیریش بـە ئەركـی خۆی دەزانێت لـە پێناویـدا بجەنگێت.

شـاعیر دەیەوێـت لەتێـك هـەور بـكات بـە ئـاڵا بـۆ ئـەوەی سـەربەخۆیی خاكەكـەی بسـەلمێنێت و دووریبخاتـە لـە ژێـر دەسـتی دووژمنـان، بـە جۆرێـك لـە باوەشـی بگرێـت كـەس دەسـتی پێنـەگات،

وەك چۆن گرد و تەپۆلکەیەك دەکەونە ناو جەرگەی ڕۆحی دەریا و لە هەموو دەستێك دوورن. پەشێو بێتاقەتی خۆی دەردەبڕێت و پێمان دەڵێت، ئەگەر لە توانام دا هەبا بەو جۆرە لە ژێر دەستی دووژمنان دەرمدەهێنای و دەمپاراستی دواتر "بەدنیادا جاڕم دەدای" ڕاگەیاندنە بۆ ئەوەی هەمووان بیزانن ئەوە خاك و ئاڵای منە، هەر ئەوەش ئاواتی تاکێکی خاك داگیر کراوی ژێر دەستەی بێدەوڵەتە.

بەگشتی دەقەکە ڕەنگدانەوەیەکی دیکەی ئەو دۆخەیە، کە تاکی کورد تێیدا دەژین و خۆشەویستییەکی بێسنووریان بۆ خاکەکەیان هەیە، لەلایەکی دیکەوە هەستکردنە بە بێدەسەڵاتی. ئەمە وای کردووە شیعر و هونەر ببنە تاکە ڕێگە بۆ دەربڕینی ئازایەتی و خۆشەویستی بۆ پاراستنی خاکی نیشتمان. خاك لای پەشێو مەرگ و ژیان بەیەکتر دەبەستێتەوە و نیشانەی بوون و نەبوونی نەتەوەکەیە. بۆ شاعیر خاك تەنیا جێگەی لەدایکبوون نییە، سەرچاوەی ژیان و ناسنامەی نەتەوایەتییە. وایدەبینێت گەورەیی و سەربەرزی مرۆڤ بەستراوەتەوە بە خاکەکەیەوە بۆیە دەڵێت "ئەوی بستێك خاکی نەبێت، خوا و ئەستێرە و ئاسمانی کوا؟!" ئاماژەیە بۆ ئەوەی بەبێ خاك پیرۆزییەکان لەمەترسیدان. لەشوێنێکی دیکە ئامادەیە هەموو دەستکەوت و سەرورییەکانی خۆی بفرۆشێت بۆ کڕینی "پارچەیەك زەوی ئازاد" واتە لای ئەو خاك سەنگەری بەرگری و پارێزگاریکردنە لە دژی ستەم و داگیرکاری و بنەمای هەموو شتێکە.

کەواتە؛ لە دیدی هەرسێ شاعیر خاك بنەمایەکی گرنگی هەبوونی دەوڵەتە، بە پیرۆزترین پیرۆزییەکان بەراوردکراوە. جگەرخوێن خاك بە ناموس دەزانێ و پێداگرە لەسەر ئەوەی مرۆڤ چۆن بەرگری

لە شەرەفی خۆی دەکا، دەبێ ئاواش خاك و نیشتمانەکەی بپارێزێ. هێمن تاکە سەرکەوتنێك لە ژیان باوەڕی پێی هەبێ ڕزگارکردنی خاکە و ئەوە بە سەرکەوتنی ڕاستەقینە دەزانێ. هەرچی پەشێوە بوونی خۆی و کۆمەڵگەکەی و نەتەوەکەشی دەبەستێتەوە بەخاك و بستێك خاك بارتەقای هەموو شتێك دادەنێ.

# بەشی سێیەم

## کاریگەری پرسە دەروونییەکان لەسەر داهێنانی شیعر لای شاعیران

پرسی نەبوونی دەوڵەت بە درێژایی مێژووی شیعری کوردی لە دەروونی شاعیران ڕەنگیداوەتەوە، لەنێویشیاندا لێکەوتەکانی وەك گرێی خۆبەکەمزانی، هەستی ژێردەستەیی و کاردانەوەی دەروونی بۆ نوسینی شیعری بەرگری. ئەم پرسە دەروونییانە بوونەتە هاندەری سەرەکی بۆ داهێنانی شیعر لای شاعیرانی کورد، چونکە شاعیران وەك ئامرازێکی بەرگری شیعریان بەکارهێناوە، کە لەو ڕێگەیەوە هەست و سۆز، ئازار و خەم و بەرەنگاربوونەوە نیشاندەدەن. نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ لە دەروونی تاك و کۆمەڵگەی کوردیدا کاریگەرییەکی قووڵی هەیە، وا دەکات زیاتر هەست بە بێدەسەڵاتی بکەن و خۆیان بەکەمتر بزانن، ئەم دۆخانە بوونەتە سەرچاوەی بەردەوامی داهێنانی شیعر لای شاعیران، لە خوارەوە چەند دەقێکی شیعری هەریەك لەشاعیران" جگەرخوێن، هێمن، پەشێو " لەبەر ڕۆشنایی ئەم پرسانە شیدەکەینەوە.

## ١/٣) گرێــی خۆبەکەمزانــی وەك هــۆکاری داهێنانــی شــیعر لای شــاعیرانی کــورد:

گرێـی خۆبەکەمزانـی وەك دۆخێکـی دەروونـی ئاڵـۆز، زۆربـەی تاکـی نەتـەوە بێدەوڵەتـەکان دووچـاری دەبـن، گەلـی کـورد وەك نەتەوەیەکـی بێدەوڵـەت کاریگـەری ئـەم دیاردەیـەی بەسـەرەوە دیـارە، بـە تایبـەت شـاعیران وەك دەسـتەیەکی ڕۆشـنبیر و خەمخـۆری نەتەوەکەیـان ڕەنگدانـەوەی ئـەم هەسـتە لـە بەرهەمەکانیـان دەردەکەوێـت. ئەمـەش بووەتـە سـەرچاوەی بەردەوامـی داهێنانیـان لـە بـواری ئەدەبـدا، چونکـە ئـەم هەسـتە لـە نێـوان خۆپەسـەندی و خۆبەکەمزانیـدا نائارامـی دروسـتدەکات، بۆیـە شـاعیرانی کـورد لـە بەرانبـەر دۆخـی بێدەوڵەتـی و نەبوونـی پێگەیەکـی شایسـتەی نەتەوەکەیـان لـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتیـدا زۆرجـار هەسـتی خۆبەکەمزانـی و نائومێدیـان بەرانبـەر ئێسـتا و ئاینـدە بـۆ دروسـتدەبێت. ئـەم بارودۆخـەش وایکـردووە ئـەم هەسـتە لـە تاکەکەسـییەوە بگۆڕێـت بـۆ ئەزموونێکـی کۆمەڵایەتـی.

**٣/١-١) گرێــی خۆبەكەمزانــی وەك هــۆكاری داهێنانــی شــیعر لای جگەرخوێــن:**

كاتێــك بــاس لــە دیــاردەی خۆبەكەمزانــی دەكەیــن، وەرگرتنــی تێكســتەكانی جگەرخوێــن بــە گرنــگ دەزانیــن، چونكــە شــیعرەكانی نموونەیەكـی گونجـاوە لـە هەسـتكردن بەگرێـی خۆبەكەمزانـی، شـاعیر توانیویەتــی ئــەم ئــازارە دەروونییــە بــۆ دەقــی شــیعری بگۆڕێــت. خۆبەكەمزانــی وەك پرۆســەیەكی چــالاك و بــەردەوام لــە زۆرێــك لــە بەرهەمەكانــی جگەرخوێنــدا دەردەكەوێــت، ئــەم كێشــە بــووە بــە دەرفەتێــك بــۆ دروســتكردنی شــیعری بەهێــز لــە لایــەن شــاعیرەوە. لێرەوەیــە ئــەو دەقــە شــیعرییانەی وەریدەگریــن پەیوەنــدی دەروونــی و دۆخــی كۆمەلایەتــی و سیاســی ئاشــكرا دەكات، كــە لــە نێــوان ئــازاری تاكەكەســی و بەرهەمهێنانــی هونەریــدا هەیــە. بــۆ گەیــشتن بەمــەش پێویســتە بڕۆینــە نــاو دنیــای نهێنــی شــیعرەكان و بــەوردی شــیكاری ئــەو ڕێگایانــە بكەیــن، كــە تێیــدا شــاعیر توانیویەتــی لــە گرێــی خۆبەكەمزانییــەوە ســود ببینێــت و شــیعری جــوان بەرهــەم بهێنێــت. ئــەم ڕێگایــە نــەك تەنیــا بــۆ تێگەیــشتن لــە جگەرخوێــن گرنگــە، بەڵكــوو بــۆ فێربوونــی زۆر شــت لەبــارەی سروشــتی مرۆیــی و هونــەری شــیعریش بایەخــی هەیــە.

لــە دەقــی شــیعری (مــا یــەك ژ وە نابــە بــەران)دا: جگەرخوێــن نەبوونـی دەسـەڵاتی سیاسـی و كۆمەڵایەتـی كـورد دەردەخـات و دەسـتی لەسـەر برینـی نەتەوەكـەی دانـاوە، كـە نەبوونـی پێگـە و دەسـەڵاتە. ئـەم دەسـتپێكە ئـەو دۆخـە نیشـان دەدات، كـە شـاعیر تێیـدا دەژی، وا

هەست دەکات هیچ پشتگیری و پارێزگارییەکی نییە. ئەمەش هەستی خۆبەکەمزانینی لا دروستکردووە لەم دەقە شیعرەیدا دەردەکەوێت:

بێ پادیشاهـ و دەولەتن
لەوڕا کو هوون بێ ڕوومەتن
ئیرۆ تەنێ هوون کێم کەتن
ئەڤ کێمیا کوردانە بەس

(دیوانا ئاگر و برووسك،٢٠٢١، لا٢٦).

نەبوونی دەوڵەت و سەرکردەیەکی سیاسی لای شاعیر گرێیەکی دەروونی درووستکردووە، لە ئاست نەتەوەکانی تردا خۆی بە کەمتر دەبینێت. ئەو پێی وایە، چونکە خاوەنی وڵات و سەرکردەی خۆمان نین بۆیە بێ ڕێزیمان بەرانبەر دەکرێت و شکۆمان دەشکێنرێت و مافەکانمان پێشێڵدەکرێت. لە دێری کۆتاییدا ڕەخنەیەکی توند لەنەتەوەکەی دەگرێت، پێی وایە ئەم بچووکبوونەوە و کەمووکوڕیەی هەیەتی هۆکارەکەی بۆ خۆی دەگەڕێتەوە. وادیارە لە ڕووی دەروونییەوە شاعیر گەیشتووەتە لوتکەی ئازار. لە هەمان کاتدا، شاعیر ئەم کەموکوڕی و ئازارەی کردووەتە دەرفەت بۆ ئەوەی شیعرەکەی بەرهەمبێنێت، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، کە هەستی خۆبەکەمزانین لە دەروونی شاعیر دروستی کردووە.

پارچەیەك لە شیعری لە هۆنراوەی "لە دنیێ بێسەری"دا، نموونەیەکیترە لە خۆبەکەمزانینی شاعیر لە بەرانبەر دۆخی نەتەوەیی و سیاسی کورد، کە بووەتە هۆی بەرهەمهێنانی دەقێك، کە بەتەواوی پڕە لە نیگەرانی و خەم بۆ دۆخی دابەشبوونی کەمایەتی

و كۆمەڵایەتـی كـورد. شـاعیر بـە زمانێكـی ئاشـكرا و ڕاسـتەوخۆ ئـەم ئـازارەی دەردەبڕێـت:

مللەتێ کـورد هـەر تەنێ مایـە ل دنیێ بێ سـەری
بەس یەکیتی تێدە نینە، هەر عەشیرەك سـەد کەری...
بەگلـەر و ئاغـا عەگیـدن، دژمنێـن کـوردن ژ دل
ڕێبـەرن بـۆ کـوشتن و تـالان و جەنـگ و بەربـەری

(دیوانا ئاگر و برووسك،٢٠٢١، لا٣٠).

جگەرخوێـن وەك ڕۆشـنبیرێك ڕەخنـە لـە چینـە جیاوازەكانـی كۆمەڵگەكـەی دەگرێت، بـە هـۆكاری دواكەوتـن و لەناوبردنـی ئامانجـی نەتەوەكەیـان دەزانێـت، چونكـە پێـی وایـە بـە پەرتـەوازە بـوون و پارچەپارچـە بـوون یەكێتـی و یـەك ڕیـزی كوردیـان شـێواندووە، بـەم جـۆرەش دووژمـن زۆر بەئاسـانی توانیویەتـی بەسـەرمان زاڵبـێ و لـە دژی یـەكتر بەكارمـان بهێنـن.

ئەوانـەی یـەك ڕیـزی دەشـكێنن، شـاعیر بـە دووژمنـی نەتەوەكەیـان دەزانێـت، دەڵـێ هـەر ئەوانەشـن دەبنـە چاوسـاغ و ڕێنیشـاندەری نەیاراكانمـان، تاوەكـو لەناومـان ببـەن. ئـەم شـێواوییەی نێـو ماڵـی كـورد شـاعیری خسـتووەتە دۆخێكـی دەروونـی پـڕ لـە ئـازار، كـە هەسـت بـە كەمبوونـی خـۆی دەكات، چونكـە بەنـاڕەوای دەزانێـت، كـە هـاو زمانەكـەی خزمـەت بـە ئامانجـی دووژمنەكانـی دەكات بـۆ لەنـاو بردنـی براكانـی بەرانبـەر بـە چەنـد دەسـكەوتێكی پووچـی مـادی یـان ئافەرینێـك. ئـەم دەقـە شـیعرییە نموونەیەكـی بەرچـاوە لـە خۆبەكەمزانیـن، لەگـەڵ ئەوانـەش كـە باسمان كـرد، پێكـەوە وێنەیەكـی

تـەواو لـە دۆخـی پەرێشـانی و نائومێـدی شـاعیر دەردەخـەن، کـە بـە زمانێکـی ئەدەبـی پێشکەشـی کـردووە.

جگەرخوێـن وەك تاکێکـی دڵسـۆز و خەمخـۆری نەتەوەکـەی، بەدەسـت دواکەوتـووی گەلەکـەی ئـازاری چەشـتووە، لەڕێگـەی ئاراسـتەکردنی هەندێـك دەسـتەواژەی سـووکایەتی و سـەرکۆنەیی، تەنانـەت هەڵوێسـتی ڕەخنەگرانـەی خـۆی بەرانبـەر بـێ توانایـی و نەزانیـن لـە بەڕێوەبردنـی وڵاتەکەیانـدا لـە دەقـی شـیعری (هـەر چەنـد تـو ناڤـداری هـەی کـورد)دا ڕەنگـی داوەتـەوە:

پـڕ شـەرمە کـو هـەر کـەس خـوەدی ئـالاو سـەرا بن
لـێ کـورد ب تەنـێ هـەر ل دنـێ بـێ کـر و کێـر بـی
پـڕ شـەرمە کـو ئـەڤ ئـاڤ و چیـا کانیـێ پەتـرۆل
تەڤ ئێ تەبن لێ هەر تو وسـا دەسـت ب قەلێر بی

(دیوانا سـەورا ئازادی، ٢٠٢١، لا٢٧).

شـاعیر بـە زمانێکـی تونـد، کێشـەیەکی قووڵـی نەتەوەکـەی دەخاتـە بـەردەم خوێنـەر، وەك کەسـێکی دەروونپـڕ توڕەیـی خـۆی لـە ڕێگـەی ئـەم شـیعرەوە نیشـان دەدات، ئـەم دەسـتەواژانەی بەکاریهێنـاوە بـوون بەکەرەسـتەی بنیاتنانـی دەقەکـە "کـر و کێـر و قەلێـر" کـە ئامـاژەن بـۆ توڕەیـی شـاعیر، بۆیـە بـە زمانـی لۆمەکـردن قسـەدەکات، چونکـە نەیانتوانیـوە بـە باشـی سـوود لـە سـەروەت و سـامانی وڵاتەکەیـان وەربگـرن، هەروەهـا دووبارەکردنـەوەی وشـەی "شـەرم" دەربڕینێکـی ڕەخنەگرانـە و سەرزەنشـتکارانەیە دەرهـەق بەنەتەوەکـەی، چونکـە وڵاتانـی هاوشـانی کوردسـتان بـوون بـە خاوەنـی هەمـوو دەسـکەوتێکی

سیاسـی و كۆمەڵایەتـی تەنیـا كـورد بێدەوڵەتـە، هـەر ئەمەشـە بێهێـز و دەسـەڵاتی كـردوون. شـاعیر وەك كەسـێكی سەرسـڕماو لـە ئاسـت ئـەم دۆخـە وەسـتاوە لەكاتێكـدا خاوەنـی بەهێزتریـن سـەرچاوەی ئابـووری خۆمانیــن هــەروا دەستەوەســتان و بێدەنگیــن. ئەمــەش نموونەیەكــی بەرچـاوە لـە هەسـتی خۆبەكەمزانـی شـاعیر بەرانبـەر بـە دۆخـی دواكەوتـووی و بـێ توانایـی نەتەوەكـەی لـە گەیـشتن بـە ئاواتەكانـی، هۆكارێكیشـە بـۆ هەڵكشـانی ئاسـتی هۆشـیاری نەتەوەیـی و وروژاندنـی تـاك بـۆ چارەسـەركردنی كێشـەكان، هـەر ئـەم هەسـتكردنە بـە كێشـەكان بوونەتـە هـۆكاری بەرهەمهێنانـی دەقەكـەی.

جگەرخوێـن لـە دەقـی شـیعری (تاكەنگـی ئەمـێ كاركـەر و جۆتـكارێ بـەگا بـن)دا نـاڕازی بوونـی خـۆی بەرانبـەر بـە ژیانـی ژێردەسـتەیی و دواكەتـووی نەتەوەكـەی دەخاتـەڕوو. تانـە دەگرێـت، بۆچـی نەتەوەیـەك خاوەنـی چەندیـن ملیـۆن كـەس بێـت، كەچـی هیـچ دەسـكەوتێكی نەبێـت. ئـەم دۆخـە هەسـتێكی ناخۆشـی لـە دەروونـی درووسـتكردووە:

پڕ شـەرمە كو ئەم دهـ سـەری ملیۆنێ نفووسن
پـڕ شـەرمە كـو ئـەم عابـدێ دینـار و فلووسـن
پڕ شـەرمە كو ئەم برچی و بێ ماد و مڕووسـن
حەیفە ژ مە ڕە هەمدەم و همخاكێ ئوڕووسن

(دیوانا سـەورا ئازادی، ٢٠٢١، لا ٥٠).

ئـەم چەنـد دێـرەی شـاعیر وێنەیەكـی ڕاسـتەقینە و دڵتەزێـن لـە بارودۆخـی نەتەوەكـەی پیشـاندەدات، كـە تووشـی نەهامەتـی و دەردەسـەری ڕۆژگار بـووە. شـاعیر بـە بەكارهێنانـی وشـەی "پـڕ

شــەرمە" و "حەیفــە" داخــوازی خــۆی بــۆ گۆڕانــکاری دەردەبڕێــت و پێــی وایــە جێگــەی داخــە لەســەر خــاك و نیشــتمانی خۆمــان برســی و هەژاربیــن و بــێ ئومێــد و بــێ خــەون بیــن لەگەیــشتن بــە ئامانجــی نەتەوەکەمــان، کــە ئــازادی و ســەربەخۆییە. ئــەم شــیعرە ڕەنگدانــەوەی بارودۆخــی کۆمەڵایەتییــە و هاوارێکــە بــۆ وشــیاری و گۆڕانــکاری لــە لایــەن شــاعیرەوە.

هەستی خۆبەکەمزانـی جگەرخوێـن بـۆ نەبوونـی دەوڵـەت و ژیانـی ژێـر چەپۆکـی نەتەوەکانـی تـر دەگەڕێتـەوە، شـاعیر وا هەسـتدەکات نەتەوەکـەی بێڕێـز و بێپشـتگیرە لەبەرانبـەر نەتەوەکانـی دیکـە، هەروەها پەرتەوازەیـی و نایەکگرتوویـی کـورد کـە لـە "لـە دنیـێ بێسـەری"دا باسـی لێـدەکات بـە "بـەس یەکیتـی تێـدە نینـە، هـەر عەشـیرەك سـەد کـەری" بووەتـە هـۆی لاوازی و لـە دەسـتدانی ئامانجـە نەتەوەییـەکان. ئـەوەی گرنگـە جگەرخوێـن توانیویەتـی ئـەم هەسـتە بکاتـە سـەرچاوەیەکی داهێنانـی شـیعر و لەڕێگـەی زمانـی ڕەخنەگرانـەوە هـاوار بـۆ گۆڕانـکاری و وشـیاری نەتەوەیـی دەکات.

**٢-١/٣) گرێی خۆبەكەمزانی وەك هۆكاری داهێنانی شیعر لای هێمن:**

هێمـن وەك شـاعیری نەتەوەیـەك شـیعرەكانی بـەردەوام كاریگەرییـان لـە سـەر خەڵـك هەبـووە، شـاعیر وەك تاكێكـی خەمخـۆری گەلەكـەی بەهـۆی نەبوونـی زۆر دەسـكەوت و پێشـكەوتنی نەتەوەیـی ئـازاری چەشـتووە و هەسـتی خۆبەكەمزانـی لا درووسـت بـووە، بـەڵام هێمـن وەك سـەرچاوەیەكی بەرهەمهێنـەر سـوودی لـەم هەسـتە وەرگرتـووە، ئـەم هەسـتەی بووەتـە هۆكارێكـی بنەڕەتـی لـە پێكهاتنـی جیهانـە شـیعرییەكەیدا. وایكـردووە وشـەكانی وەك چرایـەك ڕێگـەی زۆر بابەتـی بـۆ ڕوونـاك بكەنـەوە، بـە شـوێن ڕاسـتی و زانیاریـدا بگەڕێـت، ئـەم شـاعیرە لـە شـیعرەكانیدا هەوڵـی پڕكردنـەوەی ئـەو بۆشـاییە دەدات، كـە هەسـتی خۆبەكەمزانیـن درووسـتی كـردووە. دەكرێـت بڵێیـن هێمـن بـەو هۆیـەوە دەیـان دەقـی هونـەری بـە هێـزی هێناوەتـە بەرهـەم.

لـە دەقـی (سـازی ناسـاز)دا گفتوگۆیـەك لەگـەڵ خـۆی دروسـت دەكات، لـە نێـوان دەروونـی نائـارام و ژیانـی ڕاسـتەقینەی سـەخت، وەك بڵێـی وشـەكان لـە بەرانبـەر شـاعیر وەسـتاون پێـی دەڵێـن تـۆ بیرێـك لـە خـۆت بكـەوە چیـت هەیـە؟ تەنانـەت ئـەو شـتانەی، كـە زۆرسـادەن تـۆ لێـی بێبەشـی. ژیانـی ڕاسـتەقینەی شـاعیر لـە زاری وشـەكاندا دەردەكـەوێ:

كێلـی گـۆڕی شـەهیدی گـوم نـاوم
تاكـە داری كـرووزی بـێ ئـاوم
دەفتـەری شـیعری شـاعیری ڕووتـم

شەمعی سەر گۆڕ و داری تابووتم...
چۆن دەتوانم بە تۆ بڵێم من چیم؟!
خۆم گومانم هەیە کە هەم یا نیم!

(دیوانی هێمن، ٢٠٠٨، لا ٢٩٦).

ئەم دەقە وێنەیەکی ڕاستەقینەی هەستی خۆبەکەمزانی شاعیرە بەرانبەر بە ژیان، لە ڕێگەی چەند دەستەواژەیەکەوە شاعیر چەند وێنەیەکمان نیشان دەدات (کێلی گۆڕ، داری بێ ئاو، دەفتەری شیعر و شەمعی سەرگۆڕ). هەرجارە و خۆی بەیەکێکیان دەچوێنێ، بۆئەوەی پێمان بڵێت من وەکو ئەوانە وام. لە کاتێکدا هیچ یەکێك لە مانەی باسی کردووە، بەها و گرنگییەکی ئەو تۆیان نییە. جگە لەوانەش دەڵێ من تەنانەت گومانم لە بوونی خۆشم هەیە، چونکە بوونم وەك نەبوون وایە هیچ بەهایەکی نییە.

ئەم دەربڕینانە ئاماژەن بۆ هەستی خۆبەکەمزانین، بەڵام شاعیر وەك سیمبول و هێمای نەتەوەیەك دێت ئەمانە دەکات بە کەرەستەی داهێنان، سەلماندویەتی هەستی خۆبەکەمزانی سەرچاوەی هێزی بنەڕەتی داهێنانی شیعرە. ئەم دەقە پێمان دەڵێت زۆرجاران بەهێزترین شیعرەکان لەو دەمانەدا لەدایك دەبن، کە شاعیر لە بەرانبەر خۆی و جیهانی دەورووبەریدا هەستی خۆ بەکەمزانینی بۆ دروست دەبێت.

شاعیر ئەوەندە هەوڵی بێئاکامی نەتەوەکەی دیوە کاریگەری کردووتە سەر دەروونی و بۆ گەیشتن بە خەون و ئامانجەکانی جۆرێك لە بێ ئومێدی و ڕەشبینی لا دروست کردووە، جگە لەوەش

هەمیشــە ژیانــی ژێــر دەســتەیی جۆرێــك لــە هەســتی بچووكــی و خۆبەكەمزانــی درووســت دەكات. ئەمجارەیــان لــە شــیعری (تووڕەیــی)دا ئەوەمــان پــێ دەڵێــت:

لــەو وڵاتــە كەسێك لە خــەو ڕابێ
بەشــی چارە ڕەشی و خەم و شینە
تێگەیشــتم عیلاجــی دەردی مــن
مەســتی و شــێتی و نەزانینــە

(دیوانــی هێمن، ٢٠٠٨، لا ١٧٦).

ئــەو شــیعرە نموونەیەكــی زینــدووە لــەوەی شــاعیر چــۆن بــە كاریگــەری ئــەو هەســتە تاڵــە دەنووســێت. هێمــن بــە شــێوەیەكی هونــەری توانیویەتــی ئــەو هەســتە دەرببڕێــت، كــە زۆر كــەس تووشــی دەبــن. ئــەو كاتــەی وەكــو كەســێكی هۆشــیاری كۆمەڵگەكــەت دەردەكــەوی و داوای مافەكانــی خــۆت و گەلەكــەت دەكەیــت، دەتەوێــت كەســێكی جیاوازبیــت و دەزانیــت چارەســەری دەردەكان لەكوێیــە. ئینجــا دژایەتیــت دەكرێــت و هەوڵــی لەناوبردنــت دەدرێــت. كاتێــك بــەردەوام ڕێگریــت لــێ دەكرێــت، ســەرئەنجام مانــدوو دەبیــت و هەســتێكی ناخۆشــت لا دروســت دەبێــت. لێــرەدا دەبینیــن دەســتەواژەی "بەشــی چــارە ڕەشــی و خــەم و شــینە" ڕوویەكــی دیكــەی هەســتی خۆبەكەمزانینــی شــاعیر دەردەخــات. ئــەم دێــرەی لــە قووڵایــی نائومێــدی شــاعیر دەڕوانێــت، كــە هەســت دەكات چارەســەرێكی دیــار بــۆ ئازارەكانــی بوونــی نییــە. ڕەنگــە "ڕەشــی" تەنیــا ئامــاژە نەبێــت بێــت بــۆ دڵتەنگــی، بەڵكــو ئاماژەیــە بــۆ ئــەوەش، كــە

شـاعیر هیـچ ڕووناکییـەك نابینێـت بـۆ چارەسـەرەکان.

دواتـر شـاعیر بڕیـار دەدات لـە جیاتـی گـەڕان بـەدوای چارەسـەری دەرەکیـدا، چارەسـەرێك لـە ناوەخـۆی دەدۆزێتـەوە، ئەویـش خـۆ شـێتکردن و نەزانینـە. ئەمـە ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـە هەسـتی خۆبەکەمزانینـەوە هەیـە، چونکـە شـاعیر بڕیـاری داوە، لەبـری ڕووبەڕووبوونـەوەی لەگـەڵ ئازارەکانـی بـەرەو "نەزانیـن" هەنـگاو بنێـت، وەك دەربـاز بوونێـك لـەم دۆخـە. ئەوەمـان بـۆ ڕووندەبیتـەوە ،کـە شـاعیر لـە ڕێگـەی بەرهەمهێنانـی دەقێکـی هونـەری، خـۆی لـەم گـرێ دەروونییـە ڕزگار دەکات.

هێمــن لــە ڕێگــەی ئــەم شــیعرەوە پەنجــەی خســتۆتە ســەر ئازارەکانــی خــۆی و نەتەوەکــەی. دەیەوێــت بێکەســی و بێبەشــی نەتەوەکــەی بکاتــە بانگــی ئــازادی، تــا جیهــان ببینێــت و ئاوڕێــك لــەم گەلــە ســتەم دیدەیــە بداتــەوە. وێنەیەکــی ڕوون لــە تەنگــژەی دەروونــی خــۆی نیشــان دەدات لــە دەقــی (ناڵــەی جودایــی)دا:

شـیوەنی مـن شـیوەنی ئینسـانیە
بانگـی ئـازادی و گـڕووی یەکسـانیە
شـیوەنی مـن شـینی کـوردی بێ بەشـە
ئەو گەلەی حاشـا دەکەن لێی و هەشـە

(دیوانـی هیمن، ٢٠٠٨، لا ٢٨٠).

کاتێــك بــەوردی لێکۆڵینــەوە دەکەیــن تێدەگەیــن هەســتی خۆبەکەمزانینـی هێمـن لەڕەگـدا پەیوەسـتە بـە دۆخـی گەلەکـەی، ئـەم شـیعرە وێنەیەکـی ڕوونـە لـە دۆخـی گەلێکـی بێدەوڵـەت، کـە

بــەردەوام لــە چەوســانەوەدا دەژی. كاتێــك شــاعیر دەڵێــت "شــیوەنی مــن شــینی كــوردی بــێ بەشــە"، ئەمــە تەنیــا هەســتێكی تاكەكەســی نییــە، بەڵكــو ڕەنگدانــەوەی ڕاســتەقینەی دۆخــی گەلێكــە بێبــەش كــراوە لــە مافــە بنەڕەتییەكانــی. ئــەم بــێ بەشــییە گشــت لایەنەكانــی كەلتــووری، زمانــی، بــواری سیاســی و مافــە مەدەنییەكانیــش دەگرێتــەوە. دەبێتــە هــۆی ئــەوەی شــاعیر هەســت بــە تەنیایــی و نامۆیــی بــكات، لــە دنیایەكــدا بــۆ نەتەوەكانــی دیكــە هەمــوو ئــەو دامەزراوانــە بوونــی هەیــە، تەنیــا ئــەو لێــی بێبەشــە. ئــەو مافــەی ئــەو هــاواری بــۆ دەكات، نەتەوەكانــی دیكــە بەبــێ هەوڵــدان بــە دەســتی دێنــن. ئەمــەش وا لــە شــاعیر دەكات، هەســت بەكەمزانــی خــۆی بــكات لــە ئاســتی نەتەوەكانــی دەوروبــەر. ئاشــكرایە مــرۆڤ كاتێــك پەنــا بــۆ شــین و گریــان دەبــات، كــە هیــچ هێــز و دەســەڵاتێكی نەبێــت و خــۆی بــە كــەمتر ببینێــت لــە بەرانبەرەكــەی، ئــەم بــێ دەســەڵاتی و خــۆ بەكەمزانینــەی شــاعیر لــەم شــیعرەدا دەبینیــن، كــە ســەرچاوەی بەرهەمهێنانــی دەقەكەیــە.

جارێكــیتر لەگــەڵ خوێندنــەوەی ناونیشــانی دەقــە شــیعرێكی دیكــەی هێمــن بــە قووڵــی هەســتی نائومێــدی و خەمبــاری نەتەوەیــی دەبینرێــت. هــەر لــە دەســپێكی دەقەكــەدا شــاعیر بەرانبــەر بــە پەرتەوازەبوونــی نەتەوەكــەی بێهێــزی خــۆی نیشــاندەدات، چونكــە هیچــی لەدەســتنایەت جگــە لــە فرمێســكی نامــرادی. وادیــارە شــتەكان پێچەوانــەی ئاســۆی چاوەڕوانــی ئــەون بەدەســتی نەیارانــی لــە ئامانجەكــەی دوور خراوەتــەوە. تێكســتەكەی ئاماژەیــە بــۆ هەســتی خۆبەكەمزانینــی لــە شــیعری (تاوانــی بــێ هێــزی) دەریدەخــات:

لــە کــۆ ئەسریــن دەبارێنــم لــە بــۆ کــوردی پەراکەنــدە
لە گەرمێن غەرقی ئارەق بووم و چاوم هەر لە سامڕەندە...
ئەگــەر تاوانــی بــێ هێــزی نیــە بۆچــی لــە دنیــادا
بەشــی مــن ماتــەم و شــینە، بەشــی خەڵکــی زەماوەنــدە
(دیوانی هیمن، ٢٠٠٨، لا ٢٨٦).

لـــە دێـــری دووەمـــی دەقەکەیـــدا ئاماژەدانـــی شـــاعیر بـــۆ دەســـتەواژەکانی "بـــێ هێـــزی و ماتـــەم و شـــین، گومـــان دەخاتـــە سـەر دادپـەروەری جیهـان، چونکـە بەرانبـەر بـە مافەکانـی هەسـت بــە نایەکســانی و نــادادی دەکات، لــە کاتێکــدا ژیانــی خەڵکانــی دیکـــە بـــە "زەماوەنـــد" دەبینێـــت و تەنیـــا ئـــەو لـــە خۆشـــی و ئارامــی ژیــان بــێ بەشــکراوە. ڕوونتر بڵێــم شــاعیر دان بــەلاوازی و بێدەســەڵاتی خــۆی دادەنێــت، لــە ئاســت ئــەو زووڵــم و ســتەمەی لەنەتەوەکــەی دەکرێــت. هەربۆیــەش وەکــو کەســێکی دەروون لاواز دێتــە قســە و ملکــەچ بوونــی پێــوە دیــارە، لــە بەرانبــەر دۆخــی نالەبـاری نەتەوەکـەی. بێدەوڵەتـی بەهـۆکاری سـەرەکی ئـەم دۆخـە دادەنرێــت، چونکــە نەبوونــی ســەربەخۆیی دەرگا بــەڕووی هەمــوو دەردێکـــدا دەکاتـــەوە.

لــە بنەڕەتــدا گرێــی هەســتی خۆبەکەمزانــی هێمــن بــۆ دۆخــی سیاســی و کۆمەڵایەتــی نەتەوەکــەی دەگەڕێتــەوە، ئــەوەی گرنگــە هێمــن توانیویەتــی ئــەم هەســتە تاڵــە بکاتــە ســەرچاوەی داهێنانــی شــیعرەکانی. وەك لــە چەنــد دەقێــك ئەوەمــان بــۆ دەرکــەوت کاتێــك خــۆی بــە شــتە بێبەهــا و پوچــەکان بــەراورد دەکــرد و گومانــی

لـە بوونـی خـۆی دەكـرد، ئـەم هەستەشـی ڕەنگدانـەوەی دۆخـی ڕاسـتەقینەی نەتەوەكەیەتـی، كـە لـە مافەكانـی بێبەشـكراوە. شـاعیر لەبـری ئـەوەی لەژێـر كاریگـەری ئـەم هەسـتە تێكبچێـت، سـوودی وەرگرتـووە و توانیویەتـی دەقـی شـیعری بەهێـز و كاریگـەر بەرهـەم بهێنێـت.

### ٣-١/٣) گرێی خۆبەکەمزانی وەك هۆکاری داهێنانی شیعر لای پەشێو:

پەشێو وەك شاعیرێکی یاخی دووره وڵات نموونەیەکی بەرچاوە، بۆ قسەکردن لەبارەی ئەم دۆخە، شیعرەکانی قسەی زۆر هەڵدەگرن، لە بەشێکی شیعرەکانیدا تووشی شەڕی دەروونی دەبێت. شاعیر کەسایەتییەکە لە نێوان ئازار و ئومێد یان ئەو واقیعەی تێیدا دەژییێت. ئەم گرێیەی خۆبەکەمزانی لە پێگەی خۆی وەك شاعیر و ڕۆشنبیرێکی نەتەوەکەی سەرچاوە دەگرێت. پەشێو خۆی لەنێوان چەندین ناسنامەدا بینیوەتەوە؛ شاعیری نەتەوەیی، ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی و کەسایەتییەك کە خەونی ئازادی و گۆڕانکاری هەیە. ئەمانەش بوونەتە سەرچاوەی هەمیشەیی بەشێك لە بەهێزترین شیعرەکانی. شاعیر کاتێك لە دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی خەڵکەکەی هەست بە نائومێدی دەکات، بۆ ئاگادارکردنەوە و دروستکردنی گۆڕانکاری خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت. پەشێو هەستەکانی تێکەڵەیەکە لە ئازار و ئومێد، شۆڕشگێڕی و نیگەرانی، خۆشەویستی بۆ گەلەکەی. ئەم گرێی خۆبەکەمزانییە لە بابەتی شیعرەکانیدا کاریگەری لەسەر دەربڕین و ئاستی هونەریی دەقەکانیش هەبووە.

ژیانی پەنابەری و دووره وڵاتی شاعیر و ئازاری بەردەوامی نەتەوەکەی وادەکات شاعیر بکەوێتە دۆخێکی دەروونی و هەست بە کەمبوونی خۆی بکات، بەرانبەر نەبوونی ژیانێکی شایستە. ئەم دەقە شیعرە نموونەیەکی بەرچاوە لە نیگەرانی پەشێو، وێنەیەکە لە دەروونی ئاڵۆز و نا ئارامی. لە دەقی شیعری (ڕەشەبای دەنگوباس)دا.

وەك چـۆن پەڵەهەورێكـی پـڕ
كەوتبێتـە بـەر نەقیـزەی بایەكـی وڕ؛
وەك چـــۆن بـــــەرخـــێـــك
گورگێكـی هار لـە هەناویـا بلوورێنێ؛
وەك چـــۆن تاكـــە هەوێردەیـەك
هاشـەی باڵـــی باشـــووكەیـــەك
ئاسمانـــــی لـــێ بگـــەچڵێنـــێ:
منـــــیـــــش ئـــــــــاوام!

(پشـت لە نەوا و ڕوو لە كڕێوە، ٢٠١٤،٣٥٢).

نەگەیشـتنی شـاعیر بـە ئامانجەكانـی وەك تاكـی نەتەوەیەكـی ژێـر دەســتەی هەمیشــە چەوســاوە. دۆخەكــەی دەبێتــە بارێــك بەســەر شــانییەوە، بۆیــە شــیعر دەكاتــە دەرچەیــەك بــۆ كەمكردنــەوەی ئــەو ئــازارە دەروونییــە. لــە ســەرەتای كۆپلەكــەدا پەشــێو خــۆی لــە دۆخــی "پەڵــە هەورێكــی پــڕ" دا دەبینێتــەوە، كــە چــۆن دەكەوێتــە بــەر تەوژمــی بایەكــی تونــد و ڕایدەماڵــێ. ئاماژەیەكــە بــۆ ئــەو هەســتە دەروونیــەی شــاعیر، كــە تێیــدا خــۆی بــە بێهێــز دەبینێــت لەبــەردەم هێزەكانـــی دەرەوە، كاتێـــك دەیانەوێـــت وردی بكـــەن و بیســـڕنەوە. شــاعیر پــێمان دەڵێــت چــۆن هــەور ناتوانــێ بەرگــری لــە خــۆی بــكات بەرانبــەر بایەكــی تونــد و بەهێــز، ئێمــەش وەكــو ئــەو پەڵــە هــەورە كەوتوینەتـــە بـــەر شـــەپۆل و هێـــزی داگیركەرانـــی دەوروبەرمـــان، ناتوانیــن بەرگریــش لــە خۆمــان بكەیــن و هیــچمان لــە دەســت نایــە.

لـــە دێرەكانـــی دیكـــەدا شـــاعیر چەنـــد وێنەیـــەكمان نیشـــان

دەدات. چۆن بەرخێك گورگێك لە هەناویدا بلورێنێ، یان دۆخی هەوێردەیەك، كە لە ئاست باشووكەیەك ئاسمانی لێ تەنگ دەبێت لە ترسی مردن. دەبینین شاعیر لەگەڵ هەموو ئەو دۆخانەدا هاوبەشی دەكات، دەڵێ؛ "منیش ئاوام!" ئاماژەیە بۆ مەترسی لە سەر ژیانی و بێ كەسی شاعیر و نەتەوەكەی، كەوا بچوكترین هەڕەشە دەتوانێت ژیانیان لێ تێك بدات، بۆیە هەمیشە خۆی بە بێهێز و لاواز دەبینێت بەرانبەر دەوروبەرەكەی، ئەمەش دۆخێكی دەروونی ئازار بەخشی بۆ دروست كردووە. ئەم شیعرە بەڵگەیەكی بەهێزە لە هەستكردن بە گرێی خۆبەكەمزانین، ئاشكرایە لە دواییەكانی ژیانی پەشێودا ئەم هەستە بەرێژەیەكی بەرچاو دەبینرێت. سەرەڕای ئاڵۆزكردنی دۆخی دەروونی شاعیر بۆی دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ داهێنانی بەرهەمی شیعری.

پەشێو ئەوەندە دەردە سەری و ئازاری دیوە، ڕاهاتووە لەگەڵی، ئەگەر ساتێك خۆشی بێتە ژیانی ڕەنگە وەك دۆخێكی نامۆ لێی بڕوانێت. ئەوەتا لە شیعری (بەختەوەری)دا:

من لەو هەموو بەختەوەرییە ڕانەهاتووم!
دەخیلت بم،
ماوەم بدە تا لێی ڕابێم.
زۆر دەترسم دەرنەبەم و
لە بنیدا بەچۆكدا بێم.

(سەولْم پۆلا و كەناریش دوور،٢٠١٩،٣٥).

ئـەم دەقـە شـیعرە وێنەیەكـە قوڵایـی هەسـتی خـۆ بەكەمزانیـن نیشـاندەدات. شـاعیر بـە دەنگێكـی پـڕ لـە سـۆز و خـەم، خـۆی لـە بەرانبـەر بەختـەوەری و سـەركەوتنەكانی ژیـان بـە كەمـزان و شایسـتە نەبـوو دادەنێـت. ئـەم هەسـتەی دەربڕینێكـی سـادەی بـێ بەشـبوون و خـۆ جیاكردنەوەیـە لـە جیهانـی دەوروبـەر. ئاشـكرایە مـرۆڤ كاتێـك لـە شـتێك ڕادێـت ئـەو شـتە لـە ژیانـی ئاسـایی دەبێتـەوە، لێـرەدا شـاعیر لـە ناوەڕاسـتی شـیعرەكەدا دەڵێـت: "دەخیلـت بـم، مـاوەم بـدە تـا لێـی ڕابێـم". ئەمـەش ئاماژەیـە، كـە شـاعیر لـە بەختـەوەری و خۆشـی ڕانەهاتـووە پێویسـتی بـە كاتـە تـا لـە دۆخـی ئێسـتای گـرژی و بێبـاوەڕی دەربچێـت.

لـە دێرەكانـی دواتـردا شـاعیر بـێ پـەردە و بـە ڕاسـتگۆیی تـرس و دڵەڕاوكێـی خـۆی دەردەبڕێـت، چونكـە وشـەی "بەچـۆك دابێـم" وێنـەی كەسـێك پیشـاندەدات، كـە نەیتوانیـوە لەسـەر پێـی خـۆی ڕابوەسـتێت و لـە دۆخـی خۆكەمزانـی و بێهێزیـدا ماوەتـەوە. سـەرەڕای ئـەو هەسـتە نەرێنییانـەی لـە شـیعرەكەدا هـەن، بەڵگەشـە لەسـەر ئـەوەی شـاعیر توانیویەتـی بـە ئازایـی و بوێرییـەوە ڕووبـەڕووی هەسـتی خۆبەكەمزانـی ببێتـەوە. جیـا لـەوەش ئـەم هەسـتەی گۆڕیـوە بـۆ داهێنانـی دەقێكـی ئەدەبـی.

پەشـێو وەك شـاعیرێكی پێشـكەوتن خـواز هەمیشـە بەدەسـت چەوتـی و ناڕێكـی نەتەوەكـەی ئـازاری چەشـتووە، هەسـتی خـۆ بەكـەم زانیـن و بچووكـی لەشـیعری (پەراوێزێـك بـۆ مێـژوو) لا دروسـت بـووە دەڵـێ:

هــەر تابوتێـك بۆمـان دەكـرێ،
تـــەخـــتـــە و چـــەكـــوچ،
مێـخ و بزمـار: هــەر خۆمانیـن!
هـــــەرشـــــارێكـــــمان
دووگمــەی یەخــەی دەتـرازێنرێ
دەســـتـــە دز و پاشـــە دز و
حەسحەسـی شـار: هەرخۆمانین!

(هەسپم هەورە و ڕكێفم چیا، ٢٠١٤،٣٥٧).

شــاعیر وەك تاكێكــی ڕۆشــنبیر خــەم دەخــوات و وێنــای دۆخــی نێــو ماڵــی كــورد دەكات. كاتێــك دەبینێــت كــورد بــە دەســتی خۆیــان خەریكــی لەناوبردنــی خۆیانــن، ڕەشــبین دەبێــت بــۆ دۆخــی نەتەوەكــەی. دەڵــێ "هــەر تابوتێــك بۆمــان دەكــرێ" بەدەســتی خۆمانــە؛ واتــە كــورد خــۆی ئامــادەكاری بــۆ مردنــی خــۆی دەكات. مەبەســت لەمــەش مردنــی ئاســایی نییــە، بەڵكــو مردنــی كەلتــوور و زمــان و سیاســەتی نەتەوەیەكــە، كاتێــك یەكگرتــوو نیــن بــە دووبەرەكــی ناوەخــۆ خەریكیــن یــەك دەســڕینەوە. ئــەم دەقــە ناڕەزایــی و بێزارییــە لــە دۆخــی نەتەوەكــەی، شــاعیر پێــی وایــە هەرشــتێك بەســەرمان دێــت گــەورە بێــت یــان بچــووك هۆكارەكــەی هــەر خۆمانیــن، ئاماژەیەكیشــە بــۆ ئــەوەی لــە هەمــوو ئاســتەكانی كۆمەڵگــەدا گەندەڵــی و ناپاكــی هەیــە، لــە خــوارەوە تــا ســەرەوە، ئەمــەش دەبێتــە هــۆی لاوازی و پارچەپارچەبوونــی نەتــەوە. پەشــێو پێــی وایــە گرێــی خۆمــان بــە دەســتی خۆمــان بەســتووە و دەتوانــن

بــە یەكگرتــن ئــەو گرێیــە بكەینــەوە. ئــەم شــیعرە جگــە لــە هەســتی خــۆ بەكەمزانــی شــاعیر و بــێ ئومێــدی لەنەتەوەكــەی بانگەشــە و بەئاگاهاتنەوەشــی تێدایــە. لــە هەمانكاتــدا ئــەم دۆخــەی شــاعیر بۆتــە هــۆكاری لــە دایــك بوونــی شــیعرەكە.

لــە دەقێكــی تــردا بەتونــدی پرســیار لــە خواســتی ڕاســتەقینەی نەتەوەكــەی دەكات بــۆ سەربەســتی و گومــان لــە دلســۆزییان دەكات. بەشــێوەی توانــج و ڕەخنەگرانــە ئامــاژە بەدرێژایــی مێژوویــی ئــەم خواســتە دەكات، هەســتی نائومێــدی و بێــزاری بــە دەقەكەیــەوە دیــارە، ئەمــە پارچەیەكــە لــە شــیعرەكەی بــە ناونیشــانی (زلــلە) نوســیویەتی:

چـــــیـــــتـــــــان دەوێ؟
ســـــەربەســـــتیـــــتـــان؟!
هەزار ساڵە سەربەستیتان
كچــە و دەنــوێ لەگەڵتانــا،
بــەڵام كوانــێ پیاوەتیتـان؟!

(پشــت لە نەوا و ڕوو لە كرێوە، ٢٠١٤،٤٤٩).

شــاعیر لەڕێگــەی وێنەیەكــی هونەریــەوە ڕەخنــە لــە ســەركردەكانی نەتەوەكــەی دەگرێــت، بــە هێنانــەوەی ڕســتەی "هــەزار ســاڵە سەربەســتیتان كچــە و دەنــوێ لەگەڵتانــا" نیشــانی دەدات ئــەم خواســتە بەبەرپرســیارێتییەوە مامەڵــەی لەگــەڵ نەكــراوە، كاتێــك كەمتەرخەمــی و لاوازی كۆمەڵگەكــەی بەمجــۆرە دەبینێــت، هەســتی خۆبەكەمزانینــی لا دروســت دەبێــت، چونكــە شــاعیر وێنــە و بەشــێكی نەتەوەكەیەتــی.

لـە کۆتاییـدا پرسـیاری " کوانـێ پیاوەتیتـان؟!" ئاماژەیـە بـۆ نەمانـی دڵسـۆزی، وەفـاداری، سـەرکردە و بەرپرسـیاریەتی نەتەوەیـی، ئەمـەش نیگەرانییەکـی زۆری لـە دەروونـی شـاعیر دروسـتکردووە، کـە نەتەوەیەکـی خـاوەن مێـژوو و شارسـتانییەت نەتوانێـت خەونـی سـەدان سـاڵەی خـۆی بەدیبێنێـت، بـۆ هەمیشـە بەژێـر دەسـتەیی دەمێنێتـەوە.

بەگشـتی هەسـتی خۆبەکەمزانیـن لای پەشـێو لـە ئاسـتێکی زۆر قووڵـدا دەبینرێـت، بـە وێنـە لـە چەنـد قۆناغێکـی جیـاواز ئـەم هەسـتەمان نیشـاندەدات. لـە ئاسـتی کەسـی دا، کاتێـك خـۆی وەك "بەرخێـك" دەبینـێ کـە "گورگێـک لـە هەناویـدا بلوورێنـێ"، ئاماژەیەکـە بـۆ هەسـتکردن بـە بێهێـزی و لاوازی بەرانبـەر هێـزی دەروبـەر. لـە ئاسـتی کۆمەڵایەتـی و نەتەوەییـدا، ئـەم هەسـتە گەورەتـر دەبێـت و دەبێتـە نیگەرانـی و بێئومێـدی لـە دۆخـی نەتەوەکـەی، کاتێـك دەڵێـت "هـەر تابوتێـك بۆمـان دەکـرێ، تەختـە و چەکـوچ، مێـخ و بزمـار هـەر خۆمانیـن"، پـێمان دەڵێـت بـە دەسـتی خۆیـان خەریکـی لەناوبردنـی خۆمانیـن. ئـەم هەسـتە بـە درێژایـی شـیعرەکانیدا بـەردەوام دەبێـت و دەبێتـە یەکێـك لـە گرنگتریـن پاڵنەرەکانـی داهێنانـی شـیعری شـاعیر، کـە شـیعری کردووەتـە دەرچەیـەك بـۆ کەمکردنـەوەی ئـازارە دەروونییـەکان.

دەکرێـت بڵێیـن؛ هەرسـێ شـاعیر توانیویانـە بەسـەر گرێـی خۆبەکەمزانینـدا زاڵ بـن و ئـەو گرێیـە بکەنـەوە، بۆیـەش بوونەتـە داهێنـەر. بـەڕای هەرسـێ شـاعیر هـۆکاری بێدەوڵـەتی، کـە بووەتـە هـۆکاری گرێکـەش لـە ناتەبایـی و پەرتەوازەیـی و دەسـتڕۆیی دوژمنـان خـۆی دەبینێتـەوە و ئەمانـەن، کـە نایەڵـن کـورد ببێتـە خـاوەنی دەوڵـەتی سـەربەخۆی خـۆی و هەرسێکیشـیان کۆکـن لەسـەر ئـەوەی، کـە دەبـێ

نەتــەوە هۆشــیار بێتــەوە تــا بتوانــێ خــۆی لــەم گرێیــە دەربازبــكا و چیــدی نــەوەكانی داهاتــوو بەدەســت هەمــان دەردی نــەوەی ئێســتا و ڕابــردوو نەناڵێنــن، كــە بێدەوڵەتییــە.

### ٢/٣) کاردانـــەوەی ژێردەســـتەیی وەك هــۆکاری داهێنانـــی شـــیعر لای شـــاعیرانی کـــورد:

کاردانـــەوەی ژێردەســـتەیی یەکێکـــە لـــە گرنگتریـــن پاڵنـــەرە دەروونییـــەکان، لای شـــاعیرانی کـــورد لـــە بەرهەمهێنانـــی دەقـــی شـــیعری ڕۆڵـــی ســـەرەکی دەبینێـــت. نەبوونـــی دەوڵەتـــی ســـەربەخۆی کـــورد و ژیـــان لـــە ژێـــر دەســـەڵاتی نەتەوەکانـــی تـــردا، بووەتـــە هـــۆکاری ســـەرەکی ئـــەو هەســـتە و پاڵنەرێـــك بـــووە بـــۆ بەرهەمهێنانـــی دەقـــی شـــیعرەکانیان. دەســـەڵاتی بێگانـــە و سیاســـەتەکانی چەوســـاندنەوە، لـــە یـــەك کاتـــدا مافـــی زمـــان، کەلتـــوور، و ئـــازادی دەربڕینـــی لـــێ ســـەندوونەتەوە، ئەمـــەش بووەتـــە بنەمـــای ســـەرهەڵدانی کاردانـــەوەی ژێردەســـتەیی لـــە هونـــەری شـــیعری شـــاعیراندا.

شـاعیرانی کـورد وەك ڕۆشـنبیر و نوێنـەری نەتەوەیـەك کاردانەوەیـان بـــۆ دۆخـــی ژێردەســـتەیی هەبـــووە، دژی مافـــە پێشـــێلکراوەکانی نەتەوەکەیـان. شـیعریان کردووەتـە ئامـراز و دەرفـەت تـا بـە ئـازادی قســـە بکـــەن و هەســـتەکانیان دەربـــڕن، بەبـــێ لەمپـــەر پەردەیـــان لـــە ســـەر ئـــەو بابەتانـــە هەڵداوەتـــەوە، کـــە دژی مافـــی نەتەوەکەیـــان بـــووە، لەبەرانبـــەردا هەڵوێســـتیان وەرگرتـــووە. بـــەم شـــێوەیە شـــیعر بـــۆ ئـــەوان بووەتـــە دەرگای نهێنـــی دەربڕینـــی ئـــەو هەســـتانەی، کـــە سیاســـەتی چەوســـێنەرانە و نەبوونـــی دەوڵەتـــی کـــوردی لـــە ژیانـــی ڕاســـتەقینەیاندا پێشـــێلی کـــردوون.

**٣/٢-١) کاردانـــەوەی ژێـــر دەســـتەیی وەك هـــۆکاری داهێنانـــی شـــیعر لای جگەرخوێـــن:**

جگەرخوێـن لـە سـەدەی بیسـتەمدا، نیشـتمانەکەی لـە نێـوان چەندین دەسـەڵاتی گـەورەدا دابـەش کرابـوو و نەتەوەکـەی لـە ژێـر سـتەمی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و کەلتووریـدا بـووە. دۆخـی ژێـر دەسـتەیی و بێدەسـەڵاتی کاریگەرییەکـی زۆری لەسـەر دەروونـی شـاعیر دروسـت کـردووە. بەرهەمەکانـی هەسـتی کاردانـەوەی ژێـر دەسـتەیی و تووڕەییـە بەرانبـەر بـە بێـدادی و زوڵمـی داگیرکـەران. شـاعیر توانیویەتـی هەسـتە نەتەوەیـی و کۆمەڵایەتییەکانـی خـۆی بـۆ بەرهەمـی هونـەری بگۆڕێـت، تـا ئەمـڕۆش کاریگـەری لەسـەر خوێنەرانـی کـورد هەیـە. ژێـر دەسـتەیی کاریگـەری دەروونـی لەسـەر تـاك و کۆمەڵگـە دەبێـت. کاتێـك شـاعیر بـە چـاوی خـۆی دەبینێـت چـۆن گەلەکـەی بـێ دەسـەڵاتە و ناتوانێـت مافـە سـەرەتاییەکانی بەدەسـتبهێنێت، وەك دۆخێکـی ناچـاری لـە ڕێگـەی شـیعرەوە هەوڵـدەدات ئـەو کاردانـەوە نیشـان بـدات، لـە هەمـان کاتـدا خوێنـەر هـان بـدات بـۆ خەباتکـردن بەرانبـەر بـە سـتەمی داگیرکـەر. ئـەم دۆخـەش بووەتـە سـەرچاوەی ئیلهـام بـۆ دەقـی شـیعرەکانی.

کـورد وەکـو نەتەوەیەکـی خـاوەن مێـژوو، سـەدان سـاڵە لـە مافـی دامەزراندنـی دەوڵـەت بێبەشـکراوە، ئەمـەش کاریگەرییەکـی نەرێنـی زۆری لەسـەر تاکەکانـی جێهێشـتووە، جگەرخوێـن کۆڵێـك لـە ئـازار و دەردی نەتەوەکـەی هەڵگرتـووە، کاتێـك دەبینێـت هاوزمانەکانـی بەبـێ سـوچ و تـاوان لـە بەنـد و زنجیـر دان و ئەشـکەنجە دەدرێـن. شـیعری (ئەحمـەدێ خانـی کـورد نەکـر هشـیار) گوزارشـتە لـەم دۆخـە:

بەند و زەنجیر تم ل گەردەن ڕاست و چەپ تێن و دچن
دیل و گەردەنخواری ئەی کورد مورِغێ بازی دەر قەفەس
چار کەنارێن تە ب جارەك هەڤ دڤێن و خوەش دڤێن
لێ ب تەنها کورد ل بەر چاڤێن نەیاران خار و خەس

(دیوانا ئاگر و برووسك،٢٠٢١، لا٦٦).

ئەم دەقە شیعرە پەیامی ناڕەزایی شاعیر دەردەبڕێت بەرانبەر دۆخی ژێردەستەیی نەتەوەکەی، کە نەبوونی دەوڵەت هۆکاری سەرەکییەتی، چونکە بووەتە هۆی لەدەستدانی ئازادی و کەرامەتی تاکی کورد، دەکرێت بڵێین بەند و زنجیر ئاماژەیەکی دیکەن بۆ ئەو سنوورە دەستکردانەی کوردستانیان دابەشکردووە و ئازادی جووڵەیان لە تاکەکانی سنوردارکردووە. لە دێری دواتردا بە هێنانەوەی وشەی "باز" پێمان دەڵێت کورد وەکو ئەو باڵندە بە هێزە خراوەتە قەفەس و بەهۆی نەبوونی دەوڵەتەوە ئازادی لێ سەنراوەتەوە و جگە لەوەش تیشك دەخاتە سەر ئەوەی، هەموو وڵاتانی دەوروبەرمان دۆستی یەکن تەنیا کورد بە نەیار و دووژمن دەزانن، بەم هۆیەشەوە ڕەوایەتیان بە خۆیان داوە بۆ لەناو بردنی کورد و داگیرکردنی خاکەکەی. شاعیریش وەك کاردانەوەیەك بۆ دۆخی ژێردەستەیی شیعری کردووەتە ئامرازێك بۆ پاراستنی مافەکانی.

لێرەدا جگەرخوێن، وێنەیەکی زیندوو لە ژیانی کورد دەکێشێت و باس لە تاڵی و ناخۆشی ژیان لە ژێر دەستی دوژمناندا دەکات. دۆخی ڕابردووی بە هێز و ژێر دەستەیی ئێستایی، نیشانەی

ئـازار و مەینەتـی نەتەوەكەیەتـی، كـە لـە پێنـاو سەربەسـتی پێـی دەدرێـت. ئـەو لـە شـیعری (ناڤتێـدان) بـەم جـۆرە دێتـە گـۆ:

ئـەڤ چ ژینـە كـو د بندەسـتێ نەیـارا ژار و دیـل
لێ بەرێ ئەم سـەرفراز بوون شـێر و ئەژدەر مێر و فیل
سـەرخـۆبـوون دۆزا مـەیـە لـێ
پێشـڤە چـوون بـۆ مـە دڤـێ
هـەڕنـە پـێـش، هەڕنـە پێـش
هـەڕنـە پێـش ئـەی خورتـی كـوردان

(دیوانا ئاگر و برووسك،٢٠٢١، لا١٤٠).

شـاعیر بەهـۆی ژێردەسـتەكرانی لەلایـەن نەیارەكانـی خـۆی وەكـو دیلێـك دێتـە بەرچـاو، بۆیـە لـە ڕێگـەی ئـەم دەقـەوە پەیامێكـی بەهێـز و هانـدەر پێشـكەش دەكات. جەخـت لەسـەر گرنگـی سـەربەخۆیی و پێشـكەوتن دەكاتـەوە بـۆ گەلـی كـورد. چونكـە بـە مافێكـی ڕەوا و داوایەكـی سـەرەتایی نەتەوەكـەی دەزانێـت. پێـی وایـە بـۆ گەیـشتن بەسـەربەخۆیی دەبێـت سـەرەتا پێشـكەوین، ئـەم پێـش كەوتنـە زۆر بەگرنـگ و پێویسـت دەزانێـت. ئەمـە مانـای وایـە شـاعیر تەنیـا خەونـی دەوڵەتێكـی سـەربەخۆی نییـە، بەڵكـو خوازیـاری گەلێكـی پێشـكەوتووی خـاوەن شارسـتانییەتە. دووپاتكردنـەوەی وشـەی " هەڕنـە پێـش " هێـزی زیاتـر بـە پەیامەكـەی دەبەخشـێت. ئـەم دوو هێـزە بەیەكـەوە ئاواتـی سـەربەخۆیی و ڕەتكردنـەوەی ژێردەسـتەیی پاڵنـەری سـەرەكین بـوون لـە بەرهەمهێنانـی ئـەم دەقـە شـیعرەیدا.

وەك هەمیشـــە شـــاعیر هەســـتی بـــە بەرپرســـیارێتی کـــردووە، نەتەوەکـەی ئـاگادار دەکاتـەوە و ڕەخنەیـان لـێ دەگرێـت بۆچـی تـا ئیسـتا نەیانتوانیـووە ئـەم دۆخـە تێپەڕێنـن. پەیامـی شـیعرەکە داوای وشـیاربوونەوە و ڕاپەڕینـە لەژێـر دەسـتی. دەقـی شـیعری (تاکەنگـی نەخـوەش بـی) ئـەو مەبەسـتەی شـاعیرمان بـۆ دەردەخـات:

ئـەی مللـەت ئـەڤ هـەزار سـاله ناخۆشـی
بـن دەسـتێ دژمن شـەل شـێت و بێ هۆشـی...
تـا کەنگی د خەوا دیلی دە دمێنی هەی مللەت
کا شـاخێ ڕوسـتەم و کومێ کەڤەژ و هەرتۆشی

(دیوانا سـەورا ئازادی، ٢٠٢١، ل١٨٧).

شـــاعیر داوا لـــە گەلـــی کـــورد دەکات چـــیتر ژێردەســـتەیی و چەوســـاندنەوە قبـــووڵ نەکـــەن. بانگـــەواز بـــۆ گۆڕینـــی دۆخەکـــە و هەوڵـــدان بـــۆ ئـــازادی و سەربەســـتی دەکات. پێـــی وایـــە کاتـــی ئـــەوە هاتـــووە تەوقـــی ژێردەســـتەیی بپچڕێنیـــن و لەســـەر پێـــی خۆمـان بوەسـتین، نموونـە بـە پاڵەوانانـی مێـژووی کـورد دێنێتـەوە وەك "ڕۆســتەمی زاڵ" بــۆ ئــەوەی نــەوەی ئێســتا چــاوی لێبکــەن و بەشـانازییەوە لـە پێنـاو نیشـتمانەکەیان ئامادەبـن بـەڕووی دووژمـن و داگیرکـەران بـووەستن و گیانـی خۆیـان ببەخشـن. ئـەم دەقـەش شـــاعیر بەرهەمـــی کاردانـــەوەی مێژوویـــك لەســـتەمی داگیرکەرانـــی کوردســـتان نیشـــان دەدات، لـــە هەمانـــکات پەنـــد و ئامۆژگارییـــە بـــۆ کۆڵنـــەدان و پارێزگاریکـــردن لـــە خـــاك و نەتـــەوە.

جگەرخوێــن لــە ڕێگــەی ئــەم دەقــە شــیعرییەدا دەیەوێــت بارودۆخــی سیاســی و کۆمەڵایەتــی نەتەوەکــەی دەربخــات، کــە لــە ئەنجامــی ژێردەســتەیی و داگیــرکاری بەســەر گەلــی کــورد ســەپاوە. بــۆ کاردانــەوە و بەرهەڵســتی کــردن دژی دەســەڵاتی خۆســەپێن ئــەم دۆخــە فشــار لــە دەروونــی شــاعیر دەکات. شــیعری (ڕۆژا خوەندەڤانـا) ئەمــە نیشــاندەدات:

ئــەم تــا کەنگــی ڕازن هەمــی
بندەست بژیـن ئـەم هەردەمـی
لاوێـن گوهـدەرز نەڤیێـن چۆپین
ڕابــن ئیــرۆ تــەڤ ڕوســتەمی

(دیوانا ئاگر و برووسك،٢٠٢١، ل١٢٩).

"تــا کەنگــی ڕازن هەمــی" ئامــاژە بــە درێژخایەنــی و بەردەوامــی ئــەم دۆخــە دەکات، ئــەوە پیشــاندەدات، کــە ژێردەســتەیی نەتەوەکــەی ماوەیەکــی درێــژی خایەنــدووە، کاتــی ئەوەیــە بینــە خاوەنــی خۆیــان و ڕێگــە نــەدەن هیــچ هێزێــك دەســەڵاتیان بەســەردا بســەپێنێت، چونکــە ئەمــڕۆ ڕۆژگاری ئــازادی و شــکۆمەندییە. بەکارهێنانــی زاراوەی "ڕوســتەم" دەســەڵات و شــکۆی ڕابــردوو نیشــان دەدات، لــە هەمانکاتــدا بەرهەمــی ناڕەزایەتییــە لــە دۆخــی ئێســتا. ئــەم دەقــە شــیعرییە ڕۆڵــی بەرچــاوی هەیــە لــە پاراســتنی بیــرەوەری کۆمەڵایەتــی و نیشــاندانی ئــەو کاریگەرییــە دەروونییانــەی، کــە سیاســەتی ژێردەســتەکردن لــە ســەر تاکــەکان دروســتی کــردووە. وەك ئــەم کاردانــەوە دەروونییــەی جگەرخوێــن

بەهۆی هەستکردن بە ژێردەستی دەقێکی هێناوەتە بەرهەم.

جگەرخوێن ژێردەستەیی وەك بڕیارێکی مێژوویی دەبینێت، کە پێویستی بە کاردانەوەیەکی ڕێکخراو و هۆشیارانە هەیە. ئەو دەزانێت نەتەوەکەی چەندە بەهێزە، بەڵام نەزانی و بێئاگایی و پەرتەوازەیی دەستبەستەی کردوون. شیعرەکانی کردووە بە زەنگی ئاگاداری بۆ ڕاپەڕین لە خەو "تا کەنگی د خەوا دیلی دە دمێنی" و بانگەوازکردن بۆ پێشکەوتن "هەڕنە پێش، هەڕنە پێش". جگەرخوێن وایدەبینێت ژێردەستەیی نەخۆشییەك نییە چارەسەری نەبێت، دەتوانرێت کۆتایی پێبهێنرێت بۆیە شیعری کردووە بە دەرمانخانە بۆ چارەسەرکردنی "هەزار ساڵە ناخۆشی" و ئاراستەکردنی نەتەوەکەی بۆ ڕزگار بوون لە ژێردەستەیی.

**٢-٢/٣) كاردانەوەی ژێردەستەیی وەك هۆكاری داهێنانی شیعر لای هێمن:**

هەستی ژێردەستەیی وەك لێكەوتەیەكی بێدەوڵەتی هۆكارێكی كاریگەر بووە بۆ ئەدەبیاتی نەتەوە ژێردەستەكان. هێمنی شاعیر وەك دەنگێكی یاخی، بە شێوەیەكی ڕوون ئەم هەستە لە شیعرەكانیدا ڕەنگیداوەتەوە. ئەم هەستەش لە ئەنجامی سەپاندنی دەسەڵاتێكی نامۆ و داسەپاو لەسەر نەتەوەیەك یان گرووپێكی كۆمەڵایەتی دروست دەبێت. هێمن شیعری وەك كاردانەوەیەكی ژێر دەستەیی نووسیوە، كە ئازار و خەمی نەتەوەیەك وێنا دەكەن. ئەم دۆخە وای لە شاعیر كردووە لە جیاتی وەسفی سروشت و خۆشەویستی، شیعر وەك چەكێكی بەرگری و نیشتمانپەروەری بەكاربهێنێت، چونكە ژێردەستەیی كاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دەروونی شاعیر هەبووە.

لە مێژووی ئەدەبی كوردیدا، شیعر هەمیشە بڵێسەی ئاگری خەبات و بەرگری بووە. هێمن وەك شاعیری نەتەوەیەكی بەش مەینەت بە دیدگایەكی ئەدەبی هاتووەتە مەیدانی بەرگری و خەبات. توانیویەتی ئازاری گەل و خەباتی نەتەوەكەی بخاتە ناو شیعرەكانیەوە. لە شیعری (دەسكەوتی خەبات)دا، شاعیر بە زمانێكی ئەدەبی و سادە دۆخی ژێردەستەیی و زوڵمی داگیركەران دەخاتەڕوو:

ئەوێستاش دووژمنی لاسار و بەدفەڕ
دەكووژێ كوردی بێ تاوان و لاشەڕ
ئەوێستاش هەر دەمانكەن تیرەباران
دەنەخشێنن بە خوێن كۆڵانی شاران

(دیوانی هێمن، ٢٠٠٨، لا ٢٥٨).

ئـەم شـیعرە نیشـاندانی هـاواری گەلێکـە تـا ئێسـتاش لـە خەبـات و تێکۆشـان، دژ بـە سـتەم و داگیـر کاری بەردەوامـە، چونکـە هێشـتا هیـوای ئـازادی و سـەربەخۆیی لـە دڵـی نەتەوەکەیـدا زینـدووە. شـاعیر مێـژووی خوێنـاوی گەلێکـی بێدەوڵـەت دەگێڕێتـەوە، ئـەم شـیعرە پـێمان دەڵێـت ژێـر دەسـتە بـۆ ئـەوەی بمێنێتـەوە، هەمیشـە پێویسـتی بـە هێـزی بەرەنـگاری هەیـە. هـەر بۆیـە هێمـن شـیعری کردووەتـە قەڵغانـی بەرگـری دژ بـە سـتەمی داگیـر کەرانـی نەتەوەکـەی. بێگومـان ئـەم دۆخـە پاڵـە پەسـتۆیەکی دەروونـی بـۆ شـاعیر درووسـت کـردووە، کـە هـۆکاری نووسـین و داهێنانـی دەقەیەکـە بـووە.

شـیعر هەمیشـە ئاوێنـەی دۆخـی دەروونـی و کۆمەڵایەتـی شـاعیر بـووە. ئـازاری ژێـر دەسـتەیی و نەبوونـی سـەربەخۆیی، جارێکـی تـر خـوێ دەکـەن بـە برینـی شـاعیر و زامەکانـی دەکولێننـەوە، هێمـن هیـچ کات نەتەوەکـەی بـە شـایەنی ژێـر دەسـتەیی نازانێـت. بۆیـە بـەردەوام هەسـتی یاخـی بـوون لـە دڵـی دا لـە هەڵچـوون بـووە، لـە ئاسـت زووڵمـی داگیرکـەر دا دەنگـی هەڵبڕیـوە. لـە شـیعری (زینـدە بـە چـاڵ) دا بـەم جـۆرە دێتـە گـۆ:

مـن هەڵـۆ بـووم و چیـا هێلانـەم
ژێـر چەپۆکی قەل و داڵم تاکەی؟...
گورگـی بێـدادی لـە گیانـم بـەر بوو
ئێشـی جـێ گاز و قەپاڵـم تاکـەی؟

( دیوانـی هێمن، ٢٠٠٨، لا٣٤٤).

ئـەم دۆخـە شـاعیر ئـازار دەدات كاتێـك دەبینێـت پیـرۆزی و پێگـەی نەتەوەكـی دەشـكێنرێت و بـێ بەهـا دەكرێـت. لـە شـیعرەكەیدا "چیـا هێلانـەم و "ژێـر چەپۆكـی قـەل و داڵـم تاكـەی" دەریدەخـات، كـە شـاعیر چـۆن لـەو وڵاتـەی، كـە زۆر بـە بـەرز و پیـرۆزی دەزانێـت، لـە ژێـر زەبـر و ستەمدا دەژییێـت. لـە كاتێك دا ئەوانـەی ستەمی لـێ دەكـەن هەرگیـز لـە ئاسـتی ئـەو دانیـن، بۆیـە خـۆی بـە هەڵـۆ دەچوێنێـت و دوژمنیـش بـە قـەل و داڵ. هەروەهـا كاتێـك وشـەی"گورگ" دێنێتـەوە ئاماژەیـە بـۆ هەمـوو جـۆرە سـتەم و زۆرداریـەك، كـە داگیركـەران دەرهـەق بـە نەتەوەكـەی ئەنجامـی دەدەن. ئـەم دەقـە شـیعرەی هێمـن نیشـانی دەدات چـۆن نەبوونـی سـەربەخۆیی و ژێـر دەسـتە بوونـی نەتەوەكـەی دەتوانـن شـاعیر بـەرەو دنیـای داهێنـان ئاراسـتەبكەن و ئـەم هەسـتە بكەنـە هەوێنـی شـیعرەكانیان.

ژێردەسـتەیی گەورەتریـن ئـازاری نەتەوەیـی و دەروونـی شـاعیری كـوردە. كاریگەریەكانـی بـە قووڵـی لـە ناخـی شـاعیران ڕەنگدانەوەیـان دیـارە. هێمـن لـە شـیعری (مەحكەمـەی ئیسـتیقلال)دا، بـە زمانێكـی پـڕ لـە هیـوا، بـە پاڕانەوەیەكـی ئاینـی و دڵسـۆزانە، داوای ئـازادی و سـەربەخۆیی لـە پـەروەردگار دەكات.

مـن لەسـەر لووتكەی بڵنـدی كێوی هـەق داوا دەكەم
تـۆش بپارێـوە جەنابـی شـێخ لەسـەر ڕووی تاتـەوە
بەڵكـوو ڕوحمێكـی بـكا پـێمان خوداوەنـدی ڕەحیـم
چـی دیكە ژێردەس نەبین دیسـان وەسـەرمان خاتەوە

(دیوانـی هێمن، ٢٠٠٨، لا٣٨٤).

وەك لە شیعرەکە دەردەکەوێت هەستی ژێر دەستەیی وای لە شاعیر کردووە، هیچ دەرگایەك نەبێت پەنای بۆ ببات جگە لە دەرگای خودا. سروشتی مرۆڤ وایە کاتێك زوولمی لێدەکرێت هەولی تۆلەکردنەوە دەدات، بەلام وەختێ هەست دەکات هیچ دەسەلاتێکی نییە، ئینجا هانا بۆ نزا و پاڕانەوە دەبات، شاعیر واهەست دەکات تاکە ڕێگە بۆ ئەوەی نەتەوەکەی لە ئازاری ژێر دەستەیی نەجات بدات پاڕانەوەیە لە خودا، چونکە داگیرکار و زالم هەرگیز ڕەحمی پێناکەن و دەست لەو ستەمە هەلناگرن. ئەم شیعرەی هێمن گلەیی و هاواری گەلێکی زۆرلێکراوە. کاتێك دەلێت "چی دیکە ژێردەس نەبین" ئەمە خەونی سەربەخۆیی و ئازادی لە خۆ دەگرێت. هێمن لە ڕێی ئەدەبەوە توانیویەتی گەورەترین ئارەزووی کورد بخاتە ناو چوارچێوەی شیعرێکەوە. ئەم شیعرە بەلگەیەکی زیندووە لەسەر ئەوەی چۆن نەبوونی دەولەت و کیانی سەر بەخۆ دەتوانێت شاعیر بەرەو پاڕانەوە ببات. هەر ئەم ئازارەش هۆکاری پاڕانەوە و بەرهەم هێنانی ئەم دەقە بووە، کە هێشتا هیوای بە ڕۆژانی باشترە.

وەلامی هێمن بۆ ژێردەستەیی یاخیبوون و بەرەنگاربوونەوەیە، کە لە ئەنجامی سەپاندنی دەسەلاتی داگیرکەر بۆ سەر نەتەوەکەی سەرچاوەی گرتووە. شاعیر ئەم ئازارەی گۆڕیوە بۆ هێزی یاخیبوون و بەرگری، شیعری کردووەتە چەکی بەرگری و نیشتمانپەروەری، دژ بە ستەمی داگیرکەران. هەستی شاعیر لە نێوان تووڕەیی "گورگی بێدادی لە گیانم بەربوو"، سەرفرازی "من هەلۆ بووم و چیا هێلانەم" هیوای گەڕانەوە "چی دیکە

ژێـــردەس نەبین"دەجوڵێنـــەوە. ژێردەســـتەیی لای هێمـــن شـــكاندنی ڕۆح نەبـــووە، بەپێچەوانـــەوە ئاگـــری خەبـــات و هانـــدەری هێـــزی بەرەنگارییـــە، كـــە شـــاعیری بـــەرەو دنیـــای داهێنـــان ئاراســـتە كـــردووە.

### ٣-٢/٣) کاردانــــەوەی ژێردەســـتەیی وەك هـــۆکاری داهێنانـــی شـــیعر لای پەشـــێو:

هـۆکاری بەشـێك لەشیعرەکانی پەشێو بریتیـن لـە کاردانـەوەی ژێردەستەیی، کـە نەبوونـی دەوڵەتـی سـەربەخۆی کوردستان و ژیـان لـە ژێـر دەسـەڵاتی نەتـەوە داگیرکـەرەکان درووسـتی کـردووە. پەشێو بـە شێوەیەکی هونـەری ئـەو ئازارە دەروونییـەی دەخاتـەڕوو، کـە لـە ئەنجامـی چەوساندنەوە و پێڕەوا نەبینینـی مافـی نەتەوەکـەی سـەرچاوەی گرتـووە. چەکی ئەم کاردانەوەی شـاعیر لە ڕێگەی شـیعرەوە دەبێـت، چونکـە ئـەوەی دەیەوێـت ناتوانێـت لـە ژیانـی ڕاستەقینەیدا بیانخاتـەڕوو، بەهـۆی ڕەوشـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی دەوروبـەری.

کاردانــەوەی ژێردەســتەیی پاڵنەرێکــی دەروونــی بــووە، شــاعیری بــەرەو دنیـای داهێنـان بـردووە. ئـەم شـیعرەی خـوارەوە، نموونەیەکـی بەرچـاوی ئەدەبیاتــی ژێردەســتەیە، چونکــە ڕەنگدانــەوەی ئــەو ئــازارە دەروونییەیــە، کــە لــە ئەنجامــی نەبوونــی دەوڵەتــی ســەربەخۆی کوردســتان و ژیــان لــە ژێــر دەســەڵاتی نەتــەوە داگیرکــەرەکان ســەرچاوەی گرتــووە. هــەر لــە بەرایــی تێکســتەکە پەشــێو دەڵێــت "خۆشـم ئەمـڕۆ وا دەستبەسـتەم"، ئـەم دەسبەسـتە بوونـە ئاماژەیـە بـۆ ژێـر دەستەیی و دۆخـی گەلێکـی بـێ وڵات، بەرانبـەر داگیرکـەر، شـاعیر بـێ دەســەڵاتی خـۆی ڕادەگەیەنێـت، جگــە لــە هــاوار و ناڵــە هیچــی دیکـەی لـە دەسـت نایـە. "داگیرکـەران لـە چـوار لاوە" ئاماژەیەکـە بـۆ جوگرافیـای سیاسـی کوردسـتان، کـە بەسـەر چـوار وڵاتـدا دابەشـکراوە، لــەم بارودۆخــەدا گەلەکــەی تەنانــەت لــە مافــی ســەرەتایی ئــازادی

ڕادەربڕیــن بێبەشــکراوە. لــە دەقــی (دەنگێــك لــە کوردســتانەوە).

خۆشــم ئەمــڕۆ وا دەستبەســتەم،
داگیرکـــــــەران لە چـــــــوار لاوە
ناهێڵـــــــن بجولـــــێ جەستەم.
مــــــــن کـــــــوردێـــکــم...
هــەر چەنـد ئەمـرۆ دەنـگ هـەڵبرم،
دەنـــــگـــــــــم نییــــــە.
مــــــــن کـــوردێـــکـــم...
هــەر چەند ئەمڕۆ خۆم نیشان دەم،
ڕەنـــگـــــــــــم نییـــــە.

(پشـت لە نەوا و ڕوو لە کڕێوە، ٢٠١٤، ١٧٨).

پەشـێو لەڕێگـەی ئـەم دەقـەوە دەیـەوێ پـێمان بڵێـت ئـەوە بێدەوڵەتییــە بووەتــە هــۆکاری ئــەوەی بکەوینــە ژێــر دەســەڵاتی داگیرکـەران. لـە هەموولایەکـەوە هەوڵـی بچووککردنەوەمـان دەدرێـت، چونکــە خاوەنــی دەوڵەتێکــی ســەربەخۆنین، بۆیــە هەرچەنــد هــاوار بکەیــن نــە هیــچ کەسێك گــوێمان لــێ دەگرێــت، نــە هیــچ کەسێك دەمانبینــێ. شــاعیر ئــەوەی پیشــان داوە، کــە چــۆن بێدەوڵەتــی و ژێــر دەســتەیی بوونەتــە هــۆی بێهێزکردنــی تــاك لــە هەمــوو ئاســتەکانی ژیـان. ڕەنگـە شـاعیران زیاتـر لـە هـەر کەسێکی تـر ئـەم ئازارەیـان بـەر بکەوێـت، چونکـە وەکـو تاکێکـی ڕۆشـنبیر خۆیـان بـە بەرپـرس دەزانـن بەرانبـەر دۆزی نەتەوەکەیـان. پەشـێو لـەم تێکسـتەدا ئەزموونـی ژیانـی

ژێـر دەسـتەیی نەتەوەیـەك وێنـا دەكات، ئـەوەش ڕوون دەبێتـەوە، كـە ژێـر دەسـتەیی نەیتوانیـوە شـاعیر بووەسـتینێت، بگـرە هانـدەر بـووە بـۆ داهێنانــی دەقــی ئەدەبــی جــوانتر لــە دۆخــی ئاســایی.

پەشـێو لەڕێگـەی دەقێكـی تـرەوە توانـج لـەو سیسـتەمە نێودەوڵەتییـە نادادپــەروەری دەگرێــت، كــە نەتەوەكــەی لــە بوونــی دەوڵەتێكــی سـەربەخۆ بـێ بەشـكردووە، چونكـە ئـەو دەزانێـت بێدەوڵەتـی زامێكـی چەنـدە ئـازار بەخشـە، كاتێـك دەوڵەتـت نەبێـت لـە چەندیـن مافـیتر بێبـەش دەبیـت، تەنانـەت ناتوانـی پارێـزگاری لـە خۆشـت بكـەی. لـە شـیعری(دەفتەری سـوور)دا هەسـت بـە ئـازارەی دەكرێـت:

ولاتانـــــی تێـــــری جیهــــان
دەفتەرێكـی سـووریان هەیـە،
بـۆ ئـەو مـەل و گیاندارانـەی
كـە كوشـتنیان قەدەغەیـە.
تـكا دەكـەم لـە یونێسـكۆ،
لـە دەفتـــــــەرە سـوورەكیدا
نـاوی منیـش تۆمـار بـكا،
لەڕاوكـــــەر و بازرگانـــــان
كەوڵ و پیستـــم ڕزگار بكـــا.

(هەسپم هەورە و ڕكێفم چیا، ٢٠١٤، ٢٩).

ئـەم دەقـەی شـاعیر ئەوپـەڕی تووڕەییـە بەرانبـەر سیسـتەمێك، كـە ژیانـی ئـاژەڵان دەپارێزێـت، بـەڵام گرنگـی بـە ژیانـی مـرۆڤ نـادات. "تـكا دەكـەم لـە یونێسـكۆ" ئـەم جـۆرە داواكردنـە لوتكـەی ماندووبـوون

و بێــزاری شــاعیر لــە ژیانــی ژێردەســتەیی دەردەخــات، پەشــێو وەكــو مرۆڤێكــی بــێ دەســەڵات هاتۆتــە تــكا، داوا دەكات بیپارێــزن و دەری بێنـن لـە ژێـر دەستی داگیركـەران، بـۆ ئـەوەی چیتر بازرگانـی بـە گیانـی نەتەوەكـەی نەكرێـت و بـێ ڕەحمانـە وەكـو گیاندارێكـی درنـدە واز لـە پارچـە پارچـە كردنـی بهێنـن. شـاعیر بـە شـێوەیەكی هونەرمەندانـە پیشــانی داوە چــۆن بێدەوڵەتــی دەبێتــە هــۆی دابەزاندنــی پێگــەی مـرۆڤ لـە كۆمەڵگـەی نێودەوڵەتیـدا. شـیعری كردووەتـە تاكـە ڕێگـەی دەربڕینـی هەسـتی ژێـر دەسـتەیی و تووڕەیـی، كـە لـە بێدەوڵەتییـەوە سـەرچاوەی گرتـووە، بـەم شـێوەیە ژێـر دەسـتەیی وەك لێكەوتەیەكـی بێدەوڵەتـی بـە فاكتـەری داهێنانـی دەقەكـە دەزانرێـت.

جارێكـی دیكـە شـاعیر زامەكانـی خـۆی دەكولێنێتـەوە، ئامـاژە بـە درێــژی تەمەنــی شارســتانی و كۆنــی مێــژووی نەتەوەكــەی دەكات، كـە زیاتـر لـە هـەر نەتەوەیەكـی دیكـە بـە شـایەنی دەزانێـت ببێتـە خاوەنـی دەوڵـەت و سـەروەری خـۆی، دەیـەوێ پـێمان بڵێـت ئەوانـەی بەســەر خاكەكەمــان تێپەڕیــون زۆر چــاك ئــەم ڕاســتییە دەزانــن. لــە شـیعری (چەنـد وشـەیەك دەربـارەی تەمەنـی خـۆم) ئێمـەش دەكات بـە شـاهێدی ئـەم ڕاسـتییە:

بـــــەچـــــاوی خـــــــــۆم
چاخـی هەمـوو پێغەمبەرەكانم دیوە.
كاروانـــــی مێــژووی شـــەرمــەزار
بەسـەر لۆچـی ناوچەوانما تێپەڕیـوە.
كـــــەچــــــی هێشـــتـــــا

ئـــــــۆفیـــــسە قۆڵبڕەکانــــــــــی
ئـــــەم چاخــە ویــژدان تۆپیــوە
لــــــە دەفتــــــەری زیندووانــــــدا
نـــــاوی منیـــــان نەنوســــــیوە!

(پشـت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ٢٠١٤، ٣٣٣).

ئــەم دۆخــە تراژیدییــە وای کــردووە تــاك بــە درێژایــی مێــژوو شــایەتی هەمــوو شــەرمەزارییەکان بێــت، چونکــە ئــەم جیاکارییــە لــە نێــوان نەتەوەکانــی جیهــان هەســتی کەمــی و ژێــر دەســتەیی لــە دەروونــی تاکــەکان دروســتدەکات. پەشــێو پێــی وایــە کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتــی بــە مەبەســت نایانــەوی ئــەم دۆخــە چارەســەر بکــەن. پێیوایــە وەك گەلێکــی مــردووی بــێ ناونیشــان ســەیری نەتــەوەی بێدەوڵــەت و ژێــر دەســتە دەکــەن. ئــەم دۆخــە لــە دڵــی شــاعیر گرێیەکــی ئالــۆز و پرســیارێکی بــێ وەڵامــە، کــە بۆچــی جیهــان لــە ئاســت نەتەوەیەکــی بــێ بەشــکراو لــە مافەکانــی دەستەوەســان تێڕادەمێنــن. پەشــێو هیــچ کاتێــك لــە داواکردنــی مافــی نەتەوەکــەی نەوەســتاوە، بــەردەوام شــیعری کردووەتــە دەرچەیــەك بــۆ دەربڕینــی ئــەم هەســتە تووڕەیــی و دڵتەنگییــەی، کــە بێدەوڵەتــی و هەســتی ژێــر دەســتەیی ســەرچاوەکەیەتی. ئــەم دەقــە شــیعرە نیشــاندەری ئــەو حاڵەتــە دەروونــی و کۆمەڵایەتییەیــە، کــە لــە ئەنجامــی ژێردەســتەیی و ســتەمکاری سیاســی بەرهــەم دێــت. شــاعیر بــە بەکارهێنانــی ســیمبۆل و وێنــەی شــیعری، ئــازاری نەتەوەیــەك دەخاتــەڕوو، کــە لــە ماڵــی خۆیــدا بووەتــە بێگانــە.

نەتـەوە داگیركـەرەكان بەجۆرێـك گەلانـی دیكەیـان كردووەتـە ژێردەسـتەی خۆیان، وەكو ئامرازێك كۆنترۆڵیان كردوون و بۆ بەرژەوەندی خۆیـان بەكاریـان دەهێنـن. زۆر جـاران ژێردەسـتە بـێ ئـەوەی هەسـتی پێبـكات لەسـەر خـاك و نیشـتمانی خـۆی دەبێتـە خزمەتـكاری نەیارەكانی، هەندێـك جاریـش بەمەبەسـت و بەئاگاییـەوە ئـەو كارەدەكات پەشـێو لـە ڕێگـەی دەقێكـی شـیعرییەوە تووڕەیـی خـۆی بـۆ ئـەم كـرداره دەردەبڕێـت لـە شـیعری (سـەدان ساڵە) تیشـكی ئـەم تووڕەییـەی دەبینیـن:

سـەدان سـاڵـە،
لـە وێرانەماڵـی خۆمـدا،
كتكەكوێرەی گۆشـەی متبەقی سـوڵتانم.
سـەدان سـاڵـە،
حەوشـوبـەرەی خـۆم والایـە و
لەبـەر دەرگـەی دزانی خۆم پاسـەوانم.

(هەسـپم هەورە و ڕكێفم چیا، ٢٠١٤، ٦٦).

شـاعیر دەیـەوێ بڵێـت ئـەو هەمـوو سـاڵە ژێردەسـتەیی بـەس نییـە؟ ڕووی دەكاتـە نەتەوەكـەی دەڵـێ هەتاكـەی بەئاگانایەنـەوە ، خزمەتـی بێگانـە و دوژمنانـی خۆتـان دەكـەن. ئـەوەی جێگـەی پرسـیارە لای شـاعیر و ئـازاری دەدات ئەوەیـە، ئێمـە نـەك هەڵوێسـتمان بەرانبـەر داگیركـەران نییـە، تەنانـەت خۆمـان بوینەتـە داردەسـت و پاسـەوانیان.! لـەم كاتـەدا خـۆی بـە مێـوان دەبینێـت و دووژمنیـش بـە خـاوەن مـاڵ لەسـەر خاكـی بـاب و باپیرانـی. ژێردەسـتەیی شـاعیری گەیاندۆتـە

لوتکەی نائارامی، چونکە زیاتر هەست بە مەترسییەکانی داهاتووی ئەم دۆخە دەکات، بۆیە نەتەوەکەی ئاگادار دەکاتەوە، کە خەریکە گۆڕانکاری لە ناسنامەی تاك و کۆمەڵمان دروستدەبێت و ناسنامەی نەتەوەکەمان لە دەستدەدەین. کاتی ئەوە هاتووە بوونی خۆمان بسەلمێنین، چیتر نەبینە چاوساغ و خزمەتکاری دوژمنان. پەشێو لە ڕێگەی ئەم شیعرەوە دژی مێژوویێك لە ژێر دەستەیی دەوەستێتەوە.

بەگشتی کاردانەوەی پەشێو بۆ دۆخی ژێردەستەیی بریتییە لە گۆڕینی ئازار و تووڕەیی ناوەخۆیی بۆ هێزی داهێنان، لە ئەنجامی نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و ژیان لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەرەکان سەرچاوەی گرتووە. ئەم ژێردەستەییە وای لە شاعیر کردووە هەستی بێدەسەڵاتی ("دەنگم نییە، ڕەنگم نییە") و خۆبەکەمزانی لەبەرانبەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەبێت، ئەم ئازارە دەروونییە هانیداوە بۆ ئەوەی بە جۆرێکی تر وەڵامی هەبێت، ئەو هاتووە شیعری کردووەتە تاکە ڕێگا و چەکی خۆی بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی و ڕاگەیاندنی دۆخی نەتەوەکەی، هەروەها بەرەنگاربوونەوەی ئەو سیستەمە نادادپەروەریەی، کە نەتەوەکەی لە مافە سەرەتاییەکانی بێبەش کردووە، ژێردەستەیی لای شاعیر هێزی داهێنانی ئەدەبی بووە.

دوای شەن و کەو کردنی دەقی شیعرەکان و هەڵسەنگاندنی مەبەست و تێگەیشتن لە ئاراستەکان تێدەگەین ژێردەستەیی هۆکارێکی دیکەی بەرهەمهێنانی شیعرە لای هەرسێ شاعیر، چونکە هەموویان سەر بە یەك نەتەوەن و سەدان ساڵە خاك و وڵاتیان لێ داگیرکراوە. ئەوان هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوەیە میللەتەکەیان لە ژێردەستەیی ڕزگاری ببێ و وڵاتێکیان هەبێ دانپێدانانی نێودەوڵەتی هەبێ.

**٣/٣) كاردانــەوەی دەروونــی وەك هــۆكاری داهێنانــی شــیعری بەرگــری لای شــاعیرانی كــورد:**

شـیعری بەرگـری لـە ئەدەبـی كوردیـدا ڕۆڵێكـی گرنگـی بینیـوە، لـە قووڵایـی دەروونـی شـاعیرەوە سـەرچاوە دەگرێـت، وەك ئامرازێـك بـۆ بەرگریكـردن و بەرهەڵسـتی بەكارهـێنراوە. ئـەم كاردانـەوە دەروونییـە ئاماژەیـە بـۆ هەڵوێسـتی شـاعیر بەرانبـەر بـە سـتەم و نادادپـەروەری. شـاعیران لـە بەرانبـەر واقیعـی تـاڵ و نائومێدبوونیـان بەرانبـەر داگیركـەران هانایـان بـۆ داهێنـان و ئەفراندنـی شـیعری بەرگـری بـردووە، وەك هەسـتكردن بـە بەرپرسـیارێتی بەرانبـەر بـە پاراسـتنی خـاك و نەتەوەكەیـان. كاردانـەوەی دەروونییـان بنەمایەكـی سـەرەكی بـووە بـۆ بەرهەمهێنانـی شـیعری بەرگـری، چونكـە شـاعیر لـە ڕێگـەی ئـەم كاردانەوەیـە دەتوانێـت ڕاسـتەوخۆ بیـروڕای خـۆی دەربڕێـت و هەسـتەكانی بخاتـەڕوو. ئـەم جـۆرە شـیعرە تەنیـا وەكـو هونـەر سـەیر ناكرێـت، بەڵكـو دەبێتـە دەرمانێـك بـۆ دەردی دەروونـی شـاعیران، كـە بـەم هۆیـەوە دەنگـی نارەزایەتـی و بەرگـری خـۆی دەگەیەنێـت، جگـە لـەوەش وەك هێزێكـی كۆمەڵایەتـی و سیاسـیش كاریگـەری دەبێـت.

### ١-٣/٣) کاردانــەوەی دەروونــی وەك هــۆکاری داهێنانــی شــیعری بەرگــری لای جگەرخوێــن:

جگەرخوێــن لــە شــیعرەکانیدا بەرانبــەر بــە ســتەمکاری و ناهەقــی، کاردانــەوەی تونــد و بەهێــزی نیشــانداوە، ئــەو کاردانــەوە دەروونیــە وەك هەســتی تووڕەیــی و شۆڕشــگێڕی و ناڕازیبوونــی لــە دۆخــی کۆمەڵایەتــی و سیاســی خــۆی دەبینێتــەوە، کــە ســەرچاوەیەکی ســەرەکی بەرهەمهێنانــی شــیعری بەرگــری بــووە. جگــە لەمانــەش شــیعری بەرگــری لای ئــەم شــاعیرە لــە کۆمەڵێــك هــۆکاری دیکــەی دەروونییــەوە ســەرچاوەیان گرتــووە، پەیوەنــدی بــە خــاك و نیشــتمان، هەســتکردن بــە مافــی مــرۆڤ و یەکســانی، ئــازار و ســتەمکردن لــە نەتەوەکــەی هەیــە. ئــەم هۆکارانــە لــە کۆمەڵگــەی کــوردی بەهــۆی کێشــە سیاســی و کۆمەڵایەتییــەکان زیاتــر بەهێــز بوونــە و کاریگەرییــان لەســەر بیــرو بۆچوونەکانــی شــاعیردا هەبــووە. شــاعیر بــە بەکارهێنانــی وشــەی کاریگــەر و بیــروڕای شۆڕشــگێڕانە، توانیویەتــی ئــەم هەســتە دەروونیانــە بگوازێتــەوە نێــو شــیعرەکانی و ببێتــە دەنگــی نەتەوەکــەی.

بنەماکانــی ئــەم جــۆرە شــیعرە لــە ســەردەمی جگەرخوێــن بــە شــێوەیەکی تایبــەت گەشــەی کــردووە، کاردانــەوەی دەروونــی شــاعیر بەرانبــەر بــە دۆخــی نائــارام و نائاسایشــی کۆمەڵگــە، لــە نەبوونــی دەوڵــەت و دەســەڵاتی نیشــتمانی، بووەتــە هــۆی ســەرەکی بــۆ بەرهەمهێنانــی ئــەم جــۆرە شــیعرە. لــە شــیعری "فــالا قەرەچیــێ"دا ئــەم کاردانــەوە دەروونییــە بــە ڕوونــی دەبینرێــت:

ب یـەك جـان و دل و دەنـگ
دگــەل دژمــن بكــن جەنــگ
تەڤــدە بــدن ســۆزا خــوە
زوو بخـوازن دۆزا خـــــــوە
وەكــە مێــــــرا ببن یــەك
ب دەسـت بگرن گورز و چەك

(دیوانا ئاگر و برووسك،٢٠٢١، ل٨٢).

لەڕێگــەی ئــەم چەنــد دێــرەوە دەتوانیــن كاردانــەوەی دەروونــی شــاعیر دیــاری بكەیــن، كــە بــۆ بەرگــری لــە نیشــتمان و نەتەوەكــەی بــەكاری هێنــاوە. بانگەشــەكردن بــۆ یەكگرتوویــی نیشــتمان لــە ڕســتەی "ب یــەك جــان و دل و دەنــگ" دەربڕینــی هەســتی نیشــتمانپەروەری و نیگەرانــی شــاعیرە بەرانبــەر بــە پارچەپارچەبوونــی نەتەوەكــەی، هەروەهــا دەســتپێكردنی شــەڕی بەرگــری لــە دێــری "دگــەل دژمــن بكــن جەنــگ" هەڵوێســتی شــاعیرە بەرانبــەر بــە ســتەم و داگیــركاری دووژمـن. ئـەو كاتێـك داوا دەكات یـەك دەسـت و یـەك دڵ و یـەك هێـز بـن، ئـەم دەربڕینانـە ئامـاژەی پەرۆشـبوونی شـاعیرن بـۆ گەیـشتن بـە مافـی سـەربەخۆبوون، چونكـە تاوەكـو نەبیـن بـە خاوەنـی دەوڵەتێكـی سـەربەخۆ هەمیشـە دووچـاری هێـرش و پەلامـاری داگیـر كـەران دەبینــەوە و ئەبێــت لــە ســەنگەری بەرگــری دابیــن.

لــە شــیعرێكی دیكــەدا شــاعیر بەشــێوازێكی زۆر تونــد هانــی نەتەوەكــەی دەدات، كــەوا ســەربەخۆیی نیشــتمانەكەیان بكــەن بــە هەمووشــتێك، چــاوی لــە دەســتی گەنجــە نیشــتمان پەروەرەكانــە بــەو

ئامانجەی بیگەیەنن. شیعری "ئۆلا مە خۆرتان" کاردانەوەی دەروونی جگەرخوێن وێنادەکات بەرانبەر بە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەمەکەی:

ئیرۆ ناموسە، ڕابن ئەی مللەت
دۆزا خوە بکن ب دین و دەولەت
وەلاتێ مەیە، خوەش بوویە جەننەت
ئۆلا مە خۆرتان مللەتپەرەستی
ژ مە دوور دخی خواری و مەستی

(دیوانا ئاگر و برووسك،٢٠٢١، لا١٢٥).

شاعیر شاڕێی ژیانی خۆی و گەنجانی وڵات دیاردەکاو ناوی دەنێ " ئۆڵامە" تا پێمان بڵێ ئاین چەندە پیرۆزە، بەرگری کردن لە خاك و نیشتمانیش هێندە پیرۆزە. ئەو گەنجانی لە پیر و منداڵان هاوێرکردووە و تەنیا لەگەڵ ئەوان دەدوێ، چونکە دەزانێ هێز و بازووی نیشتمانن، بەوان نەبێ وڵات دروست نابێ.

شاعیر هیچ کاتێك خۆی لە بەرپرسیارێتی لانەداوە بەرانبەر پرسی نەتەوەکەی، هەمیشە بە شانازییەوە بۆ بەرگری و هاندانی نەتەوەکەی بۆ خەباتکردن لە پێناو پرسی ئازادی و سەربەخۆبوون لە ڕیزی پێشەوە وەستاوە. ئەو نیشتمانەکەی بە بەهەشت دەچوێنێت و بەشایەنی ئەوەی دەزانێت بەشانازییەوە لەو ڕێگەدا قوربانی بدرێ، دەڵێ هەروەك چۆن خەڵك لە پێناو بەهەشت خۆی فیداکردووە و ڕۆحی بەخشیووە، وڵاتی ئێمەش ئەو بەهەشتەیە و سەربەخۆ بوون ئاینەکەمانە. ئاشکراشە ئاین لە پێناو گەیشتن بە خۆشییەکانی

بەهەشـت دانـراوە. هەروەهـا شـاعیر بـاوەڕی بـەوە هەیـە گەنجەكانمـان دەتوانـن گۆڕانـكاری درووسـت بكـەن و نەتەوەكەمـان بهێننـەوە سـەر ڕێگـەی ڕاسـتی خەباتكـردن، بـۆ گەیـشتن بـە سـەربەخۆیی.

نەتــەوەی كــورد بــە درێژایــی مێــژوو بــەردەوام لــە نــاو ئاگــری تێكۆشــان و بەرگریــدا ژیــاون. لــەم شــیعرەدا بــۆ ڕابەرایەتــی كردنــی شـۆڕش دژ بـەزۆرداری داگیركـەران جگەرخوێـن بانگـی قارەمانانـی كـورد دەكات، ئـەم دەقـە شـیعرییە لـە كاتێكـدا نـوسراوە شـاعیر هەسـتی بـە مەترسـییەكی زۆر كـردووە بـۆ سـەر نەتەوەكـەی، لـە شیعری(شـاهانێ لـۆری بچـووك) دا شـاعیر دەڵـێ:

وەرە ڕوسـتەم شەهێ ئەیوانێ كوردان
ب شووركێشـی بگێـرن كۆم و جەردان
ب گـورز و خەنجـەر و تیـران و داران
ژ كوردسـتانێ دەرخـن ڤـان نەیـاران

(دیوانا شـەرەفنامەیا مەنظووم،٢٠٢١، لا١٦).

ئــەم دەقــە شــیعرییە هەڵگــری ڕەمزێكــی كۆمەڵایەتــی مێــژووی كــوردە. شــاعیر كاتێــك بانگــی ڕۆســتەمی كــوردان دەكات، ئاماژەیەكــە بــۆ كۆكردنــەوەی قارەمانانــی ئێســتای نەتەوەكــەی بــۆ ئــەوەی بەخــۆ بكــەون، بۆگیانــی نەیارانیــان. هەڵكێشــانی شمشــێر و نــاو هێنانــی چەنــد جۆرێكــی تــری چــەك، بەرهەمــی كاتێكــی دیاریكــراو نییــە، بەڵكــو ڕەنگدانــەوەی بەردەوامــی دۆخــی بەرگــری و پاراســتنی خاكــی وەتەنــە. شــاعیر بــە زمانــی شــیعر هەوڵیــداوە نــەوەی نــوێ ئاگاداربكاتـەوە، چونكـە ئـەم شـیعرە لـە هەمـان كاتـدا هاوارێكـی كـۆن

و بانگهێشتکردنێکی نوێیە، هەروەها بەڵگەیەکە لەسەر بەردەوامی ڕۆحی بەرگری و پێشمەرگایەتی لە شیعری کوردیدا. جگە لەوەش ئەم شیعرە پەیامی ئومێد و هیوا بۆ ئایندە دەگەیەنێت، کە کورد هەمیشە لە بەرانبەر هەر جۆرە داگیرکارییەکدا بەرگری لە خۆی و خاکەکەی دەکات، توانا و کاردانەوەی دەروونی شاعیر بۆ بەرگری بووەتە هۆی خوڵقاندنی دەقێکی شیعری.

وەك لە دەقەکانی تردا خستمانەڕوو، کاردانەوەی دەروونی شاعیر بەرانبەر بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی نەتەوەکەی یەکێکە لە سەرچاوە کاریگەرەکانی دروستبوونی شیعری بەرگریخوازانە. لە زۆر کاتدا ڕەنگە شاعیر لە بەرانبەر ستەم و نادادپەروەری نەتوانێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاردانەوەی هەبێت، بۆیە هونەر دەکات بە ئامراز بۆ دەربڕینی کاردانەوەکانی. بۆ تەواوکردنی فیکری بەرگری لای جگەرخوێن نموونەیەکی دیکە بەناوی ( ئازادیخوازم) دەخەینەڕوو:

کەچ و کوڕێن کورد هەمی شیاربن
ژ بۆ سەربەستی هەمی ل کار بن
ژ هەڤڕە دۆست بن، دژێ نەیار بن
دە ڕابە سەر خوە، کوڕێ من ڕابە!

(دیوانا شەفەق، ٢٠٢١، ل٢٨).

شاعیر لە ڕێگەی ئەم دەقەوە هەستی تووڕەیی، نیگەرانی و بێدەسەڵاتی خۆی بۆ بانگی هۆشیاری و بەیانی ئازادی دەگۆڕێت. وشەکانی دەبن بە چەکی هاندان و بەرگری بۆ مەیدانی تێکۆشان، واتا شاعیر ڕۆڵی خۆی لە چاودێرەوە دەگۆڕێت بۆ هاندەر و

ڕابــەر، چونكــە بانگێشــتكردنی "كــەچ و كوڕانــی كــورد" نیشــانەی ئەوەیــە شــاعیر خــۆی بــە بەشــێك لــە كۆمەڵگەكــەی دەبینێــت و بــە ئەركــی دەزانێــت، ڕۆڵەكانــی نیشــتمانەكەی هۆشــیار بكاتــەوە، هەمــوو یــەك دەســت و یــەك هێــز دژی نەیارەكانیــان بوەســتنەوە بــۆ بەدەســتهێنانی مافــی ســەربەخۆیی. بەگوتنــی "دە ڕابــە ســەر خــوە، كــوڕێ مــن ڕابــە" ڕاســتەوخۆ بــۆ ڕاپەڕیــن و ڕووبــەڕوو بوونــەوە دژی دووژمــن فەرمــان دەدات، ئەمــەش پــێمان دەڵێــت هەســتی بێهێــزی گــۆڕاوە بــۆ هێــزی كــردار. بــەم شــێوەیە كاردانــەوەی دەروونــی شــاعیر بووەتــە هــۆی ئــەوەی شــیعر ببێتــە ئامرازێكــی بەهێــز بــۆ بەرگــری لــە بەرانبــەر ســتەم و بێــدادی.

شــیعری بەرگــری لای جگەرخوێــن ســەرەڕای كاردانــەوە دەروونــی شــاعیر، لــە تووڕەیــی و بێدەســەڵاتی تاكەكەســییەوە بــۆ بانگەشــەی كۆمەڵایەتــی و هاندانــی نەتەوەیــی هەنــگاوی نــاوە. شــاعیر لــە ڕێگــەی ئــەم شــیعرانەوە خــۆی لــە پێگــەی تەماشــاكەرەوە دەگوازێتــەوە بــۆ پێگــەی ڕابــەر، وشــەكانی دەكاتــە چەكــی مانــەوە و بەرگــری، نیشــتمان دەكاتــە بەهەشــتێك، كــە بــە ئەشــقەوە قوربانــی بــۆ دەدات. بۆیــە شــیعری بەرگــری لای شــاعیر بەرنامەیەكــی كردارییــە بــۆ هۆشــیاركردنەوە و پەرەپێدانــی هەســتی بەرگــری لــە نێــو نەتەوەكەیــدا، بــۆ بەردەوامبــوون لــە ســەری تــا ببێتــە میراتێــك بــۆ نەوەكانــی داهاتــوو.

**٢-٣/٣) کاردانــەوەی دەروونــی وەك هــۆکاری داهێنانــی شــیعری بەرگــری لای هێمــن:**

هێمــن، وەك شــاعیرێکی کــورد لــە بەرانبــەر ئــەو نادادپــەروەری و ستەمەی لـە ژینگـەی کۆمەڵایەتـی و سیاسـیدا ڕووبـەڕووی نەتەوەکـەی بووەتـەوە، لـە قۆناغـە جیاوازەکانـی ژیانیـدا کاریگـەری لەسـەر مەبەسـت و ناوەڕۆکـی شـیعرەکانی کـردووە. کـورد وەکـو گەورەتریـن نەتـەوەی بێدەوڵـەت لـە ڕۆژهەلاتـی ناوەڕاسـت بەدرێژایـی مێـژوو لەسـەر خاکـی خـۆی سـتەمی لـێ کـراوە و مافـی پێشـێلکراوە نەتەوەکانـی دراوسـێ بـە هەمـوو میکانیزمێـك کاریـان کـردووە بـۆ لەنـاو بـردن و سڕینەوەی. ئـەم دۆخـە کاریگەریـی دەروونـی لەسـەر هەمـوو تاکێکـی کـورد هەبـووە. دەروونناسـان ئاشـکرایان کـردووە، شـیعر دەربڕینێکـی ئاشـکرای ئـەو شـەڕە ناوخۆییانەیـە، کـە شـاعیر لـە گـەڵ ژینگـەی دەوروبـەری خۆیـدا دەیـکات. شــاعیر زۆربــەی کاتەکانــی ژیانــی لــە نێــو دەربــەدەری و گۆڕانـکاری و تەنگـژەی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی بردووەتەسـەر، ئەمـەش وای کـردووە شـیعری بەرگـری دابهێنێـت دژی هەمـوو ئـەو هێزانـەی هەوڵـی لەناوبردنـی ناسـنامەی کوردییـان داوە.

هێمــن، وەك چەکـی دەسـتی نەتەوەیەکـی ژێـر دەسـتە، هەمیشـە زمانـی شـیعری بـۆ هانـدان و بەرگـری کردنـی نەتەوەکـەی بەکارهێنـاوە، لـە شـیعری(بژی دێموکـرات)دا نووسـیویەتی:

پێشـمەرگەی کـوردی لـە مەیدانـی جەنـگ
بەرگــەی ناگــرێ نــە شــێر نــە پڵەنــگ
دوژمنـی ئێمـە تـازە بـــــکا دەنـگ

سینگی دەسمن بە گولەی تفەنگ
بڕژی دێموكرات بڕژی دێموكرات

(دیوانی هێمن، ٢٠٠٨، لا ١٢٢).

ئەم شیعرەی هێمن خۆی لە دۆخی گۆڕانكاری و هەڵسانەوە سەرپێی سیاسی و نەتەوەیی دەبینێتەوە. ئەگەر سەیركەین دێرەكانی سەرەتا هەستی شانازی بوونە بە پێشمەرگەكانی دێموكرات، دواتر بەكارهێنانی وشەكانی "بەرگەی ناگرێ نە شێر نە پڵەنگ" نیشاندانی پێوەندییەكی ڕۆحییە، كە شاعیر لە گەڵ ئەو هێزە جەنگاوەرانە هەیەتی، لێرەدا شاعیر بووەتە دەنگی نەتەوەكەی، چونكە ئەوكات حزبی دێموكرات لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان نوێنەرایەتی گەلی دەكرد.

شاعیر لە ڕێگەی ئەم شیعرەوە هانی جەماوەر و پێشمەرگە دەدات، زیاتر باوەڕییان بەخۆیان هەبێت لە پارێزگاریكردنی وڵات و گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەكەیان، كە بوون بە دەوڵەت و سەربەخۆییە، لە هەمانكاتدا هەوڵدەدات ئەو هەستە كەموكورتییەی لە دەروونی دروست بووە بەهۆی پێشێلكردنی مافەكانی قەرەبووی بكاتەوە، ئەم دێرانە وەك چارەسەرێكی دەروونین بۆ هەستی نیگەرانی شاعیر و بەرهەمی ئەو تووڕەیی و ناڕەزایەتییە، كە لە ناخی شاعیر كۆبووەتەوە لە دژی ئەو هێزانەی هەوڵی داگیركردنی وڵاتەكەیان داوە. وەك كاردانەوەیەك شاعیر ئومێدی خۆی لە ڕێگەی نوسینی شیعرێكی بەرگری بەیان دەكات.

هێمن بۆیە ئەوەندە داخ لە دڵی دەستی ڕۆژگارە، چونكە نەتەوەكەی نەیتوانیوە مێژوو تێپەڕێنێت. شاعیر وا هەستدەكات

ژیانی نەتەوەکەی بە دەوری خوڵگەیەکی دیاریکراو دەسوڕێتەوە، دووژمن و نەیارانی کورد هەموو ڕێگەیەکیان لێ داخستووە، بۆ ئەوەی هەرگیز بە ئامانجەکانی نەگات، دۆخێکی ئاوایان بۆ دروستکردووە، هەستی بەرگری و فیداکارییان لە دڵی هەموو تاکێك ڕەواندووە. ئەمەش وای کردووە پێشمەرگەیەك سەنگەری بەرگری لە ماڵەکەی خۆی خۆشتر بووێت و شاعیرێك بە ئەشقەوە شیعری بەرگری بنوسێت لەشیعری ( شەپۆلی تۆڵە)دا ڕووناکی ئەم ئەشقە بەدیدەکەین:

وەختی وەی هاتووە خۆت ڕاپسێنی
تۆڵە وەرگریەوە، هەق بستێنی
ڕاپەڕە، هاتەوە دووبارە هەلت
سەر و ماڵت بکە قوربانی گەلت
کۆبەوە، ڕێك کەوە، لێك بەستە پشت
ڕاکە مەیدانی خەبات گورج و گشت

(دیوانی هێمن، ٢٠٠٨، لا ٢٢٠).

وەك لە ناونیشانی شیعرەکەدا دەردەکەوێت شاعیر بۆ ڕاپەڕین و بەرگری بانگی نەتەوەکەی دەکات، بۆئەوەی سود لە دەرفەت وەرگرن و قوربانی بۆ نەتەوەکەیان بدەن. ئەو یەکگرتنی هێزەکان بەخاڵی سەرکەوتن دەزانێت. ئەم شیعرە ڕەنگدانەوەی ئازار و خەون و ئومێدی نەتەوەیەکی ژێردەستەیە. هێمن لە ڕێگەی ئەم جۆرە دەقەوە توانیویەتی کاردانەوەی دەروونی خۆی بۆ هێزی بەرگری و هاندانی نەتەوەکەی بگۆڕێت. دەکرێت بڵێین

ئـەم چەشـنە لـە نووسـین، بووەتـە بەڵگـە لەسـەر توانـای ئـەدەب بـۆ هەوڵـدان بـۆ گۆڕینـی واقیعـی كۆمەڵایەتـی و سیاسـی نەتەوەیـەك. بەقووڵبوونەوەمـان لـە هەسـتی بەرگـری و یاخیبـوون لـە نێـو دەقـە شـیعرییەكانی هێمـن دا، بـاوەڕ و ئیـرادە و هێـزی نەتەوەیـەك دەردەكەوێـت، كـە ئەژنـۆی بـە دووژمـن داداوە.(ڕقـی پیـرۆز)ی هێمـن نموونەیەكـە لـەو بـاوەڕە پۆڵاینـە:

دەمگرێ، ئەمما لە گرتووخانە ڕق ئەستوورترم
لێم دەدا، ئەمما لەسەر داوا ڕەواكەم سوورترم
دەمكوژێ، ئەمما بەگژ جەللادەكەم دا دێمەوە
كوردم و ناتوێمەوە، ناتوێمەوە، ناتوێمەوە

(دیوانـی هێمن، ٢٠٠٨، لا ٤١٨).

شـاعیر دەیـەوێ پـێمان بڵـێ دووژمـن هەرچەنـدە زاڵـم بێـت، ئیـرادەی ئێمـە بەهێزتـرە، هەرگیـز دەسـت لـە داواكردنـی ناسنامەی نەتـەوەیمان هەڵناگریـن. دواتـر هێنانـەوەی وشـەكانی : گرتـن، لێـدان، كـوشتن. لـە بەرانبـەردا دەربڕینـی، ڕق ئەسـتوورترم، سـوورترم، هەڵوێسـتی شـاعیر بـە پێچەوانـەی چاوەڕوانـی خوێنـەر دەردەكەوێـت و تێدەگەیـن، كـە ئەزیـەت و سـتەم توانـای بەرگـری و بەرەنگاربوونـەوە زیاتـر دەكات، بـۆ كەسـێك كـە ڕەگـی بـاوەڕ لـە ڕۆحیـدا چەقێنرابێـت.

بێگومـان كاردانـەوەی دەروونـی شـاعیر بـۆ داهێنانـی دەقێكـی ئـاوا پـڕ لـە ڕۆحـی بەرگـری، هـۆكاری نەبوونـی دەوڵەتـی سـەربەخۆیە، ئەگەر كـورد خاوەنـی سـەروەری خـۆی بووایـە هەرگیـز تووشـی ئـەم جـۆرە

ئەزیـەت و سـتەمانە نەدەبـوو، ئـەم شـیعرە وێنەیەکـە لـە نیشـاندانی ڕۆحـی بەرگـری، کـە لـە بەرانبـەر هەمـوو جـۆرە سـتەمێکدا ڕاوەسـتاوە، هـەر بۆیـە شـیعری بەرگـری هێـز و تیـن بـە گیانـی هەمـوو تاکێکـی کـورد دەدات. لـە کۆتایـدا سـێجار دەڵـێ ناتوێمـەوە، چونکـە ئـەم بـاوەڕە لـە ڕۆحـی هەمـوو تاکێکـی نەتەوەکـەی بەدیـدەکات پێداگرییـە لەسـەر مانـەوە و بەردەوامبـوون.

لـە دەقێکـی دیکـەی هێمـن دا دەردەکەوێـت، شـاعیر بـۆ ڕاگەیاندنـی پەیامـی بەرگـری و بەئاگاهێنانـەوەی نەتەوەکـەی هەسـت بـە بەرپرسـیارێتی و ئـەرك دەکات، چونکـە شـاعیر وەکـو ڕۆڵەیەکـی نیشـتمان و تاکێکـی ڕۆشـنبیری نەتەوەکـەی قسـەکانی کاریگـەر و ڕێنیشـاندەر دەبـن، بۆیـە نابێـت لـە ئاسـت ئـەم ئەرکـەی کەمتـەر خـەم بێـت. هێمـن لـە سـۆنگەی هەسـتکردن بەهەبوونـی پێگەیـەك لـە شـیعری (ڕۆژی خۆشـی)دا ئـەم ئەرکـەی بەجـێ دەگەیەنێـت:

بـۆ نەجاتـی نیشـتمانی خۆشەویسـت کارێ بکەن
زوو دەرییێنن لە چەنگی دوژمن و دەستی ستەم
هەرکەسـێ بـۆ لای سـنووری نیشـتمانی ئێـوە بـێ
بیکـوژن، وردی بکـەن، بینێرنـە موڵکـی عـەدەم

(دیوانـی هێمن، ٢٠٠٨، ل١٢٤).

شـاعیر بـە زمانێکـی تونـد و بـێ پـەردە لەژێـر چەنگـی سـتەمکار داوای ڕزگارکردنـی نیشـتمانەکەی دەکات. ئەمـەش نیشـانەی نائومێـدی و پەرێشـانی شـاعیرە بەرانبـەر نەبوونـی هێزێکـی پشـتگیر و دەسـەڵاتدار بـۆ پاراسـتنی خـاك و نەتەوەکـەی، وشـەکانی" بیکـوژن

و وردیبکـەن" هەڵچوونـی شـاعیر نیشـان دەدەن، بۆیـە بـەم زمانـە توندوتیـژە بانگەشـەی کـوشتن و وردکردنـی دووژمنانـی دەکات، چونکـە بەناهـەق هەوڵـی داگیرکردنـی خاکەکـەی دەدرێـت. لـە ڕاسـتیدا ئـەم کاردانـەوە دەروونییـە و پەنابردنـی شـاعیر بـۆ هێـزی وشـە و شـیعر، لـە دژی دۆخـی نەبوونـی سـەربەخۆیی وەك تاکـە چەکـی بەردەسـت بـۆ بەرەنگاربوونەوەیـە، ئەمـەش وەك هـۆکاری سـەرەکی بەرهەمهێنانـی شـیعری بەرگـری دەردەکەوێـت.

هێمـن هەمیشـە بـە نوسـینی شـیعری بەرگـری شـەڕی مانـەوەی کـوردی کـردووە، هەوڵیـداوە وەچەرخانێـك دروسـتبکات لـە بەرگرییـەوە بـۆ پێشـڕەوی کـردن، وشـەکانی پـڕن لـە هێـز بـۆ زیادکردنـی هەسـتی نیشـتمان پـەروەری گەلەکـەی. شـاعیر ئامانجـی وابـووە ببێتـە دەنگـی نەتەوەکـەی و لـە بـری ئـەوان لـە ڕووی زوڵـم و سـتەمی داگیرکـەران بوەسـتێتەوە، کـە مێژوویێکـە هەوڵـی سـڕینەوەی دەدەن. هـەر بۆیـە شـاعیر لـە سـەنگەری نوسـینی شـیعری بەرگریـدا وەك پێشـمەرگەیەك دەردەکەوێـت.

### ٣-٣/٣) کاردانەوەی دەروونی وەك هۆکاری داهێنانی شیعری بەرگری لای پەشێو:

کاردانەوەی دەروونی هونەرمەندان بەرەو داهێنانی کاری هونەری هاندەدات. لە شیعری پەشێودا، ئەم کاردانەوە دەروونییە وەك ئامرازێکی بەهێز بۆ بەرهەمهێنانی شیعری بەرگری خۆی نیشانداوە، هەستی خۆشەویستی شاعیر بۆ خاك و نەتەوە و پارێزگاری لە نیشتمانەکەی. لە ڕێگەی کاردانەوەی دەروونی بە تایبەتی لە بەرانبەر قەیرانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و گوشارە دەرەکییەکان سەرچاوەی گرتووە. شیعری بەرگری لای پەشێو چەکێکی فیکری و کەلتوورییە بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی بەکاردێت. ئەم کاردانەوە دەروونییەی شاعیر هۆکارێکی سەرەکییە بۆ هێنانەدی ئەو شیعرانەی بەرگری لە نیشتمان و مێژووی نەتەوەکەی دەکەن، هەروەها ئەم کاردانەوەیە ڕێگە بە شاعیر دەدات هەستەکانی خۆی دەرببڕێت، لە هەمان کاتدا کاریگەری لە سەر خوێنەر دروست بکات.

لەم دەقە شیعرەدا پەشێو دۆخی دەروونی بۆ شیعرێکی بەرگری دەگۆڕێت. نموونەیەکی ڕوونی پەیوەندی نێوان دۆخی دەروونی و بەرهەمی ئەدەبی پیشان دەدات. کاتێك شاعیر هەستی کردووە ژیانی نەتەوەکەی لە مەترسیدایە، بە پێویستی زانیووە هەڵوێستی خۆی بە دوژمنانی نیشان بدات. لە شیعری."کێوی باوەڕ"دا ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی ئاشکرا خۆی دەردەخات:

پەیمانم داوە بە زنجیرەی كێو،
كەتیشكی خۆری نزیكە لە لێو،
گەر ڕەهێڵە بێ و بەردیش ببارێ،
لە كێوی باوەڕ نایێمە خوارێ.

(پشت لەنەوا و ڕوو لە كرێوە، لا ٩٨).

پەشێو لە ڕێگەی نیشاندانی وێنەی "كێوە" وە خۆی وەك بەرگریكارێك لە بەرانبەر هەڕەشە و مەترسییەكان نیشانداوە، بەقەد كێوێك باوەڕی بە بەرگریكردن هەیە و باوەڕیشی بەدۆزی نەتەوەكەی هێندە بەرزە لەم باوەڕە نایەتە خوارەوە. كاتێك دەڵێ "پەیمانم داوە بە زنجیرەی كێو" ئەمە سوێند خواردنە بە بنەمایەی باوەڕی پێیەتی، ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخە دەروونییە، كە شیعری بەرگری لێكەوتۆتەوە، دەیەوێ لە ڕێگەی ئەم دەقە شیعرانەوە پارێزگاری لەنەتەوەكەی بكات و نەوەكانی نیشتمان هان بدات بۆ ئەوەی هیچ كاتێك كۆڵ نەدەن دژی داگیركەران. هەروەها ئاماژە كردن بەنزیكی تیشكی خۆر وێنەی هیوایە. هەركاتێك شاعیر هەستی كردبێت نەتەوەكەی بەرەو بێ هیوابوون دەچێت، بۆ ڕەواندنەوەی ئەم ترسە لە ژانی دەروونیدا شیعرێكی بەرگری لە دایك بووە. دەكرێت بڵێین نەبوونی دەوڵەت و نیشتمانێكی سەربەخۆ هەمیشە دەرگا بۆ داگیركەران دەكاتەوە، كە لێكەوتەیەكی بچووكی ئەم دۆخەش بەرهەمهێنانی شیعری بەرگرییە لای شاعیر.

بە بەردەوامبوونی لە شیعری "وانەی سێیەم" دا نموونەیەكی بەرچاوی بەرهەمهێنانی شیعری بەرگری و هاندانمان بۆدێنێتەوە،

کە ڕووبەڕووبوونەوەی شاعیرە لەگەڵ هەستی زوڵم و زۆرداری و ئاوڕدانەوەیە لە منداڵان وەك سیمبولی داهاتوو و هیوای نەتەوەیەك. لەم شیعرەدا دۆخی دەروونی شاعیر بەرەو ئاراستەیەکی ئومێدبەخش دەچێت لە ڕێگەی مناڵانەوە ئومێد و باوەڕی بە گۆڕانکاری پیشان دەدات. هەر ئەم دۆخە دەروونییەی وایکردووە شاعیر پەنا بۆ شیعری بەرگری ببات، لە ڕێگەی ئەدەبەوە خۆی لە دەست نائومێدی دەربازبکات و باوەڕی بە داهاتوو بپارێزێت.

منالەکان،
ئێوەن زەلکاو دەشڵەقێنن،
ئێوەن ئەو بوومە لەرزانەی
سبەی کانی دەتەقێنن؛
ئێوەن سبەی
سنوری دەستکرد دەشکێنن،
قەفی زنجیری لێکپچڕاو
بەیەکترەوە دەلکێنن.

(پشت لەنەوا و ڕوو لە کرێوە، لا٢٤٢).

شاعیر ئەم کۆپڵە شیعرەی دابەشی سەر دووزەمەن کردووە، زەمەنێکی ئێستا کە زەڵکاو، سنوری دەستکرد و قەفی زنجیر نوێنەرتیەتی دەکەن، هەروەها زەمەنی داهاتوو کە کانی، ئازادی و بەیەکەوە لکاندنەوەی پارچەکانی نیشتمان دەبنە ناسنامەی، ئەمەش هەمووی لەڕێی نەوەیەکی بومەلەرزە ئاسا دەکرێ، کە هەرچی پیسی و نەهامەتییە کۆتایی پێدێنێ. ئەم کۆپلەیە لە

ناواخنیــدا بەرگــری و تینێکــی بەهێــز لای خوێنــەران دروســتدەکا، هانیــان دەدا هەرگیــز خۆیــان بەدەســتەوە نــەدەن، بانگەشــەیە بــۆ ڕۆڵەکانــی نەتەوەکــەی، کــە هەرگیــز لــە ئاســت زوڵــم و زۆرداری چــۆك دانــەدەن. هەروەهــا ئــەم دەقــە پــێمان دەڵێــت، کــە شــاعیر بــاوەڕی بــە هێــزی گۆڕانــکاری هەیــە، چونکــە "ســنوری دەســتکرد شــکاندن" و "قەفــی زنجیــری لێکپچــڕاو بەیــەکترەوە لکانــدن" دوو وێنــەی بەهێــزی ڕزگاری و ئازادیــن دەرئەنجامــی ئــەو دۆخــە دەروونییــەی شــاعیرن، کــە هەســت بــە کــۆت و بەندایەتــی دەکات. دەبینیــن ئــەم کاردانــەوەی پەشــێو بووەتــە هــۆی ئــەوەی لــە بــری ملکەچبــوون، ستراتیــژی بەرگــری هەڵدەبژێرێــت، هــەر لــە بنەڕەتــدا هەوڵــی پاراســتنی باوەڕبــوون بــە داهاتــوو و گۆڕانکارییــە، ئــەم دۆخــە دەروونییــە وەك لێکەوتەیەکــی نەبوونــی دەوڵــەت وای لــە شــاعیر کــردووە پەنــا بــۆ شــیعری بەرگــری بەرێــت و لــەم ڕێگەیــەوە خــۆی لــە دەســت نائومێــدی ڕزگاربــکا و دەقێکــی هانــدان و بەرگــری بەرهــەم بێنێــت.

پەشێو لەڕێگـەی نوسینی شـیعری بەرگـری هەوڵـدەدات نەتەوەکـەی هۆشیار بکاتـەوە. لـە شـیعری ( کەڕەنـای جەنـگ) دا پـێمان دەڵـێ:

گــــوێــتــــــان لـــێـــمـــــە؟
مــن کەڕەنــای جەنــگ لێــدەدەم،
بــێ ئــەو جەنگــە، پەســت و ســوکین.
بــــــێ ئـــــــەو جـــەنـــگـــە،
ئەگـەر مێژوو زەڕەبینیش لـە چاو بکا،
نــــامانبینـــــێ، هێنـــــد بچووکیــن!

(پشـت لەنەوا و ڕوو لە کرێوە، لا٤٧٨).

مــن کەڕەنــای جەنــگ لێــدەدەم" دەربڕینێکــی ڕاشــکاوانەیە بــۆ بەرگــری و بەرهەڵســتی، لێــرەدا شــاعیر بــۆ بــە دەســتهێنانی مافەکانــی نەتەوەکــەی، جەنــگ بــە باشتریــن هەڵبــژاردە دەزانێــت، چونکــە مێــژووی تاڵــی ژێردەســتەیی ئــەوەی ســەلماندووە، کــورد وەکــو نەتەوەیەکــی بــێ ناونیشــان لــە کاروانــی مێــژوو بەجــێماوە. پەشــێو وەك تاکێکــی نەتەوەکــەی دژی ئــەم هەڵوێســتە نادادپەروەرییــەی جیهــان دەوەســتێتەوە و ڕەخنــەی توونــدی ئاراســتە دەکات، پێــی وایــە لــە بەرانبــەر مافــی نەتەوەیــەك کوێــرن، کــە هیچــی لــە نەتەوەکانــی دیکــە کــەمتر نییــە. ئــەم هەڵچوونــە دەروونییــەی شــاعیر بەرهەمــی واقیعــی ڕابــردوو و ئێســتای نەتەوەکەیەتــی، چونکــە بێباکــی مێــژووی سیاســەتی جیهانــی دەرهــەق بــە نەتــەوەی ژێردەســتە و داگیرکــراو دیــوە. کــورد وەك نەتەوەیەکــی خــاوەن شارســتانی و مــرۆڤ دۆســت، تــا ئــەم ســاتە مافــی دەوڵەتێکــی ســەربەخۆی پێــڕەوا نەبــینراوە، ئەمــەش وای لــە پەشــێو کــردووە، بــۆ پاراســتنی کەرامــەت و ناســنامەی خــۆی خەباتکــردن بــە تاکــە ڕێگــە بزانێــت، هــەر بۆیــە لەپێنــاو پڕکردنــەوەی ئــەم بۆشــاییە دەروونییــە ئــازار بەخشــە، پەنــای بــۆ هۆنینــەوەی شــیعری بەرگــری بــردووە.

ئەمجارەیــان کاردانــەوەی دەروونــی پەشــێو بــۆ پاڵپشــتی، هانــدان و بەئــاگا هێنانــەوەی شــاعیر و نوســەرانە، جوامێرانــە هەڵوێســتی خــۆی دەردەبڕێــت، چونکــە هەســت بــە مەترســی و داگیــرکاری بۆســەر خاکــی نەتەوەکــەی دەکات، شــیعر دەکاتــە ئامــرازی بەرگــری بــۆ پاراســتنی وڵاتەکــەی وەك لــەم دەقــەی خــوارەوە دەبینرێــت:

هـــــــــــەر وشــــــــەیـــــــــــێ،
وەك گــــــــوللـــــــــــەیــــــــێ،
بـۆ تفەنگـی ئازادیخـواز بـەكار نەیـێ؛ ...
چــــــــاكــــــــــتر وایــــــــــە،
ئــــــــــەو وشـــــــــــــەیــــــــە
چەكمەی دووژمن بسڕێتەوە، وەك فلْچەیێ.

(پشـت لەنەوا و ڕوو لە كڕێوە، لا٣٠٦).

پەشـێو پەیامێـك دەنێرێـت بـۆ شـاعیران و نوسـەرانی هاوزمانـی خـۆی، كـە پێویسـتە لـە پاراسـتنی خـاك و زمـان و پرسـی نەتەوەكەیـان ڕۆڵ و كاریگەرییـان هەبێـت. پێـی وایـە هـەر وشـەیەكیان دەبێـت وەك فیشــەك كاریگــەری هەبێــت، لــە ڕووبــەڕوو بوونــەوەی داگیركــەران و پاڵپشـت بێـت بـۆ سـەنگەری ئازادیخـوازان، كـە لـە پێنـاو گەیـشتن بەمافـی نەتەوەكەیـان خەباتدەكـەن. پەشـێو توانـج لەشـاعیر و قەڵـەم بەدەسـتان دەدات، كـە ناتوانـن تەنانـەت بـە نوسـینیش دژی داگیركـەران بـووەستن، بۆیـە دەڵێـت ئەگـەر بەرگـری لـە نەتەوەكەتـان نەكـەن، وەكـو ئـەوە وایـە خزمـەت بـە دەسـت و تفەنگـی دووژمـن بكـەن و بـە وشـەكانتان لولـەی تفەنگەكانیـان بـۆ پـاك بكەنـەوە، كـە ڕوو لـە سـنگی براكانتـان وەسـتاوە. ئەمـەش ڕەخنەیەكـی تونـدە لـە بێتوانایـی شـاعیر و نوسـەران، كـە ناتوانـن لـە مەیدانـی ڕۆشـنبیری ببنـە پێشـمەرگەی نیشـتمانە داگیركـراو و سـتەم دیدەكەیـان. هەڵوێسـتی شـاعیر ڕەنگدانـەوەی ئـەو ئاواتەیـە، كـە بـۆ سەرخسـتنی نەتەوەكـەی بەسـەر دوژمنـان هەیەتـی، دەلالەتـە لـە بەهێـزی هەسـتی نیشـتمانپەروەری

و هێــزی بــاوەڕی، کــە بــە شــیعر پاڵپشــتی دەنگــی ئازادیخوازانــی نیشــتمانەکەی دەکات، بــۆ بەرەنگاربوونەوەیــان دژ بــە زۆرداری، هەروەهــا شــیعر بــە مەیدانــی شــەڕ و بەرەنگاربوونــەوە دەزانێــت و دژایەتــی دووژمنــی پێــدەکات، هیــوای ڕزگاری و ســەربەخۆیی لەدڵــی نەتەوەکەیــدا زینــدوو دەهێڵێتــەوە.

کاردانــەوەی دەروونــی پەشــێو بــۆ نوســینی شــیعری بەرگــری لــە قووڵایــی هەســتی خۆشەویســتی بــۆ خــاك و نەتــەوە، لــە بەرانبــەر قەیرانــە کۆمەڵایەتــی و سیاســی و گوشــارە دەرەکییەکانــەوە ســەرچاوەی گرتــووە، ئــەم کاردانەوەیــە وەك چەکێــك بــۆ پاراســتنی ناســنامەی نەتەوەیــی بەکارهاتــووە، بــە جۆرێــك شــاعیر لــە بــری ملکەچبــوون لــە بەرانبــەر دۆخــی بێدەوڵەتــی و داگیــرکاری، بەرگــری هەڵبــژاردووە، لــە شــیعرەکانی "کێــوی بــاوەڕ"، "وانــەی ســێیەم" و "کەڕەنــای جەنــگ"دا بــە ڕوونــی خــۆی ئاماژەمــان بــۆ کــردووە، شــاعیر هەوڵــی داوە بــاوەڕ بــە گۆڕانــکاری و ئــازادی لــە دڵــی نەتەوەکەیــدا زینــدوو بهێڵێتــەوە بــۆ بەردەوامبــوون لــە خەبــات دژ بــە هــەر جــۆرە زوڵــم و زۆرداریــەك هانیــان بــدات. لەهەمانکاتــدا ئــەم کاردانــەوە دەروونییــە بــۆ ئەوەیــە تــا خــۆی لــە دەســت نائومێــدی ڕزگار بــکات.

ســەرەنجام دەگەیــن بــەوەی شــیعر لای جگەرخوێــن وێــڕای ئــەوەی داهێنانــە، ئامرازێکیشــە، کــە ئــەوی لــە مرۆڤێکــی ســادە و ســاکار و ژێردەســتە کــردووە بــە ڕابەڕێــك و پێشــڕەوی گەنــج و لاوانی وڵات دەکا بــۆ ئــازادی، هەروەهــا لای پەشــێو شــیعری بەرگــری چەکێکــە پارێــزگاری پــێ لــە کەلتــور و فیکــری نەتەوەکــەی دەکا و دەیکاتــە پێناوێــك بــۆ هانــدانی چینــە جیــاوازەکانی کۆمەڵگەکــەی تــا خۆیــان لــە ژێردەســتەیی

ڕزگاربكـەن و وڵاتێـك بنیـات بنێـن، بـەڵام لای هێمـن شـیعر چەكێكـە بەوهۆیـەوە شـەڕی مانـەوە و بەرگـری لەخـۆی و نەتەوەكـەی پێـدەكات.

## ئەنجام

- بێدەوڵەتی لەپاڵنەرە هەرە بەهێزەکانی هۆنینەوەی شیعر بووە لای جگەرخوێن، هێمن، پەشێو.
- سەرەڕای جیاوازی شوێنی جوگرافی و تاڕادەیەك مێژووی ژیانی هەریەك لە شاعیران، بەڵام دۆخی بێدەوڵەتی نەتەوەکەیان هاوبەشییەکی دەروونی دروستکردووە، لە هەڵوێست وەرگرتن دژ بەسیاسەتی زۆرداری و داواکردنی مافی نەتەوەکەیان.
- بەخوێندنەوەی دیوانی شیعری هەرسێ شاعیر، تێدەگەین پەشێو بە هەموو شێوەیەك پێداگری لەسەر هەبوونی دەوڵەت دەکا و زیاتر دنیای دەرەوە و سیاسەتی نێودەوڵەتی تۆمەتبار دەکا بەوەی نەخشەدارێژی نەبوونی دەوڵەتی کوردین و خۆی و نەتەوەکەی لە هەموو خەڵك بەشایستەتر دەزانێ بۆ هەبوونی دەوڵەت. هەرچی هێمنە پرسی ئازادی لە لای جەوهەرترین پرسە و هێندە تامەزرۆی هەبوونی دەوڵەتە، بەشیعرەکانی نیشتمانێك دروستدەکات. هاوکات جگەرخوێن هاوشێوەی دوو شاعیرەکەی پێشوو، پێیوایە نەتەوەی بێدەوڵەت نەتەوەیەکی مردووە.
- جگەرخوێن ناسناوی شیعر و ناسنامەی خۆی لە پەنابەرێتییەوە وەرگرتووە، بۆیە بەشێکی زۆری شیعرەکانیشی بەرهەمی پەنابەرێتی و دوورین لە نیشتمان. هێمن سەرەڕای ئەوەی بەهۆی پەنابەرێتی فێری یاخیبوون و سەرکێشی و خۆبەدەستەوەنەدان بووە، بەڵام

دووری لـە نیشـتمان ئەوەنـدە کاریگـەری لەسـەری هەبـووە، نەخـۆش و دەردەداری کـردووە. هەرچـی پەشـێوە، پێچەوانـەی زۆربـەی خەڵك، لەبـاتی ئـەوەی دووری لـە نیشـتیمان خـەم و ئـازار و مەینەتییـەکانی لەبیـر بباتـەوە و خۆشەویسـتیی نیشـتیمانی لا کاڵ ببێتـەوە، بووەتـە دیـلی نۆسـتالۆژیا و هەمـوو نەهامەتییـەك کـە لـە ڕابـردوو بەسـەر میللەتەکـەی داهاتـووە لەگـەڵ ئەوانـەی ئێسـتاش، لـە شـیعرەکانی مەزرێـنراون و لەمـەش زیاتـر خەمـی داهاتـووی میللەتەکەیـەتی.

- لــە دیــدی هەرســێ شــاعیر؛ خــاك بنەمایەکــی گرنگــی هەبــوونی دەوڵەتــە، بــە پیرۆزتریــن پیرۆزییــەکان بەراوردکــراوە. جگەرخوێــن خــاك بــە نامــووس دەزانــێ و پێداگــرە لەســەر ئــەوەی مــرۆڤ چــۆن بەرگــری لــە شــەرەفی خــۆی دەکا، دەبــێ ئــاواش خــاك و نیشــتمانەکەی بپارێــزێ. هێمــن تاکــە ســەرکەوتنێك لــە ژیــان بــاوەڕی پێــی هەبــێ ڕزگارکــردنی خاکــە و ئــەوە بــە ســەرکەوتنی ڕاســتەقینە دەزانــێ. هەرچــی پەشــێوە بــوونی خــۆی و کۆمەڵگەکــەی و نەتەوەکــەشی دەبەســتێتەوە بەخــاك و بســتێك خــاك بارتەقــای هەمــوو شــتێك دادەنــێ.
- بــەڕای هەرســێ شــاعیر هــۆکاری بێدەوڵــەتی، کــە بووەتــە هــۆکاری گرێکــەش لــە ناتەبایــی و پەرتەوازەیــی و دەســتدرێیی دوژمنــان خــۆی دەبینێتــەوە و ئەمانــەن کــە نایەڵــن کــورد ببێتــە خــاوەنی دەوڵــەتی ســەربەخۆی خــۆی، هەرسێکیشــیان کۆکــن لەســەر ئــەوەی دەبێــت نەتــەوە هۆشــیار بێتــەوە، تــا بتوانــێ خــۆی لــەم گرێیــە دەربازبــکا و چیــدی نــەوەکانی داهاتــوو بەدەســت هەمــان دەردی نــەوەی ئێســتا و ڕابــردوو نەناڵێنــن کــە بێدەوڵەتییــە.

- ژێردەستەیی هۆکارێکی دیکەی بەرهەمهێنانی شیعرە لای هەرسێ شاعیر، چونکە هەموویان سەر بە یەك نەتەوەن و چەندین دەیەیە خاك و وڵاتیان لێ داگیرکراوە. ئەوان هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوەیە میلەتەکەیان لە ژێردەستەیی ڕزگاری ببێ و وڵاتێکیان هەبێ دانپێدانانی نێودەوڵەتی هەبێ.
- شیعر لای جگەرخوێن وێڕای ئەوەی داهێنانە، ئامرازێکیشە شاعیری لە مرۆڤێکی سادە و ساکار و ژێردەستە کردووە بە ڕابەڕێك و پێشڕەوی گەنج و لاوانی وڵات دەکا بۆ ئازادی. هەرچی لای هێمنە شیعر چەکێکە شەڕی مانەوەی پێدەکا و بەرگری لەخۆی و نەتەوەکەی دەکا، بەڵام پەشێو شیعری بەرگری دەکاتە چەکێك پارێزگاری پێ لە کەلتور و فیکری نەتەوەکەی دەکا و دەیکاتە پێناوێك بۆ هاندانی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەکەی تا خۆیان لە ژێردەستەیی ڕزگاربکەن و وڵاتێك بنیات بنێن.

# سەرچاوەکان

### بەزمانی کوردی

### أ. کتێبەکان


- پەشێو، عەبدوڵڵا (٢٠١٤)، پشت لە نەوا و ڕوو لە کڕێوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی چوارەم، هەولێر.
- پەشێو، عەبدوڵڵا (٢٠١٤)، هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی چوارەم، هەولێر.
- پەشێو، عەبدوڵڵا (٢٠١٩)، سەوڵم پۆڵا و کەناریش دوور، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی دووەم، هەولێر.
- جبار، ئاسۆ (٢٠٠١)، کۆچ و سەفەر، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
- جەمال، نەوزاد (٢٠١٣)، دەوڵەت وەک پرسێکی فەلسەفی، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
- حسێن، ئاوارە (٢٠١٠)، کورد و دەوڵەت، چاپخانەی سیما.
- حەبیب، وریا (٢٠٠٨)، دیوانی هێمن، چاپ و پەخشی چوارچرا، سلیمانی.
- حەسەن، ناڵە (٢٠٢٤)، داهێنان و پەنجەرەیەک بۆ ڕوانین، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- جەگەرخوین، شێخ مووس حەسەن (٢٠٢١)، دیوانا زەند- ئاڤستا، سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی، زاخۆ.
- جەگەرخوین، شێخ مووس حەسەن (٢٠٢١)، دیوانا سەورا ئازادی، سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی، زاخۆ.

- جەگەرخوین، شێخ مووس حەسەن (٢٠٢١)، دیوانا شەرەفنامەیا مەنظووم، سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلێنێن كوردی، زاخۆ.
- جەگەرخوین، شێخ مووس حەسەن (٢٠٢١)، دیوانا شەفەق، سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلێنێن كوردی، زاخۆ.
- جەگەرخوین، شێخ مووس حەسەن (٢٠٢١)، دیوانا ئاشتی، سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلێنێن كوردی، زاخۆ.
- جەگەرخوین، شێخ مووس حەسەن (٢٠٢١)، دیوانا ئاگر و برووسك، سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلێنێن كوردی، زاخۆ.
- رسوڵ، حەمەی ئەحمەد (٢٠١٠)، توێژینەوەی سایكۆلۆژی لە داهێنانی شیعریدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- رەسووڵ، هەڵمەت بایز (٢٠١٢)، ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆكەكانی شێرزاد حەسەندا، چاپخانەی موكریانی، هەولێر.
- ڕەمەزان، دلۆڤان (٢٠٢٠)، ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی گەلان لەڕوانگەی یاسای نیودەوڵەتی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- ستوپەیی، جەواد مستەفا (٢٠٢٠)، دروستبوونی دەوڵەتی كوردستان لەڕووی یاسایی و سیاسییەوە، چاپخانەی ماد.
- السلیمان، هانی (٢٠٠٧)، و. حەمە ڕەشید ماوەتی، كەسایەتی داهێنەر، چاپخانەی سیما، سلێمانی.
- صلیوە، هاوژین (٢٠١٣)، ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەكانی لەتیف هەڵمەت دا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- عبدالرحمن، مظفر خالد (٢٠٢١)، ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی كوردستان، هەولێر.
- علی، ئەبوبەكر (٢٠١٤)، ئاسۆكانی مافی چارەنوس و دەولەتی

کوردستانی باشور ناسیۆنالیزمی کوردی لەبەردەم قۆناغیکی نوێدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

- عوسمان، سالار (٢٠١٧)، کورد نەتەوەیەکی خۆدوێن و ڕێگەیەکی سەخت، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
- عەبدوڵڵا، پێشڕەو (٢٠١٣)، دەروونشیکاری شیعر، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- عەبدوڵلا، فهمی شوکری (٢٠١٠)، نەتەوەو دوڵەت و ئاین لەهزری ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٧)دا، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- کوردە، بەرزان ئەحمەد (٢٠١١)، پرس و هۆکارەکانی دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی، سلێمانی.
- کوردە، بەرزان ئەحمەد (٢٠٢٠)، کوردو دەوڵەت، چاپخانەی تاران، سلێمانی.
- محمد، پێشڕەو (٢٠٢٤)، کورد و ئەزموونی بێدەوڵەتیی، چاپی یەکەم.
- محەمەد، سمکۆ (٢٠١٦)، دەوڵەت، چاپخانەی حەمدی.
- معروف، وریا (٢٠٢٢)، شوناس و کەسایەتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی.
- نعمة، کطران زغیر (٢٠١٨)، تیۆری دەوڵەت، و. ڕەمەزان حمەئەمین قادر، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- نەجمەدین، موعتەسەم (٢٠١٣)، کورد لە گۆڕانکارییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کاردۆ.
- یەعقووبی، عەبدولخالق (٢٠٠٧)، ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

**ب. نامە و تیزەكان**

- امین، كارزان كریم (٢٠٠٩)، ئاراستەكانی ڕەخنەی شیعری كوردی، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەلاحەددین.
- ئەحمەد، دیلمان قادر (٢٠١٧)، چەمكی داهینان لە تێڕوانینی شاعیرانی كورددا، كرمانجی خواروو(١٩٩٢٠-١٩٩٧٠)، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.

**ج. گۆڤارەكان**

- خانەی هزریی كوردستان (٢٠١٧)، دەوڵەت و نەتەوە، ژمارەی ١.
- صابر، پەرێشان خالد و ئەمین، سیروان جبار (٢٠٢٤)، ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی لە پەندی پێشینانی كوردیدا، گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین، بەرگی١١، ژمارە٨.
- عەزیز، كەیفی محمود و حەمەئەمین، یادگار ڕەسوڵ (٢٠١٨)، لێكەوتەی تاراوگە لە ئەدەبی كوردیدا، گۆڤاری پزوهشنامه ادبیات گردی، سالی چوارەم، ژمارەی٥.
- گەردی، عەزیز عەبدوڵا و مەعروف، كەمال مستەفا (٢٠٠٥)، دەوڵەتی نەتەوەیی كورد لە دیدی حاجی قادری كۆییدا(١٨١٥-١٨٧٩)، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی، ژمارە١٦.

**بەزمانی عەرەبی**

**أ. کتێبەکان**


- أبن منظور (٢٠٠٣)، لسان العرب، دار الحديث، القاهرة، مصر.
- جمعة، محمد مختار(٢٠٢٢)، الدولة مفهومها وتطورها تقديم ومشاركة.
- الطالب، عمر محمد (١٩٩٣)، المذاهب النقدية، دار الكتب للطباعه والنشر، الموصل.
- الفيروز آبادي، مجدالدين محمد بن يعقوب (١٩٩٩)، قاموس المحيط، دار المعرفة، بيروت، لبنان.
- محمدين، صفاء صابر (٢٠٢٢)، نموذج دولة الرفاهة الاجتمعية، دراسة في المشكلات والنتائج، كلية الدراسات الاقتصادية والعلوم السياسية، جامعة الا سكندرية.
- ميدون، سيساني (٢٠٢١)، مطبوعة دراسية موجهة لطلبة السنة الثانية ماستر تخصص إدارة الأعمال. جامعة ابن خلدون - تيارت، كلية العلوم الاقتصادية.


**ب. نامە و تیزەکان**


- صالح، يوسرا عبدالله عثمان (٢٠١٢)، مفهوم الإبداع الشعري. رسالة ماجستير، كلية الآداب، قسم اللغة العربية، جامعة النيلين، الخرطوم.
- عمر، سارة (٢٠١٤-٢٠١٥)، مفهوم الطبيعة البشرية و أهميتها في التوظيف السياسي عند مكيافيلي، رسالة ماجستر، جامعة قاصدي مرباح.

### ج. گۆڤارەکان


- جیلالی، محمد امین (٢٠١٦)، بناء الدولة, المفهوم, النظریة وأسئلة الراهن, مجلة دفاتر المطوسط, عدد ٥.
- هادی، ریاض عزیز (٢٠٠٨)، مفهوم الدولة ونشوءها عند ابن خلدون، مجلة العلوم السیاسیة، جامعة بغداد، العدد ٣٧.


### بەزمانی فارسی


- شمیسا، سیروس (٢٠٠٠)، نقد ادبی، چاپخانه رامین، تهران.
- فرزاد، عبدالحسین (٢٠٢٣)، درباره نقد ادبی، چاپ چهارم، چاپ: سارنگ، تهران.

## بەزمانـی ئینگلیزی

### أ. کتێبەکان


- Institute on Statelessness and Inclusion (2014), The World's Stateless. Oisterwijk: Wolf Legal Publishers.


### ب. نامـە و تیزەکان


- Dible, Jeri.L., (2016), The social and political consequences of another stateless generation in the Middle East: A monograph. Fort Leavenworth, Kansas: United States Army Command and General Staff College, School of Advanced Military Studies.
- Gould, R., J. (2019), placing the stateless refugee: a philosophy of statelessness, nationality, and rights, Bucknell University.
- Gubena, N., Groothuysen, D. and Feenstra, H. (2017) Reducing Statelessness: A Case Study – An Interdisciplinary Approach to Reducing Statelessness in the Netherlands. BA Thesis, Utrecht University.
- Gurgen, S.R., (2020), Syrian Descent Children at the Risk of Statelessness in Turkey.
- Hazar, k., m. (2021), stateless nations and Digital Identity Construction, University of South-Eastern Norway.

**ج. گۆڤارەکان**


- Eliassi, B. (2021), Narratives of Statelessness and Political Otherness: Kurdish and Palestinian Experiences. In: Minorities in West Asia and North Africa. Sussex: University of Sussex / Catholic University of the Sacred Heart, Milan.
- Gatto, K.P. (2016), Innovation and Leadership through Positive Psychology. Berkeley Engineering Executive & Professional Education White Paper. Berkeley: University of California, Fung Institute for Engineering Leadership.
- Lavon, I., Shifron, R. (2020), The Use of Early Recollections in Adlerian Psychotherapy: Evidence in Neuroscience Research. Psychology and Behavioral Science International Journal, 15(2), 1-5.
- Manly, M., van Waas, L. (2014), Statelessness: The Impact of International Law and Current Challenges. International Law Programme Meeting Summary. London: Chatham House, The Royal Institute of International Affairs, 4 November.
- Salawu, mashud layiwola (2021), An overview of the principles of the 1648 Westphalian Peace Treaty: sovereignty, collective security, and balance of power. NOUN International Journal of Peace Studies and Conflict Resolution, 1(1), pp.242–257.
- Tucker, Jason (2017), Statelessness of Refugees in Denmark

and Sweden, MIM WORKING PAPER SERIES, no 17:8.

- Warria, A. and Chikadzi, V., (2023), Statelessness, trauma and mental well-being: Implication for practice, research and advocacy. African Human Mobility Review, Published 27 January.

### پێگـەی ئەلیکترۆنی

- بوعـز، الطيـب (٢٠١٠)، سـيكولوجيا كارل يونـغ والإبـداع الفنـى، الفنــان والنحــن، ســيكولوجيا كارل يونــغ والإبــداع الفنــي, https://il7ad.org/smf/index.php?topic=100470.0[تاريــخ الوصــول: ٥ ايــار ٢٠٢٥].
- الصويغ، محمد حمد (٢٠٢٢)، تعميق الشعور وصناعة الإبداع، https://www.alyaum.com/articles/6384172 (تاريخ الوصول: ١٥ ايار ٢٠٢٥).

- Albarazi, Z. and van Waas, L., (2015) Statelessness and Displacement. Tilburg University, http://www.nrc.no/?did=9192750 [Accessed 2 Jun 2025].
- Albertus, M. & Klaus, K. (2025) 'Land and politics', Annual Review of Political Science, vol. 28, pp. 19-36, viewed (Accessed: 8 Jun 2025)., https://doi.org/10.1146/annurev-polisci-040623-112955.
- Borrás, S. and Edler, J., (2020)، The roles of the state in the governance of socio-technical systems' transformation. Fraunhofer ISI Discussion Papers Innovation Systems and Policy Analysis, No. 65. Karlsruhe: Fraunhofer ISI. Available at:

https://hdl.handle.net/10419/215821 [Accessed 11 Jun 2025].

- NRC and Tilburg University, (2015 ), On the nexus between statelessness and displacement: Statelessness and displacement. Scoping paper. [Online] Available at: https://www.nrc.no [Accessed 15 Jun 2025].
- Taylor, S.P. (2017), What is innovation? A study of the definitions, academic models and applicability of innovation to an example of social housing in England. Open Journal of Social Sciences, 5(11), pp. 128-146. Available at: http://insight.cumbria.ac.uk/id/eprint/3475 (Accessed: 18 April 2025).

# مخلص

تُعدّ اللادولة مأساة يعاني منها الكورد وعدة أمم ذات أقليات عددية على هذه الأرض بشكل قسري. لدى غالبية أفراد الأمم، تصبح هذه المأساة مصدراً للتشاؤم واليأس والمعاناة، غير أن بعضهم يحولون المأساة والمعاناة إلى إبداع وإنتاج للجمال. "پەشێو، هێمن، جگەرخوێن" هم شعراء حولوا أحزان ومآسي أمتهم إلى محفز ومادة للإبداع. أصبحت حالة اللادولة لدى هؤلاء الشعراء سبباً في استخدام الشعر كأحد أهم أدوات التعبير وحماية الهوية القومية لمواجهة محاولات المحو والقمع. لقد ذاق الشعراء الكورد الثلاثة جميعاً تجربة التشرد واللجوء، وهم نموذج ثري للغاية لتحليل كيفية تحويل اللادولة والبعد عن الوطن إلى مصدر إلهام وإنتاج شعري. كما كان حب وتقديس التراب لدى الشعراء الثلاثة دافعاً آخر لإبداع الشعر. وبالمثل، فإن الإشكاليات والعقد النفسية مثل عقدة الدونية، والرد على الاستبداد، وإبداع الشعر المقاوم، خلقت وضعاً معقداً في نفوس الشعراء. هذه المشاعر تنتج عن فرض سياسات القمع وإنكار الحق القومي، مما يجعل الشعر حصناً للدفاع وحماية هوية أمة بلا دولة.

**الكلمات المفتاحية:** اللادولة، غياب الهوية، اللجوء، التراب، الشعور بالدونية، الفراغ النفسي، الإبداع الشعري.

## Abstract

Statelessness is the tragedy being felt by the Kurds and a few other nations. This state of being stateless leads to pessimism and hopelessness by the individuals and sometimes it leads to creativity and innovation by some others. Kurdish poets ,Pashew, Hemin, and ,Jigarkhuyn are the ones who have turned the sad feeling of being individuals without a state into literary creativity and tools for innovation. These three poets have gone through the experience and as refugees lived far from their own land where their works have become best examples for the reflection and analysis of the feeling of love for their nation and their land. Also their works represent a better understanding of the Kurdish cause, the impacts of being a nation without a state, and showing how one can overcome such feelings through writing and poetry.


**Key words**: statelessness, lack of identity, refugeeness, land, subordination and subjugation, inner void, poetry innovation.

# ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسكلۆپیدیای پارتی دیموكراتی كوردستان، لە پێناو ناساندن، كۆكردنەوە، بە دیكۆمێنتكردن و بڵاوكردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی كار و خەباتی پارتی دیموكراتی كوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێكە لە هەوڵ و ئامانجەكانی ئەم پرۆژەیە.

P.D.K ENCYCLOPEDIA